تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

شیعری ناوچەی موکریان

نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي

د. عوسمان دەشتی

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.Iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

شیعری ناوچەی موکریان

نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم

د. عوسمان دەشتی

مەڵبەندی کوردۆلۆجی

هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

مەڵبەندی کوردۆلۆجی

- ناوی کتێب: شیعری ناوچەی موکریان
- نووسەر: د. عوسمان دەشتی
- پیتچنین: نووسەر
- دیزاین و سەرپەرشتیی چاپ: بریار فەرەج کاکی
- بەرگ: رەنج شوکری
- ژمارەی سپاردن: ١٣٢٦/ ساڵی٢٠٠٩
- چاپخانە: رەنج/ سلێمانی
- تیراژ:١٠٠٠ دانە
- نرخ: [redacted]دینار
- زنجیرە: ٣٠

مەڵبەندی کوردۆلۆجی

ناونیشان: سلێمانی، گردی ئەندازیاران- گەڕەك/ ١٠٥، کۆڵان/ ٢٥، ژ.خانوو/ ٤، ژ. پۆست/ ٩٥

تەلەفون: ٣١٩٣٠٩٣

kurdology2006@yahoo.com

ناوەڕۆك

بابەت	لاپەڕە
پێشەكی	٧
بەشی یەكەم: ناوچەی موكریان و شوێنی لە ڕووناكبیری كوردیدا	١١
باسی یەكەم: موكریان....	١٣
باسی دووەم: بڵاو بوونەوەی شیعری كلاسیكی كوردی...	٢٩
باسی سێیەم: ڕاچەنین و گۆڕانكاری و پێشكەوتن	٤٣
بەشی دووەم: شاعیرانی ناوچەی موكریان / نیوەی یەكەمی سەدەی بیست	٥٣
باسە یەكەم: مەلا مارفی كۆكەیی	٥٥
باسی دووەم: ئەبولحەسەنی سەیفی قازی	٦٦
باسی سێیەم: قازی زادە مستەفا شەوقی	٧٧
بەشی سێیەم: زمان و شێوازو وێنەی شیعری	٨٧
باسی یەكەم: زمانی شیعر	٨٩
باسی دووەم: وێنەی شیعر	١٢١
بەشی چوارەم: بنیات و ئاوازی شیعری	١٤٣
باسی یەكەم: بنیاتی شیعری لە نێوان یەكێتی بەیت و یەكێتی بابەت دا	١٤٥
باسی دووەم : ئاوازی شیعری	١٦١
بەشی پێنجەم: مەبەست و ناوەڕۆك لە بەرهەمی شیعری شاعیرانی ناوچەی موكریان	٢٠٥
باسی یەكەم: مەبەستەكانی شیعری لە بەرهەمی مەلا مارف	٢٠٧
باسی دووەم: ناوەڕۆكی شیعری سەیفی قازی	٢٢٣
باسی سێیەم: ناوەڕۆكی شیعری مستەفا شەوقی	٢٣٧
ئەنجام	٢٤٣
كورتەی باسەكە بە زمانی ئینگلیزی	٢٤٥
سەرچاوەكان	٢٤٦

پێشکەشە بە:

- بە خێزانو بە منداڵەکانم کە لە ڕێگای سەختو پێچاوپێچی ژیانو خەباتدا هەمیشە مایەی سەبووریو دڵنەوایم بوون.

- بە گیانی بەرزە فڕی ئەو نەمرانە:

کۆکەیی و سەیف و شەوقی

پێشـــــەکی

ئەو لقەی قوتابخانەی ئەدەبی کرمانجی خواروو کە لە دەڤەری رۆژهەڵاتو ناوچـەی موکریان دامەزراوەو نەش‌و نمای کردووە، سامانێکی رازاوەو بە بڕشـتی پێشکەش بـە ژیانی رووناکبیریی کورد کردووە، بەشی زۆری ئەو گەنجینە ئەدەبیەش تـاوەکو ئێستا بە دەست لێنـەدراوی‌و دەق نەشـکاوی ماوەتـەوەو نەکەوتۆتـە ژێـر تیشکی رووناکی‌و توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەرنەکراوە، هەر ئەو راستیەش بوو بە هانـدەری ئێمە کە ئەم نامەیە بۆ لێکۆڵینەوە لـە سیماکان[1] و هەنـدێ لایـەنی بەرهـەمی شـیعری ناوچەی موکریان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا تەرخان بکەین.

لەم ماوە زەمانیەدا شیعرو بەرهەمی سێ شاعیرمان بـە نموونـە وەرگرتـووە کـە لـە وێنـەی سێ کۆڵەگـە ئـەزموونی ئـەدەبی ناوچـەی موکریانیـان پێکهێنـاوە. ئـەم سێ شاعیرە لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ لایەنی تاقیکردنەوەی شیعری لە یەکتری جیاوازن‌و هەر یەکێکیان دەنگێکی رەسەنی سەربەخۆیە، بەڵام لە جەوهەرو چوارچێوەی گشتی ئەدەبیـدا یـەك دەگرنـەوەو لایـەنێکی ئـەزموونی ئـەدەبی ناوچـەی موکریـان لـە سەردەمێکی دیاریکراودا نیشان دەدەن.

ئـەو سەرچاوانەی کـە ئێمـە لـەم بـاس‌و لێکۆڵینەوەیـەدا پـشتمان پێبەسـتوون دوو جۆرن:

یەکەم: سەرچاوەی تیوری/ کـە کتێب‌و گۆڤارو رۆژنامـە دەگرێتـەوە، بـۆ مەسـەلەی کتێبی کوردی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ژیان‌و بەرهـەمی شـیعری شـاعیرانی مەبەسـتی ئێمە، ئەوا لەم بارەیەوە کتێبخانەی کوردی زۆر هەژارە، هەر چی تایبەتیش بێت بەو باس‌و بابەتانـەی لـەو بـارەوە لـە گۆڤـارو رۆژنامەکانـدا بـڵاو کرابێتـەوە، ئـەوا کـەم‌و دەگمـەن‌و هـەم ئـەوەی کـە هەشـە ئـەوا بـە قەڵـەمی زۆر درشـت‌و راگوزەریانـە شاعیرەکان‌و بەرهەمەکانیان بەسـەر کردۆتـەوە. ئێمـە بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو کەلێن‌و

کەمو کورپیانە دەستمان بۆ کتێبو سەرچاوە بە هەردوو زمانی فارسیو عەرەبی درێژکردووەو بەهرەیەکی چاکمان لێیان وەرگرتووە.

دووەم: سەرچاوەی مەیدانی/ بۆ خۆ نزیکخستنەوەو تێگەیشتن لە راستی مەسەلەکانو پەیداکردنی شارەزایی تەواو لەمەڕ ژیانو هەڵسوکەوتی شاعیرانی مەبەستی ئێمە، گەشتی مەیدانیمان بۆ ناوچەی موکریانو زێدی شاعیران ئەنجام داوەو لە نزیکەوە لەگەڵ نووسەرانو شارەزایانی ئەدەبی ناوچەکەو بنەماڵەو کەسو کاری شاعیران دیدارو گفتوگۆی سوود بەخشمان ئەنجام داوە، بەشێکیش لە وێنەو نامەو دەستخەتی شاعیرانمان لەو گەشتەدا چنگ کەوتووە.

گیروگرفتی بەرچاویش لەمەڕ سەرچاوەکانەوە لەوەدابوو کە هەرچەندە هەر سێ شاعیری مەبەستی ئێمە بەناو دیوانو کۆ بەرهەمی شیعری چاپکراویان هەیە بەڵام کێشەکە لە دوو لایەنی دیکەدا بووە:

١. ئەو نووسەرانەی دیوانو کۆبەرهەمی ئەو شاعیرانەیان رێکخستووەو بە چاپ گەیاندووە، ئەو راستییەیان راگەیاندووە کە ئەمەی بەردەست بەشێکی بەرهەمی شاعیر پێك دێنێو هەمووو بەرهەمی نییە.

٢. ئەو کۆبەرهەمو دیوانانەش لە هەڵەو پەڵەو کەموکورتی بەدوور نینو تەنانەت هەندێکیان گوایا دەستیشیان تێوەردراوە.*

یا ئەوەتا تا ئێستا دەقو تێکستە شیعرییەکان بە تەواوەتی ساغ نەکراونەتەوەو بە چاپ نەگەیەنراون، وەکو لە دیوانی مەلا مارفی کۆکەییو تێکستە شیعرییەکانی مستەفا شەوقی بەدیار دەکەوێت.

مەودای باسەکەی ئێمە، کە ساڵانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە ماوەی گۆڕانو هەژانە گەورەکانی جیهان پێکدەهێنێ، ئەم ئاڵوگۆڕە جیهانییە خاکی کوردستانو کۆمەڵی کوردەواریشی گرتۆتەوەو شوێنەوارەکەشی لە ئەدەبو رۆشنبیریو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا رەنگی داوەتەوە. هەر بۆیەشە ئەم قۆناغە لە ئەدەبیاتو مێژووی کوردەواریدا بە سەردەمێکی گرنگو پڕ بایەخ سەیر دەکرێت. بەتایبەتیش لە رەوتی مێژوویی شیعری کوردیدا، کە رابەرانی نوێگەریو تازەکردنەوە لە ئەستەمبولو

---

* لەدیدارێکدا لەگەڵ مستەفا کۆکەیی نەوەی شاعیر مەلا مارفی کۆکەیی، لە ماڵەکەی خۆیاندا لە مهاباد لە رێکەوتی ٢٠٠٥/٩/٢٨دا، ناوبراو پێی راگەیاندم کە مەرحوومی سەیدیان لەکاتی لە چاپدانی دیوانی مەلا مارف دا هەندێ دەستکاری لە تێکستی شیعرەکاندا کردووە.

سلێمانیو مهاباد وەخۆکەوتنو چەندان بناوانو سەرچاوەی تازەیان بۆ شیعری کوردی هەڵبەستو چەندان پەنجەرەو دەروازەی تازەیان بە رووی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا کردۆتەوە. ئێمە وای دەبینین کە گرنگی بەرهەمی شیعری شاعیرانی ماوەی باسەکەی ئێمەش هەر لەم روانگەیەوە دێت کە وەکو جۆگەلەیەکی گەورە ئاوێزانی رووباری جولانەوەی بیستەکانو سییەکانی شیعری کوردی دەبنو لە ئاکامدا رێبازو ئەزموونە تازەکانی دەریای ئەدەبی کوردی پێك دەهێنن. باسەکەی ئێمە لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکاریو پراکتیکییە لەمەڕ هونەرەکانی روخسارو ناوەڕۆك لە شیعری ناوچەی موکریانی ئەوماوەیە. لە بارەی بنیاتو ستراکتووری ئەم کتێبەیش، بە شێوەیەکی گشتی لە پێشەکیو پێنج بەشو ئەنجامو بیبلۆگرافیای سەرچاوەکانو چەند بەڵگەنامەو پاشکۆیەكو کورتەیەکی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی پێکهاتووە.

سەبارەت بە میتۆدو رێبازی لێکۆڵینەوەشمان رێڕەوێکی مێژوویيو ئەدەبی، وەسفی – پراکتیکیم پەیڕەو کردووەو لەمەڕ هونەرەکانی رووخسارو ناوەڕۆکی ئەزموونی شیعری ناوچەی موکریان لەماوەی زەمانی باسەکەدا، بە گوێرەی تیۆرەکانی رەخنەی تازە چەند لایەنێکی هونەری روخسارم خستۆتە ژێر رۆشنایی لێکۆڵینەوە، لە وێنەی زمانو شێواز، کێشو مۆسیقا، بنیاتو وێنەی شیعری. ئەنجا لە بەرهەمی هەر سێ شاعیردا شەقڵی ئەم هونەرانەم دەستنیشان کردووە، سەبارەت بە بابەتو ناوەڕۆکی شیعری، لە مەبەستە کۆن و تازەکانم لە بەرهەمی ئەو شاعیرانە کۆڵیوەتەوەو باسو بابەتەکانم بە نموونەو تێکستی شیعری بە پێز، دەوڵەمەند کردووە. بەو هیوایەم لە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەدا توانیبێتم هەوڵێکی زانستیی خاکەسار، پێشکەش بە کتێبخانەی کوردیو پسپۆڕانو دڵسۆزانی بواری ئەدەبی کوردی کردبێتو خزمەتێکی بچکۆلانەشم لە ئاست ئەستانەی رەوانی پاکی مەلا مارفی کۆکەیی، سەیفی قازیو مستەفا شەوقی، هەر سێ کۆڵەگە شیعرییە بەرزەکەی ناوچەی موکریان، بەجێ گەیاندبێت.

بەشی یەکەم

ناوچەی موکریان و
شوێنی لە ڕووناکبیریی کوردیدا

باسی یەکەم
ناوچەی موکریان و شوێنی لە رووناکبیری کوردیدا

١. **موکریـــــان:** شەرەفنامە وای بۆ دەچێت کە لە رۆژگاری سەرنگونبوونی تەختوبەختی پاشایانی تورکمانی (قەرەقۆینلو – ئاق قۆینلو)، میر سەیف الدین ناوێك دەرکەوتووە کە بە سەرزنجیرەی سەردارانی موکری دەناسرێت، پیاوێکی زۆرزان و بە فەندوفێڵ و داهۆبووە ژمارەیەکی زۆری لە کوردانی بابان و شوێنەکانی دیکەی کوردستان لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوەو بووە بەدەسەڵاتداری ناوچەکە، بۆیە بە (مەکری یان مەکرۆ) ناوی دەرکردووەو لە دوایی ناوی تیرەو تایفەو ناوچەکەشی لە (مەکریان، مەکرۆیان)ەوە گۆڕاوەو بۆتە (موکریان)[1]. لە کتێبی (تاریخ مهاباد)یشدا ئەم بیرو رایەی شەرەفخان دووپاتکراوەتەوە[2]. هەندێ کەسیش بە دووری نازانن کە ئەم ناوە لە ناوی خێڵی (موکریت)ی تورکمانییەوە داکەوتبێ کە بەشێکیان لە کۆنەوە لە ئازەربایجانی رۆژئاوادا نیشتەجێن[3]. کەچی مێژوونووس (مەلا جەمیلی رۆژبەیانی) ئەم بۆچوونانە رەتدەکاتەوەو پێی وایە واژەو ناوی (موکریان) زۆر لە رۆژگاری میر سەیفەدینی سەرداری موکری لە مێژینەترە، لەبەرئەوەی ئەم دەشتی موکریانە سەرە رێی موغەکانی پەیڕەوی ئاینی زەردەشت بووە بۆیە ناونراوە (موغ رێ، موغ رێیان)و سەرەنجام بووەبە (موکریان). هەروەکو (سەردەشت) کە ئەویش دیاردییە بۆ زاینگەی(زەردەشت)[4]. جا بۆیە (ئەو هەرێمە لە هەزاران ساڵ بەر هاتنە دنیای عیساوە تا ئەمرۆ ئاوەدان بووەو ناوی (موکریان)یش لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی کۆچییەوە (چواردەیەمی زاینی) کەوتۆتە لاپەڕە زێرینەکانی کتێبە مێژوویی و جیۆگرافیاییەکانەوە[5].

---

(١) بڕوانە: شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی:٥٣٠.

(٢) تاریخ مهاباد: ٣٠.

(٣) فەرمانڕەوایی موکریان: ٨.

(٤) سەرچاوەی پێشوو: ١٠ – ١١.

(٥) سەرچاوەی پێشوو: ١٠ – ١١.

موکریانی ئەمڕۆ ژینگەو نشینگەی گەلێ هۆزو عەشیرەتەو بەدەیان هۆزو تیرەو تایفەی هەمەجۆری لێ دەژین لە وێنەی پیران‌و مامەش‌و مەنگورو دیبوکری‌و فەیزوڵلا بەگی، وەکو چۆن بە مەڵبەندی سەرەکی هۆزە کوردەکانی کوردستانی ئێران (بەشی ئازەربایجانی رۆژئاوا) دەناسرێت.

٢. **ناوچەی موکریان:** ناوچەو مەڵبەندێکی جیۆگرافییە لە کوردستانی ئێران، ئەم سەر زەمینە لەسەردەمانی زوو ئەم هەرێمانە دەگرتەخۆ: مەراغە، سەلماس، شنۆ، لاجان، نەغەدە، ورمێ، سایین قەلا، سابلاغ، بۆکان، میان دواو، خانە، سەردەشت، سەقز، بانەو...جێگاکانی تری ناو ئەم سنوورە کە ئەمڕۆ بەشی هەرە زۆری ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاواو ئوستانی کوردستان لە رۆژئاوای ئێران پێکدەهێنن. لە دێر زەمانەوە ناوچەکانی کوردستانی ئێران لە ژێر ناوو نیشانی کوردستانی موکریان، کوردستانی ئەردەلان، کوردستانی کرماشان دابەشکراوەو ناسراون.[٦]

ئەمڕۆ ناوچەی موکریان لە بەشێك لەسەر زەمینی خوارووی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاواو باکووری ئوستانی کوردستان پێکدێت، کە شارو باژێڕەکانی سەردەشت‌و بانەو مەهابادو سەقزو بۆکان‌و خانەو شنۆو نەغەدە دەگرێتەوە.[٧]

موکریان ناوچەیەکی شاخاوییەو، لوتکەی کێوی (حاجی برایم) کە بەشێکە لە زنجیرە چیای قەندیل‌و کەوتۆتە ناوچەی سەردەشت بەرزترین چیای ناوچەکەیە کە بەرزاییەکەی (٣٥٥٠م) دەبێت‌و نزمترین شوێنی ئەم ناوچەیە ٩٣٠ مەتر لەسەر ئاستی دەریا بەرزە[٨]. ئاووهەوای خۆش‌و سازگارەو لە ناوچە کوێستانییەکاندا ساردو لە دەشتەییەکانیشدا مامناوەندییە، رێژیمی باران بارین لەو ناوچەیەدا سەر بە ئاوهەوای ناوچەکانی دەریای سپی ناوەڕاستە.

ناوچە دەشتاییەکانی لە نێوان زنجیرەی کێوو چیاکاندا هەڵکەوتوون کە ناودارترینیان دەشتی لاجان‌و وەزنێ‌و کەپرانە، دەشتاییەکانی دەوروبەری گۆڵی ورمێ فراوان‌و بەربڵاوترن وەکو دەشتی شامات‌و شاروێران‌و دەشتەکانی ناوچەی سەقزو بۆکان‌و نەغەدە. رووباری لاوێن کە بە (زێ) ناسراوە، لە شاخەکانی ناوچەی شنۆوە هەڵدەقوڵێ‌و دەشتی لاجان پاراو دەکاو لە دەربەندی ئالان دەپەڕێتەوە بۆ دیوی

---

(٦) جغرافیای طبیعی کردستان موکریان: ١١.

(٧) سەرچاوەی پێشوو: ٦.

(٨) تاریخ وجغرافیای کردستان (سیر الاکراد): ٧٠.

کوردستانی عێراق‌و زێی بچوك پێکدەهێنێ، ناودارترین‌و مەزنترین رووباری ناوچەکەیە، لە پاڵ چەم‌و رووبارەکانی (جەغەتو – زەڕین رود) و (تەتەهو – سیمین رود)، رووباری مهاباد کە دەرژێنە نێو گولی ورمێوە.

موکریان ناوچەیەکی ئاپۆڕەو ئاوەدانە بە گوندو دێهاتی گەورەو بچووك کە لە ناوچە دەشتاییەکان‌و بناری شاخەکاندا هەڵکەوتوون. خەڵکی دێهاتی ناوچە شاخاوییەکان بە مەڕداری‌و پەروەردەکردنی رەزو باغاتەوە خەریکن لەمانە هەندێکیان نیوە کۆچەرن‌و بۆ مەڕداری کوێستان‌و گەرمیان دەکەن. خەڵکی دێهاتی ناوچە دەشتاییەکان بایەخی زیاتر بە کشتوکاڵ و بەرووبوومی دانەوێڵە دەدەن، ناوچەکە خاوەنی زەوی‌و زارو خاکێکی بە پیت‌و بە پرشتە، زۆربەی دانیشتوانی موسلمانن‌و لە پەیڕەوانی ئەهلی سونەو لەسەر مەزهەبی شافعین.

٣. ناوچەی موکریان – کورتەو پێشینەیەکی مێژوویی:

مێژوونووسانی کوردو بیانی لەو باوەڕەدان کە لە هەزاران ساڵی بەر لە دایکبوونی عیسای مەسیحەوە ناوچەی موکریان ئاوەدان‌و شوێنی فەرهەنگ‌و شارستانیەت بووە[٩]. لە سەردەمی (ماد)ەکاندا بەو خاکەیان گوتووە (مادی بچووك) لەپاشان‌و لە سەدەی چوارەمی پێش زایین بووە بە خاکی (ئاتورپاتەگان – ئازەربایجان)و ئەمڕۆکە بە موکریان ناودەبرێ[١٠]. ناوی مادی بچووك‌و سەر زەمینەکەی لە ساڵنامەی (ئاشوری)دا هاتووە، (هیرۆدۆت)ی باوکی مێژوونووسانیش باس لە تیرەکانی گەلی ماد دەکات.

مێژوونووسان لەو باوەڕەدان کە (زەردەشت) لە خاکی موکریان‌و لە ناوچەی (سەردەشت)ی ئەمڕۆ هاتۆتە دنیاوە. ساڵی (٢)ی کۆچی (٦٦٣ز) ئەم ناوچەیە بۆ یەکەمجار کەوتۆتە ژێر باڵی فەتحی ئیسلامی‌و بەدرێژایی چەندین سەدە هەرێمی ئازەربایجان کە ناوچەی موکریانیش بەشێك بووە لەو هەرێمە، لەلایەن ئەمیرە

---

(٩) بڕوانە: - فەرمانڕەوایی موکریان: ١١.
- میدیا: ١٣٥- ١٤١.
- کوردو کوردستان، ب.نیکیتین: ٤٨٦.
- تاریخ وجغرافیای کردستان (سیر الاکراد): ١٧٢.

(١٠) - کوردستانی موکریان: ١٢.

موسلمانەکانەوە کە لە دەربارى خەلافەتى ئیسلام، راشدین، ئەمەوىو عەباسییەوە دەستنیشان دەکران بەڕێوە بردراوە. لە سەدەکانى سێیەمو چوارەمو پێنجەمى کۆچیدا ئازەربایجان هەر بەناو سەر بە خەلافەتى عەباسى بووە چونکە دەسەلاتو کاروبارى ولات بەدەست ئەم میرنشینە کوردانەوە بووە کە یەك لە دواى یەك دامەزراون، (رەوادى، سالارى، شەدادى، هەزبانىو روادى).[11]

ناوچەى موکریان تارادەیەك ئارامىو ئاوەدانى بەخۆیەوە دیوە لەسەدەکانى شەشەمو حەوتەمو هەشتەمى کۆچییدا دەکەوێتە ژێر دەسەلاتى سەلجوقىو خەواریزمىو مەغۆلو تاتارەکان. لەو ماوەیەدا سەردارانى ناوچەکە هەمیشە لەگەڵ دەسەلاتدارانى بێگانەدا لەشەرو کێشەدابوون[12]. بە بۆچوونى شەرەفخان سەردارانى موکرى بەرەچەلەك دەچنەوە سەر عێلى موکرى کە لە ناوچەى شارەزوورەوە هاتوونو سەر بە بابانەکانن، (میر سەیفەدین) ناوێکیان لێ هەلکەوتووە کە زرینگو ژیرو ئازاو پیاوێکى سیاسى بووە، لە رۆژانى دوادوایى حوکمڕانى هۆزە تورکمانەکانى (قەرەقۆینلو ئاق قۆینلو) (سەدەى نۆیەمى کۆچىو پازدەیەمى زاینى) هێزێکى زۆر لە بابانەکانو هۆزەکانى دیکە لە دەورى خۆى کۆدەکاتەوەو هێزەکانى تورکمان لەو ناوەدا ڕادەماڵىو ناوچەکەیان لێ پاك دەکاتەوەو بەو شێوەیە بناغەو بنچینەى میرایەتى موکریانى دامەزراندوە[13].

شا ئیسماعیلى سەفەوى (١٤٨٧ - ١٥٢٤) لە رەگەزو مەزهەبەکەى خۆى هەلگەڕاوەتەوەو بووە بە تورکمانێکى قزلباشى شیعە گەراى توندڕەو، بەمەبەستى دامەزراندنى دەسەلاتێکى ناوەندى بەهێزو، بە خەونى زیندووکردنەوەى سنوورو قەلەمڕەوى دەولەتى ساسانى، هێرشو لەشکر کێشى بۆ ناوچەکانى رۆژئاواى ئێران دەست پێکردووە[14]، لە دواى چەندین شەرو کوشتارى خوێناوى توانى لە سالى (٩٠٩) کۆچیدا میرایەتى صارم بەگى کوڕى میر سەیفەدین لە موکریان تێکبداو دەست بەسەر پایتەختەکەى (ورمێ)و شنۆ دابگرێتو تالانو برۆیەکى زۆرى تیادا بەرپابکات[15].

---

(١١) فەرمانڕەوایى موکریان: ٢٧ - ٣٠

(١٢) فەرمانڕەوایى موکریان: ٢٧ — ٣٠.

(١٣) سەرچاوەى پێشوو: ٣٤.

(١٤) کوردو عەجەم: ٢٥.

(١٥) کوردو کوردستان ، محمدامین زەکى: ١٥٩.

لەدوای یەکەمین شەڕی گەورەی نێوان عوسمانیو سەفەوی لە چاڵدێران (١٥١٤)، کوردستان بە گوێرەی سەنگو تەرازووی هێزەکانی ئەم دوو دەوڵەتە زلهێزە بۆ یەکەمین جار دابەش کراوە، میرنشینەکانی لای رۆژئاواو سەروو خوارووی کوردستان کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی رووکەشی دەوڵەتی عوسمانیو میرنشینەکانی رۆژهەڵاتی وەکو، ئەردەلان، لورستان، موکریان کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی عەجەم[١٦].
لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی کتێبی (فەرمانڕەوایی موکریان) ناوی یازدە پشت لە کوڕو نەوەو نەوەزاکانی میر سەیفەدین دەبات کە لەو ناوچەیەدا لەناو عێلو عەشیرەتەکانی موکریاندا دەسەڵاتدار بوونو میرو مەزنایەتیان کردووە[١٧].بە کورتی مێژووی سەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەوی دەرحەق بە کورد، هەموو لاپەڕەکانی خوێنی لێدەتەکێ، محەمەد ئەمین زەکی لەو بارەوە دەڵێ: هەڵسوکەوتی شا ئیسماعیل دەرحەق بە کورد...هەڵسوکەوتێکی پڕ لە زوڵمو زۆرداری بوو، چونکە کوردەکان سونی مەزهەب بوون هەرگیز باوەڕو متمانەی پێنەدەکردن، لەهەر دەرفەتێکدا لە هەوڵی ئازاردانو فەوتاندنی کوردەکان دابووە.(١٨)
کردارو رەفتاری شا عەباسی یەکەم (١٥٨٧ – ١٦٢٩) لە ئاست کوردا لە هی ئەوانی پێشە خۆی باشتر نەبووە، هەر لە سەردەمانی ئەودابوو کە هێرشێکی بەربڵاو کرایە سەر ناوچەکانی کوردستانی موکریان کە خۆی سەرکردایەتی دەکردو بۆ ماوەی چەند مانگان قەڵای دمدمیان گەمارۆدا، خەڵکی ناوچەکە زۆر بە سەختی داکۆکیان لە خاكو ماڵو سامانو ئابرووی خۆیان کردو لاپەڕەیەکی زێرینیان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا تۆمارکردووە کە نموونەی خۆبەخت کردنو مەردایەتی بووە، رووداوەکانی قەڵای دمدم لەو رۆژەوە بۆتە وێردی سەر زمانی خەڵکی کوردو داستانێکی قارەمانانەی لێکەوتۆتەوە کە پشتاوپشت گوێزراوەتەوەو تا ئێستاش حیکایەت خوانو بەیت بێژەکان، بەتایبەتی لە ناوچەی موکریان بە زیندوویی پاراستوویانە، لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا (ئۆسکارمان) لە زمانی بەیت بێژێکی

---

(١٦) کوردو عەجەم: ١٥١.

(١٧) فەرمانڕەوایی موکریان: ٢٣-٥٧.

(١٨) کوردو کوردستان ، محمدامین زەکی: ٦٠.

موکریان (ڕەحمان بەکری سابلاغی) تۆماری کردووە[١٩].

هێشتا دمدم خوێنی قوربانییەکانی لێ دەچۆڕا کە شا عەباس هەڵیکوتایە سەر خێڵی موکری‌و کەوتە کوشتاریان و بە هەزاران ژن‌و منداڵیشی لێ یەخسیرکردن‌و (١٥ هەزار) خێزانی کوردی لە دانیشتوانی ناوچەکانی باکوری موکریانیش بەرەو خۆراسان گواستەوە[٢٠]. کەواتە لە سەردەمی سەفەوییەکاندا سەرباری کوشت‌و بڕی چەند بارەی خێڵ‌و هۆزەکانی موکریان کە لە کتێبە مێژووییەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە[٢١]. سیاسەتێکی تازە سەبارەت بە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژئاوای ئێران پەیڕەو کراوە کە ئەمیش بریتی بووە لە ڕاگواستن‌و پەرت‌و دوورخستنەوەی خێڵە کوردەکان‌و، نیشتەجێکردنی عێڵ‌و هۆزەکانی تورك‌و تورکمان‌و مەغۆڵ‌و ئازەری لە ناوچەکەدا. بە واتەیەکی تر یەکەمین هەوڵەکانی گۆڕینی هەڵومەرجی دیمۆگرافی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی سەفەویدا دەستی پێکردووە.[٢٢] سیاسەتێك کە لە سەردەمی پاشایەتی قاجارو بنەماڵەی پەهلەویش لە ئێران هەر درێژەی پێدراوەو تا

---

(١٩) بڕوانە:

تحفة مظفرية، گردکاری ئوسکارمان، پێشەکی‌و ساغکردنەوەی هێمن موکریانی، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

- بەو هۆیەی کە کارەساتی دمدم ڕووداوێکی گەورە بووە لە مێژووی نەتەوەی کوردا، بۆیە مامۆستا هێمن لە پێشەکی کتێبەکەدا گەڕانەوەی سەروو بەری گەمارۆدان‌و هەموو ڕووداوەکانی پاش گیرانی قەڵاکەی لە کتێبەکەی (ئەسکەندەر بەگی تورکمانی)، (عالم آرای عباسي)دا وەرگێڕاوەتە سەر کوردی‌و تۆماری کردووە، چونکە باشترین شایەدییە لەسەر ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە، لەکاتێکدا (ئەسکەندەر بەگ) خۆی کاتب‌و مێژوونوسی شا عەباس بووە لەو هێرشەشدا بۆ سەر دمدم خۆی هاوڕێیەتی شا عەباسی کردووە. نووسەرانی کورد بایەخی زۆریان بەم ڕووداوە مێژووییە داوەو چەند شاکارێکی ئەدەبییان لێداهێناوە، وەکو ڕۆمانی (قەڵای دمدم)ی عەرەب شامیلۆف‌و چیرۆکی (قەڵای دمدم)ی مصطفى صالح كريم‌و(قارەمانێتی کورد لە داستانی قەڵای دمدم)...ئامادەکردنی ئۆردوخانی جەلیل...تاد.

(٢٠) دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر: ٢٣١.

(٢١) بڕوانە:

- مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ: ٣٥٦.

- کوردو عەجەم: ٦٠ - ٩٢.

- کوردو کوردستان، نیکیتین: ٤٨٣.

(٢٢) کورد و عەجەم: ٢٤.

ئێستاش. هەر ئەم ناوچەیە بە هۆی هەڵکەوتی جیۆگرافییەوە کە دەکەوێتە سەر تخووبەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران‌و عوسمانی، ببوو بە یەکێك لە مەیدانەکانی جەنگی نێوان ئەو دوو هێزەو شارێگەی لەشکر کێشییەکانی رۆم‌و عەجەم بۆ سەریەکتری لە سەدەکانی ١٧ و١٨ کە بوو بە مایەی گەورەترین نەهامەتی‌و کاولکاری‌و ماڵوێرانی بۆ سەر ئەم مەڵبەندە لەمێژووی نوێدا، دوای ئەوەی رووسەکانیش هاتنە مەیدان‌و تێکەڵاوی ئەو شەڕو ململانەیە بوون کە لە نێوان هێزەکانی رۆم‌و عەجەمدا لەسەر دەسەڵات گرتنە دەستی ئەو ناوچانەدا لە ئارادابوو.

لە چارەگی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا دەرباری قاجاری میرنشینە ئۆتۆنۆمییەکانی کوردستانی ئێرانی لە بەینبرد، لەوانە میرنشینی موکریان‌و دەسەڵاتی ناوەندی عەجەمیان تێدا دامەزراند. دەسەڵاتی راستەوخۆی دەوڵەتی داگیرکەری بێگانە بەسەر کوردستانەوە کە بە زۆرو هێزی چەکداری سەرکوتکەریش پارێزگاری لێدەکرا، هیچ پێشوەچوونێکی لەباری ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و فەرهەنگییەوە بۆ کوردستان پێنەبوو، بەڵکو باری زوڵم‌و چەوسانەوەی خەڵکەکەی قورستر کردو چەوسانەوەی نەتەوەیی‌و مەزهەبیش بە تایبەت لە سەردەمی قاجارەکاندا بوو بە سەرباری ئەو نەهامەتیانە.

لە سەدەی نۆزدەمین هەست‌و بیری نەتەوەیی لەلای کوردان روو لە بوژانەوەو پێگەیشتن بوو، لە کاتێکدا میرانی ئەردەلان چ لە رێگەی خزمایەتی‌و زەماوەندی سیاسییەوە بێت چ لە رێگەی خۆنزیك کردنەومیان بێت لە ئاینزای شیعە کە ئاینزای دەرباری ئێران بوو، توانیان پێگەو هەڵکەوتی سیاسی خۆیان لە ئێراندا پتەوتر بکەن. گەورەو میرو مەزنەکانی موکریان بەهۆی لاوازی پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتی مەرکەزی‌و پەیرەوکردنیان لە ئاینزای سونە هەمیشە لە سیاسەتەکانی عوسمانی نزیکتربوون‌و تێکەڵاویان لەگەڵ ناوەندەکانی دەسەڵات لە کوردستانی عوسمانییدا لە برەوتر بوو. کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمیش بە چەرخی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی دەژمێردرێت بەتایبەتی لە ناوەندو ناوچەکانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا، هەر بۆیە یەکێك لە مەزنترین راپەڕینەکانی کورد لە چارەگی دوایی سەدەی نۆزدەیەمدا کە کاریگەری زۆری بەسەر هەرێمەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان‌و بەتایبەتی ناوچەی موکریانیش داهەبوو، شۆڕش‌و راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بوو لە ساڵانی (١٨٨٠ – ١٨٨٣) لە پێناوی ئازادی‌و سەربەخۆیی

کوردستان[٢٣]. بەو هۆیەوەش کە نەهری یەکێك لە گەورەترین مەڵبەندەکانی رابەرایەتیی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان پێکدەهێناو ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی موکریان لە ریزی خەلیفەو موریدو مەحسوبەکانی شێخی نەهری دابوون، هەمیشەش خەلیفەو نێردراوەکانی لەو ناوچەیەدا دەسوڕانەوەو شێخ لە هەوڵی ئەوەدابوو کە هەموو هۆزە کوردەکان یەکبخاتو ناوچەیەکی فراوان لەسەر سنووری تورکیاو ئێرانو روسیا بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە[٢٤]. هۆزە کوردەکانی ناوچەی موکری رۆڵێکی مەزنیان پێ سپێردرابوو لە جێبەجێکردنی نەخشەو پلانی شێخ بۆ شۆڕشو راپەڕین لە دژی دەسەڵاتی ئێران. دوابەدوای کورت هێنانی راپەڕینەکەش هێزەکانی سوپای ئێران بە دەستێکی رەشو دڕوونێکی رقاوی کەوتنە گیانی کوردەکانو بێ بەزەییانە تۆڵەیان لێ سەندنەوە. بە درێژایی ئەو رێگاوبانانەی پیادا دەرۆیشتن گوندەکانی کوردیان تاڵان دەکردو دەسووتاند، هەر کوردێکیان بەدەست بکەوتایە دەیانکوشتو بەزەییان بە منداڵو ژنو پیرەکاندا نەدەهاتەوە[٢٥].

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا کورد لە ناوچەکانی رۆژئاوای ئێران لە دژی زوڵمو زۆری کاربەدەستانی عەجەم هەمیشە لە بەرگریو بەرهەڵستی دابوون. هەستی رزگاریو بزووتنەوەی نیشتمانی هەموو کوردستانی داگرتبوو، فەرمانڕەوایانی حکومەتی شا لە ناوچەکانی موکریان ناچاربوون داخوازییەکانی گەلی کورد لەبەرچاوبگرن. هەروەها وڵاتانی ئەورووپاش لە وێنەی روسیاو بەریتانیاو ئەڵمانیاو ئەمریکا ناچاربوون بایەخێکی زیاتر بەم ناوچانەو بە کورد بدەن، بۆیە نێردراوو رابەرو مسیونێرەکانیان بەوناوەدا بڵاوکردەوە[٣٦] بەو مەبەستەی نفوزی خۆیان لە کوردستان بەهێزتر بکەن.

لەساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا جولانەوەیەکی بەهێزی ریفۆرم خوازی، کە لە مێژووی نوێی ئێراندا بە (شۆرشی مەشروتە ١٩٠٥- ١٩١١) ناسراوە هەموو وڵاتی تەنیەوە، ئەم جولانەوەیە لە ناوچەکانی ئازەربایجاندا مەشخەڵو بلێسەکەی بەهێزبوو بەجۆرێك کە دەسەڵاتو حوکمڕانی خەڵك بەرپابوو شوێنی دەسەڵاتی

---

(٢٣) الاكراد ، ملاحظات وانطباعات: ٢٧.

(٢٤) خەبات لە رێی کوردستان: ١٧٥.

(٢٥) راپەرینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠ : ١٣٨.

(٣٦) خەبات لە رێی کوردستان: ٢١٢

ناوەندی گرتەوە. لەو سەردەمەدا خەباتی خەڵکی کوردستان پێی نایە قۆناغێکی تازە، ئەویش بریتی بوو لە پێکهێنانی کۆمەڵەو کۆڕو کۆمەڵی سیاسیو رووناکبیریو کۆمەڵایەتی.

هەر لەو سەردەمەشدا بوو کە دەوڵەتانی بیانی وەکو روسیاو بەریتانیا هەریەک نفوزو دەسەڵاتی بەسەر بەشێکی وڵاتەکەدا گرتبوو، لەکاتی هەڵایسانی یەکەمین بڵێسەی جەنگی جیهانیشدا ناوچەکانی خۆرئاوای ئێران بوو بە مەیدانی شەڕو پێکدادانو کێشمەکێشی نێوان روسیاو دەوڵەتی عوسمانی. دەسەڵاتی ناوەندی وڵاتیش بە بیانووی بێ لایەنی لە شەڕدا هیچ تواناو دەسەڵاتێکی بەسەر هیچ لایەنێکی وڵاتەکەدا نەمابوو[٢٧].

٤. ژیانی خوێندەواریو رووناکبیری (کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم):

بارودۆخی سروشتی و جیۆگرافی، هەلومەرجی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی، لە ریزی ئەو هۆکارانە بوون کە ناوچەکانی موکریانیان وەکو ناوچەیەکی خێڵەکیو عەشایەری هێشتۆتەوە، هۆزەکان زیاتر بە ژیانی ئاژەڵداریو نیوە کۆچەریەوە خەریکبوون، بۆیە هەڵکەوتنی شارو بازێڕی ئاوەدانو دروستبوونی توێژی خەڵکی شارنشینو شارستانی لەم ناوچانە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی میرنشینی ئەردەلان بە نموونە، تارادەیەک دواکەوتووە. شارو شارۆچکەکانی مەهاباد، شنۆ، سەردەشت، بۆکان، نەغەدە لە سەرەتادا وەکو بازاڕێك بۆ ئاڵوگۆڕو ساغکردنەوەی بەروبوومی ئاژەڵیو کشتوکاڵییەوە هاتنەکایەوە[٢٨].

گەورەترین کەسایەتی موکریان لە مێژووی نوێدا بوداغ سوڵتانی نەوەی میر سەیفەدین بەگی موکریانە، بوداغ سوڵتانی کوڕی شێرە بەگ (١٦٠٨ – ١٦٨٩) کە بە سەردارو بابە گەورەی زنجیرەی دووەمی میرانی موکری دادەنرێت، یەکەمین کەسێك بووە کە شاری (سابلاغ)ی کردۆتە پایتەختو بنکەی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی میرایەتیەکەیو بۆ ماوەی ٦٠ ساڵ حوکمڕانی کردووە، هەر لەسەر دەستی ئەویش شارەکە ئاوەدان کراوەتەوەو چەند شوێنەوارێکی ناوداری ئەو سەردەمە تاوەکو ئەمڕۆ

---

(٢٧) کورد و عەجەم : ١٩٩.

(٢٨) بارودۆخی سیاسی کوردستان: ٤٥.

له شارەکەدا ماون، لەوانە (مەسجدی جامع - یا مزگەوتی سوور)ی مهاباد کە بە یەکێك لە مەزنترین شوێنەواری ئاینیو رووناکبیری شارەکە دەژمێردریو رۆڵێکی مەزنی لەو بوارانەشدا گێراوە[٢٩]. هەر لەو رۆژگارەدا (مەلاجامی) دەبێتە پێش نوێژو وتارخوێنو وانەبێژی زانستو زانیاریەکانی ئاینیو لە مهاباد جێگیردەبێت[٣٠]. لەپاڵ کردنەوەی چەند مەدرەسەو خوێندنگاو کتێبخانەو مەنزلگای حەوانەوەی خەڵکی هەژارو بێ دەرامەت، لەپاڵ ئەوەشدا پردی سوورو پردی لوجو پردی دارەلك لە رۆژگاری ئەودا دروست کراون. هەروەها ئەندازەیەکی زۆری موڵكو زەوی وەکو وەقف بۆ خەرجیو ئاوەدانی ئەو شوێنانە تەرخانکردبوو[٣١].

مهاباد کە هەر لەسەرەتاوە بنکەو پێگەی والی نشینی ناوچەی موکریان بووە لە رۆژگاری هێرشی مەغۆل بۆ ناوچەکەو بەخاتری هەبوونی سەرچاوەو کانیو ئاوێکی سازگار لە کەناری ئەو ئاواییەدا ناوەکەی لە نێو خەڵکدا بە (سوغ بلاغ - سابلاغ) رۆیشتووەو، لە نووسراوو موکاتەباتی میریدا بە (ساوجبۆلاغی موکری) ناوبراوە تا لەگەڵ ساوجبۆلاغی ناوچەی قەزوین تێکەڵ نەبێت. تا لە سەرەتای دەورەی پەهلەویو لەسەر پێشنیاری دکتۆر رەشید یاسمی (ئەندامی کۆڕی زانیاریو مامۆستای دانیشگای تاران) لە ساڵی (١٣١٥/١٩٣٦) ناوی (مهاباد)ی بۆ گێردراوەتەوە[٣٢].

سەرانی هۆزو تایفەکانی دەوروبەری مهاباد روویان کردۆتە شارەکەو بۆ بنیاتنانو ئاوەدانی شارەکەدا تێکۆشاونو چەندین کۆشكو سەراو مزگەوتو حەمامو باغاتو دوکانو قەیسەرییان تیادا دروست کردووە[٣٣] لە سەرەتای سەدەی بیستدا شاری

---

(٢٩) مهابادو کورتە مێژوویەك: ٢١ ، ٢٢.

(٣٠) ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی: ٨.

(٣١) خاطرات دکتر هاشم شیرازی: ٢٧.

(٣٢) گۆیا ئەم نازناوەش لە (مەئاباد، مادئاباد، مهاباد)ەوە هاتووە کەلە سەردەمی مادەکان باوبووە.

بڕوانە:

- تاریخ مهاباد: ١٢.

- مهاباد و کورتە مێژوویەك: ٧٤.

- خاطرات دکتر هاشم شیرازی: ٤

(٣٣) ئاغاو خانو سەرۆك هۆزەکانی دەوروبەری مهاباد هەر یەکێکیان لەپاڵ ئەوەدا کە خانووبەرەو کۆشكو سەرایەکی لە شارەکەدا بۆ خۆی دروست دەکرد، مزگەوتو مەدرەسەیەکی◄◄

سابلاغ (١٣) مزگەوتو (١٦) مەدرەسەو (٢) تەکیەو خانەقایەكو (٤) حەمامو کەنیشتەیەكو کلێسایەکی لێبووە، لەپاڵ (٦) کاروانسەراو (١٠) باغی گەورە.[٣٤] مهاباد ناوەندی تیجارەتو بازرگانی بووە لەگەڵ ناوەندە بازرگانییەکانی ئێرانو روسیاو عیراقو تورکیا پەیوەست بووە. لە دوای جەنگی یەکەم کونسولخانەی ئینگلیزو روسو ئەمریکا لە شارەکەدا هەبوون.[٣٥] کە ئەمەش بایەخی ئەو شارە لەرووی ئابووریو سیاسییەوە نیشاندەدات. لە هەموو دێهاتو شارۆچکەکانی لەلایەن خاوەن موڵكو دەستڕۆیشتووەکانەوە، مەدرەسەی ئاینیو قوتابخانە بۆ خوێندنو بەدەستهێنانی زانیاری دامەزرێندراوە، ناوچەکانی موکریان بەتایبەت شاری سابلاغ سەبارەت بە خوێندنو زانستەکانی ئیسلامەتی لە سەردەمی پێشوودا بە یەکێك لە مەڵبەندە ناودارەکانی عیلمو زانست لە کوردستاندا ناسراوە.[٣٦] کوردی موکریان لەباری خوێندنو زانستو شیعرو ئەدەبو هونەرو خەتخۆشیدا ئاشناو پسپۆڕن.

میرزا عبدالرحیمی وەفایی (١٨٤٤ – ١٩٠٢) کە یەکێك لە ناودارترین شاعیرانی کوردی ناوچەی موکریانە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، موریدو مەنسوبێکی هەرە لەپێشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بووەو بۆ ماوەی چواردە ساڵان میرزاو کاتبو رازگری شێخو مامۆستای منداڵەکانی بووە، شیعرو غەزەلە ناسكو پاراوەکانی ئاوێنەیەکی ئەو عەشقو ئەوینە بەسۆزمیە کە لە نێوان ئەوو شێخی نەهریدا هەبووە.

وەفایی لەپاڵ دەسەڵاتی هونەرو شیعرو ئەدەبدا مرۆڤێکی پایەبەرزو رووناکبیرێکی گەورە بووە، بیرەوەرییەکانی خۆیشی سەبارەت بە ژیانو رووداوەکانی ئەو سەردەمە تۆمارکردووە کە ئەمەیان رەنگە کارێکی بێ پێشینە بێت لە مێژووی ئەدەبی

◄◄ ئاینیشی بەناوی خۆیەوە دەکردەوەو کۆمەڵێك موڵكو ماڵو زەویشی دەکردە وەقف بۆ دابینکردنی خەرجیو مەسروفاتی مزگەوتو مەدرەسەکەی، لە نموونەی مزگەوتەکانی: هەباس ئاغا، رۆستەم بەگ، سەید بایەزید، قازی، سەید نیزامی...تاد.

ـ بڕوانە: تاریخ مهاباد: ١٣٧.

(٣٤) کوردستانی موکریان: ٣٤، ٣٥.

(٣٥) تاریخ مهاباد: ١٣٦.

(٣٦) کوردستانی موکریان: ٢٩.

کوردیدا.[37] ئەوکاتەی کە لە مهاباد ژیاوە مەدرەسەیەکی هەبووەو شاگردەکانی تیادا فێری زمان‌و ئەدەب‌و ئاوازو خەتخۆشی کردووە.

لەسەرو بەندی سەدەی بیستەمدا مهاباد (٧٠٠) فەقێ یا خوێندکاری زانستی ئاینی هەبووە کە بەشی زۆریان هی ناوچەکانی موکریان‌و شوێنەکانی دیکەی کوردستان بوون، جگە لەوەی لەهەر گەڕەکێکی شارەکەدا قوتابخانەیەك هەبووە کە میرزایەك بەڕێوەی بردووەو دەرسی زمان‌و ئەدەب‌و خەت‌و خۆشنووسی تیادا گۆتراوەتەوە.[38]

موکریان زێدگاو مەڵبەندی پێگەیشتنی سەدان مەلاو زاناو شاعیرو عاریفی نێودارە، هەر تەنیا لە مهاباد بە دەیان پیاوی ناوداری لێ هەڵکەوتووە لە وێنەی، مەلا جامی چۆڕی مەریوانی، مەلا عەلی پیرەبابی، مەلا حوسێنی مەجدی، سەیف ئەلقوزات، میرزا فەتاحی قازی، پێشەوا قازی محەمەد، مستەفا شەوقی، مەلا عەبدولقادری مەولەوی، داماو سەید حوسێنی حوزنی موکریانی، عەبدولڕەحمان گیوی موکریانی، میرزا سەلیمی موکریانی، حاجی مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدیان، مەلا ساڵحی ئیبراهیمی، مەلا قادری مودەڕیسی، هێمن‌و مەلا غەفووری حافزی مهابادی...تاد.

لە شارستانی سەردەشت زانایانی نێودارو پایەبەرزی وەکو ئیبنولحاج، مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی، مەلا عومەری سەردەشتی، مەلا کەریمی فیدایی، مەلا ئەحمەدو محەمەدی شەلماشی...لێ پێگەیشتوون. لە شنۆو خانێدا، مەلا عەبدولعەزیزی شنۆیی، سەید تاج ئەلدینی شێخی زەنبیلی، قازی محەمەد خزری، ئەمین شنۆیی، مەلا ڕەسولی ئەدیب، پێگەیشتوون. لە بۆکان دەیان شاعیرو زاناو دانای ناودار دەرکەوتوون لە وێنەی، قزلچییەکان‌و تورجانی زادەو وەلزییەکان‌و سەیدەکانی زەنبیل‌و شێخانی بورهان‌و شاعیرانی وەکو ئەحمەدی کۆرو مەلا مارف‌و ئەدەب‌و حەقیقی‌و هەژارو هێدی‌و ئیمامی‌و جەوهەری‌و سوارە....لەپاڵ دەیان هونەرمەندی خۆشنووس‌و خۆشخوانی بەهرەوەر.[39] سەقزو بانە مەڵبەندی شاعیران وزانایانی وەکو، پاکی، تۆفیقی ئەمینیان، زاری، سولتانولعورەفا، شەیدا، ساڵح، عاشق، فاتحی مەجدی، فیدا، فەقیهی، کامل، کرمانج، کەوسەر، مەلیکوکەلامی مەجدی، موخلیس، مەفتون، نافع،

---

(٣٧) بیرەوەرییەکانی وەفایی: ٢٨.

(٣٨) تاریخ مهاباد: ١٣٨.

(٣٩) تاریخ فرهنگ وادب مکریان، جلد ١، ٢.

وەجدی، وەفا... هی دیکە بووە.[٤٠] سیماو خەسڵەتی دیارو ئاشکرای زانستو ئەدەبیاتو فەرهەنگی ئەم ناوچەیە ئەوەیە کە بە توندی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری کولتوور و ئەدەبیاتی ئێرانییەوە، بۆیە بەشی زۆری بەرهەمو شوێنەواری زانستیو ئەدەبی ئەم ناوچەیە بەتایبەت لەسەر دەمانی پێشوودا بە زمانی عەرەبی، یاخود فارسی تۆمارکراونو تەنها بەشێکیان بە زمانی کوردییە. تەنانەت نووسەرێکی وەکو سەید عەبدولحەمیدی سجادی لە کتێبی (شاعران کرد پارسی گوی)دا ناوی زیاتر لە (٩٠٠) شاعیرو ئەدیبو هونەرمەندی کوردی بردووە کە شیعرو بەرهەمەکانیان بە زمانی فارسی گوتووەو تۆمار کردووە.[٤١] ئەڵبەتە یەکێك لە هۆکارە هەرە بنەڕەتییەکانی ئەم حاڵەتە بۆ دابەشبوونی سیاسی کوردستانو کورد دەگەڕێتەوە، کە زمانو فەرهەنگێکی جیاواز لە زمانو فەرهەنگ سروشتی خۆی بەسەریدا سەپێندراوە.[٤٢] وەکو چۆن دابەشکردنو دابڕانی بەشەکانی خاکی کوردستان لەیەکتری کاریکردۆتە سەر باری خوێندەواری ئەو بەشەی لەگەڵیاندا دەژیاو زمانو ئەدەبی کوردی لەو وڵاتانەدا بوون بە فەرهەنگێکی پلەی دووەم.[٤٣] لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەستەیەك لە ڕێبەرانی ناسیۆنالستی کوردی کە نەوەی خانەدانو میرەکانی بەدرخانیو سۆرانو بۆتانو بابانو موکریان بوون، لەسەر بنەمایەکی تازە درێژەیان بە خەباتو تێکۆشان داوە کە ئەویش پەرەپێدانی بزووتنەوەی سیاسی – فەرهەنگی بوو لە کوردستاندا، بۆیە لەلایەك کۆڕو کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردی دروستبوونو لەلایەك خەباتی کولتووریو خوێندەواری کوردییان بووژاندۆتەوە. ئەوە بوو لە نیسانی ساڵی (١٨٩٨)دا یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان)ەوە بڵاوکرایەوە کە لەو ڕۆژگارەدا وەکو چرایەك بوو لە پێناو زیندووکردنەوەی زمانو کولتوورو گیانی نەتەوەیی[٤٤].

لە ڕۆژگاری شۆڕشی دەستووری (مەشروتە) لە ئێران (١٩٠٥ –١٩١١) لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەکانی موکریان مەڵبەندی سەرەکی هۆزەکانی کوردو، سەرۆك هۆزەکانیش

---

(٤٠) گلزار شاعرانی کردستان، سید عبدالحمید حیرت سجادی.

(٤١) شاعران کرد پارسی گوی، سید عبدالحمید حیرت سجادی.

(٤٢) کوردو عەجەم: ١٥٧.

(٤٣) شیعری کوردی/ سیاسەت، کۆمەڵایەتی، کوردایەتی، گ/ڕۆشنبیری کوردستانی، ژ/ ١: ٥.

(٤٤) بارودۆخی سیاسی کوردستان: ١٢٧.

سێبەری سیاسییان بەسەر خەڵکە بێ دەرەتانەکەوە خستو قورسو زیاتریش بە لایەنگیری لە دەوڵەتی مەرکەزی بوو، بەڵام لەناو شارە گەورەکانی موکریاندا وەکو مهابادو سەقزو بۆکان چەند ئەنجومەنێك لە دەستوورخوازان بەمەبەستی گۆڕان لە ستراکتووری دەسەڵاتداریەتیو چاکسازی سیاسیو کۆمەڵایەتی پێکهاتبوو، ئەڵبەتە لە کوردستانیش زانایانو رووناکبیران، تەبای شارەکانی دیکەی ئێران، رۆڵی سەرکردایەتیو رابەرایەتیکردنی ئەو ئەنجومەنانەیان لە ئەستۆوە گرتبوو. ئەم ئەنجومەنانە، کە لە شارەکانی کوردستان پێکهاتبوون رۆڵێکی گرنگیان لە هۆشیارکردنەوەی خەڵكو داکۆکیکردن لە وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ئێراندا دەبینی.[٤٥] ئەنجومەنی شاری سەقز کە لەژێر سەرپەرشتی شاعیرو دادوەری ناسراو مەلا محەمەدی کەریم بوو، رۆڵێکی گرنگی بینی لە هاندانی خەڵکی سەقز بۆئەوەی پێوەندی بکەن بە ئەنجومەنو هاریکاری دەستوورخوازان بکەن، هەروەها لە شاری سابلاغ قازی فەتاحی مامی باوکی قازی محەمەد، ئەنجومەنی دەستوورخوازانی بۆ ئەو شارە دامەزراندبوو.[٤٦] یەکێك لەرووە هەرە دیارەکانی خەباتی رووناکبیری کۆمەڵەو رێکخراوو پیاوانی ناوداری کوردستان لەو سەردەمەدا، بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی خوێندنو خوێندەواری بووە لەناو گەنجانو لاوانی کورد لەپاڵ خزمەتکردنی زمانو ئەدەبی کوردی. لەو مەیدانەدا خەباتی عەبدولرەزاق بەدرخان لەبەرچاوە کە لە ساڵانی بەر لەجەنگو لە (١٩١٣)دا یەکەمین قوتابخانەی لە شاری (خۆی) بۆ منداڵانی کورد کردۆتەوەو کۆمەڵەیەکی رۆشنبیری دامەزراندووەو نیازیشی وابووە کە چاپخانەیەکیش بۆ کۆمەڵەکە دابنێو رۆژنامەیەکیش بەو ناوەوە دەربکات.[٤٧] لە دەستپێکی جەنگی جیهانیو تەنینەوەی یەکەمین بڵێسەی شەڕ لە ناوچەکانی موکریان، هەمدیسان پیاوانی زاناو رووناکبیری کورد بەئاشکراکردنی بوختانو فەندوفێڵی دەوڵەتی عوسمانی، کە پروپاگەندەی (جیهاد)یان لەناو خەڵکدا بڵاودەکردەوە، بەگژ دەستدرێژیو زۆرداری دەسەڵاتی عوسمانیو رووسەکاندا چوونەتەوە لەو ناوەدا شێخ بابا سەعیدی غەوسابادی ناسراو بە (شێخی شەهید/١٢٧٥ - ١٣٣٣ کۆچی) عارفو شاعیرو نیشتمانپەروەری کورد ئەو راستیەی ئاشکراکرد کە

---

(٤٥) دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر: ٢٤١.

(٤٦) بارودۆخی سیاسی کوردستان: ١٤٣.

(٤٧) کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا: ٣٧ – ٣٨.

(ئـاینی پـیرۆزی ئیـسلام تــەنها بیانوویەکــە بەدەســتی ئیمپراتــۆری نەخۆشــی عوسمانییەوەو تەنیا بۆ ماونەوەی خۆیو رزگاری بوونی کردوویەتی بە ئـالا).[48] شێخ بابا کۆمەڵەیەکیشی لە زاناو رووناکبیرو نیشتمانپەروەرانی ناوچەکەی لە دەوری خۆی کۆ کردبـۆوە بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامانجەکانیان لـە هـەوڵی بەدەسـتهێنانی پـشتیوانی رووسـەکانیش دابـووە.[49] ئینجا هـەر لەسـەر ئـەوەی کـە شـێخ بابـا فـەتوای جیهـادی عوسمانییـەکانی بـە فەنـدوفیڵو مـانۆڕێکی سیاسـی دەدایـە قەڵـەم، بـە پێـچەوانەی خواسـتی ئـەوان نێـوانو پەیوەنـدی باشیـشی لەگـەڵ مەسـیحییەکاندا هـەبوو، عوسمانییەکان گرتیانو لە زستانی (١٩١٦)دا لە داریان دا.[50]

لـەو رۆژگـاردا یـەکێك لـە نـاودارترین بنەماڵـە ناسـراوەکانی ناوچـەی موکریـان کـە بنەماڵەی(قازی)یە، لەسەر شانۆی رێبەرایەتیی نیشتمانیو ئاینیو کولتـووری خـەڵکی ئەو ناوچەیە بـەدیار دەکـەوێتو کەسایەتی ناسراوی ئـەو بنەماڵەیـە لـەو رۆژگـارەدا (میرزا فەتاحی قازی) (١٨٣٢ - ١٩١٦) هەڵدەکـەوێت. ئـەم کەڵـە مێـردە بـەو هۆیـەی کـە هیچ کات لەگەڵ بەدرەفتاریو کـرداری شـاهانی قاجـار دەرهـەق بـە خـەڵکی ناوچـەکە سازشی نەکردووەو نەگونجاوە، بۆیە بۆ مـاوەی دوازدە سـاڵان لـە رۆژگـاری حـوکمڕانی ناسرەدین شـاو موزەفـەر شـای قاجـاردا بـۆ تـاران دوور دەخرێتـەوەو لـەوی زینـدانیو دەست بەسەر دەکرێت. دوای گەڕانەوەشی لـە رۆژانـی گـەرمبوونی بلێسەی شـەڕو لـە ئـەنجامی داکـۆکیو بـەرگریکردنی لـە خـەڵکی شـاری مهابـاد لەبەرامبـەر هێـرشو دەسـتدرێژی لەشـکریانی رووس بـۆ سـەر شـارەکە لـە مەیـدانی نەبـەردو پێکدادانـدا شەهید دەبێت.[51]

لە ساڵانی یەکـەمین جـەنگی جیهانیـدا (١٩١٤-١٩١٨) شـۆڕشو راپـەڕینی سمکـۆی شـکاك (١٩١٨ – ١٩٣٠) ناوچـەکانی موکریـانیش دەخاتـە ژێـر رکێفـی دەسـەڵاتو کاریگـەریی خـۆیو لـەدوای برانـەوەی شـەڕو لـە سـاڵی ١٩٢١دا یەکـەمین رۆژنامـەی کـوردی لـە کوردستانی ئێران بەناوی (رۆژی کورد) لەشاری ورمێ چاپو بڵاو دەبێتەوە.[52]

---

(٤٨) شێخ بابا –شێخی شەهید، گ/ مهاباد، ژ/ ٩: ١٢.

(٤٩) صفحات من تاریخ ایران الحدیث والمعاصر: ٢٤٦.

(٥٠) ایرانی کە من شناختەام: ٢٣٣.

(٥١) تاریخچە خانوادە قاضی در ولایت موکری: ٦٢-٦٦.

(٥٢) پاشەرۆك: ٤٠.

باسی باری خوێندەواریو زانستیو ڕووناکبیری لە ناوچەی موکریان بەبێ ئاماژەکردن بە ڕۆڵی ڕێبەرایەتیو پەروەردەیی هەردوو ڕێبازو هەردوو خانەقای (شێخی بورهان لە دێی شەرەفکەندو شێخانی زەنبیل لەئاوایی زەنبیل) کارێکی ناتەواوە. ئەم دوو شوێنە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەناوچەی موکریاندا ڕۆڵێکی مەزنو کاریگەریان گێڕاوە لە بواری زانستیو ئاینیو کۆمەڵایەتیدا. پێگەی ڕێبازی نەقشبەندی لەسەر دەستی مەلا یوسفی شێخ شەمسەدینی بورهانی لە ناوچەکەدا دامەزراوەو پەرەی سەندووە، ناوبراو یەکێکە لە شێخانی ناوداری کوردستانو خەلیفەی شێخ سیراجەدینی نەقشبەندی بووە، بەشێکی زۆری خەڵکانی ناوچەکانی کوردستانی موکریان تا دەگاتە سنوورەکانی ئاراراتو خۆیو تاڵشو سەلماس پەیڕەویان لەو زاتە کردووە. خانەقای شێخی بورهان لە دێی شەرەفکەندی نێوان مهابادو بۆکان، بەدرێژایی ئەو ڕۆژگارە خزمەتێکی شایستەی لە پێناوی پەروەردەو ڕێبەریکردن بۆ کاری چاکەو ڕێگای ڕاست پێشکەش بە خەڵکی ناوچەکە کردووە.[٥٣] بەشی زۆری پیاوانی زاناو داناو ڕووناکبیرانی ئەو ناوچەیە یا لە ریزی هۆگرو هەوادارانی خانەقاو ڕێبازی شێخی بورهان بوون یا لە خانەقادا شاگردو فەقێ بوونو لەرێگای فێربوونو پێگەیشتندا لەوێ بەهرەیان وەرگرتووەو سوودمەندبوون. لەوانە بەشێك لە ئەدیبو شاعیرانی ناوداری ناوچەی موکریان لە ریزی موریدو مەنسوبانی ئەو زاتەبوون لەوێنەی: سەید محمد سعیدی نورانی، حەریق، میسباحودیوانی (ئەدەب)، عەلی بەگ سالار سەعیدی حەیدەری، میرزا سەلیمی موکری، سەیفولقوزاتو...هی دیکەش.[٥٤]

ئەوەی دووەم خانەقاو مەدرەسەی شێخانی زەنبیلە، کە لەسەر دەستی سەید عەبدولکەریمی زەنبیلی بنیاتنەرو سەرداری سەرجەلەی شێخانی زەنبیل دامەزرێندراوە. ئەم بنەماڵەیە لە پەروەردەکردنو پێگەیاندنی خەڵکی ناوچەکە لەسەر ڕێگای هەقو ڕاستیو چاکە هەموو هەوڵو کۆششێکیان بەخشیوە، شاعیرانی دیارو ناوداری ناوچەکە سەید محەمەد زەنبیلیو سەید کاملی ئیمامیو سەید عەبدولقادری سیادەت لە ریزی کوڕو کوڕەزاکانی ئەو زاتەبوون.[٥٥]

---

(٥٣) تاریخچه خانواده قاضی: ٣١.

(٥٤) زندگینامەی عارف ربانی: ٣٧٠-٤٠٠.

(٥٥) تاریخ ادب فرهنگ مکریان، جلد اول: ٣٢١.

باســـی دووەم

(١) بڵاوبوونەوەی شیعری کلاسیکی کوردی (قوتابخانەی کرمانجی خواروو) لە ناوچەی موکریان:

ئەدەبی کلاسیکی بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمی شارو شارستانیەتو دروستبوونی قەوارەی سیاسیو پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتییە، زۆرجاریش لەپشت سەرهەڵدانو بووژانەوەو پەرەسەندنی جۆرەکانی ئەدەبی نەتەوەیەك، هۆکارێکی ئاینی یا مێژوویی یا سیاسی بەدی دەکرێت. بووژانەوەو پەرەسەندنی قوتابخانەی شیعری کرمانجی خواروو لە (سلێمانی) مەڵبەندی بابانەکان هەمان یاساو دەستوور دەیگرێتەوە بەرەچاوکردنی جیاوازیی رووداوەکانو هەلومەرجی مێژوویی تایبەت بە نەتەوەی کورد. لە سەدەی نۆزدەیەمدا ناوچە کوردنشینەکانی ژێر قەڵەمڕەوی بابان جۆرێك لە یەکێتیو سەربەخۆیی بەخۆیەوە بینیوە. قەرەداغو شارەزوورو شارباژێڕ بەرەو گەشانەوەو پێشکەوتنو، ناوچەکانی کۆیەو سلێمانی وەکو پێگەو پایتەختی میرنشین روو لە ئاوابوونو پەرەسەندن بوون. گەلێك مزگەوتو تەکیەو خانەقاو مەدرەسەو دیوەخان ئاوابوونو مەلاو زاناو دانای زۆرو زەبەند لەو هەرێمەدا کۆدەبوونەوە، زانستو زانیاریو شیعرو ئەدەبو رووناکبیری پەرەی سەندو پلەو پایەی بەرزی بەدەستهێنا. چەکەرەکردنی بیری نیشتیمان پەروەریو نەتەوەخوازی لەدەرباری ئاوەدانی هەندێ لە میرەکانی بابانو[٥٦] شانازی کردن بەزمانو دابو دەستوورو کەلتووری نەتەوەیی، بوونەتە هۆکارو بنەمای خوڵقانو سەرهەڵدانو

---

(٥٦) عەبدولڕەحمانی پاشای بابان کتێبێکی دەستنووسی ناوداری (صحيح البخاري) لە ساڵی (١٢١١ك-١٧٩٧ز) وەکو وەقفنامە لەدوای خۆی بۆ مەلاو زانایانی (کوردستان) بەجێهێشتووە، کەتیادا بە ئاشکرا سنووری قەڵەمڕەوی میرنشینی بابانی لە کوردستان دەستنیشان کردووە. بڕوانە:

– حاجی قادری کۆیی، ب١: ٢٠٧.

– هەروەها شاعیری میللی عەلی بەردەشانی بە شیعری رەوانو بەندو بەیتێکی نایاب باسی گیانی کوردایەتیو مێرخاسیی عەبدولڕحمانی پاشای بابانی کردووە.

بڕوانە:

- تحفه مظفرية ، ب٢: ٣٤٢.

رسکانی رێبازێکی ئەدەبی تازەو پێشکەوتوو، شان بەشانی فیکرو فەلسەفەو هونەرو ئەدەبیاتی گەلانی رۆژهەڵاتی دەورو دراوسێی کورد لە عەرەبو رۆمو عەجەم. کەڵە شاعیرانی بابان (نالی، سالم، کوردی) بەزمانی کوردی ئەو هونەرو ئەدەبەیان خستەڕوو، ئەمە لە رووی وریایی‌و هۆشیارییەوە بووە وەنەبێ هەر رووداوێکی رەمەکی بێ،[57] لە پێش ئەمانیشدا مەلای جزیری (١٥٦٧ – ١٦٤٠) لەژێر سێبەرو سایەی درەوشاوەی میرنشینی بۆتاندا هونەری غەزەل‌و قەسیدەی لەزمانی کوردیدا بە پۆپە گەیاندبوو. ئەم نەریت‌و میراتە ئەدەبییەی شاعیرانی بابان دایانهێنا لەباری مێژوویی‌و فەرهەنگییەوە بۆتە گەنجینەیەکی نەتەوەیی نەمرو لەبڕان نەهاتوو بۆ وەچەو نەوەکانی دوای خۆشیان. (ئەم رێنیسانسە مەزن‌و گرنگە لەدواییدا بووە سەرچاوەیەك بۆ گۆڕان‌و پێشکەوتنی ئەدەبی کوردی لە هەموو کوردستانی باشووردا).[58]

---

(٥٧) لەلای نالی و سالم‌و کوردی کۆمەڵێ بەیت‌و بابەتی شیعری هەن کە بە ئەنقەست پێ لەسەر ئەو مەسەلەی بە کوردی گوتنەی شیعرو هۆنراوەکانیان دادەگرن بۆ نموونە:

لای نالی:

- تەبعی شەکەرباری من کوردی ئەگەر ئینشادەکا

ئیمتحانی خۆیە مەقصودی، لەعەمدا وادەکا

- کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە، خۆکردییە

هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنادەکا

- ئیستیتاعەو قوومتی تەبعم بە کوردی‌و فارسی‌و

عارەبی، ئیزهاری چالاکی و چەسپانی دەکا

لای سالم:

- زێڕە، سەرمایەیە بۆ (سالم)و کرمانی دەبا

شیعری کوردی کەبدا جیلوە لەلای شێخی کەبیر

- مەھی فارس زبانەم گوفت (سالم) شەرحی حالت گۆ

گوتم جانا، بەلەد نیم ئیستیلاحی ئێوە، من کوردم

لای کوردی/

- دوڕو یاقوت دەبارێ لەم کەلامە شیرینەی کوردی

خوا ساکوا لە دنیادا قەدرزان‌و خەریدارێ

(٥٨) مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدار، ب٢: ٣٦.

لەدوای یەکەمین شەڕی گەورەی نێوان عوسمانیو سەفەوی لە چالدێران (١٥١٤)، کوردستان بە گوێرەی سەنگو تەرازووی هێزەکانی ئەم دوو دەوڵەتە زلهێزە بۆ یەکەمین جار دابەش کراوە، میرنشینەکانی لای ڕۆژئاواو سەروو خوارووی کوردستان کەوتونەتە ژێر دەسەلاتی رووکەشی دەولەتی عوسمانیو میرنشینەکانی رۆژهەلاتی وەکو، ئەردەلان، لورستان، موکریان کەوتونەتە ژێر دەسەلاتی راستەوخۆی عەجەم[١٦].

لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی کتێبی (فەرمانڕەوایی موکریان) ناوی یازدە پشت لە کوڕو نەوەو نەوەزاکانی میر سەیفەدین دەبات کە لەو ناوچەیەدا لەناو عێلو عەشیرەتەکانی موکریاندا دەسەلاتدار بوونو میرو مەزنایەتیان کردووە[١٧]. بە کورتی مێژووی سەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەوی دەرحەق بە کورد، هەموو لاپەڕەکانی خوێنی لێدەتەکێ، محەمەد ئەمین زەکی لەو بارەوە دەڵێ: هەڵسوکەوتی شا ئیسماعیل دەرحەق بە کورد...هەڵسوکەوتێکی پڕ لە زوڵمو زۆرداری بوو، چونکە کوردەکان سونی مەزهەب بوون هەرگیز باوەڕو متمانەی پێنەدەکردن، لەهەر دەرفەتێکدا لە هەوڵی ئازاردانو فەوتاندنی کوردەکان دابووە.(١٨)

کردارو رەفتاری شا عەباسی یەکەم (١٥٨٧ – ١٦٢٩) لە ئاست کوردا لە هی ئەوانی پێشە خۆی باشتر نەبووە، هەر لە سەردەمانی ئەودابوو کە هێرشێکی بەربلاو کرایە سەر ناوچەکانی کوردستانی موکریان کە خۆی سەرکردایەتی دەکردو بۆ ماوەی چەند مانگان قەلای دمدمیان گەمارۆدا، خەڵکی ناوچەکە زۆر بە سەختی داکۆکیان لە خاکو ماڵو سامانو ئابرووی خۆیان کردو لاپەڕەیەکی زێرینیان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا تۆمارکردووە کە نموونەی خۆبەخت کردنو مەردایەتی بووە، رووداوەکانی قەلای دمدم لەو رۆژەوە بۆتە وێردی سەر زمانی خەڵکی کوردو داستانێکی قارەمانانەی لێکەوتۆتەوە کە پشتاوپشت گوێزراوەتەوەو تا ئێستاش حیکایەت خوانو بەیت بێژەکان، بەتایبەتی لە ناوچەی موکریان بە زیندوویی پاراستوویانە، لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا (ئۆسکارمان) لە زمانی بەیت بێژێکی

---

(١٦) کوردو عەجەم: ١٥١.

(١٧) فەرمانڕەوایی موکریان: ٢٣-٥٧

(١٨) کوردو کوردستان ، محمدامین زەکی: ٦٠.

موکریان (ڕەحمان بەکری سابلاغی) تۆماری کردووە[19].

هێشتا دمدم خوێنی قوربانییەکانی لێ دەچۆڕا کە شا عەباس هەڵیکوتایە سەر خێڵی موکری‌و کەوتە کوشتاریان و بە هەزاران ژن‌و منداڵیشی لێ یەخسیرکردن‌و (١٥ هەزار) خێزانی کوردی لە دانیشتوانی ناوچەکانی باکوری موکریانیش بەرەو خۆراسان گواستەوە[20]. کەواتە لە سەردەمی سەفەوییەکاندا سەرباری کوشت‌و بڕی چەند بارەی خێڵ‌و هۆزەکانی موکریان کە لە کتێبە مێژووییەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە[21]. سیاسەتێکی تازە سەبارەت بە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژئاوای ئێران پەیڕەو کراوە کە ئەمیش بریتی بووە لە ڕاگواستن‌و پەرت‌و دوورخستنەوەی خێڵە کوردەکان‌و، نیشتەجێکردنی عێڵ‌و هۆزەکانی تورک‌و تورکمان‌و مەغۆل‌و ئازەری لە ناوچەکەدا. بە واتەیەکی تر یەکەمین هەوڵەکانی گۆڕینی هەلومەرجی دیمۆگرافی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە سەردەمی سەفەویدا دەستی پێکردووە.[22] سیاسەتێك کە لە سەردەمی پاشایەتی قاجارو بنەماڵەی پەهلەویش لە ئێران هەر درێژەی پێدراوەو تا

---

(١٩) بڕوانە:

تحفة مظفرية، گردارى ئوسكارمان، پێشەکی‌و ساغکردنەوەی هێمن موکریانی، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

- بەو هۆیەی کە کارەساتی دمدم ڕووداوێکی گەورە بووە لە مێژووی نەتەوەی کوردا، بۆیە مامۆستا هێمن لە پێشەکی کتێبەکەدا گەڕانەوەی سەروو بەری گەماڕۆدان‌و هەموو ڕووداوەکانی پاش گیرانی قەڵاکەی لە کتێبەکەی (ئەسکەندەر بەگی تورکمانی)، (عالم آرای عباسي)دا وەرگێڕاوەتە سەر کوردی‌و تۆماری کردووە، چونکە باشترین شایەدییە لەسەر ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە، لەکاتێکدا (ئەسکەندەر بەگ) خۆی کاتب‌و مێژوونوسی شا عەباس بووە لەو هێرشەشدا بۆ سەر دمدم خۆی هاوڕێیەتی شا عەباسی کردووە. نووسەرانی کورد بایەخی زۆریان بەم ڕووداوە مێژوویە داوەو چەند شاکارێکی ئەدەبییان لێداهێناوە، وەکو ڕۆمانی (قەڵای دمدم)ی عەرەب شامیلۆفو چیرۆکی (قەڵای دمدم)ی مصطفى صالح كريم‌و(قارەمانێتی کورد لە داستانی قەڵای دمدم)...ئامادەکردنی ئۆردوخانی جەلیل...تاد.

(٢٠) دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر: ٢٣١.

(٢١) بڕوانە:

- مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ: ٣٥٦.

- کوردو عەجەم: ٦٠ - ٩٢.

- کوردو کوردستان، نیکیتین: ٤٨٣.

(٢٢) کورد و عەجەم: ٢٤.

ئێستاش. هەر ئەم ناوچەیە بە هۆی هەڵکەوتی جیۆگرافییەوە کە دەکەوێتە سەر تخووبەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران‌و عوسمانی، ببوو بە یەکێك لە مەیدانەکانی جەنگی نێوان ئەو دوو هێزەو شارێگەی لەشکر کێشییەکانی رۆم‌و عەجەم بۆ سەریەکتری لە سەدەکانی ١٧ و١٨ کە بوو بە مایەی گەورەترین نەهامەتی‌و کاولکاری‌و ماڵوێرانی بۆ سەر ئەم مەڵبەندە لەمێژووی نوێدا، دوای ئەوەی رووسەکانیش هاتنە مەیدان‌و تێکەڵاوی ئەو شەڕو ململانەیە بوون کە لە نێوان هێزەکانی رۆم‌و عەجەمدا لەسەر دەسەڵات گرتنە دەستی ئەو ناوچانەدا لە ئارادابوو.

لە چارەگی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا دەرباری قاجاری میرنشینە ئۆتۆنۆمییەکانی کوردستانی ئێرانی لە بەینبرد، لەوانە میرنشینی موکریان‌و دەسەڵاتی ناوەندی عەجەمیان تێدا دامەزراند. دەسەڵاتی راستەوخۆی دەوڵەتی داگیرکەری بێگانە بەسەر کوردستانەوە کە بە زۆرو هێزی چەکداری سەرکوتکەریش پارێزگاری لێدەکرا، هیچ پێشوەچوونێکی لەباری ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و فەرهەنگییەوە بۆ کوردستان پێنەبوو، بەڵکو باری زوڵم‌و چەوسانەوەی خەڵکەکەی قورستر کردو چەوسانەوەی نەتەوەیی‌و مەزهەبیش بە تایبەت لە سەردەمی قاجارەکاندا بوو بە سەرباری ئەو نەهامەتیانە.

لە سەدەی نۆزدەمین هەست‌و بیری نەتەوەیی لەلای کوردان روو لە بوژانەوەو پێگەیشتن بوو، لە کاتێکدا میرانی ئەردەلان چ لە رێگەی خزمایەتی‌و زەماوەندی سیاسییەوە بێت چ لە رێگەی خۆنزیك کردنەوەیان بێت لە ئاینزای شیعە کە ئاینزای دەرباری ئێران بوو، توانیان پێگەو هەڵکەوتی سیاسی خۆیان لە ئێراندا پتەوتر بکەن. گەورەو میرو مەزنەکانی موکریان بەهۆی لاوازی پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتی مەرکەزی‌و پەیرەوکردنیان لە ئاینزای سونە هەمیشە لە سیاسەتەکانی عوسمانی نزیکتربوون‌و تێکەڵاویان لەگەڵ ناوەندەکانی دەسەڵات لە کوردستانی عوسمانییدا لە برەوتر بوو. کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمیش بە چەرخی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی دەژمێردرێت بەتایبەتی لە ناوەندو ناوچەکانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا، هەر بۆیە یەکێك لە مەزنترین راپەڕینەکانی کورد لە چارەگی دوایی سەدەی نۆزدەیەمدا کە کاریگەری زۆری بەسەر هەرێمەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان‌و بەتایبەتی ناوچەی موکریانیش داهەبوو، شۆڕش‌و راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بوو لە ساڵانی (١٨٨٠ – ١٨٨٣) لە پێناوی ئازادی‌و سەربەخۆیی

کوردستان[٢٣]. بەو هۆیەوەش کە نەهری یەکێك لە گەورەترین مەڵبەندەکانی رابەرایەتیی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان پێکدەهێناو ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی موکریان لە ریزی خەلیفەو موریدو مەحسوبەکانی شێخی نەهری دابوون، هەمیشەش خەلیفەو نێردراوەکانی لەو ناوچەیەدا دەسوڕانەوەو شێخ لە هەوڵی ئەوەدابوو کە هەموو هۆزە کوردەکان یەکبخاتو ناوچەیەکی فراوان لەسەر سنووری تورکیاو ئێرانو روسیا بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە[٢٤]. هۆزە کوردەکانی ناوچەی موکری رۆڵێکی مەزنیان پێ سپێردرابوو لە جێبەجێکردنی نەخشەو پلانی شێخ بۆ شۆڕشو راپەڕین لە دژی دەسەڵاتی ئێران. دوابەدوای کورت هێنانی راپەڕینەکەش هێزەکانی سوپای ئێران بە دەستێکی رەشو دەروونێکی رقاوی کەوتنە گیانی کوردەکانو بێ بەزەییانە تۆڵەیان لێ سەندنەوە. بە درێژایی ئەو رێگاوبانانەی پیادا دەرۆیشتن گوندەکانی کوردیان تالان دەکردو دەسووتاند، هەر کوردێکیان بەدەست بکەوتایە دەیانکوشتو بەزەییان بە منداڵو ژنو پیرەکاندا نەدەهاتەوە[٢٥].

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا کورد لە ناوچەکانی رۆژئاوای ئێران لە دژی زوڵمو زۆری کاربەدەستانی عەجەم هەمیشە لە بەرگریو بەرهەڵستی دابوون. هەستی رزگاریو بزووتنەوەی نیشتمانی هەموو کوردستانی داگرتبوو، فەرمانڕەوایانی حکومەتی شا لە ناوچەکانی موکریان ناچاربوون داخوازییەکانی گەلی کورد لەبەرچاوبگرن. هەروەها وڵاتانی ئەورووپاش لە وێنەی روسیاو بەریتانیاو ئەڵمانیاو ئەمریکا ناچاربوون بایەخێکی زیاتر بەم ناوچانەو بە کورد بدەن، بۆیە نێردراوو رابەرو مسیونێرەکانیان بەوناوەدا بڵاوکردەوە[٣٦] بەو مەبەستەی نفوزی خۆیان لە کوردستان بەهێزتر بکەن.

لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا جوڵانەوەیەکی بەهێزی ریفۆرم خوازی، کە لە مێژووی نوێی ئێراندا بە (شۆرشی مەشروتە ١٩٠٥- ١٩١١) ناسراوە هەموو وڵاتی تەنیەوە، ئەم جوڵانەوەیە لە ناوچەکانی ئازەربایجاندا مەشخەڵو بڵێسەکەی بەهێزبوو بەجۆرێك کە دەسەڵاتو حوکمڕانی خەڵك بەرپابوو شوێنی دەسەڵاتی

---

(٢٣) الاكراد ، ملاحظات وانطباعات: ٢٧.

(٢٤) خەبات لە رێی کوردستان: ١٧٥.

(٢٥) راپەرینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠ : ١٣٨.

(٢٦) خەبات لە رێی کوردستان: ٢١٢

ناوەندی گرتەوە. لەو سەردەمەدا خەباتی خەڵکی کوردستان پێی نایە قۆناغێکی تازە، ئەویش بریتی بوو لە پێکهێنانی کۆمەڵەو کۆڕو کۆمەڵی سیاسیو ڕووناکبیریو کۆمەڵایەتی.

هەر لەو سەردەمەشدا بوو کە دەوڵەتانی بیانی وەکو روسیاو بەریتانیا هەریەك نفوزو دەسەڵاتی بەسەر بەشێکی وڵاتەکەدا گرتبوو، لەکاتی هەڵایسانی یەکەمین بڵێسەی جەنگی جیهانیشدا ناوچەکانی خۆرئاوای ئێران بوو بە مەیدانی شەڕو پێکدادانو کێشمەکێشی نێوان روسیاو دەوڵەتی عوسمانی. دەسەڵاتی ناوەندی وڵاتیش بە بیانووی بێ لایەنی لە شەڕدا هیچ تواناو دەسەڵاتێکی بەسەر هیچ لایەنێکی وڵاتەکەدا نەمابوو[٢٧].

٤. ژیانی خوێندەواریو ڕووناکبیری (کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم):

بارودۆخی سروشتی و جیۆگرافی، هەلومەرجی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی، لە ریزی ئەو هۆکارانە بوون کە ناوچەکانی موکریانیان وەکو ناوچەیەکی خێڵەکیو عەشایەری هێشتۆتەوە، هۆزەکان زیاتر بە ژیانی ئاژەڵداریو نیوە کۆچەریەوە خەریکبوون، بۆیە هەڵکەوتنی شارو بازێڕی ئاوەدانو دروستبوونی توێژی خەڵکی شارنشینو شارستانی لەم ناوچانە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی میرنشینی ئەردەلان بە نموونە، تاڕادەیەك دواکەوتووە. شارو شارۆچکەکانی مەهاباد، شنۆ، سەردەشت، بۆکان، نەغەدە لە سەرەتادا وەکو بازاڕێك بۆ ئاڵوگۆڕو ساغکردنەوەی بەروبوومی ئاژەڵیو کشتوکاڵییەوە هاتنەکایەوە[٢٨].

گەورەترین کەسایەتی موکریان لە مێژووی نوێدا بوداغ سوڵتانی نەوەی میر سەیفەدین بەگی موکریانە، بوداغ سوڵتانی کوڕی شێرە بەگ (١٦٠٨ – ١٦٨٩) کە بە سەردارو بابە گەورەی زنجیرەی دووەمی میرانی موکری دادەنرێت، یەکەمین کەسێك بووە کە شاری (سابلاغ)ی کردۆتە پایتەختو بنکەی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی میرایەتیەکەیو بۆ ماوەی ٦٠ ساڵ حوکمڕانی کردووە، هەر لەسەر دەستی ئەویش شارەکە ئاوەدان کراوەتەوەو چەند شوێنەوارێکی ناوداری ئەو سەردەمە تاوەکو ئەمڕۆ

---

(٢٧) کورد و عەجەم : ١٩٩.

(٢٨) بارودۆخی سیاسی کوردستان: ٤٥.

له شارەکەدا ماون، لەوانە (مەسجدی جامع – یا مزگەوتی سوور)ی مهاباد کە بە یەکێك لە مەزنترین شوێنەواری ئاینیو رووناکبیری شارەکە دەژمێردریو رۆڵێکی مەزنی لەو بوارانەشدا گێڕاوە[٢٩]. هەر لەو رۆژگارەدا (مەلاجامی) دەبێتە پێش نوێژو وتارخوێنو وانەبێژی زانستو زانیاریەکانی ئاینیو لە مهاباد جێگیردەبێت[٣٠]. لەپاڵ کردنەوەی چەند مەدرەسەو خوێندنگاو کتێبخانەو مەنزلگای حەوانەوەی خەڵکی هەژارو بێ دەرامەت، لەپاڵ ئەوەشدا پردی سوورو پردی لوجو پردی دارەلك لە رۆژگاری ئەودا دروست کراون. هەروەها ئەندازەیەکی زۆری موڵكو زەوی وەکو وەقف بۆ خەرجیو ئاوەدانی ئەو شوێنانە تەرخانکردبوو[٣١].

مهاباد کە هەر لەسەرەتاوە بنکەو پێگەی والی نشینی ناوچەی موکریان بووە لە رۆژگاری هێرشی مەغۆل بۆ ناوچەکەو بەخاتری هەبوونی سەرچاوەو کانیو ئاوێکی سازگار لە کەناری ئەو ئاواییەدا ناوەکەی لە نێو خەڵکدا بە (سوغ بلاغ – سابلاغ) رۆیشتووەو، لە نووسراوو موکاتەباتی میریدا بە (ساوجبۆلاغی موکری) ناوبراوە تا لەگەڵ ساوجبۆلاغی ناوچەی قەزوین تێکەڵ نەبێت. تا لە سەرەتای دەورەی پەهلەویو لەسەر پێشنیاری دکتۆر رەشید یاسمی (ئەندامی کۆڕی زانیاریو مامۆستای دانیشگای تاران) لە ساڵی (١٣١٥/١٩٣٦) ناوی (مهاباد)ی بۆ گێڕدراوەتەوە[٣٢].

سەرانی هۆزو تایفەکانی دەوروبەری مهاباد روویان کردۆتە شارەکەو بۆ بنیاتنانو ئاوەدانی شارەکەدا تێکۆشاونو چەندین کۆشكو سەراو مزگەوتو حەمامو باغاتو دوکانو قەیسەرییان تیادا دروست کردووە[٣٣] لە سەرەتای سەدەی بیستدا شاری

---

(٢٩) مهابادو کورتە مێژوویەك: ٢١ ، ٢٢.

(٣٠) ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی: ٨.

(٣١) خاطرات دکتر هاشم شیرازی: ٢٧.

(٣٢) گۆیا ئەم نازناوەش لە (مەئاباد، مادئاباد، مهاباد)ەوە هاتووە کەلە سەردەمی مادەکان باوبووە.

بڕوانە:

- تاریخ مهاباد: ١٢.

– مهاباد و کورتە مێژوویەك: ٧٤.

– خاطرات دکتر هاشم شیرازی: ٤

(٣٣) ئاغاو خانو سەرۆك هۆزەکانی دەوروبەری مهاباد هەر یەکێکیان لەپاڵ ئەوەدا کە خانووبەرەو کۆشكو سەرایەکی لە شارەکەدا بۆ خۆی دروست دەکرد، مزگەوتو مەدرەسەیەکی◄◄

سابلاغ (١٣) مزگەوتو (١٦) مەدرەسەو (٢) تەكیەو خانەقایەكو (٤) حەمامو كەنیشتەیەكو كلێسایەكی لێبووە، لەپاڵ (٦) كاروانسەراو (١٠) باغی گەورە.[٣٤] مهاباد ناوەندی تیجارەتو بازرگانی بووە لەگەڵ ناوەندە بازرگانییەكانی ئێرانو روسیاو عیراقو توركیا پەیوەست بووە. لە دوای جەنگی یەكەم كونسولخانەی ئینگلیزو روسو ئەمریكا لە شارەكەدا هەبوون.[٣٥] كە ئەمەش بایەخی ئەو شارە لەرووی ئابووریو سیاسییەوە نیشاندەدات. لە هەموو دێهاتو شارۆچكەكانی لەلایەن خاوەن موڵكو دەستڕۆیشتووەكانەوە، مەدرەسەی ئاینیو قوتابخانە بۆ خوێندنو بەدەستهێنانی زانیاری دامەزرێندراوە، ناوچەكانی موكریان بەتایبەت شاری سابلاغ سەبارەت بە خوێندنو زانستەكانی ئیسلامەتی لە سەردەمی پێشوودا بە یەكێك لە مەڵبەندە ناودارەكانی عیلمو زانست لە كوردستاندا ناسراوە.[٣٦] كوردی موكریان لەباری خوێندنو زانستو شیعرو ئەدەبو هونەرو خەتخۆشیدا ئاشناو پسپۆڕن.

میرزا عبدالرحیمی وەفایی (١٨٤٤ – ١٩٠٢) كە یەكێك لە ناودارترین شاعیرانی كوردی ناوچەی موكریانە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، موریدو مەنسوبێكی هەرە لەپێشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بووەو بۆ ماوەی چواردە ساڵان میرزاو كاتبو رازگری شێخو مامۆستای منداڵەكانی بووە، شیعرو غەزەلە ناسكو پاراوەكانی ئاوێنەیەكی ئەو عەشقو ئەوینە بەسۆزمیە كە لە نێوان ئەوو شێخی نەهریدا هەبووە.

وەفایی لەپاڵ دەسەڵاتی هونەرو شیعرو ئەدەبدا مرۆڤێكی پایەبەرزو روناكبیرێكی گەورە بووە، بیرەوەرییەكانی خۆیشی سەبارەت بە ژیانو رووداوەكانی ئەو سەردەمە تۆماركردووە كە ئەمەیان رەنگە كارێكی بێ پێشینە بێت لە مێژووی ئەدەبی

◄◄ ئاینیشی بەناوی خۆیەوە دەكردەوەو كۆمەڵێك موڵكو ماڵو زەویشی دەكردە وەقف بۆ دابینكردنی خەرجیو مەسروفاتی مزگەوتو مەدرەسەكەی، لە نموونەی مزگەوتەكانی: هەباس ئاغا، رۆستەم بەگ، سەید بایەزید، قازی، سەید نیزامی...تاد.

ـ بڕوانە: تاریخ مهاباد: ١٣٧.

(٣٤) كوردستانی موكریان: ٣٤، ٣٥.

(٣٥) تاریخ مهاباد: ١٣٦.

(٣٦) كوردستانی موكریان: ٢٩.

کوردیدا.[٣٧] ئەوکاتەی کە لە مهاباد ژیاوە مەدرەسەیەکی هەبووەو شاگردەکانی تیادا فێری زمانو ئەدەبو ئاوازو خەتخۆشی کردووە.

لەسەرو بەندی سەدەی بیستەمدا مهاباد (٧٠٠) فەقێ یا خوێندکاری زانستی ئاینی هەبووە کە بەشی زۆریان هی ناوچەکانی موکریانو شوێنەکانی دیکەی کوردستان بوون، جگە لەوەی لەهەر گەڕەکێکی شارەکەدا قوتابخانەیەك هەبووە کە میرزایەك بەڕێوەی بردووەو دەرسی زمانو ئەدەبو خەتو خۆشنووسی تیادا گوتراوەتەوە.[٣٨]

موکریان زێدگاو مەڵبەندی پێگەیشتنی سەدان مەلاو زاناو شاعیرو عاریفی نێودارە، هەر تەنیا لە مهاباد بە دەیان پیاوی ناوداری لێ هەڵکەوتووە لە وێنەی، مەلا جامی چۆڕی مەریوانی، مەلا عەلی پیرەبابی، مەلا حوسێنی مەجدی، سەیف ئەلقوزات، میرزا فەتاحی قازی، پێشەوا قازی محەمەد، مستەفا شەوقی، مەلا عەبدولقادری مەولەوی، داماو سەید حوسێنی حوزنی موکریانی، عەبدولڕەحمان گیوی موکریانی، میرزا سەلیمی موکریانی، حاجی مەلا عەبدوڵلای ئەحمەدیان، مەلا سالحی ئیبراهیمی، مەلا قادری مودەڕیسی، هێمنو مەلا غەفووری حافزی مهابادی...تاد.

لە شارستانی سەردەشت زانایانی نێوداروو پایەبەرزی وەکو ئیبنولحاج، مەلا عەبدوڵلای بێتووشی، مەلا عومەری سەردەشتی، مەلا کەریمی فیدایی، مەلا ئەحمەدو محەمەدی شەلماشی...لێ پێگەیشتوون. لە شنۆو خانێدا، مەلا عەبدولعەزیزی شنۆیی، سەید تاج ئەلدینی شێخی زەنبیلی، قازی محەمەد خزری، ئەمین شنۆیی، مەلا ڕەسولی ئەدیب، پێگەیشتوون. لە بۆکان دەیان شاعیرو زاناو دانای ناودار دەرکەوتوون لە وێنەی، قزلچییەکانو تورجانی زادەو وەلزییەکانو سەیدەکانی زەنبیلو شێخانی بورهانو شاعیرانی وەکو ئەحمەدی کۆرو مەلا مارفو ئەدەبو حەقیقیو هەژارو هێدیو ئیمامیو جەوهەریو سوارە....لەپاڵ دەیان هونەرمەندی خۆشنووسو خۆشخوانی بەهرەوەر.[٣٩] سەقزو بانە مەڵبەندی شاعیران وزانایانی وەکو، پاکی، تۆفیقی ئەمینیان، زاری، سولتانولعورەفا، شەیدا، سالح، عاشق، فاتحی مەجدی، فیدا، فەقیهی، کامل، کرمانج، کەوسەر، مەلیکوکەلامی مەجدی، موخلیس، مەفتون، نافع،

---

(٣٧) بیرەوەرییەکانی وەفایی: ٢٨.

(٣٨) تاریخ مهاباد: ١٣٨.

(٣٩) تاریخ فرهنگ وادب مکریان، جلد ١، ٢.

وەجدی، وەفا... هی دیکە بووە.[٤٠] سیماو خەسلەتی دیارو ئاشکرای زانستو ئەدەبیاتو فەرهەنگی ئەم ناوچەیە ئەوەیە کە بە توندی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری کولتوور و ئەدەبیاتی ئێرانییەوە، بۆیە بەشی زۆری بەرهەمو شوێنەواری زانستیو ئەدەبی ئەم ناوچەیە بەتایبەت لەسەر دەمانی پێشوودا بە زمانی عەرەبی، یاخود فارسی تۆمارکراونو تەنها بەشێکیان بە زمانی کوردییە. تەنانەت نووسەرێکی وەکو سەید عەبدولحەمیدی سجادی لە کتێبی (شاعران کرد پارسی گۆی)دا ناوی زیاتر لە (٩٠٠) شاعیرو ئەدیبو هونەرمەندی کوردی بردووە کە شیعرو بەرهەمەکانیان بە زمانی فارسی گوتووەو تۆمار کردووە.[٤١] ئەڵبەتە یەکێك لە هۆکارە هەرە بنەڕەتییەکانی ئەم حاڵەتە بۆ دابەشبوونی سیاسی کوردستانو کورد دەگەڕێتەوە، کە زمانو فەرهەنگێکی جیاواز لە زمانو فەرهەنگ سروشتی خۆی بەسەریدا سەپێندراوە.[٤٢] وەکو چۆن دابەشکردنو دابڕانی بەشەکانی خاکی کوردستان لەیەکتری کاریکردۆتە سەر باری خوێندەواری ئەو بەشەی لەگەڵیاندا دەژیاو زمانو ئەدەبی کوردی لەو وڵاتانەدا بوون بە فەرهەنگێکی پلەی دووەم.[٤٣] لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەستەیەك لە ڕێبەرانی ناسیۆنالستی کوردی کە نەوەی خانەدانو میرەکانی بەدرخانیو سۆرانو بۆتانو بابانو موکریان بوون، لەسەر بنەمایەکی تازە درێژەیان بە خەباتو تێکۆشان داوە کە ئەویش پەرەپێدانی بزووتنەوەی سیاسی – فەرهەنگی بوو لە کوردستاندا، بۆیە لەلایەك کۆڕو کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردی دروستبوونو لەلایەك خەباتی کولتووریو خوێندەواری کوردییان بووژاندۆتەوە. ئەوە بوو لە نیسانی ساڵی (١٨٩٨)دا یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان)ەوە بڵاوکرایەوە کە لەو ڕۆژگارەدا وەکو چرایەك بوو لە پێناو زیندووکردنەوەی زمانو کولتوورو گیانی نەتەوەیی[٤٤].

لە ڕۆژگاری شۆڕشی دەستووری (مەشروتە) لە ئێران (١٩٠٥ – ١٩١١) لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەکانی موکریان مەڵبەندی سەرەکی هۆزەکانی کوردو، سەرۆك هۆزەکانیش

---

(٤٠) گلزار شاعرانی کردستان، سید عبدالحمید حیرت سجادی.

(٤١) شاعران کرد پارسی گوی، سید عبدالحمید حیرت سجادی.

(٤٢) کوردو عەجەم: ١٥٧.

(٤٣) شیعری کوردی/ سیاسەت، کۆمەڵایەتی، کوردایەتی، گ/ڕۆشنبیری کوردستانی، ژ/ ١: ٥.

(٤٤) بارودۆخی سیاسی کوردستان: ١٢٧.

سێبەری سیاسییان بەسەر خەڵکە بێ دەرەتانەکەوە خستو قورسو زیاتریش بە لایەنگیری لە دەوڵەتی مەرکەزی بوو، بەڵام لەناو شارە گەورەکانی موکریاندا وەکو مهابادو سەقزو بۆکان چەند ئەنجومەنێك لە دەستوورخوازان بەمەبەستی گۆڕان لە ستراکتووری دەسەڵاتداریەتیو چاکسازی سیاسیو کۆمەڵایەتی پێکهاتبوو، ئەڵبەتە لە کوردستانیش زانایانو رووناکبیران، تەبای شارەکانی دیکەی ئێران، رۆڵی سەرکردایەتیو رابەرایەتیکردنی ئەو ئەنجومەنانەیان لە ئەستۆوە گرتبوو. ئەم ئەنجومەنانە، کە لە شارەکانی کوردستان پێکهاتبوون رۆڵێکی گرنگیان لە هۆشیارکردنەوەی خەڵكو داکۆکیکردن لە وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ئێراندا دەبینی.[٤٥] ئەنجومەنی شاری سەقز کە لەژێر سەرپەرشتی شاعیرو دادوەری ناسراو مەلا محەمەدی کەریم بوو، رۆڵێکی گرنگی بینی لە هاندانی خەڵکی سەقز بۆئەوەی پێوەندی بکەن بە ئەنجومەنو هاریکاری دەستوورخوازان بکەن، هەروەها لە شاری سابلاغ قازی فەتاحی مامی باوکی قازی محەمەد، ئەنجومەنی دەستوورخوازانی بۆ ئەو شارە دامەزراندبوو.[٤٦] یەکێك لەرووە هەرە دیارەکانی خەباتی رووناکبیری کۆمەڵەو رێکخراوو پیاوانی ناوداری کوردستان لەو سەردەمەدا، بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی خوێندنو خوێندەواری بووە لەناو گەنجانو لاوانی کورد لەپاڵ خزمەتکردنی زمانو ئەدەبی کوردی. لەو مەیدانەدا خەباتی عەبدولڕەزاق بەدرخان لەبەرچاوە کە لە ساڵانی بەر لەجەنگو لە (١٩١٣)دا یەکەمین قوتابخانەی لە شاری (خۆی) بۆ منداڵانی کورد کردۆتەوەو کۆمەڵەیەکی رۆشنبیری دامەزراندووەو نیازیشی وابووە کە چاپخانەیەکیش بۆ کۆمەڵەکە دابنێو رۆژنامەیەکیش بەو ناوەوە دەربکات.[٤٧] لە دەستپێکی جەنگی جیهانیو تەنینەوەی یەکەمین بڵێسەی شەڕ لە ناوچەکانی موکریان، هەمدیسان پیاوانی زاناو رووناکبیری کورد بەئاشکراکردنی بوختانو فەندوفێڵی دەوڵەتی عوسمانی، کە پروپاگەندەی (جیهاد)یان لەناو خەڵکدا بڵاودەکردەوە، بەگژ دەستدرێژیو زۆرداری دەسەڵاتی عوسمانیو رووسەکاندا چوونەتەوە لەو ناوەدا شێخ بابا سەعیدی غەوسابادی ناسراو بە (شێخی شەهید/١٢٧٥ - ١٣٣٣ کۆچی) عارفو شاعیرو نیشتمانپەروەری کورد ئەو راستیەی ئاشکراکرد کە

---

(٤٥) دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر: ٢٤١.

(٤٦) بارودۆخی سیاسی کوردستان: ١٤٣.

(٤٧) کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا: ٣٧ — ٣٨.

(ئـاینی پـیرۆزی ئیـسلام تـەنها بیانوویەکـە بەدەسـتی ئیمپراتـۆری نەخۆشـی عوسمانییەوەو تەنیا بۆ ماونەوەی خۆی‌و رزگاری بوونی کردوویەتی بە ئـالاّ).[48] شێخ بابا کۆمەڵەیەکیشی لە زاناو رووناکبیرو نیشتمانپەروەرانی ناوچەکەی لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوە بـۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان لـە هـەوڵی بەدەستهێنانی پـشتیوانی رووسـەکانیش دابـووە.[49] ئیتجا هـەر لەسـەر ئـەوەی کـە شێخ بابـا فـەتوای جیهـادی عوسمانییـەکانی بـە فەنـدوفیڵ‌و مـانۆرێکی سیاسـی دەدایـە قەڵـەم، بـە پێـچەوانەی خواسـتی ئـەوان نێـوان‌و پەیوەنـدی باشیـشی لەگـەڵ مەسـیحییەکاندا هـەبوو، عوسمانییەکان گرتیان‌و لە زستانی (١٩١٦)دا لە داریان دا.[50]

لـەو رۆژگـاردا یـەکێك لـە نـاودارترین بنەماڵـە ناسـراوەکانی ناوچـەی موکریـان کـە بنەماڵەی(قازی)یە، لەسەر شانۆی رێبەرایەتیی نیشتمانی‌و ئاینی‌و کولتـووری خـەڵکی ئەو ناوچەیە بـەدیار دەکـەوێت‌و کەسایەتی ناسراوی ئـەو بنەماڵەیـە لـەو رۆژگـارەدا (میرزا فەتاحی قازی) (١٨٣٢ - ١٩١٦) هەڵدەکـەوێت. ئـەم کەڵـە مێـردە بـەو هۆیـەی کـە هیچ کات لەگەڵ بەدرەفتاری‌و کـرداری شـاهانی قاجار دەرهـەق بـە خـەڵکی ناوچـەکە سازشی نەکردووەو نەگونجاوە، بۆیە بۆ مـاوەی دوازدە سـاڵان لـە رۆژگـاری حـوکمڕانی ناسرەدین شـاو موزەفـەر شـای قاجـاردا بـۆ تـاران دوور دەخرێتـەوەو لـەوی زینـدانی‌و دەست بەسەر دەکرێت. دوای گەڕانەوەشی لـە رۆژانـی گـەرمبوونی بلێسەی شـەڕو لـە ئـەنجامی داکـۆکی‌و بـەرگریکردنی لـە خـەڵکی شـاری مهابـاد لەبەرامبـەر هێـرش‌و دەسـتدرێژی لەشـکریانی رووس بـۆ سـەر شـارەکە لـە مەیـدانی نەبـەردو پێکدادانـدا شەهید دەبێت.[51]

لە ساڵانی یەکـەمین جـەنگی جیهانیـدا (١٩١٤-١٩١٨) شـۆڕش‌و راپـەڕینی سمکـۆی شـکاك (١٩١٨ – ١٩٣٠) ناوچـەکانی موکریـانیش دەخاتـە ژێـر رکێفـی دەسـەڵات‌و کاریگـەریی خـۆی‌و لـەدوای بڕانـەوەی شـەڕو لـە سـاڵی ١٩٢١دا یەکـەمین رۆژنامـەی کـوردی لـە کوردستانی ئێران بەناوی (رۆژی کورد) لەشاری ورمێ چاپ‌و بلاّو دەبێتەوە.[52]

---

(٤٨) شێخ بابا –شێخی شەهید، گ/ مهاباد، ژ/ ٩: ١٢.

(٤٩) صفحات من تاريخ ايران الحديث والمعاصر: ٢٤٦.

(٥٠) ایرانی کە من شناختەام: ٢٣٣.

(٥١) تاریخچە خانوادە قاضی در ولایت موکری: ٦٢-٦٦.

(٥٢) پاشەرۆك: ٤٠.

باسی باری خوێندەواریو زانستیو ڕووناکبیری لە ناوچەی موکریان بەبێ ئاماژەکردن بە ڕۆڵی ڕێبەرایەتیو پەروەردەیی هەردوو ڕێبازو هەردوو خانەقای (شێخی بورهان لە دێی شەرەفکەندو شێخانی زەنبیل لەئاوایی زەنبیل) کارێکی ناتەواوە. ئەم دوو شوێنە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەناوچەی موکریاندا ڕۆڵێکی مەزنو کاریگەریان گێڕاوە لە بواری زانستیو ئاینیو کۆمەڵایەتیدا. پێگەی ڕێبازی نەقشبەندی لەسەر دەستی مەلا یوسفی شێخ شەمسەدینی بورهانی لە ناوچەکەدا دامەزراوەو پەرەی سەندووە، ناوبراو یەکێکە لە شێخانی ناوداری کوردستانو خەلیفەی شێخ سیراجەدینی نەقشبەندی بووە، بەشێکی زۆری خەڵکانی ناوچەکانی کوردستانی موکریان تا دەگاتە سنوورەکانی ئاراراتو خۆیو تاڵشو سەلماس پەیڕەویان لەو زاتە کردووە. خانەقای شێخی بورهان لە دێی شەرەفکەندی نێوان مهابادو بۆکان، بەدرێژایی ئەو ڕۆژگارە خزمەتێکی شایستەی لە پێناوی پەروەردەو ڕێبەریکردن بۆ کاری چاکەو ڕێگای ڕاست پێشکەش بە خەڵکی ناوچەکە کردووە.[٥٣] بەشی زۆری پیاوانی زاناو داناو ڕووناکبیرانی ئەو ناوچەیە یا لە ریزی هۆگرو هەوادارانی خانەقاو ڕێبازی شێخی بورهان بوون یا لە خانەقادا شاگردو فەقێ بوونو لەرێگای فێربوونو پێگەیشتندا لەوێ بەهرەیان وەرگرتووەو سوودمەندبوون. لەوانە بەشێك لە ئەدیبو شاعیرانی ناوداری ناوچەی موکریان لە ریزی موریدو مەنسوبانی ئەو زاتەبوون لەوێنەی: سەید محمد سعیدی نورانی، حەریق، میسباحودیوانی (ئەدەب)، عەلی بەگ سالار سەعیدی حەیدەری، میرزا سەلیمی موکری، سەیفولقوزاتو...هی دیکەش.[٥٤]

ئەوەی دووەم خانەقاو مەدرەسەی شێخانی زەنبیلە، کە لەسەر دەستی سەید عەبدولکەریمی زەنبیلی بنیاتنەرو سەرداری سەرجەلەی شێخانی زەنبیل دامەزرێندراوە. ئەم بنەماڵەیە لە پەروەردەکردنو پێگەیاندنی خەڵکی ناوچەکە لەسەر ڕێگای هەقو ڕاستیو چاکە هەموو هەوڵو کۆششێکیان بەخشیوە، شاعیرانی دیارو ناوداری ناوچەکە سەید محەمەد زەنبیلیو سەید کامیلی ئیمامیو سەید عەبدولقادری سیادەت لە ریزی کوڕو کوڕەزاکانی ئەو زاتەبوون.[٥٥]

---

(٥٣) تاریخچه خانواده قاضی: ٣١.

(٥٤) زندگینامەی عارف ربانی: ٣٧٠-٤٠٠.

(٥٥) تاریخ ادب فرهنگ مکریان، جلد اول: ٣٢١.

باســــی دووەم

(١) بڵاوبوونەوەی شیعری کلاسیکی کوردی (قوتابخانەی کرمانجی خـواروو) لـە ناوچەی موکریان:

ئـەدەبی کلاسـیکی بەشـێوەیەکی گـشتی بەرهـەمی شـارو شارسـتانیەتو دروسـتبوونی قەوارەی سیاسیو پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتییە، زۆرجاریش لەپـشت سـەرهەڵدانو بووژانــەوەو پەرەســەندنی جۆرەکــانی ئــەدەبی نەتەوەیــەك، هۆکــارێکی ئــاینی یــا مێـژوویی یـا سیاسـی بـەدی دەکرێـت. بووژانـەوەو پەرەسـەندنی قوتابخانـەی شـیعری کرمــانجی خــواروو لــە (ســلێمانی) مەڵبەنــدی بابانــەکان هــەمان یاســاو دەســتوور دەیگرێتەوە بەرەچاوکردنی جیاوازیی رووداوەکانو هەلومەرجی مێژوویی تایبەت بـە نەتەوەی کورد. لە سەدەی نۆزدەیەمدا ناوچە کوردنشینەکانی ژێر قەڵەمڕەوی بابان جۆرێك لە یەکێتیو سەربەخۆیی بەخۆیەوە بینیوە. قەرەداغو شـارەزوورو شـارباژێڕ بەرەو گەشانەوەو پێشکەوتنو، ناوچەکانی کۆیـەو سلێمانی وەکـو پێگـەو پایتـەختی میرنشین روو لـە ئـاوابوونو پەرەسـەندن بـوون. گـەلێك مزگـەوتو تەکیـەو خانـەقاو مەدرەســەو دیوەخــان ئــاوابوونو مــەلاو زانــاو دانــای زۆرو زەبەنــد لــەو هەرێمــەدا کۆدەبوونـەوە، زانـستو زانیـاریو شـیعرو ئـەدەبو رووناکبیری پـەرەی سـەندو پلـەو پایەی بەرزی بەدەستهێنا. چـەکەرەکردنی بیری نیـشتیمان پـەروەریو نەتـەوەخوازی لـەدەرباری ئـاوەدانی هەنـدێ لـە میرەکانی بابـانو[٥٦] شـانازی کـردن بـەزمانو دابو دەسـتوورو کـەلتووری نەتـەوەیی، بوونەتـە هۆکـارو بنـەمای خوڵقـانو سـەرهەڵدانو

---

(٥٦) عەبدولڕەحمانی پاشای بابان کتێبێکی دەستنووسی ناوداری (صحیح البخاری) لە ساڵی (١٢١١ك-١٧٩٧ز) وەکو وەقفنامە لەدوای خۆی بۆ مەلاو زانایانی (کوردستان) بەجێهێشتووە، کەتیادا بە ئاشکرا سنووری قەڵەمڕەوی میرنشینی بابانی لە کوردستان دەستنیشان کردووە. بڕوانە:

– حاجی قادری کۆیی، ب١: ٢٠٧.

– هەروەها شاعیری میللی عەلی بەردەشانی بە شیعری رەوانو بەندو بەیتێکی نایاب باسی گیانی کوردایەتیو مێرخاسیی عەبدولڕحمانی پاشای بابانی کردووە.

بڕوانە:

- تحفه مظفرية ، ب٢: ٣٤٢.

رسكانی ڕێبازێكی ئەدەبی تازەو پێشكەوتوو، شان بەشانی فیكرو فەلسەفەو هونەرو ئەدەبیاتی گەلانی رۆژهەڵاتی دەورو دراوسێی كورد لە عەرەبو رۆمو عەجەم. كەڵە شاعیرانی بابان (نالی، سالم، كوردی) بەزمانی كوردی ئەو هونەرو ئەدەبەیان خستەڕوو، ئەمە لە رووی وریایی‌و هۆشیارییەوە بووە وەنەبێ هەر رووداوێكی رەمەكی بێ،[٥٧] لە پێش ئەمانیشدا مەلای جزیری (١٥٦٧ — ١٦٤٠) لەژێر سێبەرو سایەی درەوشاوەی میرنشینی بۆتاندا هونەری غەزەل‌و قەسیدەی لەزمانی كوردیدا بە پۆپە گەیاندبوو. ئەم نەریت‌و میراتە ئەدەبییەی شاعیرانی بابان دایانهێنا لەباری مێژوویی‌و فەرهەنگییەوە بۆتە گەنجینەیەكی نەتەوەیی نەمرو لەبڕان نەهاتوو بۆ وەچەو نەوەكانی دوای خۆشیان. (ئەم ڕێنیسانسە مەزن‌و گرنگە لەدواییدا بووە سەرچاوەیەك بۆ گۆڕان‌و پێشكەوتنی ئەدەبی كوردی لە هەموو كوردستانی باشووردا).[٥٨]

---

(٥٧) لەلای نالی و سالم‌و كوردی كۆمەڵێ بەیت‌و بابەتی شیعری هەن كە بە ئەنقەست پێ لەسەر ئەو مەسەلەی بە كوردی گوتنەی شیعرو هۆنراوەكانیان دادەگرن بۆ نموونە:

لای نالی:

- تەبعی شەكەرباری من كوردی ئەگەر ئینشادەكا
ئیمتحانی خۆیە مەقصودی، لەعەمدا وادەكا

- كەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ كوردییە، خۆكردییە
هەر كەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنادەكا

- ئیستیتاعەو قوومتی تەبعم بە كوردی‌و فارسی‌و
عارەبی، ئیزهاری چالاكی و چەسپانی دەكا

لای سالم:

- زێڕە، سەرمایەیە بۆ (سالم)و كرمانی دەبا
شیعری كوردی كەبدا جیلوە لەلای شێخی كەبیر

- مەهی فارس زبانەم گوفت (سالم) شەرحی حالت گۆ
گوتم جانا، بەلەد نیم ئیستیلاحی ئێوە، من كوردم

لای كوردی/

- دورو یاقوت دەبارێ لەم كەلامە شیرینەی كوردی
خوا ساكوا لە دنیادا قەدرزان‌و خەریدارێ

(٥٨) مێژووی ئەدەبی كوردی، د.مارف خەزنەدار، ب٢: ٣٦.

له نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا لەدوای ئەوەی خۆری میرنشینە کوردییەکان، لە (ئەردەلان، بابان، سۆران، موکریان) بەرەو ئاوابوون چوون، ژیلەمۆی ئەم بزووتنەوە ئەدەبیو رۆشنبیرییەی لە ناوچەی سلێمانی (مەڵبەندی بابان) هەڵایسابوو نەکوژایەوە، بەڵکو لە رێڕەوی شیعرو ئەدەبیاتدا لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم نالیو هاورێکانی لەمەسەکی ئەشعاردا گیانی کوردایەتیو کوردەواریان زیندوو کردەوەو[٥٩] ئەو زمانەی کە ئەوان شیعرو بەرهەمەکانیان پێ تۆمارکردبوو لە سۆنگەی رەسەنایەتی قوتابخانەکەوە بەردەوامیی وەرگرتو لەم رەوتەدا بوو بە زمانێکی ئەدەبی باوو شێوە رەسمیو،[٦٠] پەیتا پەیتاش هەموو ناوچەکانی کوردستانی باشووری خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، ئەم زاڵ بوونو پەرەسەندنەی شێوەی بابان لەهەندێ ناوچەدا لەژێر حیسابی شێوەی گۆرانی بوو[٦١] بەتایبەت لە ناوچەکانی کەرکوكو گەرمیان. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە نەوەی دووەمی شاعیرانی قوتابخانەی نالی لەناوچە جیاجیاکانی کوردستانی باشوور (سلێمانی، گەرمیان، سۆران، ئەردەلان، موکریان) لەوێنەی (مەحوی، شێخ رەزا، حاجی قادر، سالمی سنە، وەفایی) پەیدابوون، کە هەریەکەیان بە ئاڵا هەڵگرو بەردەوامیو تەواوکەری ئەو قوتابخانەیە لە ناوچەکانی خۆیان حیساب دەکرێن.[٦٢] لێرەدا هۆکاری یارمەتیدەری یەکەم، بۆ پەل هاویشتنو بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەی شیعری نالی لە ناوچەکانی موکریان، بۆ ئەو پەیوەندییە مێژووییە بەهێزە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان بابانو موکریاندا هەبووە، هەم لەباری یەکێتی بنەچەو رەگەزو تیرەو تایفەوە، هەم لە رووی دیالێکتی زمانو ئاخاوتنەوە.[٦٣] سەرچاوە مێژووییەکان پەنجە بۆ ئەوە رادەکێشن کە میرانی بابانو موکریان لە بنەچەو خانەوادەوە لەیەك تیرەو تایفە بوون،[٦٤] هەروەها زمانو دیالێکتی قسەکردنی هەردوو هەرێمو میرنشینەکە لە زەمانی زوودا وەکو یەك بوون،

---

(٥٩) عیبرەتە گ/ رۆژی کورد، ژ/ ٢، ل٢٣.

(٦٠) لە ساڵی ١٨٦٩ یەکەمین قوتابخانەی (روشدیە)ی عوسمانی لە سلێمانی کراوەتەوە، کە زمانی دەرسو خوێندن تیایدا بەشێوەی سلێمانی (بابان)ی بووە. بڕوانە:

ـ سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب١: ١٤٧.

(٦١) مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدار، ب٢: ٣١، ٢٠٠.

(٦٢) مێژووی ئەدەبی کوردی، دمارف خەزنەدار، ب٤: ٢٣

(٦٣) مێژووی ئەدەبی کوردی، دمارف خەزنەدار، ب٤: ٢٣

(٦٤) شەرەفنامە: ٥٣.

تەنانەت شێوەی ئاخاوتنی بابانەکانو شیعری (نالی)یش هەندێ جار بە موکری دەدرێتە قەڵەم.[٦٥] بەو هۆیەش کە هیچ لەمپەرو سنوورێکی خەتکێشراو لەنێوان ئەم دوو هەرێمەو میرنشینە کوردییەکەدا لە نێواندا نەبووە،[٦٦] ئەنجا چەپەری مزگەوتو گەڕانو سووڕان بەدوای خۆپێگەیاندنو فێربوونی زانستە ئاینییەکان روویەکی دیکەی ئەو تێکەڵاویو ئاشنایەتییە بووە، بۆ نموونە شێخ مارفی نۆدێ رابەرو دامەزرێنەری تەریقەتی قادری لەسەردەستی هەردوو زانای ناوداری خەڵکی موکریان، ئیبن الحاج و بێتووشی زانستەکانی ئاینی ئیسلامەتیو ئیلهامی شیعرو ئەدەبیاتی وەرگرتووە.[٦٧] هەروەها سەرچاوەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی ئاماژە بۆ چەند بەرهەمێکی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دەکەن کە پێش رۆژگاری (نالی)ش دەکەون،[٦٨] بۆیە کارێکی زۆر ئاسایییە کە بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی لەسەدەی نۆزدەیەمدا لە موکریان رەنگبداوەتەوەو لەیەکچوونی زمانو هامشۆو تێکەڵاویو لەیەك نزیکیو نەریتی کۆمەڵایەتی، ببێتە هۆی ئەوەی کە رووناکبیرانی موکریان ئەو ئەدەبەی لە ناوچەی سلێمانی سەریهەڵداوە بەهی خۆیانی بزانن‌و لاسایی بکەنەوە.[٦٩] بەم جۆرە غەزەلو قەسیدەکانی نالیو سالمو کوردی لە کەشکۆلو بەیازو حاشیەو پەراوێزی کتێبە ئاینییەکاندا، لەپاڵ شیعری حافزو مەولاناو جامی لە گۆشەی مزگەوتو حوجرەو مەدرەسەو خانەقاکانی سابلاغو بانەو سەقزو بۆکاندا لەناو فەقێو مەلاو موستەعیدو رۆشنبیراندا دەستاو دەستی دەکردو زەوقو سەلیقەو چێژی ئەدەبی هۆگرانی شیعری کوردی پێ ئاودەدرا.

(٢) شیعرو بەرهەمی نەوەی یەکەمی شاعیرانی موکریان (نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست):

أ. **سەرەتاو سەرهەڵدان/** ئەو بزووتنەوە ئەدەبییەی نالیو هاورێکانی لە سلێمانی پایتەختی میرنشینی باباندا رەنگرێژیان بۆ کردو دایان مەزراند، بڵێسەکەی هەر لە سنورو چوارچێوەی موڵکی باباندا نەمایەوە، بەڵکو بوو (بەو مەشخەڵەی کە ئاگرێکی

---

(٦٥) مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی: ١٦٧.

(٦٦) مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، ب٤: ١١.

(٦٧) البیتوشی: ٣٠.

(٦٨) تاریخ فرنگ وادب مکریان، ج٢: ٣١٩.

(٦٩) مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار ب ٣: ٢٣.

وای داگیرساند کە لە ماوەیەکی کەمدا هەموو ئەو ولاتەی "بابان‌و سۆران‌و موکریان‌و ئەردەلان‌و دەشتی گەرمیانی کوردستانی ناوەراست" رووناك بکاتەوە).[٧٠]
زمان‌و شێوازو هونەرەکانی شیعری ئەو قوتابخانەیە بوو بە مۆدێلی شیعرو ئەدەب لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی خوارووداـ بەتایبەتیش لە ناوچەی موکریان. لە سۆنگەی گەلێ هۆکاری یارمەتیدەرو هاوبەش، لەوانە یەکێتی شێوە زاری ئاخاوتن‌و یەك رەچەڵەکی‌و خانەوادەیی لەنێوان میرانی بابان‌و سەردارانی موکری‌و هاوتایفەیی هۆزو تیرەو خێڵەکانی سنووری قەڵەمڕەوی هەردوو هەرێمەکە... پێشوازیەکی گەرموگوڕی لێکرا لەلایەن ئەدیب‌و زاناو شاعیرانی ئەو مەڵبەندەوە، کە لەوەو پێش زیاتر دامەنگیری رووناکبیریی ئیسلامەتی‌و زمان‌و ئەدەبیاتی فارسی‌و عەرەبی بوون. جا بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم دەستەیەك بوێژو شاعیری ناودار لە موکریان هەڵکەوتوون کە بەچاولێکەری‌و دووبارە کردنەوەو لاسایی قوتابخانەی شیعری بابان سامان‌و ئەزموونێکی شیعری رازاوەیان لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی پێکەوەناوە.دیارە بەر لەو مێژووە واتە لەسەدەی هەژدەیەم لەو ناوچەیە شیعری کوردی لە قالبی ئەدەبێکی کلاسیکی بەرزو پتەوو هونەریدا نەمەیبوو، ئەوەی کە هەبوو بریتی بوو لە:

١. گەنجینەیەکی بەهادارو دەوڵەمەندی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لەنموونەی بەیت وگۆرانی‌و حەیران‌و چیرۆك‌و داستان‌و پەندو مەتەڵۆکە....کە لە راستیدا موکریان یەکێکە لەمەڵبەندە بە پیت‌و بڕشت‌و دەوڵەمەندەکانی کوردستان لەو مەیدانەدا.

٢. ئەدەبی میللی کوردی، یاخود شیعری ئاینی کە لە شێوەو قالبی ئەدەبێکی میللیدا خۆ دەنوێنێت‌و، بە زمانێکی ساکارو شێوازێکی رەوان هۆنراوەتەوە لەشێوەی پەندو ئامۆژگاری ئاینییدا لەناوەوە بووە[٧١] تاوەکو زۆربەی خەڵك بەئاسانی تێی بگات لە نموونەی چوارینەکانی (مەهدی نامە)ی ئیبنولحاج.[٧٢]

---

(٧٠) نالی‌و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی: ٤.

(٧١) سەرچاوەی پێشوو: ١٩.

(٧٢) لە پێشەکی‌و شەرحی دیوانی شێخ ئەحمەدی کۆری موکریانیدا بیروڕایەکی جیاواز سەبارەت بە دانەری (مەهدی نامە) خراوەتە روو. بڕوانە:
- دیوان‌و شەرحی حالی شێخ ئەحمەدی کۆر: ٧.

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە سەداو زایەڵەی بزووتنەوەی شیعریی ناوچەی سلێمانی باشووری کوردستان لە ناوچەی موکریان دەنگی داوەتەوەو شاعیرانی ئەو مەڵبەندە لەسەرەتاوە بوون بە شاگردو موریدی ئەم قوتابخانەیە. لەپاشاندا لە مەڵبەندەکەی خۆیاندا بوون بە ڕێبەرو ئاڵا هەڵگری ڕێبازەکەو ئەوەندەی لە توانایاندا بووبێت تاویان پێسەندووەو پەرەیان پێداوەو گەشەیان پێکردووە، تا ئەوەی لەدواییدا بووە بە ڕێبازو ڕێچکەیەکی شیعری دەوڵەمەندو ڕژاوەتە نێو سامانو دەریای ئەدەبیاتی کوردییەوە. بەم پێیە وەکو دیار دەکەوێت دەورەی یەکەمی شاعیرانی موکریان، لەوێنەی ئەحمەدی کۆری موکریانی (؟ - ١٨٨٦)، میرزا عبدالرحیمی وەفایی (١٨٤٤ - ١٩٠٢)، مەجدی مەلیکولکەلام (١٨٤٩ - ١٩٢٥)، حەریق (١٨٥٦ - ١٩٠٩)، ئەدەب (١٨٥٩- ١٩١٦)، ئەدیب (١٨٧٤-١٩٣٢) لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا کاروانی شیعرو ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردییان لە مەڵبەندی موکریان وەڕێ خستووەو ڕێڕەوەکەیان ڕەنگرێژ کردووە.

ب. قاڵبو ڕووخسارو شێواز/ شەقڵو ئەدگارە گشتییەکانی بەرهەمی ئەدەبیی شاعیرانی ئەو دەورەیە هەم لە رووی روخسارو هەم لە رووی ناوەرۆکەوە بەشێوەیەکی گشتی هەر درێژبوونەوەی قوتابخانە شیعرییە عەرووزییەکەی (کرمانجی خواروو) بووەو چ لەباری فەرهەنگی زمانو زاراوەوە چ لەباری ستراکتوورو تەکنیکی دارشتنی شیعرو چ لەباری واتاو مەبەستی شیعرییەوە خۆیان لەو قوتابخانەیە دانەبڕیوە.[٧٣] لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئەزموونە ئەدەبییە هەر لە ڕۆژگاری بەراییەوە خاوەنی (جۆرێك لە تایبەتمەندیو نیشانەی تایبەت بەخۆشیەوە بووە).[٧٤] لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێ خاسیەتو لایەنی تایبەتمەندی بەرهەمی ئەدەبی نەوەی یەکەمی شاعیرانی موکریان کارێکی پێویستە:

١. واقیعی دابڕانو دابەشبوونی خاکی کورد لەیەکتری کارێکی وایکردووە کە ژیانی ئەدەبیو ڕۆشنبیری هەر بەشێك بکەوێتە ژێر باری خوێندەواری ڕووناکبیریی ئەو وڵاتانەو گەلانی سەردەستەوە کە لەگەڵیاندا دەژیان، (ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی هەندێ خاسیەتی هەرێمیی لە ئەدەبی کوردی ئەم هەرێمە جیاوازانەدا پەیدابێ، واتە ئەدەبی هەر لایەك شێوەو ناوەرۆکی تایبەتی خۆی هەبێو لە ئەوانی تر جیابێتەوە،

---

(٧٣) هێمن – لە بارەی ناوەرۆکی سیاسیو کۆمەڵایەتی شیعرەکانی: ١٠.

(٧٤) هەڵوەستەیەك لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گ/ بیری نوێ، ژ/١٨: ٦٦.

ئەگەر چی لە بنچینەشدا دیارە هەمووی هەر یەك ئەدەبە).[٧٥] بۆیە لەم لایەنەوە ئەزموونی شیعری موکریان بە چڕی کەوتۆتە ژێر کاریگەری ڕووناکبیری و ئەدەبیاتی فارسییەوە بەشێوەیەکی وا کە بەرهەمی شاعیرانی دەورەی یەکەم سێبەری بەرهەمە کلاسیکی و ئەفسانەییەکانی ئەدەبی فارسی بەئاشکرا پێوە دیارە.[٧٦]

٢. لەبارەی زمانی ئەدەبییەوە شاعیرانی ئەم دەورەیە تێکۆشاون خۆیان توند بە زمان و فەرهەنگی شیعری بابانەوە گرێ بدەن و تەنانەت وەکو زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی پەیڕەویان کردووە،[٧٧] وەلێ لەپاڵ ئەوەشدا کە هەر یەکێك لەم شاعیرانە کەسایەتی و خسووسیاتی ئەدەبی و هونەریی تایبەت بەخۆی ڕەنگڕێژ کردووەو پاراستووە، هەر هەمووشیان لە هەڵبژاردنی وشەو زمانی شیعری و لیکسکیۆنی ئاخاوتن و داڕشتنی شێوازی ئەدەبیدا، لەژێر تاوی شێوە زارو بەشە دیالێکتی ناوچەی موکریاندا بەهرەی هونەرییان پڕاوەو بەرهەمی ئەدەبییان داهێناوە، واتە ڕەگەزێکی تایبەت بەخۆیان ئاوێتەی ئەم زمانە ئەدەبییە کردووە، ئەمەش بە یەکێك لە ڕواڵەت و تایبەتمەندییەکانی شیعری ئەو ناوچەیەی کوردستان دەژمێردرێت.

٣. لە ڕووی قاڵبی هونەری و تەکنیك و ستراکتووری داڕشتنی شیعرەوە هەردوو فۆرمە ناودارەکەی (غەزەل و قەسیدە) کە قاڵبی هونەریی هەرە باوو بڵاوی شیعری کلاسیکی کوردییەو لەبەرهەمی شاعیرانی دەورەی یەکەمی موکریانیش پانتاییەکی بەرچاوی داگیرکردووەو بە فراوانی ڕەنگی داوەتەوە، لەوەش بەولاوە ئەوەی لەبەرهەمی شیعریی ئەم دەورەیەی موکریاندا مایەی سەرنجە بایەخ دانە بە قاڵبی هونەری (پێنجین)و (تەرجیع بەندە) کە بەرهەمی هونەریی نایاب و ناوازەیان لەو فۆرمە پێداهێناوە. لەو بوارەدا شوێن پەنجەی (وەفایی، شێخ ئەحمەدی کۆر، ئەدەب) ڕوون و دیارە، جگە لەوەش شاعیرانی ئەم دەورەیە لایان لە هونەرەکانی دیکە تەکنیك و قاڵبی شیعری کردۆتەوە، لە وێنەی (تەرکیب بەند)، (تێکهەڵکێش – تەزمین)، (پێنج

---

(٧٥) شیعری کوردی/ سیاسەت-کۆمەڵایەتی-کوردایەتی- نێوان هەردوو جەنگی گێتی: گ/ ڕۆشنبیری کوردستانی، ژ/١: ٥.

(٧٦) بڕوانە:

- شاعیرانی کوردو ئەدەبیاتی فارسی: ٥.

- تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی: ٧٢.

(٧٧) نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی: ٥٥.

خـــشتەکی)و[٧٨] هــــەروەها بايــــەخيان بـــە هونـــەری (چـــوارين)، (مولەمــــەع) و (مەسنەوی)یش داوە.

ج. بابـەتی شـیعری/ زۆر لـە راسـتیو هەقیـقـەت لانـادەین کـە بلّێین بابـەتی شـیعری ناوچـەی موکريـان بەشـێوەیەکی گـشتی لیریکـە، بـەو پێیـەش ئـەو پێناسـەیەی ئەوروپاييـەکان بـۆ ئـەم جـۆرە شـيعرەيان پەسـەندکردووە کـە ئـەدەبێکی خودييـەو تەعبير لە سۆزو هەستو ناخو دەروونی شاعير دەکات لە بەرامبەر هەموو دياردەکانی سروشتو ژيان.[٧٩] ئەو کاتانەی شاعير هەلّدەچێو بەخۆيەوە دەنازێو شانازی دەکـات، يا ستايشی کەسێك دەکات يا دەکەوێتە زەمو داشۆرينی يەکێك، يا ئەوەتا لـەناو شـينو لاواندنـەوەو وەسفـو جوانیو ئەوينو دلّداريدا دەتلێتەوە.. لە هەموو ئـەم بابەتانـەدا، لەسـنووری ليريـك دەرناچـێتو تەنانـەت کاتێـك بەشـی هـەرە زۆری هۆنراوەکـانی (وەفـايی)و (ئـەدەب)و شـاعيرانی تـر بـە گـۆرانی دەگوترێنـەوە ئـەوا رێـك لەگـەلّ بنەماکانی شيعری ليريکی يۆنانی يا گريگی رۆژئاوا تێك دەکاتەوە.[٨٠]

د. مـەبەسـتو نـاوەرۆك/ بـە پێـودانگی شـیعری کلاسـیکی کـوردی لـە سـەدەی نۆزدەيەمدا هەموو ديـوانو بەرهـەمی شيعری شاعيرانی ئـەو دەورەيـە بەشـێوەيەکی گـشتی لـە رووی ناوەرۆکـەوە لـە دەوری چـەند بابـەتو مەبەسـتێکی شـيعريدا دەخولێنەوە، کە دەکرێ لەژێر ئەم چەند ناونيشانانەدا کۆبکرێنەوە:

١. شيعری ئاينی:

أ. موناجات ب. نەعت ج. سۆفيزم

٢. ئەويندارى ٣. وەسف ٤. ستايش ٥. ماتەمنامە ٦. فەلسەفەی کۆمەلاّيەتی

مەبەسـتو بابـەتی ئـاينی بەهـەر سێ لقەکەيـەوە لـە سـەرجەمی بەرهـەمی شـيعری شاعيرانی دەورەی يەکـەمی ناوچـەی موکريانـدا بـە بـەراورد بـە مەبەسـتەکانی ديکـە ئەوا لە هـەموويان زياترەو پـشکی شێری بەردەکەوێت. دوای ئـەوە شـيعری عيشقو

---

(٧٨) بڕوانە:

- مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدار، ب١: ١٣٦،١٦٦.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدار ب٤: ٣٤٨.

(٧٩) موسوعة نظرية الادب، الشعر الغنائي: ٦.

(٨٠) تاريخ الادب العربي، العصر الجاهلي: ١٩٠.

ئەویندارى بە پلەى دووەم دێتو شاعیرانى موكریان لە مەیدانى داهێنانو تۆماركردنى پارچەى ناسكو پاراوو جوانى غەزەلیاتدا، گۆى هونەریان لەمەیدانى ئەدەبیاتى كوردیدا بۆ خۆیان بردۆتەوە.[81] دواتریش بەرهەمى هونەرى لە بابەتى وەسفو ستایشو ماتەمنامەو بوارەكانى دیكەى فەلسەفەى كۆمەلآیەتى لە دیوانى شیعرو بەرهەمەكانى ئەو دەورەیەدا بەروونى بەدیار دەكەوێت.[82]

٣. ئەزموونى شیعرى ناوچەى موكریان

پێكهاتنو پەرەسەندن/ دەستەى یەكەمى شاعیرانى موكریان، لە رێگەى شیعرو بەرهەمەكانیانەوە پێرەوێكى كولتوورىو هونەریيان لە نیوەى دووەمى سەدەى نۆزدەیەمەوە لەم پارچەیەى كوردستان دامەزراند. ئەم سامانو گەنجینە هونەرییە بوو بەو بەستێنو بنچینەیە كە پاشان لەگەڵ رەوتى رۆژگاردا كۆشكو تەلارى ئەدەبیاتى ناوچەى موكریانى لەسەر دامەزرا. لە سەردەمانێكدا شیعر گوتن بە زمانە رۆژهەلآتییەكانى بێگانە، بەتایبەت (فارسى) لەو بەشەى كوردستانیشدا باوبووەو بەرهەمێكى زۆرى بوێژو زاناو رووناكبیرانى كورد بەو زمانە لەئارادا هەبوون، وەكو

---

(٨١) لە دوایین چاپى دیوانى (ئەدەب)داو لە كۆى (١٣٢) پارچە هۆنراوەو شیعرى كوردى كە لە دیوانەكەدا هاتووە تەنها (٢) پارچە شیعرى ئایینى لە خوا پارانەوەى تێدایە كە لە سەرەتاى دیوانەكەدا هاتووە، لەگەڵ (٢) پارچەى پێنجین، كە ئیدى لەوە بەولاوە هەموو شیعرە كوردییەكانى كە (١٢٩) پارچەیە هەموو لیریكى دلْدارین، واتە (غەزەل)ن، بۆیە جێى خۆیەتى كە میسباحوديوانى (ئەدەب) بە شاسوارى غەزەلى كوردى لەو ناوچەیە بێتە ناسین.

بروانە:

- دیوانى ئەدەب، محەمەد حەمە باقى، دەزگاى چاپو بلآوكردنەوەى ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

(٨٢) شاعیرانى ئەو سەردەمە وەكو لە لاپەرەكانى پێشوودا باسى لێوەكراوە زۆر بە خەستى كەوتونەتە ژێر كاریگەریى شاعیرانى سێ كوچكەى بابان(نالى و سالمو كوردى) بەتایبەت (نالى) رابەرى بزووتنەوەكە. لە مەیدانى چاولێكەرىو لاسایى كردنەوەیدا بەتایبەت لە بەرهەمە شیعرییەكانى (وەفایىو حەریقو ئەدەب)دا بابەتى هەمەچەشنەمان بەرچاو دەكەوێت كە لە ژێر كاریگەریى بەرهەمەكانى ئەواندا داهێندراون. لە وێنەى (نەقیزەـدژ) یا (وەلآمە شیعر – جوابە جەنگ) یا لاسایىو لە چاوكردنەوە، وەك لە (مەستوورەى – نالى)و (شیرین تەشى دەرێسێ – وەفایى)و (پێنجینەكەى نوسرەت خانمى – ئەدەب)دا دیارە، یا وەكو وەلآمدانەوەى (حەریق)و (ئەدەب) بۆ شیعرى (عیشقت كە ماجازى بێ)ى نالى و زۆر بابەتى تریش، بەلآم ئەوان لە چاولێكەرىو لاسایى كردنەوەدا بەرگى ناوچەیى خۆیان لەبەر وەلآمەكانیان كردووە.

ڕەنگدانەوەیەکی سروشتیو بابەتی باری ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە.[٨٣] بەڵام ئەم بابەتو بەرهەمە ئەدەبییە ناچێتە ناو خانەی سامانو مێژووی ئەدەبی کوردییەوە تا ئەو کاتەی شاعیرانی وەکو (وەفایی)و (حەریق)و (ئەدەب) هاتوون ڕێچکەکەیان شکاندووەو زمانی کوردیان کردۆتە زمانی شیعرو بەرهەمی ئەدەبیو داهێنانو، کارێکیان کردووە کە لە چوارچێوەی بزووتنەوە تازەکەی شیعری کوردی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، هەوارگەیەك بۆ شیعری کوردی لەو ناوچەیە بنیاتبنێن، کە دواتر بوو بە سەرچاوەو بنەمای بزووتنەوەیەکی ئەدەبیی تازەو باو لەو هەرێمەداو ئەنجا توانی کاروانێکی بێپسانەوە لە شیعرو شاعیران بۆ ماوەی سەدەو نیوێك بەرێ بخاتو سامانو ئەزموونو تاقیکردنەوەیەکی ئەدەبیی تایبەت بەو ناوچەیە پێك بهێنێت.[٨٤] ئەم ئەزموونە لەفرەییو بەرزیو ڕەنگاو ڕەنگیدا بوو بە کەلەپوورێکی پێشکەوتووی داهێنەرانەو[٨٥] مایەی گۆڕانو پێشکەوتنێکی مەزن لەباری ڕووناکبیریو خوێندەواری لە هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

لە موکریان کە باس لە شیعری کوردی بکرێت لەپێش (وەفایی)یدا شاعیرێك بەدی ناکەین کە زمانی کوردی بەم فراوانییە کردبێتە زمانی شیعرو بەرهەمو داهێنانی، تەنانەت وەفایی لە قوتابخانەو مەدرەسە تایبەتیەکەشیدا هونەرەکانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی فێری شاگردەکانی کردووە.[٨٦] هەواو ئاوازی شیرینو دڵڕفێنیشی بۆ شیعرەکانی خۆی داناوە کە بەو هۆیەوە شیعرو هەڵبەستەکانی لەڕێگای ئاهەنگو گۆرانییەوە بەهەموو شارو دێهاتەکانی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە.[٨٧] ئەم مەسەلەی بە ئاوازکردنی شیعرەکانی ناچاری کردووە کە هەندێ لە بەرهەمەکانی لەسەر کێشی شیعری میللی کوردی بهۆنێتەوەو[٨٨] هەروەکو لە هەڵبژاردنی وشەی بەسۆزو ناسكو خۆماڵی پەتیدا شیعرو بەرهەمەکانی بە سەرچاوەیەکی ڕەسەنی وشەی کوردی دادەندرێت لەکاری زمانو فەرهەنگ نووسیدا.[٨٩]

---

(٨٣) دیداری شیعری کلاسیکی کوردی: ٧٦.

(٨٤) هێمن- لە بارەی ناوەڕۆکی سیاسیو کۆمەڵایەتی ناوەڕۆکی شیعرەکانی: ٩.

(٨٥) مؤسس الادب الكردي الحديث في كردستان الجنوبية، مجلة شمس كردستان، ع/ ٥، ٦: ١٣.

(٨٦) (٨٧) دیوانی وەفایی، چاپخانەی کوردستان: ١٤٥.

(٨٨) مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، ب٤: ٣٧٥

(٨٩) دیوانی وەفایی، محەممەد عەلی قەرەداغی: ٣٤.

(٩٠) مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدار، ب٤: ٤٣٦، ٤٣٧.

شیعرو بەرهەمی مەلا سالحی حەریق تایبەتمەندی هونەریو جوانکاری خۆی هەیە، سۆفیزم وەکو چەمكو تێگەیشتن لەلای ئەو شوێنی ئایدیۆلۆجیای گرتۆتەوەو بەتەواوی باوەڕی پێی هەبووەو هەر بەو چاوەش وەکو (سالیکی ڕێگای هەقیقەت) سەیری هەموو دیاردەیەکی کردووە.[90] ئەگەر وەفایی لە مەیدانی قوتابخانەی شیعری کوردیدا لە موکریان پێش کاروانو ڕچەشکێن بێت، ئەوا لەو هەرێمەدا ڕێبازی شیعری کوردی لەسەر دەستی حەریق بڵاوبۆتەوەو باوی سەندووەو[91] بە یەکێك لە شاعیرە مەزنو گەورەکانی ئەو مەیدانە سەیردەکرێت.[92] میسباحودیوانی (ئەدەب) شاعیری غەزەلی واقیعیو شاگردی قوتابخانەکەی وەفایی بووە،[93] (هۆنراوەکانی ئەدەب نرخێکی ئێستاتیکی تایبەتییان هەیە لە ئەدەبی کوردیدا، وە هۆیەکی گرنگ بوون بۆ بڵاوبوونەوەو پەرەسەندنو گۆڕانی ئەدەبی کوردی لەناوچەی موکریان)[94] جوانی لە گوزارشتو ڕەوانی لە زمانو ڕەنگدانەوەی خۆشگوزەرانیو بەختەوەری لەژیاندا، بەرهەمەکانی ڕازاندۆتەوە، بەو پێیە بەئاسانی دەچێتە ناو دڵانەوە.

وەفاییو حەریقو ئەدەب شوێنی سێ قۆنگرە، یاخود سێ هەرەمیان لە شیعری ناوچەی موکریان پێکهێناوە لەتەك ئەوانەشدا شاعیرانی لەوێنەی شێخ ئەحمەدی کۆری موکریانی کە خاوەنی گوڵزارێکی ناوازەیە لەلالە زاری شیعری کوردی لە ناوچەی موکریانو.[95] (مەجدی – مەلیکولکەلامی سەقزی)و ئەدیبو مەجدی

---

(91) هەواری خالی ، سەرجەمی نووسینی هێمن: 35، 72.

(92) نووسەرانی مێژووی ئەدەبی کوردی مەلا سالحی حەریقیان لەریزی شاعیرانی ناوچەی بابان (سلێمانی) ریز بەندی کردووە. راستە حەریق شاگردو موریدی بلیمەتی قوتابخانەی شیعری بابان بووەو هەر لەو دەڤەرەش هاتۆتە جیهانو پێگەیشتووە،، بەڵام ژیانی ئەدەبی ئەو زاتە لە موکریان دەست پێدەکاتو هەر لەوێش تەواو دەبێت، بۆیە لەریزی شاعیرانی ئەو مەڵبەندە دەژمێردرێت.

بڕوانە:

- شیعرو ئەدەبیاتی کوردی: 119.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سجادی: 421.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدار، ب4: 425.

(93) دیوانی وەفایی، چاپخانەی کوردستان: 145.

(94) عەبدوڵڵا بەگی میسباح - دیوان: 13.

(95) بڕوانە:

- دیوانی شێخ ئەحمەدی کۆر، ناشر- سەید نەجمەدینی ئەنیسی "بەهار"، 1371.
- دیوانو شەرحی حالی شێخ ئەحمەدی کۆر، عەزیز موحەممەد پور، تاران، 1378.

مهابادیو سەید رەشیدو عەلی بەگ سالار سەعیدی حەیدەری هەر لە ڕێڕەوانی ئەم کاروانە بوونو هەریەکەیان دەستە چیلەیەکی لە بەهرەو هونەرو داهێنانی ئەدەبی خستۆتە سەر ئەو خەرمانەو بەمە سامانو گەنجینەیەکی ئەدەبی دەوڵەمەندو رازاوە لەو ناوچەیە پێکهاتووەو پەرەی سەندووە.(٩٦)

لەسەرەتای سەدەی بیستەمو سەروبەندی جەنگی جیهانیی یەکەم (١٩١٤ — ١٩١٨) شاعیرانی دەستەی یەکەمی موکریان بەهرەو بەخشینی هونەریان دەوەستیو قۆناغەکەیان بەسەردەچێ، کۆمەڵگەی کوردەواری لەو بەشەی کوردستاندا ژانی قۆناغێکی تازە لە گۆڕانکاری مێژوویی- کۆمەڵایەتیو سیاسی دەگوزەرێنیو لە ئاکامیدا دەستەیەکی دیکە لە شاعیرانی ناوچەی موکریان لە ساڵانی نێوان هەردوو جەنگدا پێرادەگەن، لە وێنەی مەلا مارفی کۆکەییو ئەبولحەسەنی سەیفی قازیو مستەفا شەوقی کە لەسەر بنچینەو بەستێنی بەرهەمی شیعرو ئەدەبیاتی قۆناغی پێش خۆیانو بەزۆریش لەسەر هەمان شێوەو رووخساری شیعری دێرین، گۆڕانو تەکانێکی دیکە لەو رەوتە بەرپا دەکەنو شەقڵی مەبەستو ناوەرۆکێکی تازە لە کاروانی شیعری موکریانی ماوەی هەردوو جەنگدا (کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە) بەرپادەکەن.(٩٧) هەر لەسەر دەستی ئەمانەو لەدوای ئەمانەوەش کە دەشێ بە شاعیرانی قۆناغی گواستنەوەیان بناسێنین، نەوەی دووەمی شاعیرانی موکریان لەنێوەڕاستو نیوەی دووەمی ئەو سەدەیە پێدەگەن، کە هەرە دیارترینیان عەباسی حەقیقی، خاڵەمین، سەید کامیلی ئیمامی، عەتری گلولانی (نووری)، هەژارو هێمنو هێدی دەبنو...پەرە بە قوتابخانە شیعرییەکەی موکریان دەدەن. تا ئەوەی بزووتنەوە تازەکەی شیعری کوردی (نوێخوازیو تازەکردنەوە) لە دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا لەسەر دەستی نەوەیەکی بزۆزو چالاك لەوێنەی (عەلی حەسەنیانی، فاتحی شێخ الاسلامی، سوارەی ئیلخانی زادەو عومەری سوڵتانی و عابدی سیراجەدینی...) دێتە ئاراوە.(٩٨)

---

(٩٦) نوسکارمان دەڵێ لەماوەی مانەوەمدا لە سابلاغ کە چەند مانگێك بووە (٢٠٠ قەسیدەو غەزەل)ی شاعیرانی کوردم کۆکردۆتەوە.

بڕوانە:

- تحفة مظفرية، پ: ١٦٧.

(٩٧) رەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانیو سیاسی لە موکریان، گ / گزینگ، ژ/ ١٣: ٦٣.

(٩٨) پێشڕەوانی شیعری نوێ لە رۆژهەلاتی کوردستان، گ/ پەیام، ژمارە/ ٣، ٤.

لەکۆتاییدا وەکو دەور کردنەوەیەکی مەبەستەکانی پێشوو دەتوانین بە راشکاوی پەنجە بۆ ئەوە رابکێشین‌و بڵێین کە ئەزمونی نزیك بەسەدو پەنجا ساڵەی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی لەناوچەی موکریان وەکو دیاردەیەکی هونەری لەرەوتێکی پڕ لە داهێناندا لەو ماوەیە بێ پسانەوەو پچڕان بەردەوام بووە . بە لەبەرچاو گرتنی خەسڵەت‌و تایبەتییەکانی، بەفرە رەنگی لە داهێنان‌و سیمای رەسەنایەتی و قووڵی رەگداکوتان‌و پەرەگرتن‌و بڵاوبوونەوەی، دەشێ لەشێوەی تاقیکردنەوەو رێبازێکی ئەدەبی سەیر بکرێت‌و لەژێر ناوی ئەزموون‌و رێنیسانسێکی ئەدەبی لە ناوچەی موکریان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ناودێر بکرێت.[99] ئەم رێنیسانسە ئەگەر حیسابی بنەما دێرین‌و مێژووییەکەی بۆبکەین ئەوا ئەو حەقیقەتەمان بەو شێوەیە بۆ روون دەبێتەوە:

ـ لە بنەڕەتدا لقێکە لە قوتابخانەی شیعری کرمانجی خواروو لەوێوە سەرچاوەی هەلگرتووە.

ـ بناغە داڕێژەرەکەی میرزا عبدولرەحیمی وەفاییەو ئەو بە یەکەمین نوێنەری ئەم قوتابخانەیە لە دیوی کوردستانی ئێران دەناسرێت‌و هەر لەسەردەستی ئەویش‌و هەردوو مەزن شاعیرانی وەکو حەریق‌و ئەدەب لە موکریان باوی سەندووەو چەسپاوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی یەکەم شاعیرانی وەکو شێخ ئەحمەدی کۆری موکریانی، مەجدی (مەلیکولکەلام)و مەلا رەسولی ئەدیب‌و مەجدی مهابادیش دەگرێتەوە. ئەم قۆناغە ئەگەر ناوی بنێین قۆناغی یەکەم‌و دێرینی ئەدەبیاتی ناوچەی موکریان ئەوا لەسەرووبەندی یەکەمین جەنگی جیهانیدا دەبڕێتەوە.

ـ بەهۆی شاعیرانی دەورەی دووەم کە ژمارەیان نزیك بە ژمارەکانی پەنچەی هەردوو دەست دەبێت‌و لەناوەراستی سەدەی بیستەمەوە لە مەیدانەکەدابوون، ئەم ئەزموونە ئەدەبیە پڕ رەنگتر دەبێت‌و خەسلەت‌و تایبەتییەکانیشی بەتەواوی بۆ پێکدێ‌و مەودای تەواوی خۆشی وەردەگرێت.

---

(٩٩) رووناکبیری کورد (کاك سەلاحەدینی موهتەدی) لە وتارێکدا بۆ یادەوەری سوارەی ئیلخانی زادە بەناوی (دە ساڵ دوای کاکە سوار) کە لە گۆڤاری (پێشەنگ)دا بڵاویکردۆتەوە، ئاماژەیەکی تایبەتی بۆ ئەم دیاردەو ئەزموونەی شیعری ناوچەی موکریان کردووە.

بڕوانە:

- سوارەو پەخشانی کوردی: ٧٧.

ـ لە نێوان هەردوو نەوەداو لەماوە ساڵانی (١٩٢٠ - ١٩٤٠) کۆمەڵێ نووسەرو شۆڕە سواری مەیدانی ئەدەب لە موکریان هەڵکەوتوون کە ئەڵقەی پێکەوە گرێدانی زنجیرەی ئەو دوو دەورمیە پێکدەهێنن.

ـ لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا نەوەیەکی نوێو شۆڕشگێڕ لە شاعیرانی ناوچەی موکریان پێدەگەن کە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە بنیاتو پێکهاتەی شیعری کوردی لەو هەرێمە بەدی دەهێنن.

ـ بەم شێوەیە ئەم ئەزموونە ئەدەبییەی ماوەی سەدەو نیوێك لە تەمەنی پڕ لە بڕشتی خۆی تێدەپەڕێنێت، لەژێر ئاڵای ئەزموونی شیعری ناوچەی موکریان دەڕژێتە نێو دەریای مێژووی ئەدەبیاتی کوردییەوە.[١٠٠]

(١٠٠) هێمن لە بارەی ناوەرۆکی سیاسیو کۆمەڵایەتی شیعرەکانی: ٩، ١٠.

باسی سێیەم

ڕاچەنین و گۆڕانکاری و پێشکەوتن (سەرەتاکانی سەدەی بیستەم)

ناوچەکانی کوردستانی ئێران بەتایبەتی مەڵبەندی موکریان بەهۆی هەڵکەوتی جیۆگرافییەوە بۆ ماوەیەکی درێژ مەیدانی دەسەڵاتو ململانەی نێوان هەردوو هێزە تەقلیدیەکەی ڕۆژهەڵات (ئیرانی – عوسمانی) بووە، بۆیە هەر گۆڕانکاری و ئاڵوویرێك کە لە هەناوو پەیکەری ئەم دوو هێزەدا بەرپا بووبێت بەهەردوو دیوی چاکەو خراپییەوە ئەوە ڕاستەوخۆ لەو دەڤەرە دەنگو ڕەنگی داوەتەوە. لێرەدا زیاتر مەبەست ئەو جولانەوەو گۆڕانو هەژانە بنەڕەتییە هەمە لایەنەیە کە لە ئاکامی شۆڕشی دەستووری لە سەرەتای سەدەی بیست لەهەردوو دەوڵەتی ئیرانی – عوسمانی بەرپابوون. ئەمانە بوون بەماکی قۆناغێکی نوێ لە هۆشیاری و بێداربوونەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە. ئەوەی پەیوەندی بە بارودۆخی کوردستانی ئێرانو ناوچەی موکریانەوە هەبێت دەکرێ لە چەند خاڵێکدا دەستنیشان بکرێت:

١. پەرەسەندنی هەستو هۆشی نەتەوەیی:

ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجانی ئیرانی بەهۆی پەیڕەوی کردنیان لە ئاینزای سونەو هاوسنوور بوونیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، بۆ ماوەیەکی درێژ کەوتبوونە ژێر نفوزو دەسەڵاتی دروشمی پان ئیسلامیزمی عوسمانی.[101] بەڵام لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی (١٨٨٠)ی نەهرییەوە بەهۆی فراوانی شۆڕشەکەوە بەشداری کردنی فراوانی خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانو، بەتایبەتیش موکریان کە شانۆیەکی سەرەکی بەڕێوەچوونی ڕاپەڕینەکە بوو، لەدوای ئەوەش ئەو زوڵمو زۆرو ناڕەواییانەی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەرهەق بە خەڵکی کورد لە ناوچەکە لە هەنگاوی سەرکوتکردنی شۆڕشگێران ئەنجامدرا هەستو هۆشێکی نوێو ئازادیخوازانەی لەلای دانیشتوانی ناوچەکە بەجێ هێنابوو.[102] دوای ئەوەش شۆڕشی

---

(101) کێشەی کورد، ب١: ٢٠٥.

(102) ناسیونالیزمی کوردی (١٨٨٠ – ١٩٣٩): ٧٨.

دەستووری عوسمانی (١٩٠٨) بوو بە زەمینە خۆشکەرێك بۆ کوردەکانی ئەوێ کە داوای گەیشتن بە مافو ئازادی بکەنو هەستی نەتەوەیی ناسیۆنایزمی لەناویاندا چەکەرەی کردو بەتین تر بوو.[103] لە رۆژگاری مەشروتیەتی ئیران (١٩٠٥ – ١٩١١) لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وەکو کرماشان، سنە، سەقز، بۆکان، مهاباد چەند ئەنجومەنێکی دەستورخوازی پێکهاتبوو کە ئەنجومەنی سەقز لە مەیدانی خواستە نەتەوەییەکانی کوردی ئێران لە هەمووان چالاکتر بوو.[104] ئەم ئەنجومەنە لەژێر چاودێری شاعیر، خۆشنوسو دادوەر مەلا محەمەدی کەریم کە نازناوی (کەوسەر)ی وەرگرتبوو پێکهاتبوو، کە رۆڵێکی بەرچاوی بینی لە هاندانی خەڵکی سەقز بۆ ئەوەی پێوەندی بکەن بە ئەنجومەنو هاریکاری دەستورخوازان بکەن، هەروەها لەشاری سابلاغ قازی فەتاحی مامی باوکی قازی محەمەد ئەنجومەنی دەستوورخوازانی بۆ ئەو شارە دامەزراند.[105] بەڵام بەو هۆیەوە کە موکریان ناوچەیەکی خێڵەکیو مەڵبەندی سەرەکی هۆزە کوردەکان بوو، سەرەك خێڵەکانیش زیاتر وابەستەی بەرژەوەندی پێکەوە گرێداوی خۆیان بە دامودەزگای دارزیوی دەوڵەتی قاجارەوەبوون، بۆیە خواستی ئەنجومەنو دەستورخوازەکان لەچوارچێوەی هەندێ ریفۆرمی سیاسیو ئیداریو دادوەری تێپەڕی نەکرد.[106]

لە رۆژانی هەڵایسانی ئاگری شەڕی یەکەم تورکەکان لە رێگای پروپاگەندەو بانگهێشتی جیهادەوە لە هەوڵی راکێشانی خەڵکیدابوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی رووسەکان لە ناوچەکەدا. ئەم باوەڕە لە رێگەی پیاوانی خۆیان بەناو رەشە خەڵکەکەدا بڵاودەکردەوە، لێرەدا مەسەلەی مەزهەبیش دەورێکی گرنگی گێڕاوە، بەڵام بەشێك لە مەلاو زاناو رووناکبیرانی کورد کە لە بەندو باوی سیاسەتی دەربارو سەڵتەنەت ئاگاداربوون لە وێنەی شێخ باباو سەرداری موکریو میرزا فەتاحی قازی لە دژی ئەم بوختانو فیشالە وەستانو دەیانزانی مەسەلەکە نەوەکو لە پێناوی ئاینی

---

(103)بارودۆخی سیاسی کوردستان: ١٣٤.

(104) دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر: ٢٤١.

(105) بارودۆخی سیاسی کوردستان: ١٣٤.

(106) سەرچاوەی پێشوو: ١٤٤.

پیرۆزی ئیسلام، بەڵكو بۆ هەریسەكەیە. ئینجا لەو نێوەدا (لە پاشخانی بیروباوەڕی مەزهەبییەوە مەسەلەی نەتەوەی كوردیش هاتە ناوەوە).[107]

لە سەردەمی رەزا شادا لە بەرانبەر سیاسەتی راگواستنی هۆزە كوردەكانو لە رووی زمان ئامانو یاساغكردنی جلوبەرگو رێورەسمی كوردەواری زنجیرەیەك راپەڕین لە كوردستاندا بەرپابوون، وەكو بزوتنەوەكانی سمایل ئاغای شكاك، مەلا خەلیلی گۆرەمەری، حافز سوڵتانی هەورامیو حەمە هەتیو.[108] لە كۆتایی جەنگی یەكەمی جیهانیو ساڵانی دواتردا بزووتنەوە سیاسییەكەی سمكۆ سەریهەڵدا، راپەڕینی سمكۆی شكاك (١٩١٨-١٩٣٠) لە ناوچەكانی ورمێو لە مەڵبەندی موكریاندا كۆمەڵێك گۆڕانكاری مەزنی لەباری سیاسیو كۆمەلایەتییەوە لەگەڵ خۆیدا هێنا، بۆ یەكەمجار بیری ئازادیو سەربەخۆیی (خودموختاری) لە كوردستانی ئێران هێنایە ناوەوە،[109] تەنانەت هەندێ لە مێژوونووسان سمایل خان بە یەكێك لە رێبەرەكانی ناسیۆنالیزمی كوردی لە قەڵەم دەدەن.[110]

لە ساڵانی ١٩٢٨-١٩٣٠ خەڵكی موكریان لە دژی سیاسەتەكانی رەزا شادا بەرێبەرایەتی مەلا خەلیل راوەستان هەموو زانایانی موكریان پشتیوانیان لەو راپەرینە دەكردو خەباتو بەرینگاری لە دژی سیاسەتە نوێباوەكانی رێژیمی پەهلەوی پەرەیسەندو هەموو لایەكی گرتەوە.[111] بەم شێوەیە دەتواندرێت كۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتایی سەدەی بیست بەقۆناغی هۆشیاربوونەوەو گەشەكردنی بیری نەتەوایەتیو پەرەستاندنی راپەڕینو بزووتنەوەكانی كورد لەو پارچەیەی كوردستان بدرێتە قەڵەم.

٢. پەیدابوونی كۆڕو كۆمەڵی سیاسیو رۆشنبیری

بەو هۆیەی ناوچەی موكریان مەڵبەندی هۆزو عەشیرەتە كوردەكانە، ئەوانیش بەزۆری یا گوندنشین یاخود كۆچەرو نیوەكۆچەرن، بۆیە سیستێمی -دەرەبەگی- خیڵەكی عەشیرەتی بەسەر پەیوەندییە كۆمەلایەتیەكاندا زاڵ بووە هەتا

---

(107) ئیرانی كە من شناختەام: ٢٣٤.

(108) كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان: ١٩.

(109) كردها: ٦٥.

(110) مێژووی كورد لەسەدەی نۆزدەو بیست دا: ٩١.

(111) بارودۆخی سیاسی كوردستان: ٣٣٦.

بەشارەكانیش ڕادەگات، (لەگەڵ ئەوەی شارنشینی لە كوردستاندا مێژوویەكی كۆنی هەیە، بەڵام شارەكان لەنێو دەریای پەیوەندییە ئابوری، سیاسی، كولتورییە فیۆدالییەكاندا نقوم ببوون).[112] زۆربەی خەڵك هەم نەخوێندەواربوون هەمیش شارەكان بە گوندو دێهات گەمارۆ درابوون، بۆیە دامەزران و هاتنەكایەی كۆڕو كۆمەڵی سیاسیو فەرهەنگی لە موكریان وەدواكەوتووە. هەندێ لە پیاوانی هوشیارو ناوداری موكریانو كوردستانی ئێران لەسەرەتای سەدەی بیستەم لەتەك هەڵبژاردەیەك لە سیاسەتوان و ڕووناكبیرو ڕۆڵەی خانەدانەكانی گەلی كورد لە بەشەكانی كوردستان لە ئەستەمبوڵی پایتەختی عوسمانی كۆوەببوون، ئەستەمبوڵی ئەو سەردەمە ناوەندێكی گرنگی سیاسیو كۆمەڵایەتیو فەرهەنگی بوو بۆ چینی هەڵبژاردەی هەموو گەلانی ژێر قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریا، نەخاسمە دوای ریفۆرمەكانی دەستووری ساڵی (١٩٠٨) كە كەشوهەوایەكی ئازادی داهێنابوو بۆ زاناو دڵسۆزانو خوێندەوارە كوردەكانی ئەوێ تاوەكو بیری نیشتمان پەروەریو كوردایەتی پەرەپێبدەنو بڵاوی بكەنەوە. ئەوە بوو كاتێك (كۆمەڵەی (هێڤی) لە ساڵی ١٩١٢ لە ئەستەمبوڵ دامەزرا، قازی زادە مستەفا (شەوقی) مهابادیو قازی لەتیفی باوكیو محەمەد موفتی زادەی (میهری) سنەییش لە ریزی ئەندامو دامەزرێنەرانی ئەو كۆمەڵەیە بوون. (وەكو چۆن لە ریزی ئەندامە چالاكو كاراو خەباتكارەكانی "كۆمەڵەی پێشكەوتنی كوردستان"یش بوون كە لە ساڵی ١٩١٨دا دامەزراوە).[113] هەروەها هەندێ لە سەركردە كوردە ناسیونالستە ناودارەكانی ئەودەمەی دەوڵەتی عوسمانی، لە وێنەی ڕۆڵەكانی بنەماڵەی نەهری لە ساڵی ١٩١٢ (كۆمەڵەی ئیستخلاسی كوردستان)یان لە ئازەربایجان دامەزراند، كە ئامانجی یەكێتیو ئازادیو سەربەخۆیی كوردستان بوو.[114] هەر لەو وەختەدا عەبدولرەزاقی بەدرخانیش لە سەرەتایی ساڵی ١٩١٣ بە هاوكاری سمكۆی شكاكو كونسولی ڕوسی (چاریكۆف) كۆمەڵەیەكیان لە شاری (خۆی) دامەزراندوە كە مەبەستی برەو پێدانی زانستو خوێندەواری بووە لەناو ڕۆڵەكانی گەلی كورد لە ناوچەكە، كۆمەڵەی كوردیی كولتووری ڕۆشنگەری (گیخاندی) لە كۆتایی ١٩١٢و سەرەتای ١٩١٣ بە هەوڵو تەقەلای سمكۆو عەبدولرەزاق لە شاری (خۆی) دامەزراو،

---

(112) ژیانو بەسەرهاتی عەبدولرەحمان زەبیحی: ٣٢.

(113)ژین، كۆڤارا كوردی – تركی: ٣٩.

(114) ایرانی كه من شناختەام: ٢٣٠.

گەلێك دەوڵەمەندی کوردی دەستڕۆی تێچوو.[115] هەر لەو دەوروبەرەشدا لە ساڵی ١٩١٢ لەلایەن ژمارەیەك لە کوردی ئازەربایجان کۆمەڵەی (جیهاندانی) دامەزرێندرا کە ئامانجی رێبەرایەتی یەکێتی تێکۆشانی خەباتی کوردان بووە لەو ناوەدا.[116]

لە ساڵەکانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا پێگەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی پیاوانی ئاینی کورد لە موکریان پتەوتر بوو بە تایبەت بنەماڵەی قازییەکان کە بۆ ماوەی یەك سەدەو لە نێوان ساڵانی (١٨٥٠ – ١٩٥٠) رۆڵێکی شەرەفمەندانەیان لە مێژوویی سیاسیی موکریاندا گێڕاوە، پیاوانی ئەم بنەماڵەیە لەپاڵ رۆڵە ئاینی‌و کۆمەڵایەتی‌و نیشتمانییەکەیاندا رۆڵێکی کولتووری‌و رووناکبیریی مەزنیشیان لەم ناوچەیەدا گێڕاوە.[117] تەنانەت پیاوێکی وەکو (سەیفولقوزات)ی مامی قازی محەمەد، خەتیبی نوێژی هەینی مهاباد، لە ساڵی ١٩١٥و لە کاتی جولانەوە ئازادیخوازەکەی شێخ محەمەدی خیابانی لە تەورێز رێکخراوێکی نهێنی بەناوی (بزووتنەوەی موحەمەد) لە نیشتمانپەروەرانی موکریان پێکهێناوە بەمەبەستی پشتگیری‌و پشتیوانیکردن لەو راپەڕینە، سەیفولقوزات پشتیوانی لە بزووتنەوە سەربەخۆیی خوازەکەی سمکۆش کردووە.[118] دوابەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرو کشانەوەی لەشکری روس لە ناوچەکانی باکوورو خۆرئاوای ئێرانیش زەمینەی جموجۆڵی ئازادیخوازی لای ئازەری‌و ئاشووری‌و کوردەکان زیاتر پەرەی سەند.

لە ساڵەکانی (١٩٢٧ – ١٩٣٠) کۆمەڵەیەکی بچووك لە پیاوانی نیشتمانپەروەری موکریان پێکهاتبوو، چالاکییان دەنواندو لەگەڵ رێکخراوی (خۆیبوون)و شۆڕشی (ئارارات)دا لە پەیوەندی دابوون‌و هاوکاریان دەکردن‌و جارجاریش پەیوەندییان بە کوردستانی عێراقیشەوە دەکرد. لە رێبەرە ناسراوەکانی ئەو کۆمەڵەیە قازی محەمەدو شێخ ئەحمەدی سریلاواو قازی کاکە حەمەی بۆکان‌و (مەلا محەمەد سادقی قزلچی‌و مەلا ئەحمەدی فەوزی بوون).[119]

---

(115) بوژانەوەی رۆشنبیری‌و نەتەوەیی کورد: ١٤٠.

(116) کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا: ٣٦.

(117) بارودۆخی سیاسی کوردستان: ١٦٣.

(118) مێژووی کورد لە سەدەی نوزدەو بیست دا: ٢٤٦.

(119) قافلة من شهداء كردستان ايران: ١٣-١٤.

هێمن لەوبارەوە گوتویەتی: (فەوزی بە بڕوای من یەکێکە لە گەورە پیاوانی مێژووی کوردستان، ئەو لاوە کوردانەی لە سەردەمی پاشایەتی ڕەزاخانی پەهلەویدا، کە بە تەقلیدی ئەتاتورك خەریك بوو گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بتوێنێتەوە، کوردایەتییان دەکرد یا ڕاستەوخۆ شاگردی فەوزی بوون یا شاگردی شاگردەکانی ئەو، بەتایبەتی پێشەوا قازی موحەممەدی شەهید شانازی بەوەوە دەکرد کە شاگردی فەوزی بووە).[120] هەروەها باس لەوە دەکرێت کە کۆمەڵەی (خۆیبوون) لە ساڵی ١٩٢٩دا، مستەفا شەوقی وەکو نوێنەر دەنێرێتە شاری مهاباد، بەو مەبەستەی لقی ڕێکخراوەکە لە موکریان دابمەزرێنێ و نیشتمانپەروەرانی ناوچەکە لە دەوری ئاڵای (خۆیبوون) کۆبکاتەوە کە ئامانجی ڕزگاری کوردستان بووە. شەوقی (٣) ساڵێك لە مهاباد بەناوی پزیشکی دەمێنێتەوەو لەو ماوەیەدا بە هاوکاری قازیو خەڵکانی دی، پێگەیەکی قایم لەناو خەڵكدا پێك دەهێنێت تا ئەوەی پۆلیسی ڕەزاخان پێی دەحەسێ، ئەنجا بە ناچاری بەرەو ئەستەمبوڵ دەگەڕێتەوە.[121]

لە کۆتایی سیەکانیشدا ڕێکخراوێکی سیاسی بچووك بەناوی (پارتی ئازادیخوازانی کوردستان) بە سەرۆکایەتی (عەزیز زەندی) دامەزراوە، کە لە بەیاننامەیەکیدا مزگێنیّ هاتنی لەشکری سوڤیاتیو ڕزگاربوون لە کۆتو بەندی فاشیزم بە خەڵك ڕادەگەیەنێ، هەروەها خەڵك بۆ خەباتکردن هان دەدات بەمەبەستی بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد.[122]

بەم جۆرە بۆمان بەدیار دەکەوێت کە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم سەرەتای خەباتێکی ڕێکخراوەیی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ڕووناکبیریی ڕێكوپێكو ئۆرگانیزەکراو بووە لەڕێگەی کۆڕو کۆمەڵو ڕێکخراوە جیاجیاکانەوە، کە بە دەستپێکی سەردەمی گۆڕانکاریو بەرەو پێشەوەچوونێکی ڕیشەیی دەژمێردرێت لە ژیانی خەڵکی ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا. بەتایبەت مەڵبەندی موکریان، باری سیاسی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی ئەو دەڤەرە چۆتە قۆناغێکی نوێوە، موکریان ببووە لانەی گەشەکردنی بیری ناسیۆنالیزمو هۆشو ئاگایی نەتەوەییو ئازادیخوازانە.

---

(120) تاریكو ڕوون: ١١.

(121) لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە: ١٤٧.

(122) الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية: ٢١٢.

هەروەها باری خوێندەواریو زانستو شیعرو ئەدەبیات لە سییەکانی سەدەی بیستو ماوەی نێوان هەردوو جەنگدا پێشکەوتنێکی بنەرەتی بەخۆیەوە بینی.

۳. بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەریو چاپو قوتابخانە

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەپاڵ خەباتی سیاسیو کۆمەڵایەتی، ڕۆڵەکانی گەلی کورد پێیان نایە بوارو مەیدانی خەباتێکی تازەوە کە ئەویش خەباتی فەرهەنگیو ڕووناکبیریو ڕۆشەنگەری بوو، ئەوان پێیان وابوو کە بووژاندنەوەو گەشەپێدانی ژیانی ئەدەبیو ڕووناکبیری ڕۆڵێکی هەرە مەزن دەگێڕێ لە ڕزگارکردنی کوردان. دەستە چیلەی یەکەمی مەشخەڵو بلێسەی ئەم خەباتە ڕۆژنامەی کوردستان (۱۸۹۸) بوو کە لەلایەن ڕۆڵەکانی بنەماڵەی بەدرخانەوە بەڕێوەبردراوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕۆژنامەوانی کوردی لەچاو هی گەلانی دیکە درەنگ وەڕێ کەوتووە، ئەوا لە کوردستانی ئێرانیش زیاتر وەدواکەوتووە.[123]

لە ڕۆژگاری مەشروتەدا ڕۆژنامەکانی ئێران بەتایبەتی لەتارانو لە تەورێز ڕۆڵێکی گەورەیان لە وروژاندنی هەستو هۆشی خەڵکدا دەگێڕا، لەو سەردەمانەدا تەنها لە شاری تەورێز نزیکەی (۳۰) ڕۆژنامە چاپو بڵاودەکرایەوە کە بۆ ئەو ڕۆژگارە شتێکی کەم نەبوو.[124] نۆبەرەی ڕۆژنامەوانیی کوردی لە کوردستانی ئێران گۆڤارێکی مانگانە بووە بەناوی (کوردستان) کە لە ساڵی ۱۹۱۲دا لەشاری ورمێ چاپو بڵاوبۆتەوە، ئەم گۆڤارە ماوەی دوو ساڵ ژیاوەو[125] لەلایەن مسیونێرە ئەورووپییەکان لە ژێر چاودێریو سەرپەرشتی عەبدولرەزاق بەدرخانو بەهاریکاریو هەماهەنگی هەریەکە لە سەید تەهای شەمزینیو سمکۆی شکاك تا ڕۆژگاری هەڵایسانی جەنگی یەکەم بڵاوبۆتەوە.[126] لە ساڵی ۱۹۱۳دا عەبدولرەزاق سەرۆکایەتی کۆمەڵەیەکی کولتووریو ڕووناکبیریشی دەکرد لە (خۆی) بەناوی کۆمەڵەی (گیخاندی) کە ئامانجەکانی بریتی

---

(123) کوردو عەجەم: ۳۵۳.

(124)تاریخچه روزنامەهای تبریز در صدر مشروطیت: ۱۴.

(125) ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی: ۱۹.

(126) بڕوانە:

- مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سجادی: ٦١٠.
- ڕۆژنامەگەری کوردی لە عیراقدا: ۵۲، ۱۸۳.
- عەبدولرەزاق بەدرخان: ۵۱.

بوون لە: کردنەوەی قوتابخانە، دەرکردنی گۆڤارو رۆژنامەی کوردی، دانانی ئەلفوبێی تازەی کوردیو ناردنی لاوانی کورد بۆ دەرەوە بەمەبەستی خوێندن.[127]

لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگ هەردوو لاوی رووناکبیرو ئازادیخواز مستەفا شەوقیو محەمەد میهری لە ئەستەمبۆل تێکەڵ بە کۆمەڵی رووناکبیرو شۆڕشگێڕو ئازادیخوازانی کوردی دانیشتووی ئەوێ دەبنو لە خزمەتکردنی زمانو ئەدەبو بڵاوکردنەوەی رووناکبیری کوردی رۆڵێکی چالاکیان گێراوە.[128] مستەفا شەوقی بە هۆنراوە پڕ لە سۆزو کولو پاراوەکانی کە لەسەر لاپەرەکانی گۆڤاری (ژین ١٩١٨ – ١٩١٩)دا (کوردستان ١٩١٩-١٩٢٠)دا بڵاوی کردونەتەوە، هەستو هۆشی لاوانی کوردی هێناوەتە جۆشو خرۆش، ئەو مرۆڤە رووناکبیرە رۆڵێکی ئەدەبیو کولتووریو کۆمەڵایەتی تەنانەت سیاسی مەزنیشی هەبووە لەو سەردەمو رۆژگارەدا.

کەسی دووەم محەمەد میهرییە، کە لە بزووتنەوەی رۆشنگەریو رۆشنبیریو رۆژنامەوانی کوردیدا سەرەتای سەدەی بیست ئەستێرەیەکی دیارو مرۆڤێکی ناودار بووە. میهری کوڕی مەلا عەبدوڵلای دشەیی موفتی شاری سنە بووە، ساڵی ١٩١٢ دەچێتە ئەستەمبوڵو دەبێت بە یەکێك لە زاناو پارێزەرە هەرە گەورەکانی ئەو شارە،[129] تێکەڵاوی کۆڕی رووناکبیرو شۆڕشگێرە کوردەکانی ئەوێ دەبێت، جگە لەوەی خاوەن ئیمتیازو مودیری مەسئولی گۆڤاری کوردستان بووە کە گۆڤارێکی نیوە مانگانەی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبیو زانستی) بووە لەماوەی ساڵانی (١٩١٩ – ١٩٢٠) لە ئەستەمبۆڵ بڵاوبۆتەوە، میهری بەردەوام بەهەر چوار زمانەکەی رۆژهەڵات وتارو بابەتی جۆراوجۆری تیادا بڵاوکردۆتەوە، نووسەر هاوکارێکی سەرەکی گۆڤاری (ژین)یش بووە، لە زۆربەی کۆمەڵە رۆشنبیریو سیاسییەکانی ئەستەمبوڵدا چالاکانە خەباتی کردووە، بایەخی بە زمانو رێزمانی کوردی داوەو لەم بوارەدا دوو کتێبی نوسیووە بە ناوی (مقدمه العرفان)و (ئەساس). ناوبراو تا پەنجاکانی سەدەی بیست لەسەر نووسینو خەباتی رۆشنبیری بەردەوام بووە چەندین وتاری بایەخداری لەبارەی زمانی کوردییەوە لە گۆڤاری (هەتاو)ی هەولێردا بڵاوکردۆتەوە[130]، لێرەدا

---

(127) بووژانەوەی رۆشنبیریو نەتەوەیی کورد: ١٤٠.

(128) ژین، گۆڤارا کوردی – ترکی: ٢٩.

(129) مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سجادی، چ٢: ٥٩٩.

(130) گۆڤاری کوردستان (١٩١٩ – ١٩٢٠): ١٣.

وەکو روونکردنەوەی لایەنێکی پرشنگدار لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردستانی ئێران پێویستە ئاماژە بە رۆژنامەی (کورد) بکەین، کە وەکو یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە کوردستانی ئێراندا باسی کراوە. ئەم رۆژنامەیە هەواڵنامەیەکی حەفتانە بووە بەهەردوو زمانی کوردیو فارسی لەچاپخانەی (غیرەت) لەشاری ورمێ لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٢١ یەکەمین ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە. ئەم ژمارەیە زمانحاڵو ئۆرگانی بزووتنەوەکەی سمایلخانی شکاك بووە. بە گوێرەی سەرچاوەکان ئەم ڕۆژنامەیە سێ جار ناوی گۆڕدراوە، سەرەتا بە ناوی (ڕۆژی کورد - شەوی عەجەم) بووە، پاشان بۆتە (ڕۆژی کورد)و ئەنجا (کورد). سەرنووسەرو بەڕێوەبەرەکەی مەلا محەمەدی تورجانی (قزلجی) بووەو تەنها ژمارەیەکی لێ بڵاوکراوەتەوە.[131]

لە سەربردەی چاپو بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکە بەدیار دەکەوێت کە سمکۆ زۆر مەبەستی بووە رۆژنامەیەك دەربکات لە وێنەی زمانحاڵی بزووتنەوەکەی بێتو سووریش بووە لەسەر ئەوەی زمانی کوردی بکات بە زمانی رەسمیو سەرەکی رۆژنامەکە. وەکو چۆن پەتەو بەڵگەی ئەو باجو گومرگەی کە لە بازرگانانیان سەندووە هەم بە زمانی کوردی بووە هەم چاپکراویش بووە.[132] بەو هۆیەوەش نە ژمارەکانی گۆڤاری (کوردستان) کە لە ساڵی ١٩١٢ نە ژمارەکانی رۆژنامەی (کورد)ی سەردەمی سمکۆ کە لە ورمێ چاپو بڵاوکراونەتەوە، هیچ ژمارەیەکیان تاوەکو ئەمڕۆ لەبەردەستدانین بۆیە ناتواندرێ تیشك بخرێتە سەر ناوەڕۆكو باسو بابەتەکانیان، تەنها ئەوەندە هەیە کە دەرچوونی بڵاوکراوە گەلێکی لەو شێوەیە لە هەلو مەرجی رۆژگارێکی وەهادا بە زمانی کوردی خۆی لە خۆیدا بە کارێکی گرنگو کاریگەر دەژمێردرێت سەبارەت بە بارودۆخی ژیانی سیاسیو فەرهەنگی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بەتایبەت بۆ سنوورو قەڵەمڕەوی ناوچەی موکریان.

لەم بڕگە زەمانیەدا دیسان ئاماژە بۆ رۆڵی کاریگەری قازی محەمەد دەکەین کە ئەو لە ساڵی ١٩٢٢ بەدواوە بەردەوام خەریکی وانەبێژیو دەرس گوتنەوە بووە، تا لە ساڵی ١٩٢٦ دەبێت بە بەڕێوەبەری (مەعاریف) لە مهابادو لەم پێناوەدا گەلێك فێرگەو قوتابخانەی لە ناوچەکە دامەزراندووە، لەوانەش یەکەمین قوتابخانە بۆ کچان لەو

(131) هەواری خاڵی (سەرجەمی نووسینی هێمن): ١٣.

(١٣٢) سەرچاوەی پێشوو: ١٥.

مەڵبەندەدا، لەپاشان لە ساڵی ١٩٣١ دەبێت بە قازی هەموو موکریان‌و تاوەکو ساڵانی جەنگی دووەم لەو پایەدا ماوەتەوە.(133)

هێمن لە باسی ساڵانی ١٩٣٠ سەردەمی رەزا شادا وێنەیەکی زیندووی لە ژیانی سیاسی‌و رۆشنبیری لە موکریاندا وەبەرچاو خستووە: (لەو سەردەمە تاریك تنوك‌و ئەنگوست لە چاوەدا لە مەڵبەندی موکریان بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ سیاسەتی تواندنەوەی کورد، کۆمەڵێکی نهێنی لە زانایان‌و رووناکبیران‌و گەورە پیاوانی کورد بەرابەرایەتی مامۆستا مەلا ئەحمەدی فەوزی، سەیفی قازی، پێشەوای نەمر، قازی بۆکان، شێخ ئەحمەدی سریلاوا، گەلێکی تر لە رووناکبیرانی ئەو سەردەمە پێکهاتبوو کە ئامانجی ئەساسی‌و هەرە گەورەیان پاراستن‌و پەرەپێدانی زمان‌و ئەدەبی کوردی بوو، کتێب‌و رۆژنامەی کوردی کە لە عێراق بڵاودەبوونەوە بە زەحمەت پەیدایان دەکردو بە ئیحتیاتەوە بەسەر لاوانی بڕواپێکراودا بڵاویان دەکردنەوە تا فێری کوردی خوێندنەوە بن، ئەوان بە تایبەتی مامۆستا فەوزی، دەستەیەك لاوی رووناکبیری پێگەیاند کە لە دوا رۆژدا شاعیرو نووسەری زۆر خزمەتکارو بەناوبانگیان لێ هەڵکەوت).(134) دیارە هەنگاوی لەم بابەتە بەدەرکردنی گۆڤارو رۆژنامەو دامەزراندنی چاپخانەو کردنەوەی قوتابخانەو بە زیندوویی هێشتنەوەی زمان‌و ئەدەب‌و کولتووری کوردەواری ئەگەر چی سەرەتایی‌و تاك‌و تەراو لەم مەلاو لەولاش بووبێت، ئەوا وەکو بەشێك لە پرۆژەیەکی ستراتیژی سەیر دەکرێت کە کورد لە بواری فەرهەنگ‌و رۆشنگەریدا پێی هەڵساوە، لەئاکامدا رەنگدانەوەی قووڵی بەسەر پێشکەوتن‌و ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری گەلی کورد لە مەڵبەندی موکریاندا هەبووە کە وەکو لانکێکی بیری سەربەستی‌و ئازادیخوازی لە مێژووی کوردستاندا حیسابی بۆ دەکرێت.

---

(١٣٣) دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر: ٢٥٨.

(١٣٤) پێکەنینی گەدا: ٦ — ٧.

بەشی دووەم

شـــــاعیرانی نـــــاوچەی موکریـــــان
نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم

باســـی یەکـــەم

١. مەلا مارفی کۆکەیی

أ. کورتەیەکی ژیاننامەو ناساندن:

شـــــاعیر وەرە قوربــــــانی قەریحـــــەو قەڵـــــەمت بم
بینووســــە لـــــە بـــۆ ئــــاکرەوو ئامێـــــدو لورســــــتان
بـــۆ میللـــــەتی بێـــچارەیی بـــێ ســـاحێبو ســـــەردار
بەخـــسوس تەبەقـــــەی کـــوردی عـــــیراق و عەجەمـــــستان
بـــۆ ئاتییــــــە فکرێکــــــی بکـــــەن فرســـــەتە ئـــــەورۆ
تـــاکەی دەبـــنە چـــاو لەبـــەرو ئـــــالەتی دەســـتان

گ/ نیشتمان، ژ/ ١: ٢٤

ئەگەر لـە دەروازەی ئـەم بـانگـو هـاوارەی (شـاعیر)، کـە هەنـدێ جار وەکـو نازنـاو یـا تەخەلووسـی شـاعیر خۆیـەوە لـە شـیعرەکانیدا هـاتووە، بـچینە نێـو دنیـای هونـەرو داهێنانی شـیعرو ئـەدەبیاتی ناوچـەی موکریـان، ئـەوا شـوێنی بڵنـد گـۆی رێنیسانـسی شیعری ناوچەی موکریان لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بۆ شـاعیری جەربـەزەو بلیمـەت مـەلا مـارفی کۆکـەیی دەبێـت. مـاوەی ژیـانی ٧١ی سـالە مـەلا مـارف (١٨٧٤ – ١٩٤٥)ماوەیەکی مێژوو سازو پڕ کارەسات بـووە، کـە مـەلا مـارف کۆکـەیی نەتەوەکـەی خۆی هەستپێکردووە، بۆیە دەنگی خۆی لێهەڵبڕیوەو هاوار دەکا:

بـــۆ بـــێ خەبـــەرن دەوری جەهاڵـــەت ســـوپەری بـــوو
بـــێ نـــووره چـــرای جامیعـــەیی بـــا دەپەرســــتان
ئەورۆکــــە لـــــە فــــەن و هونـــەرو عـــیلم و ســـــەنایع
هـەر کـوردە کە بێ حیسســەیە، بـاقی هـەموو وەســـتان

گ/نیشتمان، ژ/ ١ :٢٠

کۆکەیی لە ساڵی ١٨٧٤ لە گوندی (حاجی خۆش)ی محالی شارویرانی مهاباد لە دایك بووە، لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا بۆ خوێندن روو دەکاتە سلێمانی و لە خانەقای (مەحوی) ماوەی دوو ساڵو نیو دەمێنێتەوە، پاشان بۆ دەفەری خۆیان دەگەڕێتەوەو لای زانایانی نێوداری موکریان (مەلا محمدو مەلا عەلی تورجانی زادە) خوێندن تەواو دەکات. لە گوندو دێهاتی ئەو ناوە، (قاجری، سەید ئاوا، شاریکەند، قەرەکەند، زەنبیل، قەرەگوێز، دەروێشان) بە مەلایەتیو پێشنوێژیو تەدریسەوە ساڵانێك دەباتە سەر. لە ساڵی ١٩٢٤ رووداوی کوژرانی کوڕە گەورەکەی (مەلا عەلی) بە دەسیسەی نۆکەرانو شاپەرستان، دەبێتە هۆی ئاوارەبوونی مەلا مارفو بەناچاری روو دەکاتە شاری مهابادو لە مزگەوتی (شادەروێش) دەگیرسێتەوە.

لە موکریان کە باس لە مەلا مارف بکرێ، یەکەم شت باس لەو هەژاریو نەداریو دەست تەنگیو کلۆڵیو نەگبەتییە کە ئاڵقاوی سەرتاپای ژیانی بووەو یەخەی بەرنەداوە. هێمن لەو بارەیەوە دەڵێ:(بەڵێ من پیاو بووم کە "شاعیرێك" بە کوێری لە برسانو لە خەمان عەمری خوای بە جێ هێنا. دیبوومو دەمزانی چەند زاناو خوێندەوارە چەند کۆمەڵناسە).[1] هاواری شاعیر شەرحو زبانحاڵی باری ناهەمواری خۆیەتی، ئەگەر بزانین لەدوا ساڵانی تەمەنیدا لە بینایی چاوانیش بێ بەش بووە:

لە سەربانی سەرم ڕاوەستە، تاوێکی تەماشاکە
کە پیریو فەقرو بێ چاوی چلۆنم پێ دەکەن بازی
بەسەرماندا دەرێژن گێژە لووکەی نەگبەتو میحنەت
غوباری ئیفتیقارو تۆزی دەردو گەردی بێ وازی
غەمو دەردو بەلا، چین چینو سەف سەف دەورمیان داوم
وەکو سالاتو ساحێب مەنسەبانی شورەوی و تازی
لەبەر هەیوانو نێوحەوشو حەساری مەسجیدی جامیع
بە تەنیا دێو دەچم وەك لەگلەگی مەشهوری دەریازی

دیوانی مەلا مارفی کۆکەیی:٢٠٤.

مەلا مارف شاعیرێکی بلیمەتو زرینگ بووە، پێش سەردەمی خۆی کەوتووە، لەکاتێکدا ئەو لە کۆمەڵێکی خێڵەکیو نەخوێندەوارو دواکەوتوودا هەڵکەوتووە،

---

(١) هەواری خاڵی: ٩٨.

کەچی هەستو هۆشی لەسەرەوەی ئاستی تێگەیشتنی دەوروبەرەکەی بووە، بەگوێرەی ئەو هێماو ئاماژانەی لە ناوەرۆکی بەرهەمەکانیدا دەخوێندرێنەوە:

ـ شاعیر ئاگاداری تەواوی لە پێشکەوتنەکانی زانستو تەکنیکو سەنعەت لە دونیادا هەبووە، بۆیە میللەتەکەی هانداوە کە خۆ لە باوەڕو ئیعتیقادی کۆنو تەقلیدی دەربازکەنو لە هەوڵی پێڕاگەیشتنی هونەرو سەنعەتەکانی ژیانو دونیای هاوچەرخ دابن:

ئەورۆ لە فنونو هونەرو عیلمو سەنایع
هەر کوردە کە بێ حیسسەیە، باقی هەمووو وەستان
بڕوانە لە نووری هونەرو شەمعی مەعاریف
تاریکە شەویش ڕۆشنە بۆتە قەمەرستان
گوێ بگرە لە رادیۆ کە بەیەك سانیە دێنێ
باسو خەبەری لەندەنو پاریسو لەهەستان
بێ عیلمی سەبەب بوو کە بەخۆڕایی لەدەس چوو
میسرو حەبەشو شامو عیراقو عەرەبستان

دیوان: ١٨.

ـ هەستو هۆشی نەتەوەخوازیو میللەت پەروەری شاعیر لە ئاستێکی گەشاوەو پێشکەوتوودا بووە، بۆیە (مەلا مارف لە دەورانی خۆیدا بە شاعیری پێشکەوتوو ناسرابوو)،[٢] لە کاتێکدا دەبینین مانۆرە سیاسییەکان بەنهێنیو بە ئاشکرا لەنێوان زلهێزەکانی دونیاو وڵاتانی ئیستعمارگەر لە ئارادابوو بۆ بەشینەوەی میراتی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، بێ ئەوەی حیسابو کتابێك بۆ گەلانی ژێر دەستەو بەشخوراوی ناوچەکە بکەن، لە کاتێکدا لە ڕۆژێکدا دەیان پەیمانو بەڵێن دەبەستزانو رادەگەیەندرانو لەژێرەوەش پایماڵ دەکران، لە ڕۆژگارێکدا کە هێشتا هاتنە ئارای قەوارەیەکی سیاسی بۆ کوردو پێکهاتنی سیستمێکی حوکمڕانی لە شێوەی جەمهوریەتێکدا (لە وێنەی کۆماری دیموکراتی کوردستان)، لە دڵی مێژوودا نووستبوو، مەلا مارف مانیفێستی سیستمێکی سیاسی بۆ گەلی کورد پێشنیار دەکات (دامەزراندنی جمهوریەتێك لە کوردستان) کە رەنگە کەم کەس بەخەیاڵیش پەی پێ بردبێت!

---

(٢)مەلا مارفی کۆکەیی، گ/ سروە، ژ/٢٥ : ١٩.

برا بیری چرایێکی بکەن، تاریکە شەودادێ
قیامێکی بکەن تا فرسەتە بیکەن بە جمهوری

گ/ نیشتمان، ژ/٥: ١٩.

- مەلا مارف زاتێکی حەق گۆو خاوەنی هەڵوێستی بوێرو ئازایانەبووە،[٣] لەوەش نەپرینگاوەتەوە کە رەنگبێ بەیانی باجی ئەو هەڵوێستانەی بدا، یا کردارو رەفتاری دوو فاقیو ناپەسەندی ئاغاو خانو سەرەك خێڵەکانی ناوچەکە لەبەرامبەر دەسەڵاتدارانی بێگانە لەلایەكو، دەرحەق بە جوتیارو رەشو رووتو رەعیەتەکانیان لەلایەنێکی دیکە قبوول بکات. ئەو هاتووە زۆر بە توورەیی شۆرشو لەشکرکێشی سمایلائاغای شکاکی بۆ سەر شاری سابلاغ ریسواو شەرمەزار کردوە:

شاعیر عموومی کەوتنە مەقالاتو بۆڵە بۆڵ
مەتحی وەتەن دەکەن، بە قەسیدەی شرو شرۆڵ
تەعریف دەکەن لە میللەتی کوردی بە سەد زمان
پاك بوونە چاووشێکی بەبێ دەبەگو دەهۆڵ
کوردیش چ کوردە، میللەتی خۆ خۆرە پێکەوە
بۆ گیانو ماڵی یەکتری سمکۆڵ دەکەن لە خۆڵ

تا لە کۆتاییدا دەڵێ:

مەیرێسە بەسیە شاعیری چەپرەك بڵێ بڵێ
رەببی وڵاتی کوردی ببینین بە چۆڵو هۆڵ

دیوان: ٤٨ .

مەلا مارف شاعیرێکی واقیعی بووە، پێی لەسەر عەرزو لە هەناوی کۆمەڵەکەی خۆیدا ژیاوەو ژیانی لەگەڵ گێرەو کێشەی زۆر تێکەڵاو بووە. گرفتاریو نەداریو کوێریو نابیناییو سەرباری ئەمانەش، گێچەڵ و هەراسانی لە چنگ ژاندارمو پۆلیسی رەزا شا، لە شیعرێکی جواندا بە وردی ئەم هەلومەرجەی دەوری ژیانی داوە باس دەکات:

---

(٣) ناودارانی موکریان، عبدالله سەمەدی، www.dengekan.com

مودەتێکــــە نەفــــسی حیـــز حـــوکمی خــــراوم لێـــدەکا
هـــەر بەقـــەهرو کینــــە دەروانێـــتو چـــاوم لێـــدەکا
هەرچـی فیکـری لێدەکـــەم رێگـــای خەلاسـیم بــۆ نییــە
بـــەو چـــلەی زســـتانە داوای تــــاوو ســـاوم لێـــدەکا
دەچـــمەوە مـــاڵ، مـــاڵو منــداڵ دێـــنو دەورەم لێـــدەدەن
یــەك تەمــەنای قەنــدو چــا، یــەك نـــانو ئـــاوم لێـــدەکا
روو لـــــە بـــــازاڕی دەکـــــەم ئـــــەمجارە ئـــــەرِبابی تەلــــەب
هـــــەر کەســــــێ تووشــــــی دەبـم داوای دراوم لێـــــدەکا
دەچــمە ســـەر چــۆمو خیابــان، یــەك نەفــەس ئاســوودەبم
شــــــارەبانی حــــــازرەو داوای کـــــڵاوم لێـــــدەکا
دەردی بـــــەدتر لـــــەم هـــــەموو دەردانـــــە دەردی پیرییـــــە
جــەرگی لـــەت لـــەت کـــردووم، داوای هـــەناوم لێـــدەکا
ســەیری خۆشــتر مــن کــە (مــەعروف)م لـەنێو ئـەو شـارەدا
تـــــازە ئیحـــــسائییە داوای ئیـــــسمو نـــــاوم لـــــێدەکا

دیوان: ٣٤.

کۆکەیی وەك لەمەیدانی بیری سیاسیو نەتـەوەخوازیو نیشتمان پەروەریـدا شاگردی بلیمـەتی حـاجی قـادری کـۆیی بـووە، لـە مـەیدانی وەسـفو ستایشی سروشـتی پـاکی نیشتمانیـشدا قەسـیدەیەکی بـــەهاری رازاوەی هۆنیوەتـــەوە کـــە لەگـــەڵ قەســـیدە بەهارییەکەی حاجیدا بەرامبـەرن، لەگـەڵ ئـەوەدا کـە باسـی خێـوەتی گوڵو گـوڵزارو شەونمی سەر رووی لالەزار دەکات لە دەشتو دەر، بـە پـلارو لاقرتـێ سـەرو پۆتـەلاکی وشکە سۆفیش دەکوتێتەوە:

ســـــۆفی وەرە هـــــەنگامی گـــــوڵ و فەســـــڵی بـــــەهارە
وەختــــی تـــــەرەب و عـــــەیشو دەمــــی گەشـــــتو گـــــوزارە
پیـــــشەو عەمـــــەلت حیلەیـــــە، تـــــەزویرو ڕیایـــــە
تــــۆ بەشــــقی خــــوا دا پــــێم بلــــێ ئــــەم کــــارە چــــە کــــارە
بـــــەم ڕیـــــشەوە تاکـــــەی دەبـــــڕی ریـــــشەیی عـــــومرت
ئـــــەم ڕیـــــشە مەگـــــەر تیـــــشەیە یـــــا شـــــەققە مـــــشارە

- تێفکــــره تەماشـــاکه لـــه کووچـــەو لـــه خیابـــان
سـێـوّزی نەیـــه نەشـئەی مەیـــه ئـاوازمیی تـــاره
پـوّل پـوّل سـەفی مەحبووبـــه لـــه گـولّزارو چـەمەندا
تـــوّ دێـــوی مەگـــەر مـەنزڵی تـــوّ هـــەر لـــه موغـــاره
رایخـــستووه فەرِاشـــی ســـەبا فەرشـــی زومـــەرِەد
وەك ئەتڵەســی یەکرِەنگـــه بـــەبێ گـــەردو غوبـــاره

دیوان: ١٥.

کۆکـەیی بـەوه ناسـراوه کـه بـەهۆی نـەداریو دەسـت تـەنگییـەوه رووی کردۆتـه پیـاو چاكو خواپێداوەکانی موکریانو شیعرو قەسیدەی ستایشو پیاهـەلگوتنی لـه شێوەی (سـوالّنامه)دا بـوّ نووسـیون، هـەزار لـەو بارەیـەوه دەگێرِێتـەوەو دەڵـێ: نیزامـیو فیردەوسـیو...زۆربـەیان لـەو شـاعیره گەورانـه بـه سـوالکەری ژیـاون، ئـەوانـەی خـۆم دیتمنو زۆر له خـۆم شـاعیرتر بـوون، وەك مـەلا مـارفی کۆکـەیی، قەسیدەیەکی سـەد بەیتی بۆ تاجرێك دەنووسی دەیگەیانده تەشقی عاسمان، نیو کیلو گۆشتی دووتمـەن بایی بۆ دەنـارد....یـا ئـەوەتا سوالّنامەی بـۆ هـەره پیـاوی خـوێرِیش دەنووسـیو ئیـوا هـەبوو پـارەی ده نـانی بـۆ نـەدەنارد.[٤] بـەلّام نێـوانی لەگـەلّ سـەیفی قـازی شـاعیری هاوتەمـەنی خـۆش بـووەو وا هـەبووه بـه نامـەی شـیعری پریاسـکەی دلّـی خـۆی بـۆ کردۆتـەوه:

رایـــەلو پـــۆی تێکـــچووه ماشـــێنەکەی چـــەرخی فەلـــەك
هـــەروەکو ئـــەوزاعی مـــن ئـــالّۆزو دەرهـــەم بەرهەمـــه
چـــون بەهـــەر شـــکلێ لـــه مـــەزووعات و مـــەحمولاتی خـــۆم
هـــەر قیاســـێ هەڵدەبەســـتم بـــێ نەتیجـــەو نەعقەمـــه
مەسـلەحەت وایــه کــه شــەرحی حــاڵی خۆمــت پــێ بڵــێم
تـــا بزانـــی زەخـــمو دەردم بـــێ دەواوو مەرهەمـــه
هـــیچ درۆ ناکـــەم جـــەنابی (ســـەیف) ئەگـــەر بـــاوەرِ نەکـــەی
بـــەو خودایـــەی خـــالقی کورســـیی و عەرشـــی ئـــەعزەمه

دیوان: ٣٣.

---

(٤) چێشتی مجێور: ٣، ٤٥.

کۆکەیی بەهەر چوار زمانی کوردی، فارسی، عەرەبیو تورکی شیعرو هۆنراوەی داناوە، جگە لە دیوانی شیعرە کوردییەکانی، دیوانێکی فارسی چاپکراویشی هەیە کە لە ساڵی ١٩٦٢ لە پاکستان لە ٢٠٨ لاپەڕەدا لەلایەن محمد ئەمینی میسری (سەیدیان)ەوە لە چاپ دراوە. شیعرە فارسییەکانی چی لەبەر شیعرە کوردییەکانی کەمتر نییە، یەکێك لە گرنگترین بەرهەمە فارسییەکانی پارچە پێنجینێکی (٢٤) بەندییە کە چ لە بواری کۆمەڵناسی کۆمەڵی کوردەواری بێ، چ وەکو لاپەڕەیەکی مێژووی موکریان بەرهەمێکی ئەدەبیی گرنگو بایەخدارە.[٥] هەروەها پێنجینێکی فارسی ناوداریشی لە بۆنەی مەرگی ناکامی مەلا عەلی کوڕی داناوە، کە بەندی دەستپێکی زۆر ناوبانگی پەیداکردووەو لەناو خەڵکیدا بڵاوبۆتەوەو بووە بە ناسنامەی مەلا مارف، کە دەڵێ:

منم آن شاعر معروف بهر شهرْ بلد
مرکز دایره بخت بدو گالع بد
برسرم تاخته یك لشکر بیحدْ عدد
نفراتش همه خونْ خوارتر از ببرو أسد
افسرانشْ همه داو السرگان اندو کبْه[٦]

کۆکەیی لە کۆتایی قەسیدەی (سێلاوی بەدبەختی) کە لە بۆنەی کارەساتی لافاوی شاری مهابادا گوتویەتی لۆمەی خۆی دەکاتو دەڵێ:

مەقامی تۆ نییە وەعزو نەسیحەت شاعیری سووتاو
وەکو پەروانە بۆ دونیا بڕۆ لەم خەڵکە خۆت لادە
شیعارو مەسلەکی ئەشعاری تۆ تەنقیدو تەمجیدە
بەکارت نایە ئەم مەیدانە ئەسپی خۆت لەوێ لادە

دیوان: ٤٤.

ئەنجا (تەنقید)ی کۆکەیی هەندێ کەڕەت دەگاتە رادەی ئیشانلنی هەندێ کەسو هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی، با لە ژێر پەردەو پەڕۆی شێخو خەلیفەو ئاینداریشدا

---

(٥) پێنج خشتەکییەکی فارسی مەلا مارفی کۆکەیی، عەبدوڵڵا سەمەدی، www.dengekan.com

(٦) دیوان ملا معروف متخلص بشاعر کوکی: ٧٤.

حەشار درابێت. هەڵمەتی پلینگانەی شاعیر لێرە بۆ سەر خانەقای خەلیفەیەکی شێخانی زەنبیلە، دیارە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی نەکەوتۆتە بەر دڵی شاعیر بۆیە خانەقاکەی بە (مەکتەبخانەی تەدلیس) ناوزەد دەکاو بەم جۆرەش خەلیفە دەشێلێت:

تەماعم بوو بکەم مەتحی خەلیفەی شاهی زەنبیلی
کە تێفکریم لە قوەت خاریجە تەشریح و تەفسیلی
لە باب و فەسڵی تەزویرو ڕیا هێند چوست و چالاکە
هەموو کەس خۆ دەپارێزێ لە مەکرو کەیدو تەزلیلی
وەکو جەردەی موسەلەح دەچتە سەر ڕێگەی موسولمانان
بە ئیمان ئیکتیفا ناکا دەکا نەزعی سەراویلی
هەموو ڕۆژێ لە مەکتەبخانەی تەدریس و تەدلیسی
دەنووسن سەد جەوازی نومرە یەک ڕوتبەی عەزاریلی
بەریش و سورەت و عەممامەو شکڵ و هەیولائی
بە لەحنی نازک و قەوڵی ئەکازیب و ئەباتیلی
فریوی جاهیلی وەحشی دەدا بێچارە نازانێ
مەقام و مەنزڵی ئیبلیسە ریشوو پێچ و مەندیلی
أيـا مَـن قـلتَ أنَ الشعرَ عِصيانٌ وَ نُقصانٌ
لكم إحسانكم يا لائمي، نقصي وذنبي لي

دیوان: ٧٢.

دوا دێری قوفڵی پارچەکە بەروونی باڵادەستی و توانای شاعیرانەی مەلا مارف، بەسەر زمان و سەبکی غەیری کوردیش لە هۆنراوەدا نیشان دەدات.

شیعر لە کۆمەڵێکی نەخوێندەوار، غەرقی دابوو دەستووری خێڵەکی و دەرەبەگایەتی وەکو موکریانی ساڵانی (١٩٢٠ – ١٩٤٠)ی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، هەر دەبێ خاوەنی پەیامێکی کۆمەڵایەتیی هاندەرو هوشیارکەرەوە بێت. بە زمان و بەیانێك بدوێت تاوەکو خەڵکەکە تێی بگات و لێی حاڵی بێت، لێرەوە مەلا مارف وەکو زانایەکی چاکەخوازو چاکسازی کۆمەڵایەتی، بە چەکی شیعرو هۆنراوە، هاتۆتە مەیدانی هاندان و تین وەبەرنانی کۆمەڵگاکەی، تەوس و پلاری تێگرتوون، کەم و کورتی و

ناشرینییەکانی ئاشکرا کردوون، رەخنەی لێ گرتوونو رێگای دروستو چاکەو پێشکەوتنی بۆ دەستنیشان کردوون.

بۆیە شاعیر لەم بوارەدا پێشەنگەو لە بەرهەمەکانیدا چەمکو ناوەرۆکێکی سەر بە قوتابخانەی ریالیزمی دەربڕیوە. ئەگەرچی لە چوارچێوەو شێوەی دێرینی شیعری عەرووزیشدا لاینەدابێت. لە موکریان لە پێش مەلا مارف شاعیرێك بەدی ناکەین ئەوەندە خەمخۆرو بەتەنگ پێشکەوتنو سەربەستییەوە بوو بێت، ئەوەندە دژ بە دابو نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان وەستابێت، ئەوەندە واقیع بینانانەو بێ پەردە دەردو دەرمانەکانی دەستنیشان کردبێت. ئەوەندە داکۆکی لە بیری زانستی کردبێتو پەرۆشی قەومو نیشتمانەکەی بوو بێت. بەر لەوەی ئەم چەند دێرە بە کۆتا بهێنین وا چاکە پەنجە بۆ راستییەك رابێڵین کە ئاوایی (کۆکە) جگە لە مەلا مارف زێدی دوو شاعیری ناوداری دیکەی موکریانە، یەکەمیان مامۆستا (عەباسی حەقیقی)یەو ئەوی دیکەش (خالەمین)ە. کۆکەیی لە ساڵی (١٩٤٥) کۆچی دوایی کردووەو لە مەهاباد سەری ناوەتەوە.

ب. رابەری سەرچاوە سەبارەت بە ژیانو بەرهەمی شاعیر:

١. گۆڤاری نیشتمان ١٩٤٣- ١٩٤٤ زمان حاڵی (کۆمەڵەی ژێکاف)، جەمال نەبەز، بنکەی چاپەمەنی ئازاد – سوید، ١٩٨٥.

مەلا مارف هێشتا لە ژیان دابووە کە گۆڤاری نیشتمان لە مەهاباد دەرچووەو بڵاوبۆتەوە، لە بەرپۆەبەری بەرپرسو بڵاوکەرەوەی گۆڤارەکەش (عەبدولرەحمانی زەبیحی) نزیك بووە،[٧] لە ژمارەکانی (١)، (٣، ٤)، (٥)، (٦)ی نیشتماندا چوار پارچە شیعری نیشتمانیی مەلا مارف بڵاوبۆتەوە، واتا لە هەر ژمارەی پارچەیەك بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە گۆڤارەکە لە ساڵانی (٤٣ – ٤٤)دەرچووەو مەلا مارفیش لە ساڵی ١٩٤٥دا وەفاتی کردووە. دیارە ئەم بەرهەمانە دەبنە دوایین ئەزموونەکانی شیعری ئەو،[٨] لەوێدا لە ژێر نازناوی (شاعیرێکی بەناوبانگ – بوێژێکی ناودار) ناوبراوە. دیارە هەڵوەرجەکە وای خواستووە کە ناوی راستەقینەی شاعیر ئاشکرا نەکرێت وەکو دابی زۆر لە نووسەرانی گۆڤارەکە. دواتر تەنها یەکێك لەم هۆنراوانەی

---

(٧) دیدار لەگەڵ مستەفای کۆکەیی (نەوەی شاعیر)، مەهاباد، ئەیلولی ٢٠٠٥

(٨) برا بیری چرایێکی بکەن، عبدالله سەمەدی، www.dengekan.com

(بـه دەسـتكارييەوە) لـە ديوانەكەيـدا چاپ كراوەتـەوە، ئـەم چـەند بەرھەمـە بـۆ ھەڵسەنگاندنو ناسينى بيرو باوەڕى شاعير زۆر بايەخدارن.(٩)

٢. گۆڤارى ھاوارى كورد، ژمارە (١)، رەزبـەرى ١٣٢٤/ ١٩٤٥. وتـارێكى لەلاپـەڕە (٧ - ٨)دا بڵاوكردۆتەوە لە ژێر سەردێرى: كوردى بەناوبانـگ - مەلا مەعروفى كۆكى، ئەم وتارە تەنھا چەند مانگێك لە دواى كۆچى دوايـى شـاعيرەوە نووسـراوە، بۆيـە لـەم لايەنـەوە بايەخى بەديار دەكەوێت.

٣. ديوانى مەلا مەعروف كۆكەاى، سيديان، مەھاباد، ئيران، ١٣٤٦/١٩٦٧.

ديوانێكى پڕ لە ھەڵەو پەڵەيە، كـەمو كورتـى زۆرى تێدايـە ھـەم سـەرجەمى شيعرو بەرھەمەكانى شاعيرى تێدا كۆ نەكراوەتەوەو ھەميش دەستكارى بەرھەمەكان كراوەو لێـى زيـادكراوەو شـتى خراوەتـە پـاڵ. بـەڵام لەگـەڵ ھـەموو ئەمانەشـدا تـا ئێـستا سەرچاوەيەكى باشە سەبارەت بە ژيانو بەسەرھاتو سەربردەى مەلا مارف، ھـەروەھا بەشى ھەرە زۆرى بەرھەمە كورديـيەكانى شاعيرى تيـادا كۆكراوەتـەوە. سـەبارەت بـە مێـژووى ژيـانى شـاعيرو سـاغكردنەوەى بەرھەمـەكانى لـە ھـەموو ئـەو وتـارو سەرچاوانەى كە دواتر نووسراون پشت بە زانيارييەكانى ئەم ديوانە بەستراوە.

٤. ديوان ملا معروف متخلص بشاعر كوكى، ئەمە ديوانى شيعرە فارسيەكانى شـاعيرە، بەخەتێكى نەستەعليقى جوان نووسـراوەتەوەو ھـەر بـە ھـەوڵو كۆشـشى (سـيديان) خـۆى لەسـاڵى ١٣٤١/١٩٦٢ لـە پاكـستان لـە ٢٠٨ لاپـەڕەدا لـە چـاپدراوە. بەشـى زۆرى بەرھەمەكانى ئەم ديوانە لە غەزەلو قەسيدەو تەركيب بەند پێكھاتوون، مـەلا مـارف يەكێكە لەو شاعيرە كوردانەى كە لە نەزمى فارسيدا لـە ناوچـەى موكريـان دەسـتێكى زۆر باڵاى ھەبووە.

٥. گلزار شاعران كردستان – سيد عبدالحميد حيرت سجادى، تھران، ١٣٦٤.

٦. مێژووى وێژەى كوردى، صديق بۆرەكەيى (صفى زادە)، بـەرگى-٢، انتـشارات نـاجى-بانە كردستان، ١٣٧٠.

٧. تاريخ مھاباد، سيد محمد صمدى، انتشارات رھرو، مھاباد، ١٣٧٣.

٨.تاريخ فرھنگ وادب مكريان، ابراھيم افخمى، جلددوم، ناشر: محمدى سقز، ١٣٧٣.

٩. شاعران كرد پارسى گوى، سيد عبدالحميد حيرت سجادى، تھران، ١٣٧٥.

١٠. چێشتى مجێور، ھەژار، پاريس، ١٩٩٧.

---

(٩) سەرچاوەى پێشوو.

١١. زانایانی کورد، محمد سالّح ئیبراهیمی (شەپۆڵ)، چاپەمەنی سەقز (محمدی)، ١٣٧٩.
١٢. تاریخ مشاهیر کرد، بابا مردوخ روحانی، جلد دوم، تهران، سروش، ١٣٨٢.
١٣. کۆمەڵێك وتارو باسی جۆراوجۆر لە بارەی مەلا مارف لە بەرگەکانی رشتەی مرواریو گۆڤارو رۆژنامەکانی وەکو (سروە، مهاباد، رصد..) بڵاوکراونەتەوە.
١٤. سید عەبدولای سەمەدی مهابادی لە سایتی: www.dengekan.com دوو لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە شاعیر بڵاوکردۆتەوە، یەکێکیان سەبارەت بەو چوار پارچە شیعرەیە کە لە کاتی خۆیدا لە ژمارەکانی گۆڤاری نیشتماندا بڵاو بوونەتەوە، دووەمیان سەبارەت بە ساغ کردنەوەو لێکدانەوەی پێنجینە فارسییە نێودارەکەیەتی.

باســـــى دووەم

٢. ئەبولحەسەنی سەیفی قازی (سیف القضات)

أ. ژیننامەو ناساندن:

یەکێکە لە شاعیرو پیاوە مەزنەکانی ناوچەی موکریان، برا بچووکی میرزا فەتاحی قازیو قازی عەلی بووە، مامی پێشەوا قازی محمدو سەدری قازیو باوکی حەمە حوسێن خان (شەهیدانی چوارچرا)ی کۆماری کوردستان بووە.(١٠) لە (مانگی بانەمەڕی ١٢٠٠ای هەتاوی – ٢٨ نیسانی ١٨٧٦) لە شاری سابلاغ هاتۆتە دنیاوە، میرزا قاسمی باوکی پیاوێکی زاناو پێشەوای ئاینی ناوچەکەو قازی شار بووە.(١١)لەو شوێنەوارە پڕ لە زانستو بەهرەیە پێگەیشتووە، شارەزایی لە ئەدەبو سیاسەتو زانستو زانیاریدا پەیداکردووە، لەلای مەلاو زانا ناودارەکانی موکریانی ئەو سەردەمە خوێندوویەتی تا بە پلەی مەلایەتی گەیشتووە، ماوەیەك لە مەهابادو لە دواییدا لە گوندی (گویگجەلی) کە مەڵبەندێکی خۆش ئاوو هەوایەو لەسەر چۆمی جەغەتوی نزیك مياندواوە، جێگیر دەبێتو ژیان بەسەر دەبات. تا لە ڕێبەندانی ١٣٢٣/ ١٩٤٤ کۆچی دوایی دەکات.

سەیفی قازی گەورە پیاوێکی زاناو ڕووناکبیرو خوێندەوارو کارامەو بە ئەزموونی موکریان بووە، (زیاتر خەریکی کاری سیاسیو کۆمەڵایەتیو کشتوکاڵو موڵکداری بووە، سۆفیو دڵتەڕ بووە، شاعیری پیشەی هەمیشەیی نەبووە، کەچی لە ڕیزی شاعیرە بەرزەکان دەژمێردرێ، جگە لە زەوقی شاعیری کۆمەڵناسو مێژووزان بووە).(١٢)

هێمن لەو باسەیدا کە بەناونیشانی (مامۆستای شاعیرانی موکریان) لە بارەی سەیف نووسیویە، دەڵێ: (سەیفی قازی خۆی قوتابخانەیەکی نوێی لە ئەدەبی کوردیدا کردۆتەوە، بە یەکەمین شاعیری کوردستانی ئێران دەناسین کە بای داوەتەوە سەر

---

(١٠) هەواری خاڵی: ٣٤.

(١١) دیوانی سیف القضات: ١٤.

(١٢) هەواری خاڵی: ٣٥.

ئـەدەبی فولکلۆری کـوردیو بـە زمـانی زەحمەتکێشانو رەنجبـەرانی لادێ شـێعری گوتووە، تێکۆشاوە تەعبیری ناسكو رەسەنی کوردانە لە شێعری ساکارو جوانو رەوانی خۆیـدا بگونجێنـێ، وشـەی پـەتیو رەسـەنی کـوردی لـەکار بێنـێو زمانەکـەمان بـە چەشنێکی وەستایانەو شارەزایانە بژاربکاو، وشەی بێگانەو نامۆی لـێ دەرباوێـژێو بـە شایەدی هەموو زماناسێك لەم کارە بە کەڵکەدا زۆر سەرکەوتووە.)(١٣)

لە پارچە شیعری (تفلّی دڵ)دا شاعیر بە پێڕەوی لەشاعیرانی کلاسیکی پێشی خۆیـدا دەڵێ:

دایـــم دڵـــم بـــە ناڵـــەو زاریو فیغـــان دەڵـــێ
خـــۆش بـــەو شـــەوەی کـــە رۆژی روخـــی دڵبـــەرم هـــەڵێ
تفلّـــی دڵـــم گـــرِوی شـــەکەری لێـــوی گرتـــووە
بـــەو دوو هـــەنـــارە ژێـــری کـــەوە، بـیخـــە بـاغـــەڵێ
زولفـــت وەلادە رووت بنوێنـــە بـــە دەفعـــەیێ
شـــەو رابـــرێ، ســـتارە نـــەمێـــنێ، قـــەمـــەر هـــەڵێ
بـــەو زولفـــە میروەحـــەت مەکـــە مـــەنعم لـــە شـــەهدی لێـــو
تـــەیـــرێـــکە دڵ زەعـــیـفـــە، دەتـرســـێ لـــە داوەڵـــێ
ئـــەو قافیـــەت بەســـانی دڵـــی مـــوددەعی حەســـەن
تـــەنگە، درەنـگە، مـەیلی بـە جـەنـگە، هـەڵێ، مـەڵێ

دیوانی سیف القضات: ٣٣

(هێرش) لە مەڕ شیعرو پێشەنگیی سەیفی قازییەوە دەڵێ: (یـەکێك لـەو شـاعیرانەی کە دەکرێ وەك پێشەنگی شیعری نیشتمانیو سیاسی موکریان نێوی بێنین کـە شـوێن پێی لەسەر شاعیرانی دواتـری موکریـان بـەروونی دەردەکـەوێ سـەیفی قازییـە.. ئـەو یەکـەم شاعیری ئـەو قۆناغەیـە کـە توانیویـەتی بـە دەمەزەردکردنـەوەو تیفتیفـەدانی خەنجەری شێعری موکریان دەستپێشخەری شێوازێکی نـوێ بـێ چ لـەباری شـێوەوە چ لـەباری کاکڵو ناوەرۆکـەوە...ئـەو سـەرەڕای نوێکردنـەوەی بـیری گـەل پەرسـتیو نەتـەوەخوازی ئەحمـەدی خـانیو حـاجی قـادری کـۆیی، لـەباری داهێنـانی کێشی خۆماڵیو دەکارهێنانی وشەی پـەتیو پـاراو بەیـەکێك لـە ئـەدیبانی گـەورە لـە قەڵـەم

---

(١٣) سەرچاوەی پێشوو، ٢٥

دەدرێ).[14] شاعیر بە پێڕەوی لەئاهەنگو کێشی شیعری میللی کوردی، لە ژیانی پڕ زەحمەتی جوتیارانی لادێی موکریان دەدوێ:

شـــــەماڵ و زریــــــان دایــــــم شــــــەڕپانە
ئــــاغـــــاوات شـــــڕن کرمــــــانج قــــڕپــانـــــە
کرمــــــانج دەوڵـــــەتی پــــڕو پاتــــاڵ بــــــوو
کۆچـــی دێ بـــە دێ بـــە مــــــانگ و ســـــاڵ بـــوو
ئـــەویش لـــە دەســـت چـــوو هێنـــدە کـــۆچ مەکـــەن
کـــای ســــەرو نـــــوێ کـــەن، جـــووتی زۆربـــکەن
باغـــــــان دابنــــــــێن، داران بنێــــــــژن
نـــــەجیبو عەســــــلن، کــۆن و لــــە مێـــــژن
تاکـــــەی لــــە دەرکــــان کـــــزو بــــڵاو بـــین
بـێ مـەزن و گـەورە، سـەر بـێ کڵاو بـــین

دیوان: ٥٣.

هەروەکو لە وەسفی شەنگە بێری‌و نازدارانی دێهاتی موکریاندا دەڵێ:

کـــوان شـــەنگە بێـــری لـــە چـــیاو کوێــــستانان
شــــــلقەی مەشــکەیـــــان ، بـــــەری بەیانـــــان
قۆڵیـــــان هــــــەڵ دەکـــــەن، دەڵێـــــی بلــــوورە
ســــــینگیان دەردەخـــــەن، پارچێـــــک لــــە نـــوورە
دەرزی بــــــەرۆکیان کــــــەدێن دەربێـــــــنن
ڕۆژ لـــــە عاســــمانڕا بـــۆ عــەرزی دێــــنن
زوڵفـــــــان لابـــــــەلا دەکـــــــەن بـــــەلادا
ڕۆژ هـــــــەوری لەســــــــەر رووی خـــۆی وەلادا
قـــــەدو باڵایـــــــان وێنـــــەی نــــــەمامان
کـــێ دێ نـــەمامـــان بـــگرن شـــــەمامان

دیوان: ٥٢.

---

(١٤) ڕەوتی سەرهەڵدانی شیعری نیشتمانی‌و سیاسی لە موکریان: گ/گزینگ، ژ/١٣: ٦٩

دیاره هێمن‌و شاعیرانی هاوتەمەنی، وشەو تەعبیری کوردانەو خۆماڵی لەوی فێربوون بۆیە دەڵێ: (شاعیرەکانی پێش ئێمەی موکریان ئەگەر نەشڵێن بیری نەتەوایەتی لەوی فێربوون دیارە ئوسلوبی لەکارهێنانی وشەی رەسەنی کوردی‌و زمانی شوان‌و سەپان‌و جوتیاریان لەوی وەرگرتووە، ئێمەش شاعیرەکانی پاش ئەوان وەك هەژارو عەتری گلولانی‌و هێمن پەیڕەوی ئەوانمان کردووەو دیارە شاعیرەکانی لاویش وەك سوارەو هاوارو مەحموودی‌و مەلا غەفوور ئەم ڕێرەومیان بەرنەداوە).[15] شاعیرانی کورد هەندێ جار پەنایان بردۆتە بەر سیستمێکی تازە کە ئەویش (مەسنەوی — جووت سەروا)یەو بەوە خۆیان لە هۆنراوەی یەك سەروا رزگارکردووە تاوەکو واتا هەم ڕەوان بێت، هەم رەسەن‌و پاراوو نەبێتە قوربانی سەروا.[16] سەیفی قازیش شیعرە هەرە جوان‌و پاراوەکانی ئەوانەن کە لەسەر سیستمی جووت سەروا هۆنیونەتەوە:

تاکـــەی لـــە دەرکـــان کـــزو بـــلاو بـــین
بـــێ مـــەزن و گـــەورەو ســـەر بـــێ کڵاوبـــین
چـــیدی دوژمنـــان بـــە خـــۆ خـــۆش مەکـــەن
بـــووزو کەپـــەنك بـــاڵا پـــۆش مەکـــەن
ئـــەو بـــەد بەختییـــەی لـــە کـــورد رووی دابـــوو
لەبـــەر نـــەخوێندن کۆزیـــان ســـاوا بـــوو
واجبـــە خوێنـــدن بـــۆ دنیـــاو دینـــێ
پێغەمبـــەر فـــەرمووی بۆچـــوونی چینـــێ
بـــە کوتـــەو شـــانامان میللـــەت دەمێـــنن
بـــە مـــەزن‌و گـــەوران شـــان دەشـــەکێـــنن
دەردی دڵ دەکـــەم کـــورت‌و کرمـــانجی
حەســـەن کرمـــانجە چـــی لـــە دیلمـــانجی

دیوان: ٥٣ — ٥٤

(١٥) هەواری خالی: ٣٤.

(١٦) بەرگری لە هەڵبەست، گ/رۆشنبیری نوێ، ژ/٦٩: ١١٥.

سەیفی قازی لە هۆنراوەی (ساڵی قڕان) ئاکامی سیاسەتو ئاکاری دزێوی ڕەزا شای لە قاو داوەو لە دیمەنی (بەهارێکی زستانی)دا دەریبڕیوە، کەم شاعیر لە باری وشە ئاراییو لێکچواندنو خوازەو وێنەو ئیمازی شیعریدا دەیگاتێ:[17]

دنیـــا وا ســـووربوو لـــە بـــەفرو ســـیخوار
فرمێـسکی ســـوورم بــە ســپی دێتــە خــوار
بـــا لـــە کێـــوو دەشـــت خـــۆڵ وەســـەر دەکـــا
گریـــانی کێـــوان بەحـــران پـــڕ دەکـــا
عـــەرزیش لـــە بـــۆ مـــن هێنـــدەی قـــوڕ پێـــوا
بـەهـــاری دەگـــەڵ زســـتان لـــێ شێـــوا
لـــە گلـــەك لەگـــەڵ کـــەوت نـــەما تـــەق تـــەقی
ســـیرووش لـــە ســـیڕەو فیتـــوو و چەقـــچەقی
پـــاك پەشـــیمانن لـــە بـــۆ گـــەرمێنێ
بـــۆ چ دەهـــاتنەوە عەمـــرو نەمێـــنێ

دیوان: ٥١.

لێرەدا (ئەگەر مانای ڕواڵەتی شێعرەکان بخەینە لاوەو بە نووکی قەڵەمەکەمان بنکۆڵیان بکەین هیچ مانای دیکەمان نادەنەوە دەست؟ بۆچی نا !، دوای ئەوەی کە سمکۆ بەرەو کوردستانی گەرمێن (١٩٢٦) پاشەکشەی کردو پاشان سەر لە نوێ گەڕاوە...ئاخیری بە هەر فێڵێك بێ بە دەستی ڕەزا شا لەناو دەچێ).[18]کەچی ئێستا شاعیر بە لە ناوچوونی شۆڕشو بزووتنەوە کوردییەکانو کپ بوونەوەی دەنگی گەلی کورد لە هەموو پارچەکان، سەر سووڕماوی خۆی لە نەمانی هەڵۆی کوردانو زەمانی قەلو قەشقەلان دەردەبڕێو کولو کۆی خۆی بەم جۆرە لە تەنیایی دیمەنی سروشتێکی بێ ڕەحمدا هەڵدەڕێژێ:[19]

لـــە بـــن بـــەردان مـــان هـــەر ســـەر مازەڵـــە
لـــە بـــاغو بـــاغـــچان قـــەلو قـــشقەڵـــە

(١٧) ڕەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانیو سیاسی لە موکریان: ٦٩.

(١٨) سەرچاوەی پێشوو: ٦٩

(١٩) سەرچاوەی پێشوو : ٦٩

لاڵ بم نـــابینم لــــه چـــیاو لــــه رازان
زیــــــڕەی هەڵــــۆیان، چریــــــکەی بــــازان
بــــەفری بـــێ وەعـــــده رەشـــــانگی بــــڕی
رەشــــانگو ســــپی پـــاکیان ســـەر بــــڕی
ســــەر بــــڕا گـــا شـــین پــاش مانگــا بــۆره
لـەبــــاتی گــــاڕان ڕۆڕۆو گـــا بـــۆڕه
شـــــین و گـــابۆره لـــــەنێو رەعیـــــەتی
بــه بــاچوو رەنــجو ســەعی و زەحمـەتی

نـا ئومێـدی سـەیف درێـژه ناکێشێ، ئـەو لـه رۆژگارێکـدا ژیـاوه کـه ئـاگری راپـەڕین ناکوژێتەوەو هەر کاتە لەلایەك هەڵدایسێتەوه، نێوانو پێوەندی لەگەڵ زۆربـەی ئـەو بزووتنەوانەشدا بووه. تەنانەت شوێن پەنجەو کارو تەئسیری سەیفی قازی بـوو کـه قازی محەمەدی وەکو پێشەواو رێبەرو تێکۆشەری رێگای رزگاری کوردستان هێنایـه بەرهـەم. واتـه سـەیف مامۆستای بـیری قـازی بـووەو قـازی شـاگردێکی قوتابخانـەی کوردایەتی سەیف بووه.[٢٠] ئەوەی جێگای سەرنجو تێڕامانه سەیفی قازی لـه شیعری موناجاتی ئاینیو ستایشی خواو پێغەمبەریشدا هەر لە بیری نەتـەوەو نیشتمانەکەی خۆیەتیو کوردایەتی دەکات، بۆیه روو له قاپی خودا دەکاتو دەڵێ:

کــوردینو بــێ کەســینو لــه هــەر لایــه دەرکــراو
دەســتێ وەدەس مــەده، کـه لــه رێت ئێـمه لانـەدا
لێمــه نــه شــاو ئــەمیره، نــه ســەردار و نــه وەزیــر
نـه حــاکم و نـه نایـب و سـەرتیـپ و نــه ســوپا

تا دەڵێ:

نــه مەدرەســه ، نــەعیلم و نــه دەرس و ســنعەتێك
زوڵــمه لەگـەڵ مـه هـەر کـه بـه چاوێك نـەکەن نـیگا
ئــاخر بــه زاتــی تۆیــه ئومێــدی نــەجاتی مــه
رازی مـەبـه لـه ئـومەتی تۆ، میللەتێـك فـەنا

دیوان: ٢٧.

(٢٠) دیدار لەگەڵ کاك ئەحمەدی قازی، مهاباد، ٢٠٠٥/٩/٢٩.

سەیفولقوزات دوو وشەی (ئۆمەت)و (میللەت)ی بەوپەڕی ژیرانە دەکارهێناوە کە یەکەمیان مانایەکی گشتیو ئاینی هەیە دووەمیان مانایەکی سیاسی، واتە کوردیش وەکو هەر میللەتێکی سەر رووی دنیا حەقی خۆیەتی کە مافی میللەتو دەوڵەتی خۆی هەبێ، نەوەکو دووچاری قڕ کردنو رووبەرووی فەنابوون بکرێتەوە.[٢١] سەیف لەگەڵ (عەزیز ئاغای عەباسی) ناوێکی ناوچەی (کولتەپە)ی بۆکان سەرو سەوداو دۆستایەتیەکی بە تینی هەبووەو تا دوا هەناسەی ژیان ساتێك بێ یەکتری هەڵیان نەکردووە، (تەنانەت جوانترین هەڵبەستەکانی (سیف القضات) هەر ئەوانەن کە بە نامە بۆ عەزیز ئاغای نووسیون)،[٢٢] رادەی هاوڕێیەتیو برایەتی لەگەڵ عەزیز ئاغادا، وەکو لە نامە شیعرییەکانیدا دەردەکەوێت گەیشتۆتە رادەی دڵداری سۆفیزمی سۆزو هەستێکی ئینسانی پاكو پاراوی لێ هەڵدەرژێو (پەیوەندی ئەو دوو پیاوە دەمان خاتەوە یادی مەولانای رۆمیو شەمسی تەورێزی)،[٢٣] هەر کە عەزیز لە چاوان ون دەبوو، ماوەیەك سۆراغو نامەی لە سەیف دەبڕا، سەیفی سەوداسەر بانگو هاواری لێ بڵند دەبوو:

زۆر تـــــوولی کێـــــشا عـــــەزیز هیجرانـــــت
لال بـــــم نـــابینـــم مـــەیـــلی جـــارانـــت
چ قـــەوما ئـــەو ســـاڵ لەبـــەر چـــاو کـــەوتم
چلـــۆنت دڵ هـــات لـــە دڵـــت دەرکـــردم
ســـالان هـــەر مانگێـــك مایـــەی حـــەیاتم
یـــا تـــۆ دەهـــاتی یـــا مـــن دەهـــاتم
شـــەوانم شـــینو گریـــەو رۆ رۆیـــە
ژیـــربوونی رۆژێـــم بـــە بـــۆنەی تـــۆیە
هیلالـــی ئـــەبرۆت چـــونکە نـــەبیترا
چێـــژنمان تێـــك چـــوو رۆژوو نـــەگیرا
لـــە چـــاومنۆڕیت عەیـــشم نـــەماوە
هـەر لەحزێـك حەسـەن سـەت جـار کـوژراوە

دیوان: ٥٦ .

---

(٢١) رەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانیو سیاسی لە موکریان: ٧٠.

(٢٢) دیوانی سیف القضات: ١٦

(٢٣) سەرچاوەی پێشوو: ١٦.

له شیعری ئەڤینیو دڵداریشدا سەیفی قازی پارچە شیعری جوانو نایابی داهێناوە، هەریەکەیان بەرامەی چەپکە گوڵێکی نەخشین، یا سۆزو ئاوازی بەستەیەکی نەشئە بەخشو، زایەڵەی موسیقای سوناتایەکی رەزا سووکی لێ دەتکێ:

عەنبەری زولفت، بەدەم سەبادە

لەســـەر مـــانگی رووت، هـــەوری مـــوت لادە
تـــا رۆژ وەکـــو شـــێت روو لـــە کێـــوان کـــا
تـــۆزی غوســـەو غـــەم، هەســـتە بـــەبادە
لـــە عیـــشقت مـــردم وەســـیەت بـــێ لـــە تـــۆ
بـــۆ خـــۆت بمنێـــزە تەڵقینـــەم دادە
تـــا بڵـــێن زوحـــاك مـــار لەســـەر شـــانی
تایـــەك لـــە زولفـــی چـــین چینـــت بـــادە
بـــە جـــامی دیـــدەی جەمـــشیدی جەمـــە
بـــە تـــەختی ســـینەی وەك کەیقوبـــادە
کـــوتم کوشـــتوومت، بـــە غـــەمزە فـــەرمووی
شـــێوەی شـــیرینە، رەسمـــی فەرهـــادە
لـــە دووری بـــاڵات شـــەو هـــەتا ســـەحەر
کـــارم گریانـــە، پیـــشەم فەریـــادە
تـــاکو پامـــاڵ بـــێ خـــوێنی مـــەزلوومان
پەنـــچەی شەمـــشاڵت رەنـــگو خـــەنادە
بـــە هومێـــدی وەم بێیـــە ســـەر قەبـــرم
بۆیـــە وا حەســـەن بـــە مـــردن شـــادە

دیوان: ٣٤.

ئەگەر سەرنج بدەینە نموونەی ئەو دەستە شیعرو بەرهەمانەی شاعیر کە خستمانە روو، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین سەیف لە چەند رووێکەوە شتی نوێی هێناوەتە ناو ئەدەبیاتی ناوچەی موکریان، کە هەم لە شاعیرانی دەستەی یەکەمی پێش خۆی جیادەکاتەوە، هەم شاعیرانێ کە لە دوای خۆشییەوە هاتوون پەیرەویان لێکردۆتەوە. یەکەمیان لە رووی بابەتو ناوەرۆکەوە ئەوەیە کە سەیف یەکەمین شاعیرێکە لە موکریان کە شیعری نیشتمانیو کۆمەڵایەتی گوتووەو لەو بارەوە بابەت

گەلێکی تازەی هێناوەتە نێو دنیای ئەدەبیاتی ناوچەکەوەو لە راستیدا لەو بارەوە رەچەشکێنی کردووە،[٢٤] دووەمیش لە باری شێوەو روخسارەوە هەم بە زمانی پاكو رەوانو پەتیو خۆماڵی هەستو هۆشی خۆی راگەیاندووە هەمیش بەلای کێشی خۆماڵیو ئەدەبی کوردیدا بای داوەتەوە. واتە سەیف پرۆژە نیشتمانییەکەی لە زمانەکەیدا بەرجەستە کردووەو تیاشیدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.[٢٥]

ب. رابەری سەرچاوە سەبارەت ژیانو بەرهەمی شاعیر:

١. لە ئەرشیفی چاپەمەنیو بڵاوکراوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان لە چەند شوێنێك وتارو لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ژیانو کەسایەتیو بەرهەمە شیعرییەکانی سەیف بڵاوکراوەتەوە. بایەخێکی بەرچاو بە ژیانو بەرهەمو کەسایەتی شاعیر دراوە، لێرەدا بەهۆی بەهای ئەرشیفیو لەبەر دەست نەبوونی ئەو سەرچاوانە، ئاماژەیان بۆ دەکەین:

أ. لە رۆژنامەی (کوردستان)ی بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٨، ساڵی یەکەم، رێکەوتی (٨ رێبەندان ١٣٢٤ – ٢٨ کانوونی دووەم ١٩٤٦)، لە لاپەرەی یەکەمدا وتارێك بڵاوکراوەتەوە لەژێر سەردێری (سیف القضات – بە مناسەبەتی یەکەمین ساڵی وەفاتی ئەبولحەسەنی سەیفی قازی)، تیادا کورتەیەکی مێژووی ژیانی شاعیر خراوەتە روو، ئەنجا تیشك خراوەتە سەر لایەنی نەتەوەخوازیو نیشتمان پەروەری ناوبراوو پەنجە بۆ چەند پارچە شیعرو هۆنراوی شاعیر لەو بارەوە راکێشراوە. لە دواییدا وتارنووس (سید محمد حمیدی) پارچە هۆنراوەیەکی ماتەمنامەی بۆ یادی یەکەمین ساڵیادی وەفاتی سەیف هۆنیوەتەوەو مێژووی کۆچکردنی تیادا دەرخستووە:

غروبی حەوتی بەهمەن روحی پاکی رۆیی بۆ جەنەت
غروبی رۆژ هەمیشە بۆ بەشەر تاریکی هێناوە
بە خوێنی چاوی کوردان نوقتەدار بوو حەرفی تاریخی
لە دوای ئەو عەیشی کوردان بوو بە غەم ئازاری بۆ ماوە

(٢٤) هەواری خاڵی: ٣٤.

(٢٥) دیدار لەگەڵ یونس رەزایی، بۆکان، ئەیلولی ٢٠٠٥.

وتارەکە بەم چەند دێرە کۆتایی هاتووە: (مەرحوومی سەیف لەهەر بابەتێك بە فارسیو کوردی هەڵبەستی زۆرە بەڵا گەلێکیان میللینو زۆرمان ئارەزووە کە خودا یارمەتیمان بدا خڕیان بکەینەوەو یەکجێ لە چاپی دەین. جێ نشینو ئەرشەدی ئەولاد لە دوای مەرحوومی سەیف، ئاغای محمد حوسێن خانی سەیفی قازییە کە لە ڕێی میللەتو سەربەخۆیی کوردستاندا زۆری مەینەت کێشاوەو گەلێکی ماڵ بەخت کردووە، ئێستاش معاونی فەرماندەیی هێزو سەردەستەی پێشمەرگەکانی کوردستانە. دوای ئەو ئاغای ڕەحیمی سەیفی قازییە کە گەنجێکی لاوچاكو خوێن گەرمو دە گەڵ پێشمەرگەکانی کوردستان ئامادەی فیداکارییە، تۆفیقیان لە خودا دەخوازین).

ب. گۆڤاری (هەڵاڵە)، ژمارە ٢ی خاکەلێوەی ١٣٢٥/١٩٤٦، وتارێکی بەناوی (شاعری میللیو بەناوبانگ سیف القچات) بڵاوکردۆتەوە، لەژێر سەردێرەکەدا نووسراوە (لە ژمارە ٢٦ی ڕۆژنامەی کوردستان بە کورتی)، تیادا لاپەڕەیەکی بۆ کورتەی ژیانو تاریخی شاعیرێتی سەیف تۆمارکردووە، لە دواییدا هۆنراوە نیشتمانییە بیستو دوو دێرییە ناودارەکەی (کوردینە تاکەی)، لەگەڵ پارچە غەزەلە ناسکەکەی (تفلی دڵ) بڵاوکردۆتەوە. وتارەکە ناوی نووسەری بەسەرەوە نییە.

ج. گۆڤاری (کوردستان)ی مهاباد، (ژمارە ٣ی خاکەلێوەی ١٩٤٦)، لاپەڕەکانی ١٣ — ٢٦، واتە چواردە لاپەڕەی تەرخانکردووە بۆ بڵاوکردنەوەی قەسیدە درێژەکانی سەیف.

هەر لە گۆڤاری (کوردستان)داو لە ژمارە دواتر، واتە ژمارە ٤ی بانەمەڕی ١٩٤٦، لە بەرگی یەکەمی ناوەوە وێنەیەکی (سیف القچات)ی بڵاوکردۆتەوە کە چوارینێکی مەلا مارفی کۆکەیی بە فارسی لە ژێردا نووسراوە. دوای ئەوە لە لاپەڕەکانی ١ — ٤ وتارێك لەژێر ناونیشانی، (زانایانی کورد، شاعیری میللی بەناوبانگ حەزرەتی ئەبولحەسەنی سەیفی قازی) بەهۆی ٧٢مین ساڵی لە دایکبوونی، بە پێنووسی سەید محمد حمیدی بڵاوکراوەتەوە. دیارە ئەمە دووەمین وتاری نووسەرەو لەماوەی دوو ساڵەی کۆچی دوایی شاعیردا نووسراوە. باس لە ڕۆڵی سەیف دەکات لە بواری شیعرو ئەدەبیاتی کوردیداو ئاورێك لە شێوەو دەربڕینو وشەو زمانو سەبکی شیعری سەیف دەداتەوە، ئەنجا بادەداتەوە سەر ژیاننامەکەیو دڵسۆزیو نیشتمان پەروەرێتی شاعیر بۆ گەلو نیشتمانەکەی. لە کۆتایی وتارەکەدا قەسیدە ٥٩ بەیتییە ماڵئاوایی نامەکەی شاعیر بڵاوکراوەتەوە کە مێژووی ١٣٢٣/١٩٤٤ی لەسەرەو دوا پارچە شیعرە کە شاعیر پێش کۆچی دوایی، هۆنیویەتەوە.

٢. مامۆستای شاعیرانی موکریان، نووسینی: هێمن، گۆڤاری رۆژی کوردستان، ژماره — ١،ساڵی دووەم، ئابی ١٩٧٢.

٣. دیوانی سیف القضات، گردەوەکۆی: قازی ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانه سبز، ١٣٦١.

٤. رەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانیو سیاسی لە موکریان، نووسینی: س.ج. هێرش، گۆڤاری گزینگ، ژمارەکانی ١٣و ١٥، چاپی سوید، ئۆکتۆبەری ١٩٩٦و بەهاری ١٩٩٧.

ئەمە لێکۆڵینەوەیەکە لە دوو بەشداو لە نووسینی (س.ج. هێرش - سلێمانی چیرە) کە خۆی بەرکارو بەرپرسی نووسینی گۆڤارەکەیەو سەرجەم (٤٠) ژمارەیەکی لە وڵاتی سوید لێ بڵاوبۆتەوە. لە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەدا بەشێکی بۆ رۆڵی سەیفی قازی لەسەرهەڵدانو داهێنانی شیعری نیشتمانیو سیاسی لە موکریاندا تەرخانکراوە. نووسەر وەستایانە بەلگەو بۆچوونەکانی خستۆتەڕوو بە نموونەی شیعری شاعیر سەلماندوویەتی. خودی لێکۆڵینەوەکەش یەکێکە لە باسو توێژینەوە باشەکانی شیعرو ئەدەبیاتی ناوچەی موکریان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا.

٥. مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی ٢، نووسراوی: صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)، انتشارات ناجی — بانه، کردستان، ١٣٧٠.

٦. تاریخ فرهنگ وادب مکریان، نویسنده: ابراهیم افخمی، جلد دوم، ناشر: محمدی سقز، چاپ اول، ١٣٧٣.

٧. تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، انتشارات، رهرو مهاباد، ١٣٧٣.

٨. تاریخ مشاهیر کرد، بابا مردوخ روحانی (شیوا)، جلد دوم، چاپ سروش، تهران، ١٣٨٢.

٩. مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی پێنجەم، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥ .

باسی سێیەم

٣. مستەفا شەوقی

أ.رابەری سەرچاوە:

مستەفا شەوقی لەگەڵ ئەوەی لە ریزی شاعیرانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی ناوچەی موکریان بووە، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر ناونیشانو ژیانو بەرهەمەکانی بە شاراوەیی مابوونەوە تاوەکو کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم ئەوسا ئەم مەسەلانە بوون بە بابەتی کۆمەڵێك وتارو باسو لێکۆڵینەوە. بۆیە بەر لەوەی بێینە سەر تۆژینەوە لە ژیانو شیعرو بەرهەمە ئەدەبییەکانی، بە پەسەندی دەزانین لە پێشەوە ئاماژە بەو سەرچاوانە بدەین کە لەم بارەیەوە بە گوێرەی ساڵو شوێنی بڵاوبوونەوەیان نووسراون:

١. شیعری سیاسی لە کوردستانی عیراقدا، ماوەی نێوان هەردوو جەنگی گێتی، دکتۆر مارف خەزنەدار، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، ژمارە (١٥) ، زانستگای بەغداد، ١٩٧٢. لەم وتارەدا کورتەیەك لە ژیانی (شەوقی)، لەگەڵ تێکستی یەکێك لە بەرهەمە شیعرییەکانی کە بە ناونیشانی (هاواری دایکێ)یە بڵاوکراوەتەوە، ئەم بابەتە بۆ جاری دووەم بە زیادکردنی هەندێ زانیاریو پەراوێزی تازە، لە پاڵ چەند لێکۆڵینەوەیەکی دیکە لە کتێبێکدا چاپو بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە:

- لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، دکتۆر مارف خەزنەدار، بەغدا، ١٩٨٤.

لەم بارەیەوە دکتۆر عەبدوڵڵا محەمەد حەداد دەڵێ: (ئەوەی راستی بێ، دکتۆر خەزنەدار، یەکەمین لێکۆڵەرەوەیە "مستەفا شەوقی قازی زادە"ی بە جیهانی ئەدەبیاتو رۆشنبیری کورد ناساندووە. ئەم دەستپێشخەرییەی ئەو، بووە مایەی ئەوەی نووسەرو لێکۆڵەرەوەکانی تر هەوڵ بدەن بەرهەمی تری ئەم شاعیرە بدۆزنەوە).[٣٦]

٢. شاعیرە ناو وون بووەکانی کورد، علی کمال باپیر، سلێمانی، ١٩٧٣.

---

(٣٦) شیعرەکانی مستەفا شەوقی قازی زادە، گ/رۆشنبیری نوێ، ژ/١١٢: ٧٦.

٣. دوو رۆژنامـەی "کوردستان" لـە ئەستەمبوڵ، دکتـۆر مـارف خەزنـەدار، گ/ رۆژی کوردستان، ژ/(٤٣، ٤٤)، کانوونی دووەم، ١٩٧٧.

٤. دکتۆر مستەفا شەوقی — شاعیری نیشتمانپەروەری خـاکی موکریـان، دکتـۆر مـارف خەزنەدار، بەغدا، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨١. بڕوانە: (٥).

٥. مستەفا شەوقیو پەیژە، ساغکردنەوەو لێکۆڵینـەوەی مومتـاز حەیـدەری، هـەولێر، ١٩٨٥.

٦. دوو مستەفا شـەوقی، کـەمال رؤوف موحەمـەد، دووبـەش، گ/ کـاروان، ژمـارە/ (٤١، ٤٢)، شوباتو ئازاری ١٩٨٦.

٧. شیعرەکانی مستەفا شەوقی قـازی زادە، عبـدالله محمـد حـەداد، گ/رۆشـنبیری نـوێ، ژ/١١٢، کانوونی یەکەم ١٩٨٦ .

٨. هەتاوی کوردو سەردەمی راپەڕین، محمود زامدار، گ/ کاروان، ژ/ ٥٣، مارتی ١٩٨٧.

٩. دکتۆر مستەفا شەوقی، ئەحمەد شەریفی، گ/سروە، ژ/٦، خەرمانانی ١٩٩١.

١٠. سالهای اضـطراب، خـاطرات خلیلي فتـاحي قاضـی، انتـشارات صلاح الـدین ایـوبی، اورمیە، ١٩٩١/١٣٧٠.

١١. لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە، عەلی رێبـوار، گ/سـروە، ژ/٨٦، خـەرمانان ١٩٩٣.

١٢. قازی زادە مستەفا شەوقی- لە بارەی ژیانو خەباتو شیعرەکانی، عوسمان دەشـتی، گ/ رۆژنامەڤانی، ژ/(٦-٧)، هەولێر-٢٠٠٢.

١٣. رەوتـی سـەرهەڵدانی شـێعری نیـشتمانیو سیاسـی لـە موکریـان، س.چ.هێـرش، گ/گزینگ، ژ/١٣، پاییزی ١٩٩٦.

١٤. تاریخچە خانوادە قاضی در ولایت موکری، خلیل فتاح قاچی، تبریز، ١٩٩٩/١٣٧٨.

١٥. بەسـەرهاتی دکتـۆر مـستەفا قـازی زادە، ئـەمیری حەسـەنپوور/حەسـەنی قـازی، گ/رۆژنامەڤانی، ژ/ (٦، ٧)، زستانی ٢٠٠٢.

١٦. سـیماکانی تازەکردنـەوەی شـیعری کـوردی، ١٨٩٨-١٩٣٢، یادگـار رەسـول باڵـەکی، دەزگەها سپیرێز یا چاپو وەشانێ، دهۆك، ٢٠٠٥.

١٧. بەشێك لە بەرهەمەکانی دکتۆر مستەفا شـەوقی قـازی زادە، گـردو کـۆی: ئەحمـەد شەریفی، مهاباد، ٢٠٠٥/١٣٨٤ .

ب. کورتەیەکی ژیانو بەسەرهاتی مستەفا شەوقی:

لەو وتارەی بەرێزان ئەمیری حەسەنپوورو حەسەنی قازی لەمەڕ ژیان‌و بەسەرهاتی شەوقیدا بلاویان کردۆتەوە،[٢٧] بە پشت بەستن بەو نامەو زانیارییانەی کە دەقاودەق لە هەندێ لە ژمارەکانی گۆڤاری کوردستاندا میشنێری "The Kurdistan Missionary" بلاوکراونەتەوە، کە زمانحالّی مسیونێکی مەسیحی بووەو لەنێوان سالآنی ١٩١٠ – ١٩٢٨ لە شاری میناپۆلس، ولایەتی شیگاغۆ لە ئەمەریکا دەرچووەو لە سابلاغ و موکریاندا بلاوکراوەتەوە، لە هەندێ ژمارەکانیدا کۆمەلێ هەوال‌و دەنگوباسی سابلاغ‌و ناوچەی موکریانی بلاوکردۆتەوە. مستەفا شەوقی لە ڕێگای یەکێك لەو مسیونێرانەوە کە ناوی "N.J. Lohre"ە لە ئەستەمبۆل ژیاوە پەیوەندی لەگەل مسیونەکە هەبووەو کۆمەلێك نامەو نامەکاری لە سالآنی ١٩٢١ – ١٩٢٣ لە نێوانیاندا ئالوگۆڕکراوە لە ژمارە (٢)ی سالّی (١٥)ی ئەم گۆڤارەدا، کە ڕێکەوتی مانگی شوباتی ١٩٢٣ی بەسەرەوەیە، شەوقی کورتەیەکی ژیاننامەی خۆی، کە لە نامەکانی خۆیدا بۆ ئەم مسیۆنە نووسیوە بلاوکراوەتەوە، کە لێرەدا بە قەلەمی درشت وێستگە سەرەکییەکانی دەست نیشان دەکەین:

- وەکو خۆی دەلێ لە سالّی (١٨٩٦) لە دایك بووە، فارسی‌و عەرەبی خوێندووەو تا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.
- لە سالّی (١٩١١) کە تەمەنی پانزە سالآن بووە چووە بۆ ئەستەمبۆل.
- لە سالّی (١٩١٣) قوتابخانەی ناوەنجی‌و ئامادەیی (لیسە)ی تەواوکردووە.
- هەر لەو سالّەدا (١٩١٣) چۆتە ئەلّمانیاو لەدوای سێ سال‌و لەبەر بێ دەرامەتی (١٩١٦) گەڕاوەتەوە ئەستەمبۆل.
- لە سالّی (١٩١٦) بووە بە ئەسیستانت.
- لە (١٩١٧) چۆتە کۆلێژی پزیشکی‌و لە (١٩٢٢)دا تەواوی کردووەو بووە بە پزیشك.
- ئەندامی کۆمەلّەی (هێڤی) بووەو لە (ڕۆژی کورد)و (هەتاوی کورد)ی زمانحالّی کۆمەلّەکە وتارو نووسینی بلاوکردۆتەوە. هەورەها لە (کۆمەلّەی پێشکەوتنی کوردستان)یش ئەندام بووەو لە ئۆرگانەکەیدا (گۆڤاری ژین)، لەنێوان سالآنی (١٩١٨ – ١٩٢٠) کۆمەلێ شیعری بلاوکردۆتەوە. وەکو چۆن لە گۆڤاری (کوردستان)ی

---

(٢٧) ئەو وتارە لە بنەڕەتدا لە یەکێ لە ژمارەکانی (گۆڤاری گزینگ)ی چاپی سویددا بلاوبۆتەوە، لە ژمارە (٦-٧)ی گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، کە دۆسیەی تایبەتی بۆ گۆڤاری (ژین) ئەستەنبۆل تەرخانکردووە، دووبارە وتارەکە چاپ کراوەتەوە.

ئەستەمبۆڵیشدا، کە لە نێوان ساڵانی (١٩١٩ — ١٩٢٠) لە ئەستەمبۆڵ دەرچووەو محمد میهری سەرنووسەری بووە، چەند بەرهەمێکی بڵاوکراوەتەوە.

لە بارەی بەسەرهاتو ژیانو چالاکی مستەفا شەوقی زانیاری جۆراوجۆر لە بەدەستدا هەن، کە ساغ کردنەوەو لێ وردبوونەومیان پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتو سەربەخۆ هەیە. لە نامەو وتارو شیعرو بەرهەمە بڵاوکراوەکانیدا ئەوە روون دەبێتەوە کەوا:

- مستەفا شەوقی هەر لە سەردەمی لاوێتیدا لە سابلاغ پەیوەندیو دۆستایەتی لەگەڵ مسیونو مسیۆنێرە مەسیحییەکاندا پەیداکردووە، تا ئەو رادەیەش لەگەڵیاندا چۆتە پێشەوە تا وردە وردە بیروباوەڕی ئاینی بەرەو مەسیحیەت گۆڕاوە، بەڵام ئەوان لەو مەسەلەیە زۆر لێی دڵنیانەبوون.[٢٨] پارەو یارمەتیشی لێیان وەرگرتووە بۆ خەرجی تەواوکردنی خوێندنەکەی لە کۆلیجی پزیشکی زانکۆی حەیدەر پاشا لە ئەستەمبۆڵ.

- هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دابووە کە ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ مسیۆنێرەکاندا هەیەتی بیخاتە بواری خزمەت بەخشین بە گەلو وڵاتەکەی، بۆیە لە چەند جێگا لە نامەکانیدا راشکاوی ئەو مەبەستەی راگەیاندووە: (دیارە وەکی بۆتان دەرکەوتووە ئاواتی یەکەمی من ئەوەیە کە خزمەت بە وڵاتی بوومی خۆم کوردستان بکەم)،[٢٩] وەکو چۆن لە هەوڵی ئەوەدابووە کە سۆزی ئەمریکاییەکان بۆ یارمەتی دانی خەڵکی کورد رابکێشێت سەبارەت بەو کاولکاریو وێرانییەی لە ئاکامی شەڕدا دووچاری بوون (ئێمەی کوردیش دەتوانین بڵێین ئەوە بۆ یەکەم جارە دەکەوینە بەر کەرەمو خۆشەویستی ئەمریکاییەکان کە زۆر بە گوڕ خەریکی پاککردنەوەی وێرانییەکانی شەڕن. بەڵام کوردەکان لەبەر نەزانی لە هەلومەرجێکی زۆر کاولکراوتردا دەژین، ئەمن خۆشحاڵم لەوەی ئێوە ئەوپەڕی حەولی خۆتان دەدەن بۆ ئەوەی یارمەتی بە ئێمە بکەن...ئێمە لە قووڵایی دڵەوە خۆمان بە قەرزاری مسیۆنێرەکان دەزانین بە رێی ئەو مەدرەسەو نەخۆشخانانەی دروستیان کردووە، گەلی ئێمە وشیار دەبێتەوە بۆ ئەوەی قەدری کولتووری ئاینی رۆژئاوا بزانێ . . .

---

(٢٨) بڕوانە: نامەی دووەمی م. قازی بۆ لۆڕ، کوردستان میشینێری، ژمارە ٤، ئاوریلی ١٩٢٢- گ/رۆژنامەڤانی، ژ/٧-٦: ٣٢٤.

(٢٩) هەر ئەو سەرچاوەیە: ٣٢٣.

لەو وتارەی بەرێزان ئەمیری حەسەنپوورو حەسەنی قازی لەمەڕ ژیانو بەسەرهاتی شەوقیدا بڵاویان کردۆتەوە،[٣٧] بە پشت بەستن بەو نامەو زانیارییانەی کە دەقاودەق لــە هەنــدێ لــە ژمارەکــانی گۆڤــاری کوردسـتاندا میـشنێری "The Kurdistan Missionary" بڵاوکراونەتــەوە، کــە زمانحــاڵی مـسیونێکی مەسـیحی بـووەو لـەنێوان ساڵانی ١٩١٠ – ١٩٢٨ لە شاری میناپۆلس، ولایەتی شیگاغۆ لـە ئەمـەریکا دەرچووەو لـە ســابلاغ و موکریانــدا بڵاوکراوەتــەوە، لــە هەنــدێ ژمارەکانیــدا کۆمــەڵێ هــەواڵو دەنگوباسی سابلاغو ناوچەی موکریـانی بڵاوکردۆتـەوە. مـستەفا شـەوقی لـە ڕێگـای یەکێك لەو مسیونێرانەوە کە ناوی "N.J. Lohre"ە لە ئەستەمبۆل ژیاوە پەیوەنـدی لەگـەڵ مـسیونەکە هـەبووەو کۆمـەڵێك نامـەو نامـەکاری لـە سـاڵانی ١٩٢١ – ١٩٢٣ لـە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕکراوە لە ژمارە (٢)ی ساڵی (١٥)ی ئەم گۆڤارەدا، کە ڕێکـەوتی مـانگی شوباتی ١٩٢٣ی بەسـەرەوەیە، شـەوقی کورتەیـەکی ژیاننامـەی خـۆی، کـە لـە نامـەکانی خۆیدا بۆ ئەم مسیۆنە نووسیوە بڵاوکراوەتەوە، کە لێرەدا بە قەڵەمی درشت وێستگە سەرەکییەکانی دەست نیشان دەکەین:

- وەکو خۆی دەڵێ لە ساڵی (١٨٩٦) لـە دایـك بـووە، فارسـیو عـەرەبی خوێنـدووەو تـا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.
- لە ساڵی (١٩١١) کە تەمەنی پانزە ساڵان بووە چووە بۆ ئەستەمبوڵ.
- لە ساڵی (١٩١٣) قوتابخانەی ناوەنجیو ئامادەیی (لیسە)ی تەواوکردووە.
- هەر لەو ساڵەدا (١٩١٣) چۆتە ئەڵمانیاو لەدوای سێ ساڵو لەبەر بێ دەرامـەتی (١٩١٦) گەڕاوەتەوە ئەستەمبۆڵ.
- لە ساڵی (١٩١٦) بووە بە ئەسیستانت.
- لە (١٩١٧) چۆتە کۆلێژی پزیشکیو لە (١٩٢٢)دا تەواوی کردووەو بووە بە پزیشك.
- ئەنـدامی کۆمەڵەی (هێڤـی) بـووەو لـە (ڕۆژی کـورد)و (هـەتاوی کـورد)ی زمانحاڵی کۆمەڵەکـە وتـارو نووسـینی بڵاوکردۆتــەوە. هــەروەها لــە (کۆمەڵــەی پێـشکەوتنی کوردستان)یش ئەندام بووەو لە ئۆرگانەکەیدا (گۆڤاری ژین)، لەنێوان ساڵانی (١٩١٨ – ١٩٢٠) کۆمــەڵێ شـیعری بڵاوکردۆتــەوە. وەکــو چــۆن لــە گۆڤــاری (کوردســتان)ی

---

(٣٧) ئەو وتارە لە بنەرەتدا لە یەکێ لە ژمارەکانی (گۆڤاری گزینگ)ی چاپی سویددا بڵاوبۆتـەوە، لـە ژمـارە (٦ -٧)ی گۆڤـاری ڕۆژنامـەڤانی، کـە دۆسـیەی تایبـەتی بـۆ گۆڤـاری (ژیـن) ئەسـتەنبۆل تەرخانکردووە، دووبارە وتارەکە چاپ کراوەتەوە.

ئەستەمبوڵیشدا، کە لە نێوان ساڵانی (١٩١٩ – ١٩٢٠) لە ئەستەمبوڵ دەرچووەو محمد میهری سەرنووسەری بووە، چەند بەرهەمێکی بڵاوکراوەتەوە.

لە بارەی بەسەرهاتو ژیانو چالاکی مستەفا شەوقی زانیاری جۆراوجۆر لە بەدەستدا هەن، کە ساغ کردنەوەو لێ وردبوونەوەیان پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتو سەربەخۆ هەیە. لە نامەو وتارو شیعرو بەرهەمە بڵاوکراوەکانیدا ئەوە روون دەبێتەوە کەوا:

- مستەفا شەوقی هەر لە سەردەمی لاوێتیدا لە سابلاغ پەیوەندیو دۆستایەتی لەگەڵ مسیونو مسیۆنێرە مەسیحییەکاندا پەیداکردووە، تا ئەو رادەیەش لەگەڵیاندا چۆتە پێشەوە تا وردە وردە بیروباوەڕی ئاینی بەرەو مەسیحیەت گۆڕاوە، بەڵام ئەوان لەو مەسەلەیە زۆر لێی دڵنیانەبوون.[٢٨] پارەو یارمەتیشی لێیان وەرگرتووە بۆ خەرجی تەواوکردنی خوێندنەکەی لە کۆلیجی پزیشکی زانکۆی حەیدەر پاشا لە ئەستەمبوڵ.

- هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دابووە کە ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ مسیۆنێرەکاندا هەیەتی بیخاتە بواری خزمەت بەخشین بە گەلو وڵاتەکەی، بۆیە لە چەند جێگا لە نامەکانیدا راشکاوی ئەو مەبەستەی راگەیاندووە: (دیارە وەکی بۆتان دەرکەوتووە ئاواتی یەکەمی من ئەوەیە کە خزمەت بە وڵاتی بوومی خۆم کوردستان بکەم)،[٢٩] وەکو چۆن لە هەوڵی ئەوەدابووە کە سۆزی ئەمریکاییەکان بۆ یارمەتی دانی خەڵکی کورد رابکێشێت سەبارەت بەو کاولکاریو وێرانییەی لە ئاکامی شەڕدا دووچاری بوون (ئێمەی کوردیش دەتوانین بڵێین ئەوە بۆ یەکەم جارە دەکەوینە بەر کەرەمو خۆشەویستی ئەمریکاییەکان کە زۆر بە گوڕ خەریکی پاککردنەوەی وێرانییەکانی شەڕن.بەڵام کوردەکان لەبەر نەزانی لە هەلومەرجێکی زۆر کاولکراوتردا دەژین، ئەمن خۆشحاڵم لەوەی ئێوە ئەوپەڕی هەولی خۆتان دەدەن بۆ ئەوەی یارمەتی بە ئێمە بکەن...ئێمە لە قووڵایی دڵەوە خۆمان بە قەرزاری مسیۆنێرەکان دەزانین بە رێی ئەو مەدرەسەو نەخۆشخانانەی دروستیان کردووە، گەلی ئێمە وشیار دەبێتەوە بۆ ئەوەی قەدری کولتوورو ئاینی رۆژئاوا بزانێ . . .

---

(٢٨) بروانە: نامەی دووهەمی م. قازی بۆ لۆڕ، کوردستان میشینێری، ژمارە ٤، ئاوریلی ١٩٢٢-گ/رۆژنامەڤانی، ژ/٦-٧: ٣٣٤.

(٢٩) هەر ئەو سەرچاوەیە: ٣٣٣.

ئەمن پێم خۆشە گۆڕانێكی تەواو لە هەلومەرجی كۆمەلایەتیو دینی ولاتەكەمو گەلەكەمدا ببینم).[٣٠]

دیارە منەوەرو رۆشنفكرانی كورد لەو سەردەمەدا زۆر بە قوولی كەوتبوونە ژێر كاریگەریی بەندەكانی راگەیەندراوی سەرۆكی ئەمریكا (ودرۆ ویلسن) كە تیادا بانگی ئازادیو سەربەخۆیی بۆ گەلانی ژێر دەستەی ئیمپراتۆریەتی هەلوەشاوەی عوسمانی دەكرد. بۆیە كورد ئومێدێكی بەو سەرەتایانەی ویلسن پەیداكردبوو.

ـ سەرەتا شەوقی لە ئەستەمبۆل دەبێتە ئەندامی كۆمەلەی (هێڤی – ١٩١٢)و لە ئۆرگانەكەشیاندا (هەتاوی كورد) وتاری زانست پەروەریو هاندانی كوردانی بۆ دامەزراندنی فێرگەو قوتابخانەو خوێندنو فێربوون بە زمانی كوردی بلاوكردۆتەوە، تەنانەت داوا دەكات كتێبەكانی شەرعو فیقهی ئاینی ئیسلام لە لایەن مەلاو زانایانی كوردەوە بە كوردی تەرجەمە بكرێنو بەكوردی بخوێندرێن.[٣١] هەروەكو (م. بۆزئەرسەلان) باسی كردووە، هەردوو لاوی كوردستانی رۆژهەلات مستەفا شەوقیو محمد موفتی زادەی میهری لە ئەندامە ناسراوەكانی ئەم كۆمەلە بوون.[٣٢]

لە دوای سەفەرو گەڕانەوەی لە ولاتی ئەلمان (١٩١٣ – ١٩١٦)و تێهەلچوونەوەی لە خوێندنی پزیشكی ١٩١٧ دوای ئەوەش كە جەنگی یەكەم بلێسەكەی دادەمركێ، سەرۆكو رێبەرو ناودارانی كورد كە پێشتر پەرتەوازەو راپێچی بەرەكانی شەركرابوون، وردە وردە دادەورینەوەو لە ئەستەمبۆل لە كەشو هەوایەكی تازەدا یەك دەگرنەوە. لە كۆتایی ١٩١٨ كۆمەلەی پێشكەوتنی كوردستان پێك دێو زۆربەی خوێندەوارو زانایانی كوردی دانیشتووی ئەستەمبۆل بوونەتە ئەندامی ئەو كۆمەلەو

---

(٣٠) هەر ئەو سەرچاوەیە: ٣٣٣.

(٣١) بروانە:- ئۆرژینالی ژمارە (٣)ی (هتاوكرد)، عەبدوللا زەنگەنە، گ/ رۆژنامەنووس، ژ/ ٩:٥٥ .

- تەرەقی دینمان دەویَ، قازی زادە- مستەفا شەوقی، هەتاوی كورد، ژمارە/٣، ك: ١٣٢٩/١٩١٣: ٢١ – ٢٤، لە وتاری: هەتاوی كوردو سەردەمی راپەڕین، محمود زامدار، گ/ كاروان، ژ/٥٣، مارتی ١٩٨٧ وەرگیراوە.

لە گۆڤارەكەدا ناوی نووسەری وتارو ناونیشانەكەی بەم شێوەیە تۆماركراوە: (سابلاغ – قازی زادە – مستەفا شەوقی)، ئەمە نووسەرانی ژیاننامەی شەوقی هێناوەتەوە سەر ئەو باوەڕە كە تا ئەو كاتە ئەو لە سابلاغ بووبێت. بروانە:

ـ بەشێك لە بەرهەمەكانی دكتۆر مستەفا شەوقی قازی زادە، ئەحمەد شەریفی: ١٣.

(٣٢) ژین، گۆڤارا تركی – كوردی، ١٩١٨، ١٩١٩، بـ١: ٢١.

یەکێك لەوانەش مستەفا شەوقی خەباتگێڕ دەبێت.[٣٣] هەر لەو سەروبەندەش گۆڤاری (ژین) کەوەکو ئۆرگانی نارەسمی ئەو کۆمەڵەیە بوو لە ئەستەمبۆل بڵاودەبێتەوە، کە مستەفا شەوقی یەکێك لە نووسەرە بەردەوامو قەڵەم بە بڕشتەکانی ئەو گۆڤارە دەبێت لە یەکەم ژمارەیەوە (٧ ت٢ ١٩١٨) تاوەکو ژمارە (١٥) کە لە (٣٠ مارتی ١٩١٩)دا دەرچووە. دوای ئەوەش لە گۆڤاری (کوردستان)ی ئەستەمبۆل کە لە ساڵانی ١٩١٩ — ١٩٢٠دا دەرچووەو خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرسیشی محمد موفتی زادەی میهری هاوزێدی بووە، شەوقی چەند بەرهەمێکی لە چەند ژمارەیەکیدا بڵاوکردۆتەوە.[٣٤] وەکو لە بڵاوکراوەکانی کوردستان میشینێری دەردەکەوێت شەوقی لە کۆتایی ١٩٢٣دا بە هاوئاهەنگی دکتۆر شالك کە نێردراوێکی ئەو مسیۆنە بووەو بە داو دەرمانو کەلوپەلێکی پزیشکی زۆرەوە ، بڕیاریان وابووە لە ڕێگا یەکبگرنەوەو بە جووتە بگەنە ئێران. پێدەچێت شەوقی لەم سەفەرەشیدا ماوەی دوو ساڵێك لە سابلاغ مابێتەوە.[٣٥] سەبارەت بە سەفەری ساڵی ١٩٢٩ای مستەفا شەوقی بۆ سابلاغ وەکو نوێنەری کۆمەڵی خۆیبوون، (١٩٢٧ دامەزراوە)، شەوقی لەو نامەیەدا کە لە ساڵی ١٩٢٨ بۆ گەوهەر تاج خانمی خوشکی ناردووە دەڵێ: (لە بیری ئەوەدا بووم لەو پایزەدا بگەڕێمەوە، بەڵام بەو هۆیەی کە کچۆڵەکانم (وەکو لە وێنەکەیان ڕا دیارە) چکۆڵەنو بەرگەی هیلاکی سەفەر ناگرن، بۆیە بە ناچاری سەفەرەکەم بۆ بەهار وەدواکەوت. هەر کاتێکیش لە سەرۆکایەتی تەندروستی ولایەتی وان دامەزرام کە لە سابلاغ زۆر نزیکەو بڕیار وایە بۆ ئەو ناوە بێم، ئەوە لەپاشان سەردانی نیشتمانی پیرۆز دەکەمو چاوانی پڕ لە غەریبیم پێ ڕووناكو شادمان دەبێتەوە، لە ڕاستیدا لەوە زیاتر مانەوە لە غەریبایەتی جائیز نییە..ناشمەوێ ئەو کارەی دەوڵەتی کە لێرە زۆر بە سەختی وەگیرم کەوتووە بە سانایی لە دەستی بدەم، بۆیە کاتێك دێمە ولایەتی وان ئەوا بە ووردی هەواڵو بارودۆخەکە لە نیشتمان هەڵدەسەنگێنمو لە حالەتێکدا لە نیشتمانی پیرۆز شوێنێکی باشم بە پەسەند زانی، ئەوا بێ گومان گەڕانەوەو ژیان لە نیشتمان هەڵدەبژێرم، بەمجۆرە خوا یار بێ لەم پێنج شەش مانگە گەڕانەوەی وڵاتم بە نسیب

---

(٣٣) سەرچاوەی پێشوو: ٢٣.

(٣٤) گۆڤاری کوردستان ١٩١٩ -١٩٢٠، کۆکردنەوەو لەسەر نووسین: د. فەرهاد پیرباڵ، هەولێر، ١٩٩٨.

(٣٥) گۆڤاری ڕۆژنامەوانی، هەر ئەو ژمارەیە: ٣٢٨.

دەبێت..).[٣٦] بۆیە ئەم بڕگەیە لە ژیانی شەوقیدا وە راست دەگەڕێ کە لە ساڵی ١٩٢٩دا هاتۆتەوە سابلاغو لەگەڵ زاناو رووناکبیرانی وەکو پێشەوا قازی و دکتۆر وێنەتانی ئەرمەنیو نیشتمانپەروەرانی دیکەدا تێکەڵاوی بووەو لە ڕێگای عەیادەکەشیدا خزمەتی زۆری بەخەڵکی ناوچەکە کردووە، دوای ئەوەی پۆلیسی رەزاخان هەست بە چالاکیو جموجۆڵەکانی دەکەن دەیخەنە ژێر چاودێریو تەنگی پێ هەڵدەچنن، بۆیە بەناچاری خۆی رزگار دەکاتو بەرەو ئەستەمبوڵ دەگەڕێتەوە. (ئەو هەتا چەند ساڵان پێوەندی نامەیی لەگەڵ خزمو کەسوکاری هەبووە، بەڵام دوای دەستپێکردنی شەڕی دووەمی جیهانی پێوەندی پچراو چی دی نامەی نەهات، بەپێی قسەی رێبوارێك کە لە تورکیا هاتبۆوە دەرکەوت کە دکتۆر لە ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی "١٩٥٠ زاینی" بە سەکتەی دڵ مردووە).[٣٧] لەبارەی سەربوردەی قازی لەتیفی باوکی شەوقیش، لەدوای ئەوەی رووسەکان لە ساڵی ١٩١٦ سابلاغ داگیردەکەنو میرزا فەتاحی قازی شەهید دەکەن، چەند کەسێك لە پیاوانی بنەماڵەی قازی بەدیل دەگرنو بۆ روسیا دووریان دەخەنەوە، کە یەکێکیان قازی لەتیفی باوکی شەوقی دەبێت، لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ١٩١٧، گیراوەکان ئازاد دەکرێنو دەگەڕێنەوە سابلاغ، بەڵام قازی لەتیف لە رێگای پۆلۆنیاو ئەڵمانیاوە دەچێتە ئەستەمبوڵو لەگەڵ شەوقی کوڕیدا یەك دەگرنەوە. هەڵبەتە ئەویش پیاوێکی زاناو شاعیرو نیشتمان پەروەربووە، لەو ماوەیەدا سەروکاری لەگەڵ کۆمەڵو کوردانی ئەوێ هەبووە، قەسیدەیەکی (٢٣) بەیتی لە (ژین، ژمارە-٧، ٢/١/ ١٩١٩)دا بڵاوکردۆتەوە لەسەر شێوەی شیعرە نیشتمانییەکانی حاجی قادرو لە کۆتاییەکەیدا دەڵێ:

خۆ ئەگەر بێتوو ئەمن راهی بکەن بۆ موڵکی خۆم
کوردی ئیرانیش هەموو سەف سەف دەکەم هەروەك قەتار
هەر چلۆنی رەئی مەجلیس بێ وەهایان پێ دەڵێم
سەد هەزاران بایەعین بۆ ئەمری ئەو پیری هەژار
ئەی (لەتیف) حەیفە کە تۆ لێرە غەریبو بێکەسی
وەرنە بۆ ئەم مەسئەلە فەردی وەکو قوتبی مەدار[٣٨]

---

(٣٦) بەشێك لە بەرهەمەکانی دکتۆر مستەفا شەوقی قازی زادە: ٥٧ — ٥٨.

(٣٧) سالهای اضطراب: ٣٥.

(٣٨) ژین، سەرچاوەی پێشوو، ب٢: ٢١٥.

شەوقی کە ئەو کاتە خوێندکاری پزیشکی بووە، هاوڕێتی باوکی دەکات‌و دەیگەیەنێتەوە سابلاغ‌و خۆی لە سیپتامبری ١٩٢٠دا دەگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ بۆ سەر خوێندنەکەی. قازی لەتیف لە کاتی هێرشی لەشکری شکاك بۆ سەر سابلاغ بە دەستی پیاوانی سمکۆ لە ١٩٢١دا لە ختوخۆرایی شەهید دەکرێت، قازی لەتیف کوڕێکی دیکەشی هەبووە، بەناوی کەریمی یەمینی قازی کە دایك برای شەوقی بووە.(٣٩)

ج. شیعرو بەرهەمی شەوقی

شیعرو بەرهەمی شەوقی ئەوەی تا ئێستا زانرابێت‌و دۆزرابێتەوە شتێکی کەمە، ئەویش بریتیە لەو چەند پارچە شیعرو چەند وتارەی لەهەر سێ گۆڤاری ئەستەمبوڵدا بڵاوکراونەتەوە:

- هەتاوی کورد ١٩١٣ ، ژین ١٩١٨ — ١٩١٩ ، کوردستان ١٩١٩ — ١٩٢٠

— چەند نامەیەك کە هەندێکیان لە بڵاوکراوەی کوردستان مشینێری و یەك دوانێکیش بەم دواییە بڵاوکراونەتەوە.(٤٠)

ئەو شیعرو بەرهەمانەی شەوقی ئەوەی تا ئێستا دیارن، هەرچەندی بە ژمارە کەم‌و لە پەنجەی دەستان تێناپەڕن بەڵام لە باری هونەری‌و داهێنان‌و چۆنایەتییەوە بەگوێرەی زەمانەو هەلومەرجی داهێنانیان بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی بایەخێکی بەرچاویان هەیە(*).

---

(٣٩) بەشێك لە بەرهەمەکانی دکتۆر مستەفا شەوقی قازی زادە: ٨.

(٤٠) هەرچەندە بەڕێزان ئەمیری حەبەنیوورو حەسەنی قازی هەوڵیان داوە بەڵام دیارە دەستیان بە هەموو ژمارەکانی ئەو گۆڤارە رانەگەیشتووە، ئەوەی پەیوەندی بە (شەوقی)یەوە هەبێت لەو ژمارانەی بەردەستیان لە وتارەکەیاندا بڵاویان کردۆتەوە. بڕوانە:

— گۆڤاری رۆژنامەڤانی، (ژ/ ٦-٧)، لاپەڕەکانی ٣٢٩ — ٣٣٨. هەروەها ئەوانەی لە ژیان‌و بەرهەمەکانی شەوقیان کۆڵیوەتەوە لەو باوەڕەدان کە دەبێ بەرهەمی زۆرتری هەبووبێت.

بڕوانە:

- بەشێك لە بەرهەمەکانی دوکتۆر مستەفا قازی زادە: ١٧.

* کاك ئەحمەدی شەریفی نووسەرو توێژەرو ئەرشیفێستی مهابادی لە ساڵی ٢٠٠٥دا نامیلکەیەکی لە بارەی ژیان‌و بەرهەمەکانی شەوقی ئامادەکردووەو بڵاوکردۆتەوە، کە ناوی ناوە (بەشێك لە بەرهەمەکانی دکتۆر مستەفا شەوقی)، بەو هیوایەی لە دوا رۆژدا بەرهەمی دیکەی شەوقی بکەوێتە بەردەست. کاك ئەحمەد بە گوێرەی گێڕانەوەی هەندێ لە پیرو بەساڵاچووانی سابلاغ‌و بیروبۆچوونی خۆی، ژیاننامەی شەوقی نووسیوەتەوە، بەڵام بە هیچ جۆرێك خۆی لە قەرەی◄◄

یەك لەو مەسەلە گرنگانەی كە توێژەرو مێژوونووسی ئەدەبی كوردی لەسەری وەستاوەو بایەخی پێداوە مەسەلەی نوێگەری‌و تازەكردنەوەی شیعری كوردی بووە لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانی. كۆبەندی باس‌و لێكۆڵینەوەكان لەسەر ئەوە كۆكن كە گۆڕانكارییە گەورەكان لە ژێرخانی ئابووری‌و كۆمەڵایەتی‌و سیاسی لەسەرەتای سەدەی بیست، ئەدەبێكی تازەیان لای میللەتانی رۆژهەڵات هێناوەتە كایەوەو ماوەی نێوانی هەردوو جەنگ ماوەی داهاتنی "شیعری تازە"ی كوردی، واتە قۆناغی رۆمانتیكی بووە، لەو سەردەمەدا ئەم رێرەوە لە روخسارو ناوەرۆكدا لە ئەدەبی كوردی خۆی گرت‌و بە تاقیكردنەوەیەكی سەركەوتوودا تێپەڕی،[٤١] سەبارەت بەو نەوەیەش كە رۆڵی پێشەنگ‌و رێبەرایەتیان لەم بزووتنەوە ئەدەبییە گێڕاوە، باس‌و بابەت گەلێ بە سوودو تێرو تەسەل نووسراون‌و پێشكەش كراون. لەپاڵ هەوڵ‌و هیمەتی پسپۆڕانی كورد بۆ زیندوو كردنەوەی ئەرشیفی رۆژنامەوانی كوردی كە لە سالانی حەفتاكانەوە دەستی پێكردووە، پەردە لەرووی ئەدەب‌و بەرهەمی بیرو داهێنانی زۆر لە شاعیران‌و نووسەرانی كورد لادراوەو بەرهەمەكانیان كەوتونەتە بەر تیشكی رووناكی، لەمانە یەكێكیان قازی زادە مستەفا شەوقی‌و شوێنی ئەو شاعیرە لەپەرەسەندنی رێبازێكی نوێیە لە دنیای ئەدەبیاتی كوردی كە ئەویش رێبازی رۆمانتیكییە.(*)

مستەفا شەوقی (گەلێ مەعنای جوان‌و تازەی هێناوەتە نێو ئەدەبی كوردییەوە، شیعرەكانی شەقلێكی رۆمانتیكی رەسەنیان پێوە دیارە، لەبارەی داڕشتن‌و فۆرمی شیعریشەوە گەلێ وشەی جوانی كوردی بەكارهێناوە هەوڵێكی زۆری داوە تا زمانی

◄◄ زانیارییەكانی گۆڤاری كوردستان مشینێری ئەداوە كە لە وتارەكەی ئەمیری حەسەنپوورو حەسەنی قازیدا هاتووەو سێ چوار ساڵیش بەر لە نامیلكەكەی ئەو بلاوكراوەتەوە. بڕوانە:

ـ بەشێك لە بەرهەمەكانی دكتۆر مستەفا شەوقی قازی زادە، گردوكۆی؛ ئەحمەدی شەریفی، مهاباد، ١٣٨٤/ ٢٠٠٥.

(٤١) لە بابەت مێژووی ئەدەبی كوردییەوە: ١٢٩.

* بۆ یەكەمین جار د. مارف خەزنەدار ئاماژە بۆ شوێنی شەوقی لە برەوسەندنی شیعری سیاسی دەكات لە سالانی نێوان هەردوو جەنگ دا، كە ئەمەشیان سیمایەكی دیاری شیعری رۆمانتیكی كوردییە. بڕوانە: ـ شیعری سیاسی كوردی لە كوردستانی عیراق دا، ماوەی نێوان هەردوو جەنگی گێتی، گۆڤاری كۆلیجی ئەدەبیات، ژ/١٥، زانستگای بەغدا، ١٩٧٣.

کوردی لە تەئسیراتی وشەو تەعبیراتی فارسی تازە رزگار بکات.. ئەم دیاردەیەش، هەر چەند ئەو ساکە تەواو جێی خۆی نەگرتبوو، بەڵام نیشانەی وریایی‌و هەست پاکی نەتەوەیی شاعیرە).[٤٢]

(هاواری دایکێ) یەکەمین پارچە شیعری بڵاوکراوەی شاعیرە، بە پێشەکی یاخود پارچە پەخشانێکی ڤانگدراو بە هەناسەی رۆمانتیزمی دەستپێدەکات، وەك ئەوەی شاعیر زەمینەو سیناریۆ بۆ شانۆی رووداوەکان لە بەراییدا خۆش بکات، ئەم دیاردەیە لە شیعری کوردیدا پێشتر بەدی نەکراوە، بەڵام لە شیعری ئەوروپایی‌و عوسمانیدا هەبووە.[٤٣]

- شاعیر بێجگە لە شێوە زاری موکریانی، لە هەوڵی ئەوەدا بووە سوود لە وشەو پەیڤ‌و شێوە زارەکانی دیکەش وەربگرێت. شێوازی دەبڕین و زمانی شیعریشی رەوان‌و بێ گرێ‌و گۆڵە، ئەم بەکاربردنی شێوازو شێوە زارە خۆماڵیانەش لە سەرجەم شیعرەکانی شەوقیدا بۆتە نەریتێك.

- شاعیر پەراوێزی بۆ هەندێ ناوو وشەو بێژەی ناو شیعرەکانی هێناوەتەوەو شەرحی بۆ کردوون‌و مانای لێکداونەتەوە تاوەکو خوێنەران لێی حاڵی بن، ئەمەش کارێکی بێ پێشینەیە، زیاد لەوەش جار نا جارێ باس لە بنیاتی رێزمانی وشەیەك دەکاو وەك زمانەوانێکی شارەزا لە گرامەری زمانی کوردی رێژەو دۆخەکانی گەردانکردنی ئەو چاوگە دەستنیشان دەکات. لە راستیدا پەی بردن بە نهێنییەکانی زمانی کوردی لەو رۆژگارەو بەم کارامەییە، شتێکە بلیمەتی‌و شارەزایی شاعیر دەردەخات.

لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری (کوردستان)ی ئەستەمبۆڵدا، پارچە شیعری (حەسبو حاڵێ دەگەڵ وەتەن) بڵاوبۆتەوە، هەر لە هەمان لاپەڕەدا تەرجەمەیەکی شیعرەکە بۆ تورکی کراوە (هەم بە شیعرو هەم لەسەر هەمان کێش)، کە وەرگێرانەکەش بە قەڵەمی مستەفا شەوقی خۆیەتی.[٤٤]

شەوقی چەند وتارێکی لە گۆڤارەکانی (هەتاوی کورد)و (ژین) بڵاوکردۆتەوە، کە تیادا بیری رۆشنگەری نەتەوەخوازی‌و نیشتمانپەروەری بە روونی دەردەکەوێت.

---

(٤٢) شیعرەکانی مستەفا شەوقی قازی زادە، گ/رۆشنبیری نوێ، ژ/ ١١٢: ٧٦.

(٤٣) مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، ب٥: ١٥٦.

(٤٤) گۆڤاری کوردستان، ١٩١٩ — ١٩٢٠: ٧٩.

بەشی سێیەم

زمان و شێوازو وێنەی شیعری

باسی یەکەم

زمانی شیعری:

زمان مادەو کەرەستەی سەرەکی ئەدەب پێك دەهێنێ، بنیاتی زمانیش لە (وشە) پێکدێت. وشە کاتی بەکاربردنی لە ئەدەبدا زۆر جاران واتا فەرهەنگییەکەی بەجێ دێلیو دەلالەتێکی نوێ وەردەگرێت.

لەم رووەوە هەریەك لە ئەفلاتونو ئەرستۆ زمانی شیعرو ئەدەب (بەجۆرێکی تایبەتی زمان، یا جۆرێکی تایبەت لەبەکارهێنانی زمان)[1] دادەنێن. تیورە تازەکانی مەیدانی زمانەوانیش هەر ئەو راستییە دووپات دەکەنەوەو هەموو کارێکی ئەدەبی بەچاوی زمانێکی تایبەتو هەڵبژێردراو سەیر دەکەن. بەو هۆیەشەوە کە زمان بە ژیانو بە رەوتی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە گرێدراوە، بۆیە حاڵەتێکی نەگۆڕو چەسپاوی نییە، لەگەڵ ئەوەی زمانی شیعر (پەیڕەوی لەهەمان یاساو دەستورەکانی زمان دەکات، بەڵام بە پێی ئەو بارو دۆخە نوێیانەی کە لە ئەنجامی یاساکانی گۆڕانو پەرەسەندنی ژیانەوە روودەدەن، ئەویش لەهەر سەردەمێکدا مانای نوێ پەیدا دەکات کە لەگەڵ سەردەمەکە بگونجێت)[2]. بۆیە زمانی شیعرو زمانی ئەدەب لەهەر رۆژگارو سەردەمێکدا کۆمەڵێك سیماو خاسیەتو تایبەتمەندی خۆی هەیە.

دیوانی شیعری کلاسیکی کوردی بەپێڕەوی لەبارودۆخی سەردەمو بەهۆی کاریگەری دوورو درێژی زمانو فەرهەنگی عەرەبیو فارسیو تورکی، بوو بەو سامانە ئەدەبییەی کە خاوەنی کۆمەڵێك سیماو ئەدگارو خاسیەتی تایبەتییەو لە پێشەوەشیان ئەو زمانە (تێکەڵاوییە) کە پێی تۆمارکراوە. بەرهەمی ئەدەبی ناوچەی موکریانیش لە دەورەی یەکەمی داهێنانیدا لەسەر دەستی (وەفاییو حەریقو ئەدەب...) کە لە رووی جەوهەرو وەسفی گشتییدا بەشێکە لەو سامانەو لێی دانابڕێت، هەر بەو زمانە داهێندراوە. بەم پێیە (زمان) دەبێتە ناسنامە بۆ بەرهەمو داهێنانی ئەدەبی لەهەر دەورو سەردەمێکدا، کە دەورو سەردەمیش گۆڕا ئەدەبیش دەگۆڕێتو دیاردەکە لە زمانەکەشدا رەنگ دەداتەوە. ئەو (دیاردەی گۆڕانو نوێ بوونەوەیە لە رووی مێژووییەوە لە ئەنجامی کارلێکردنو بەریەك کەوتنی دوو

---

(1) رەخنەی ئەدەبی کوردیو مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر: ٢٨٣.

(2) سەرچاوەی پێشوو: ٢٨٥.

عەقڵیەت‌و دوو هەڵوێستی جیاوازدا لە دایك دەبێت‌و لە کەش‌و هەوای گۆڕانی ژیان‌و لە بارودۆخی تازەدا گەشەدەکات).[3]

سەرەتاو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم سەردەمی ئاڵوگۆڕە گەورەکانە لە ناوچەکەدا، کە هاوزەمان بووە لەگەڵ بووژانەوەو پەرەسەندنی هوشیاری کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و هەر لەو رۆژگارەشدا کازێوەی قۆناغێکی رۆشنگەری‌و رێنیسانسی ئەدەبی لە کوردستان سەر هەڵدەدا کە مەڵبەندی موکریانیش پشکێکی لەو بوژانەوەیە، بەتایبەت لە مەیدانی رووناکبیری شیعری کوردیدا هەیە.

ئەنجا (لە ئەنجامی گۆڕانی باری ژیان‌و پەرەسەندنی رۆشنبیری‌و باوەش کردنەوە بۆ شارستانیەتی گەلانی ترو زیادبوونی بزووتنەوەی وەرگێرانی بەرهەمی بیری نەتەوەکانی تر، ئەمانە هەموویان کردیانە کارێ کە نرکەی داواکردنی نوێ کردنەوە لە شیعردا بەرزبێتەوە).[4] لێرەدا کە ژیان‌و فیکرو جیهانبینی شاعیران لە ئاڵوگۆڕدا دەبێت ئەڵبەتە شێوازو زمان‌و بەیانیش دەگۆڕێت، بەگوێرەی ئەوەی کە زمان لە بنچینەدا ئامرازو کەرەستەی دەربڕین‌و بەرجەستەکردن‌و گوێزانەوەی فیکرو بیرو جیهانبینی مرۆڤە.[5] لە سۆنگەی ئەم جموجۆڵە تازەیەوە کاروانی شیعری موکریان لە ساڵانی نێوان هەردوو جەنگی گێتیدا لەسەر دەستی شاعیرانی ئەم دەورەیە (کۆکەیی، سەیف، شەوقی) لە رووی جیهانبینی‌و زمان‌و بەیان‌و شێوازەوە رووەو ئاقارێکی جیاواز هەنگاو هەڵدێنێ:

ـ شیعری ئەم دەورەیە تا دێ لەو زمانە دەستوورییە دێرین‌و تێکەڵەی شیعری کلاسیکی دادەبڕێت کە شاعیرانی دەورەی یەکەمی موکریان پەیڕەوکاری بوون‌و، لە هەوڵی دۆزینەوەی زمان‌و دەربڕینێکی تازەدا دەبێت کە لە زمانی خەڵك نزیکتر بێت‌و (خاس)و (عام) تێی بگات.

ـ ئەو باوەڕەی کە پێی وابوو رادەی دەسەڵاتی شاعیر بەندە بە ڕادەی تواناو دەسەڵاتی بەسەر ئەو زمانە رۆژهەڵاتییە تێکەڵاوەو رادەی وشە ئارایی‌و پەنابردنە بەر زاراوەی نامۆو ناسازگار لە شیعردا، لە ئارادا نەماو شیعری ئەو سەردەمە بایداوەتەوە سەر

---

(3) الثابت والمتحول: ١١.

(4) ئەدەب‌و رەخنە: ١٠٦.

(5) اللغه والفكر: ١٢٧.

زمانی ئاخاوتنی رۆژانەو خۆماڵی‌و پشتی لە شێوازی ئاهەنگدارو ئاڵۆزو قەبەی شیعری کۆن کردووە.

- شاعیرانی پێشوو لە باری ئازادی ئەندێشەو رەسەنایەتی لە دەربڕینی مەبەست‌و ناوەڕۆکدا هەمیشە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەسووڕانەوە، گۆرانی شاعیر گوتەنی کە سێ کوچکەکەی (میرو پیرو مەعشوق) بوو، وشەو تەعبیراتە کۆنەکەش لەوێنەی (زولفی زنجیرو رۆژو مانگی روخسارو لێوی یاقوت‌و لەعل‌و مەرجان...) هەمیشە جۆرێك لە بابەت‌و ناوەرۆکی ناقۆلاو ناپەسەندیان بەسەر شیعرو شاعیرا فەرز دەکرد.[6] کەچی شیعری ئەو سەردەمە زیاتر رووەدکاتە دەرخستنی رەنج‌و موعاناتی مرۆڤ و هۆکارەکانی پاشکەوتنی کۆمەڵ‌و مرۆڤی کورد، هەر ئەو وشەو تەعبیرە راستگۆیانەو مرۆڤ دۆستانەشە کە ڕەوتی ئامانج‌و ناوەڕۆکی شیعر دەستنیشان دەکەن‌و رەنگ ڕێژی بۆ هەیکەلی ئەو شیعرو بەرهەمانە ساز دەکەن‌و پێکەوەیان دەگونجێنن.[7]

- شیعری ئەو دەورەیە لە موکریان رەنگدەرەوەی بارودۆخی کۆمەڵگەی خۆیەتی، لەوبارەوە گوتراوە: (ئەگەر تا دوێنێ شیعری کوردی بە تێکرایی دەربڕی بیرو مەبەستێکی ئایدیالیستی‌و عیرفانی‌و گشتی بێژانەی هەمەلایەنە بووە، لەماوەی هەردوو جەنگدا پێ دەنێتە قۆناغێکی ریالیستی لە "کۆمەڵخوازی‌و رۆشنگەری‌و نەتەوە پەروەری"، کە هەم باری کۆمەڵایەتی‌و چینایەتی، هەم رۆشنگەری‌و نەتەوەخوازی تیادا بەرجەستە دەبێتەوە).[8]

لەو ماوەیەدا لە موکریان ئاماژە بۆ رۆڵ‌و بەرهەمی هەریەك لە شاعیران (مەلامارف، سەیفی قازی، مستەفا شەوقی) دەکرێت کەوەکو سێ کوچکە هەریەکەو چمکێکی ئەو گۆڕان‌و پێشکەوتنەی بەجۆرێك، لە ئەزموونی شیعری ناوچەی موکریان لە ئەستۆدا بووەو بەجێیان گەیاندووە، ئەنجا بوون بەسەر مەشقی دەورەی دواتری شاعیرانی موکریان لە ناوەراستی سەدەی بیستەمدا لە وێنەی (حەقیقی‌و ئاوات‌و نووری‌و هەژارو هێمن‌و هێدی‌و....) ئەوانی تر.

---

(6) شیعر نو: ٩.

(7) قضايا الشعر المعاصر: ٢٣٤.

(8) رەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانی‌و سیاسی لە موکریان: ٦٧.

ئەنجا لەم دەروازە گشتییەی زمانی شیعریی هاوبەشی ئەم سێ شاعیرەوە پێویستە ئاورێك لە زمان‌و شێوازی تایبەتی هەر یەکێکیان بدەینەوە.

أ. شێواز: سەرەتا پێویستە (ئەوە بزانین کە لەو قۆناغە نوێیەدا زمانی شیعری کلاسیکی یەکسەر لە زمانە کوردییە تێکەڵەکەوە نەگۆڕاوە بۆ زمانی کوردیی پەتی، بەڵکو زمانە کوردییە تێکەڵەکە هەرما، بەڵام بەشێوەیەکی تری جیاواز لە زمانە تێکەڵەکەی شیعری کلاسیکی کوردی).[9] ئەمە حەقیقەتێکەو بەروونی لە بەرهەمی شیعریی مەلا مارفی کۆکەییدا بەدیار دەکەوێت، کە لە رووی رووخسارەوە، واتە قاڵبی شیعری‌و زمان‌و شێوازو کێش‌و سەرواوە، لە شیعری کلاسیکییەوە نزیکترە تاوەکو بەرهەمی تازە، بەڵام شێوازێکی رەوان‌و روون‌و بێ گرێ‌و گۆڵی هەیە، وشەو زاراوە بێگانەکانیشی ئەوەندە قورس‌و ئاڵۆز نین کە خوێنەری ئاسایی سەری لێ دەرنەکات.

کەسێ غەوواسی بەحری عیلم‌و عەقل‌و فەزل‌و جەوهەر بێ
دەبێ سینەی سەفینەی عەزمی وەك سەددی سکەندەربێ
کەسێ مەیلی خەزێنەی گەنجی ئەسراری نیهانی بێ
دەبێ مەردی تەعام‌و حەوت خوانی شێرو ئەژدەربێ

یا کاتێ دەڵێ:

باز ئەوا شابازی فیکرم، مەیلی پەروازی هەیە
بۆ شکاری لوتفی تۆ، زۆری نییە نازی هەیە
هەوری تەبعم مایلی گریان‌و بەرق‌و بارشە
بۆیە گوڵ کەیف‌و دەماغێکی تەڕو سازی هەیە
مودەتێکە عەندەلیبی باغی شێعرم ساکیتە
لەم گوڵ‌و گوڵزارە یەك دنیا گلەو رازی هەیە

دیوان: ٤٩.

مەلا مارف وەکو لەبەسەرهات‌و سەربردەکەیدا هاتووە، لە ژیاندا مرۆڤێکی دڵخۆش نەبووە، ئەو بەهەتیوی گەورە بووەو بۆ خۆ پێگەیاندن زۆر زەحمەتی کێشاوە، بە پیلان‌و دەسیسە کوڕە گەورەکەی (عەلی) دەکوژرێت، لە ئەنجامی دوژمنداری بەناچاری ئاواییە دڵنشینەکەی خۆیان بەجێ دێڵێ تا لە مەهاباد لە مزگەوتی (شا دەروێش) دەگیرسێتەوە. وەکو هێمنی شاعیر دەیگێڕێتەوە ناوبراو بەدەست هەژاری‌و

(9) رەخنەی ئەدەبی‌و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر: ٢٠١.

دەست تەنگییەوە نالأندوویەتی، گوایە لە ئەنجامی گریانو نالأنی لە سوێی لەکیس چوونی کوڕەکەیو لەداخی هەژاریو بێ دەرامەتی، هەردوو چاوەکانی هەو دەکەنو لە ئەنجامی ئەو نەخۆشییەدا هەردوو چاوەکانی لەدەست دەدات، ئەمە دۆخەکە ئالۆزترو خراپتر دەکات، بۆیە رەشبینیو بەدبەختیو تورەییو پشوو لە ناخو دەروونیدا رەگو ریشەی دادەکوتێ، ئەنجا ئەم حاڵەتە رەش بینییە دەبێ بە پێکهاتەی میزاجو نەستو بیرو جیهانبینی شاعیرو لەزارو شێوازو وێنەو دەربڕینی شیعریدا رەنگ دەداتەوە. هەر ئەوەشە کە دەگوترێ لە چەمکی شێواز یەکێتی وشەو وێنە، وێنەو بنیات، بنیاتو بیر یەك دەگرێتەوە. وەکو چۆن کاریگەری دۆخی کۆمەڵایەتیو واقیع، لە شێوازدا رەنگ دەداتەوەو مۆرکێکی کەسی وەردەگرێت.[10] ئەم مۆركو سیمای (رەشبینییە) لە زۆر جێگا لە بەرهەمەکانیدا دیارو ئاشکرا دەبێت.

مەڵێن یا شێتە یا مەستی شەرابو نارەقو بەنگە خەیاڵاتم
پەرێشانە دڵم تاریکە هەم تەنگە
مەکەن مەنعم لە هەوری بیری من بارانی خوێن بڕژێ
لە سەحرای سینەدا دیسان هەرایە شۆڕشە جەنگە   شەهی ئقلیمی
بەدبەختی لە بۆ تەسخیری مولکی دڵ هجوومی کردووە، تالب بە
تاجو تەختو ئەو ڕەنگە ئەمیری لەشکری زوڵمە لە دەوری فەوجی
بێ روحمی جەفاوو جەورو میحنەت، یاوەرو سەرتیپو سەرهەنگە

دیوان:٢٢

یاخود کە دەڵێ/

مودەتێکە نەفسی بەد حوکمی خراوم لێ دەکا
هەر بە قەهرو کینە دەروانێتو چاوم لێ دەکا
جار بەجار دەگری دەناڵێ هەروەکو هەوری بەهار
گەه بە خەندەو پێکەنین دێتو سلاوم لێ دەکا
یەك سەعاتو یەك دەقیقە دەس لەمن هەڵناگرێ
روو لەهەر لایێ دەکەم هەر قاوە قاوم پێ دەکا
هەرچی تەفرەی لێ دەدەم وەعدەو وەعیدی پێ ئەدەم ناسرەوێ
تەکلیفی قۆرو بێ دراوم لێ دەکا

دیوان:٣٣

---

(10) شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا: ١٣.

یان کە دەڵێ/

شـــاعیر عومـــومی کەوتنـــە مـــەقالاتو بۆڵـــەبۆڵ
مـــەتحی وەتـــەن دەکـــەن بـــە قەسـیدەی شـــڕو شـــڕۆل
تـــەعریف دەکـــەن لـــە میللـــەتی کـــوردی بەســـەد زمـــان
پـــاك بوونـــە چاوشـــێکی بـــەبێ دەمبـــەگو دەهـــۆڵ
کـــوردیش چ کـــوردە میللـــەتی خۆخـــۆرە پێکـــەوە
بـــۆ گیـــانو مـــاڵی یـــەکتری سمکـــۆڵ دەکـــەن لـــە خـــۆڵ
دێـــوو درنـــجو ورچو بـــەرازو ڕێـــوی‌و چـــەقەڵ
کوێـــرو کـــەڕو شـــەلو کەچـــەڵو گێـــرو گـــول

لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێ/

لـــەو ڕۆژەوە کـــە عەهـــدی زەمـــانی تەجـــەدودە
لـــەو وەختـــەوە کـــە نێـــوی تەمـــەدون لـــە دەفتـــەرە
بارانی غەم لە هەورو هەڵای میحنەتو ئەلەم باریوە بۆیـە
چـــــەشمەی چـــــاوم موکـــــەدەرە
دڵ وا مـــەلولو مـــاتو پەرێـــشانو عـــاجزە
کـــوللی دەقیقـــە مونتەزیـــری مـــەوتی ئەحمـــەرە

دیوان:٦٣

لە هێرشو داشۆرینو هەجوکردنـدا شێوازی مـەلا مارف ڕەوانو ڕاسـتەوخۆو، لـە وشەو ناوو ناتۆرەو توانجی پڕ بە پێستو موستەحەق دایە، ئەمە لـە شێوازی شیعرە داشـۆرینەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کـە سـەر تـۆپی شـیعری داشـۆرینە لـە ئـەدەبی کوردی، جیایە. شێخ ڕەزا بێ پەردەو ڕووتو ڕەپو ڕاست ئاتارو پاتاری بـابو دایكو خزمو عێلو عەشیرەتی ناحەزەکەی دەداتە بەر فەحشو جنێو، مەلا مارف بەتوانجو پلاری داپۆشراو بـە تـەلمیحو تـەرجیحو کینایـە، وشـەو دەسـتەواژەی مـزر حەواڵـەی بەرامبەرەکەی دەکات، واتە ئەگەرچی سەرکۆنەو پەلامارەکانی توندن، بەڵام خۆی لـە جنێوی ڕووتو ڕاستەوخۆ لادەدات. لێرەدا هێرشی بـۆ سـەر یـەکێك لـە خەلیفـەکانی شێخانی بنەماڵەی زەنبیل وا دەست پێدەکات:

لـــە بـــابو فەســـڵی تـــەزویرو ڕیـــا هێنـــد چوســـتو چـــالاکە
هـــەموو کـــەس خـــۆ دەپـــارێزێ لـــە مـــەکرو کەیـــدو تـــەزلیلی

وەكــو جــەردەی موســەللەح دەچــتە ســەر ڕێگــەی موســوڵمانان
بــە ئیمــان ئیكتیفــا ناكــا، دەكــا نــەزعی ســەراویلی
هــەموو ڕۆژێ لــە مەكتەبەخانــەی تــەدریس و تەدلیــسی
دەنوســن ســەد جــەوازی نــومرە یــەك ڕوتبــەی عــەزازیلی
بــەڕیش و ســورەت و عەممامــەوو شــەكل و هــەیولانی
بەلــەحنی نــازك و قــەولی ئــەكازیب و ئــەباتیلی
فریــوی جــاهیلی وەحــشی دەدا بێــچارە نازانــێ
مــەقام و مــەنزلی ئیبلیــسە ریــش و پــێچ و مەنــدیلی
أيــا مَــن قلــتُ أنَّ الــشعرَ عِــصْيانٌ ونقْــصانُ
لــكُمْ احــساتكمْ يــالائــمي، نقْــصي وذنــبي لــي

دیوان:٧٢

ڕازاندنەوەی شیعر واتە (تلمیع)، جگە لەوەی هونەرێكی شیعرییە، بەڵام بەشێك لە زمان و تەبع و شێوازی شیعریش لای شاعیران پێك دەهێنێ و دەچێتە خانەی بەكارهێنانی وشەو زاراوەو دەستەواژەی زمانی بێگانەوە لەبەرهەمی شیعریدا. مەلا مارف لەزۆر شوێندا پەنای بۆ زمانی عەرەبی و فارسی و توركیش بردووە، نیوە دێرو دێره هۆنراوەی تەواوی بەو زمانانە تێهەڵكێشی شیعرەكانی كردووە، دەكرێ ئەو شایەدیەش بدەین كە زۆر وەستایانە ئەو كارەی ئەنجام داوە بێ ئەوەی هەست بە پچڕان و دابڕان بكەین لە سیاقی بیرو شێوازو داڕشتنی بەرهەمەكانیدا:

ـ نــە مــن تــەنها پەرێــشانم، هــەموو كــەس مــات و غەمگینــە
ئــەوی مەســرورو دڵــشادە، فەقــەت حەســادو گــەوادە
تــراهمْ مُنــذ ذالكَ اليَــومِ يُــوحي بَعْــضُهمْ بَعــضاً
سمێــل بــابڕ بــە كەیــفی خــۆت ســمێڵی خۆتــی لــێ بادە

دیوان:٤٢

ـ ئــەی ســەییدی جــوان و نەوجــەوان بــەخت و موحتــەرەم
یــا نــاقِصَ العطیــةِ وَیــا قاصِــرَ الهِــمَــمْ

دیوان:٥٢

ازگلــشن وجــود تــو از بــاد انقــلاب
بــر روی چــون گلــت ننــشیند غبــار غــم
حــاجی مــەلا محمــد ســۆفیش بەرێــشەوە
خــەندێكی بــۆ بــكات و بڵێــت ئــەی وەلی نیعــمەم

دیوان:٥٥

ـ ئەی حەسەن ئەی ساحەبی وەجهی حەسەن
مەزهەری فەرمایشی جەددول حەسەن
یانی فەرمویە ئەگەر خێرتان دەوێ
أُطلبُوهُ مِن ذوي الوَجهِ الحَسَن
چەندە پێم خۆشە ببینم دوژمنت
پێ لەسەر کورسیو لەگەردندا رەسەن
جار بەجار، بانگی بە تورکی کەم، بڵێم
کەیفن ئەحواڵن ئەفەندم، نەیسی سەن

دیوان:٥٦

ـ قەریبەن شەستو دوو ساڵە ئەوا دەڕوا لە عومرو سین
نەدیتوومە، نەبیستوومە، بەجوز یەك قازی شێخ موحسین
لَهُ في كُلِّ يومٍ قائلٌ بالباب يَدعُوهُ
يُناديهِ بيامَنْ لايَزالُ مُحسِناً أحسِن
کسی خواهد وجاهترا میان مردم و ملت
وَيَبقى اسمُهُ مِن بَعدُ بالأفواهِ وَالألسِن

دیوان:٥٩

ـ گەرچی دەوڵەتمەندو ساحێب پووڵو پارەو سەروەتی
مالیکی گامێشو مێشو گوێ درێژو گوێ لەقی
هەر لە وشتر تا دەگاتە کاورو گیسكو فروج
دێتە بەر دەستت هەموو رۆژێ بە موفتەو بێ حەقی
تأكلُ ما تشتهيهِ تلبسُ ما تشاء
مِن حريرٍ ناعمٍ أو سُندسٍ وأستبرَقِ
خزمەتی ئەشخاصی شاعیر لازمە عەقلت هەبێ
اتّهُم كالسّمِ قتّالٌ لِمرءٍ لا يَتّقي

دیوان: ٨٠.

ئەلا ئەی هودهودی باغی سەبا فەورەن بە تەعجیلی
تعالَ اذهبْ بمكتوبي الى مولاي رَتبيلي
إذا أدركتَهُ فاخفِضْ جناحَ الذلِ تعظيما
وَبَعدَ الوَصلِ وَالتقبيلِ بَلّغهُ أقاويلي

دیوان:٨٢

لەباسی بەکارهێنانی وشەو زاراوەی بیانیو تەرکیباتی تازە لای مەلا مارف ئاماژە بۆ چەند لایەنێك دەکەین:

١. وشەو زاراوەی عەرەبیو فارسیو تورکی

شاعیر بەگوێرەی پێویستو تا چەند بۆی لوا بێت لە شێوازی دارشتنو دەربڕینی ئامانجەکانی لە پەنابردنە بەر وشەو زاراوەی بێگانە نەپرینگاوەتەوە، زۆریش لەو وشەو زاراوانە تایبەت بەخۆیەتی واتا شێوازی بەکارهێنانێکی کەسییان وەرگرتووە. هەندێکیش لەو وشەو زاراوانە دووبارەکردنەوەن، واتە لە پێش ئەوداو لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەهەمان واتاو تانوپۆ بەکار هاتوون. لێرەدا ئامارێك دەخەینە بەر دەست کە رێژەی سەدی بەکارهێنانی ئەم وشەو زاراوە بیانیانە بەدیار دەخات.

لە ئامارەکەدا (١٠٠) دێرە شیعرمان لەسەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی دیوانی شاعیر وەرگرتووەو ئامارێکی وشە کوردیو عەرەبیو فارسییەکانمان نیشانداوە.

سەرجەمی ئاماری وشەکان لە ١٠٠ دێرە هۆنراوەدا:

کوردی	عەرەبی	فارسی	تورکی	سەرجەم
٥٦٥	٣٣٦	٧٥	٧	=٩٨٣*

رێژەی سەدی بەکارهێنانی وشەکان:

کوردی	عەرەبی	فارسی	تورکی
٥٧,٥	٣٤,٢	٧,٦	٠,٧

لەگەڵ ئەوەی ئەم ئامارە رێژەیەکی تەقریبیمان نیشان دەدات، بەڵام زۆر لە راستییەوە دوور نییەو ئەوەش دەسەلمێنێت کە نزیکەی نیوەی فەرهەنگی وشەو زاراوە شیعرییەکانی شاعیر بریتین لە عەرەبیو فارسی، بەتایبەت وشەی عەرەبی کە رێژەیەکی بەرچاوی هەیە. پاساوی ئەمەش بەوە دەدرێتەوە، کە شاعیر مەلا بووە، پاشخانێکی رۆشنبیری ئیسلامیی عەرەبییو فارسیی تێکەڵی هەبووە، هەروەها دەسەڵاتو شارەزایی لەو زمانانەدا وای لێ کردووە پەنا بۆ فەرهەنگی وشەو زاراوەکانی ئەو زمانانە ببات‌و لە شێوازو دەربڕینو دارشتنی هۆنراوەکانیدا بیانگونجێنێ. هەروەها لە فەرهەنگی زمانو زمانی قسەکردنو نووسیندا ئەم وشانە زۆرجار بە بێگانە دانانرێنو وەکو بەشێك لە وشەی زمانی کوردی سەیر دەکرێن.

---

* ئەم ئامارە ئامرازەکانی وەکو (لە، بە، بۆ، ج، بێ....)ناگرێتەوە..

٢. تەرکیباتو وشەڕۆنان

ئەمەشیان هەر دەچێتە خانەی شێوازناسیی وشەو رادەی پەیوەنداری شاعیر بەجۆرێك لەو وشەو زاراوەو تەرکیباتانە کە بەزۆری لە بەرهەمەکانیدا دووبارە بوونەتەوە، یا ئەو وشە لێکدراوانەی کە شاعیر خۆی دەستی هەیە لە رۆنانو سازکردنیان لە زمانو شێوازە شیعرییەکەیدا.(11)

چاوپیاخشاندنێکی وردی دیوانی مەلا مارف چەند لایەنێك لە شێوازو زمانی شیعری شاعیر لە ئاستی وشەسازیو وشەرۆناندا بەدیار دەکەوێت کە وەکو دیاردەیەك لە گفتو لفتیدا بۆتە باوو دووبارەو چەند بارە بۆتەوە، لەوانە:

دووبارە بوونەوەی (هاوواتا)و (هاوواتا ئاسا)و (جووتە وشەی لێکدراو):

هاو واتا ئەو جووتە وشەیەن کە واتاکەیان وەکو یەك بێت.(12) هاو واتا ئاساش ئەو وشانەن کە واتاکانیان لە یەکتر نزیك بنو بەزەحمەت لەیەکتر جیابکرێنەوە، واتا لەیەك کێڵگەو چوارچێوەی واتاییدا کۆببنەوە.(13) ئەم دیاردەیە وەکو سیمایەك لە شێوازی شاعیردا زۆر بە روونی هەستی پێ دەکرێت وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

گوڵستانو گوڵو گوڵزارو گوڵشەن
نەیو شمشادو سەروی جوێباری

نەواوو ناڵەوو گریانی قومری
فوغانی بلبلی سەر شاخ ساری
بەهەر نەزمو بەهەر وێنەو عیبارەت
هەموو ئیقرار ئەکەن پەروەردگاری

دیوان: ٥.

ـــ کەمتر لە هەموو سائیلو دەروێشو گەدایە
لەو عەرشە موعەلایە هەم خوسرەوو قەیسەر

ـــ عادەتی ئەشخاسی شاعیر مەسلەکی شەخسی ئەدیب
یا درۆیە یا ریایە یانە مەکرە یا فەریب

---

(11) کلیات سبکشناسی: ٢١٧.

(12) زمانەوانی: ١٦٤.

(13) زمانناسیو هەندێ بابەتی زمانناسی کوردی: ٣٥.

ـــــ ئەووەلـــەن (زرنـــی) حەدیـــسی شـــاهبازی کیبریـــا
بـــاوەڕت بـــێ ســـانیەن تەقیـــەو ئـــەدەب شـــەرمو حـــەیا
ـــــ رابیعـــەن بەدبـــەختیی‌و بـــەدوەزعیی‌و ڕۆژی ســـــیا
بـــۆ شـــەرەفیابی حـــوزووڕو خزمـــەتی تـــۆ عـــاجزە

ـــ گـــەر مووەففـــەق بم بـــە تـــەوفیقات‌و لـــوتفی ئێـــزەدی
تـــا موتـــەووەق بم بـــە تـــەوقی فـــەهم‌و عـــەقل‌و بـــوخرەدی
ـــ بـە عـەترو تـام‌و بـۆن‌و ڕەنگـی لـەعل‌و سورەت‌و تـەرکیب
قەشـــەنگ‌و دلڕوبـــاو دولبـــەرو مەخـــسوس‌و مومتـــازی

- ســـۆفی وەرە هـــەنگامی گـــوڵ‌و فەســـڵی بـــەهارە
وەختـــی تـــەرەب‌و عـــەیش‌و دەمـــی گەشـــت‌و گـــوزارە
پیـــشەو عەمـــەلت حیلەیـــە تـــەزویرو ڕیایـــە
تـــۆ بەشـــقی خـــودا پـــێم بڵـــێ ئـــەم کـــارە چ کـــارە

ـــ ئـــەم جـــەهل‌و نیفـــاق‌و حەســـەدو بـــوغزە هـــەتا کـــەی
دەخولێنـــــەوە تاکـــــەی وەکـــــو دێوانـــــەو مەســـــتان

ــــ خـــارو خەســـی زیللـــەت لـــە ڕەگ‌و ریـــشە دەرێـــنن
بیکـــەن بـــە گـــوڵ‌و گوڵـــشەن‌و گـــوڵزارو گوڵـــستان

ـــ ئـــەمیری لەشـــکری زوڵمـــی لـــە دەوری فـــەوجی بـــێ ڕوحمـــی
جـــەفاوو جـــەورو میحنـــەت، یـــاوەرو ســـەرتیپ‌و ســـەرهەنگە
ــــ مـــوحیتی دایـــرەی دوکـــان‌و بـــازاڕی بـــە ئاســـانی
بـــە ســـەتح‌و ســـەقف‌و ســـەربانی خـــولی پێـــدا قـــولی بـــادا
لـــە مەســـکوکاتی ئێرانـــی، لـــە لـــیرەی سـککەی عوسمـــانی
لـــە ئێغـــدان‌و مـــەجری‌و مەحفـــەزەو ســـندوقی پـــۆڵادا
چ ڕۆژێکـــە لەلایـــەك گرمـــەگرمی هـــەورو ناڵـــەی بـــا
لـــە لایـــەك شـــیوەن‌و گریـــان‌و قوڕپێـــوان‌و فـــەریادە

- بەسەرماندا دەرێژن گێژەلووکەی نەگبەت‌و میحنەت
غوباری ئیفتیقارو تۆزی دەردو گەردی بێوازی

دوعای حیفزی وجودو عیزەت‌و ئیقبال‌و تەوفیقی
لەسەر تۆ واجب‌و فەرزە بە کوردی‌و فارسی‌و تازی

لە باب‌و فەسلی تەزویرو ریا هێند چوست‌و چالاکە
هەموو کەس خۆ دەپارێزێ لە مەکرو کەیدو تەزلیلی

- کەسێکی مونکیری ئەخلاق‌و ئەوسافی کەریمت بێ
بە کوللی حازرم بۆ قەرع‌و مەنع‌و زەجرو تەنکیلی

- دەنووسم بۆ موغەنی‌و موتریب‌و خۆشخوان‌و رەققاسان
کە بەزمێکی موهەیاکەن شەبیهی بەزمی فەغفووری

- تۆ بە حوسنی فیکرو فیکری بیکرو ئەشعاری حەسەن
مـن بە شیعری نارەوان‌و سەهل‌و سادەو سەرسەری

جۆرێکی دیکە لە جووتە وشە هەن هەمیشە بەدوای یەکتری دادێن‌و جووتە وشەیەکی ناوی پێك دەهێنن (ئەگەر هەردوو تاکو وشەکە ناو بن)، یا جووتە وشەیەکی ئاوەڵناوی پێك دەهێنن (بێت‌و تاکەکان ئاوەڵناو بن)، ئەمانە زیاتر هۆکاری وەسفی پێکەوەیان دەبەستێتەوەو[14] زۆریش لە شیعری مەلا مارف دا بەدی دەکرێت؛ بەنموونە تەنها لە قەسیدەیەکی شاعیردا کە بەناوی (باڵی سەمەندەر) ەو[15] بە روونیش دیارە کە لە ژێر کاریگەری چامە نێودارەکەی (سالم)دا (جانم فیدایی سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر) هۆنراوەتەوە، ئەم جووتە وشانە بەدی دەکەین: (پەیکی هونەروەر، میشکی موعەتەر، نەسیمی سەحەر، گوڵاڵەی ئەحمەر، شوعبەیی عەسکەر، سەرهەنگ‌و یاوەر، میحراب‌و میمبەر، خانەیی شەشدەر، باڵی سەمەندەر، شەربەت‌و شەککەر، حەزرەتی حەیدەر، سەجادەی منەوەر، فەرەیدون‌و سکەندەر، سینەوو دەفتەر، پەردەیی ئەخزەر، خوسرەوو قەیسەر، موساو رەزا، سائیل‌و گەدا،

(14) جووتە وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا: ١٢٥.

(15) دیوانی مەلامارف: ٧.

عەرشی موعەللا، خوسرەوو قەیسەر، حاتەمو جەعفەر، هادیو رەهبەر) پارچە شیعری (ئامانجو ئارەزوو) هەموو قافیەو پاش قافیەکانی بەم شێوەیەیە، واتا لە جووتە وشەی لێکدراوو ئاوێتە پێکهاتووە:[16] (سەددی سکەندەر، شێرو ئەژدەر، زەربی خەنجەر، نێشی نەشتەر، یارو دولبەر، رەندو قەلەندەر، یاقوتو گەوهەر، رۆژێ ئەنوەر، تۆپو عەسکەر، شەهدو شەککەر، موحەدەب یا موقەعەر، سینە دەفتەر).

ئەنجا ئەگەر پێدا بچین دیارە ئەوا ئامارێکی زۆرمان لەو بابەتە لا کۆدەبێتەوە، ئەم دیاردەیەش خۆی لە خۆیدا لایەنێکی شێوازی شاعیرمان لە زاراوەو دەستەواژە سازیدا بۆ روون دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە شاعیر پەنای بۆ کۆمەڵێك تەرکیباتو زاراوە بردووە کە پێشتر لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەدی ناکرێن، زۆریشیان شاعیر بۆ پێداویستیی قافیە یاخود دەربڕینی مەبەستی شیعریی خۆی سازی کردوون، لەخوارەوە نموونەیەك لەو تەرکیباتە دەگمەنو نامەئلوفانە دەخەینە روو:

شەهبازی کبریا، تەوفیقات، بوخرەدی، نەقشی ئەرژەنگ، ئاوپاشی فەلەك، عەقەب کەوتە، سابوونی سەداقەت، فانۆسی زوڵمانی، موجەستەر، موفرەدی لاموسەننا، سەقیل باشی، تەکلیفی بن دڕاو، خانو خەوانین، سەبابانی قون تڕۆل، زەیغەمی خوێن ئاشام، وەعدەی وشکی بەر کورسی، مورغەکی کونجی، موسینانی عەدیمول سین، لائاسین، نەهەنگی تەبیعەت، تازی، لەکلەکی دەریازی، ئیغراز، تالوتو جالوت، روتبەی عەزازیل، سەرپڕ لەسندان، کابینەی کیرامول کاتبین، ئەلیەق، چەرخی مەنشوور، وەفاتی قەند، گەزیدەی عەقرەب، موحمەرول مەزاکیر،دەرهەم بەرهەم..

ئەم زاراوەو وشە ئاوێتانە بە وێنەیەك لە بەرهەمی شاعیردا دووبارەبوونەتەوە تا بووە بە پێرەوێكو شاعیر ئولفەتی پێوەگرتوە. بەرادەیەك لەهەموو بەرهەمەکانیدا (جووتە وشەو زاراوەی ئاوێتە) بۆتە پیشەیەكو سیمایەکی دیاری شێوازی شیعریی مەلا مارف. بەتایبەت هەندێك جووتە وشەو زاراوەی ئاوێتە هەن کە زۆرجاران لە بەرهەمەکانیدا دووبارەو چەندبارە بوونەتەوە.

ئێمە لە بواری شێوازناسیو، هەر تەنیا لە ئاستی وشەسازی، دەشێ ئاماژە بۆ گەلێ لە هونەرەکانی تری شێوازی شیعریی مەلا مارف بکەین. لە وێنەی رەگەز دۆزی، پێچانو کردنەوە، دژیەك، ئیغراقو موبالەغە و گونجانو تێهەڵکێشو تیکرار.....تاد. هەروەها

---

(16) سەرچاوەی پێشوو: ٢٠.

له ئاستی شێوازناسی رستەو پارستەدا وەکو شێوەکانی رستەی: ئەمری، خەبەری، پارستەی پرسیارو مەرجو وەڵامی مەرجو پاشخراوو.....تاد. ئەنجا لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ پێکهاتەی رستەو گوتاری شاعیر درێژو پرش‌و بڵاون یاخود رستەی کورت‌و سفت‌و بەیەکەوە بەستراون دەشێ لەدووتۆی دێرو نیوە دێرەکاندا ئاماژە بۆ گەلێك نموونەی جۆراوجۆر بکەین،[17] بۆ نموونە:

- رستەی مەرجو وەڵامی مەرج/

(١) کەسێ تالب بە نێوو شۆرەت‌و روشدو شەجاعەت بێ
دەبێ ئامادە بۆ شمشێرو تیرو زەربی خەنجەر بێ

(٢) کەسێ مەیلی خەزێنەی گەنجی ئەسراری نیهانی بێ
دەبێ مەردی تەعام‌و حەوت خوانی شێرو ئەژدەر بێ

- رستەی مەرجی پاشخراو:

(١) چ باکێکی لە تیرو تەعن‌و لۆمەی یارو ئەغیارە
کەسێ عاشق بە تاقی قەوسی ئەبرۆی یارو دولبەر بێ

(٢) چ کارێکی بەوەعزو میمبەرو میحراب‌و مزگەوتە
کەسێکی مورشیدی مەیخانە یا رەندو قەلەندەربێ

- رستەی خەبەری‌و پرس:

کە من جامی شەرابم پڕ لە ژەهری مارو ئەقرەب بێ
بە من چی، شەربەتی تۆ پڕ لە شیرو شەهدو شەککەر بێ

ب. شێوەزار:

پلەکانی دابەش بوونی زمان، لەوانەش زمانی کوردی بەم جۆرەن:

١. دیالێکت، ٢. شێوە – زار ٣. زارۆچکە

کەواتە شێوەزار پلەی دووەم وەردەگرێت، کوردی خواروو کە بە (دیالێکتی کرمانجی خواروو) ناودەبرێت لەلای زمانناسانی کورد لە چوار شێوەزاری (سلێمانی – سۆرانی

---

(17) کلیات سبك شناسی: ٢١٩-٢٢٠.

– سنەیی- موکری) پێکهاتووە.[18] شێوەزاری موکریانی کە ناوچەیەکی جیۆگرافیایی فراوانی داپۆشیوە لە کوردستانی ئێران، لە باشووری گۆلی ورمێوە تا خوارووی سەقزو بانە دادەکشێ، لە رۆژئاواش ناوچەی پشدەری کوردستانی عێراق دەگرێتەبەر. شێوەزاری موکری لەناوخۆیدا بۆ چەند زارۆچکەیەکی ناوچەیی وەکو (گەورکی، مامەشی، مەنگوڕی، پشدەری) دابەش دەبێت. بەڵام لەناو شارە گەورەکانداو بەتایبەت لە مهاباد لەگەڵ ئەوەش لە سنووری زارۆچکەی مامەشان دایە، بەڵام هەموو زارۆچکەکان تێکەڵاو دەبن لەناو واتاو شێوەزارە سەرەکییەکەدا دەتوێنەوە.
شێوەزاری کەسی هەر شاعیرێك لە (وشەو رستەو دەستەواژەکانی)، واتە لە کردەکانی ئاخاوتن لای ئەو کەسەوە (کە شیعرەکانییەتی) دەستنیشان دەکرێت، ئەمەش جگە لە باڵا دەستی شێوەزاری ئاخاوتنی ناوچەکەی، پێویستە لە رووی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە لێی بکۆڵدرێتەوە. واتا پلەی کۆمەڵایەتیو چینایەتی شاعیر، تەنانەت باری دەروونیو ئاستی رۆشنبیریش رۆڵێکی بەرچاوی دەبێت.
کۆکەیی لە موکریان پێگەیشتووە، لە مهاباد ژیانی بەسەربردووەو مەلا بووە، واتە پاشخانێکی رۆشنبیری ئیسلامیی* هەبووە، دیارە ئەمە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر شێوەزاری شاعیرەوە هەبووە تا ئەو رادەیەی وشەو زاراوەکانی شێوەزارو ئاخاوتنی موکریانی زۆر بە کەمی لە بەرهەمی شاعیردا هاتووەو ئەوەندەش کە هاتوون لەناو شەپۆلی وشەو زاراوە عەرەبیو فارسییەکانیدا گوم بوون. هەندێکیشیان هەر لە ئەسڵدا زارو ئاخاوتنی فارسینو پەیوەنەتەوە ناو شێوە ئاخاوتنی موکریانی. هەندێك لەو وشانەی کە تایبەتن بە ناوچەی موکریانو لە شێوەزاری شاعیردا بەدیدەکرێن دەخەینە روو:
رووپەڕە، نوچکەی چیا، هومێدەواری، گڕی ئاوور، ریزە خۆر، سەر عەسکەر، پولومال، شەرەفیابی، هێشتێ، بەشقی خودا، ئاوپاشی، لەسان دان، تماشا، کوندە شاخی، تاووساو، بێ تووشە، موردار، کاڵەکۆن، تەڕو ساز، گلەو ڕاز، نەهارو شام، نیکتەپەردازی، سەرئەفرازی، بێ وازی، فەرتون، درۆی پاش مردن، خواهیش، فامیل، زیندەگی...

---

(18) زاراوەکانی زمانی کوردی، گ/ زانیاری، ژ/ ٤: ٧٥.
* د. مارف خەزنەدار ئەم زاراوەی هێناوەتە ناوەو لە نووسینەکانیدا بەکاری دەهێنێت، کە ئاماژەیە بۆ رۆشنبیرییەکی ئاینی ئیسلامی تێکەڵی عەرەبیو کوردیو فارسیو تورکی.

بۆیە زمانو شێوەزاری مەلا مارف بریتییە لە شێوەزارێکی کوردی/ موکریانی تێکەڵ بە وشەو تەعبیراتی زمانەکانی دیکەی وەکو عەرەبیو فارسی، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازێکی سادەو دوور لە گرێ لێدراوێو پێچەو دەورەی لە دەربڕینی بیرو مەبەستەکانی پەیڕەو کردووە.

زمانو شێوازی شیعری سەیفی قازی:

کاتێك ئاوڕ لە زمانو شێوازی شیعریی سەیفی قازی دەدەینەوە، مەسەلەکە زۆر جیاواز دەبێت، بە واتا زمان لێرە بەکارهێنانێکی جیاوازو تایبەت وەردەگرێت کە لە شاعیرانی دیکەی جیا دەکاتەوە. ئەمەش شتێکی ئاساییە چون هەر بەکارهێنانێکی تایبەتی زمان لە دەرفەتێکی زەمانی دیاریکراو لەلایەن شاعیرێکەوە، زمانو شێوازی ئەو شاعیرە پێك دەهێنێ.[19] ئەوە رێگا لەوەش ناگرێت کە کۆمەڵێك شاعیرو هونەرمەند لەیەك سەردەمو قۆناغی مێژوویيدا لەیەکچوونێك لە بیرو زمانو شێوازدا لە نێوانیادا هەبێت، لە ئەنجامی کاریگەریی هەمان دۆخی کۆمەڵایەتیو رەنگدانەوەی هەمان واقیع بەڵام شێوازی دەربڕینو رەنگدانەوەکە مۆرکێکی کەسی وەردەگرێت.[20] سەیف بەلاسایی کردنەوە دەستی پێکردووە، بۆیە زمانی شیعری لەسەرەتادا هەمان زمانی قەسیدەو غەزەلی شاعیرانی کلاسیکی کوردییە:

قاسید کە لە دەرهاتو بە تەبلیغی وەفاکرد
حوجرەی منی حەسرەت دیهی سەت چینو خەتاکرد
پێم کوت لە خوتەن دێیەوە یا خوتتەیی تاتار
یانەهلی بەهەشتی کە دڵت پڕ لە سەفا کرد
یان خدری کە هاتی بە دوجام ئاوی بە قاوە
ئەم موردەیی هیجرەت بە تەمای عومری بەقاکرد
یاخود لە تەرەف یارەوە دێی حامیلی نامەی
خاسییەتی ئاهوی خۆتەنو چینی ئەداکرد
خاسییەتی بۆ چاوی منی خەستەو رەنجوور
وەك جامەیی یوسف کە بە یەعقوبی عەتاکرد

دیوانی سەیفولقوزات: ٢٩

---

(19) بنية اللغة الشعرية: ١٥.

(20) شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا: ١٣.

سەیف بەو پێیەی کە لە زمانو ئەدەبیاتی فارسیو عەرەبیدا شارەزابووە بۆیە سەرەتا نەیتوانیوە خۆی لە چنگاڵی وشەو تەعبیراتی ئەدەبی ئەو دوو زمانە ببوێرێت، بەڵام لە درێژەی شیعرو بەرهەمەکانی دیوانەکەیدا بەدیار دەکەوێت کە هەمیشە تێکۆشاوە خۆی لە دەست ئەو وشەو زاراوانە دەرباز بکات. (شاعیر زۆر تێکۆشاوە لە دەکارهێنانی واژەی عەرەبی خۆ بپارێزێو زبانێکی کوردی پاكو خاوێن بۆ دەربڕینی هەستو بیری شاعیرانەی خۆی بدۆزێتەوە).[20] ئاکامی ئەو هەوڵانەی شاعیر لە شیعرو غەزەلەکانی دواتری دیوانەکەیدا بەدیار دەکەوێت:

دایـــــم دڵـــــم بەناڵــــەو زاریو فیغـــــان ئــــــەڵێ
خـــۆش بـــەو شـــەوەی کــە ڕۆژی ڕوخـــی دڵبـــەرم هـــەڵێ
تفڵـــــی دڵـــــم گـــــروی شــــەکەری لێـــوی گرتـــووە
بـــەو دوو هـــــەنارە ژێـــــری کـــــەوە بیخـــــە باغـــــەڵێ
زولفــــــت وەلادە ڕوت بنوێنــــــە بـــــــە دەفعـــــەیێ
شـــەو ڕابـــرێ، ســـتارە نـــەمێنێ، قەمـــەر هـــەڵێ
بـــەو زولفـــە میروەحـــەت مەکـــە مـــەنعم لـــە شـــەهدی لێـــو
تەیرێکـــــە دڵ زەعیفـــــە، دەترســـــێ لـــــە داوەڵـــــێ
ئـــــەو قافیـــــەت بەســـــانی دڵـــــی مـــــودەعی حەســـــەن
تـــەنگە، درەنگـــە، مـــەیلی بـــە جەنگـــە، هـــەڵێ مـــەڵێ

دیوان:٣٢

زمانی شیعری سەیف کاتێك دەگاتە ئاستی ئەو شیعرو بەرهەمانەی کە بۆ عەزیز ئاغای دۆستی نوسیوون، یا باسی ژیانی دێهاتی کوردەواری دەکات، یاخود ئەو لیریکە دلدارییانەی کە لەسەر شێوازی شیعری بڕگەیی داینـاون (ئـەوجار زبانی ڕاستینی خۆی دەس دەکەوێو نیازی بە فارسیو تورکیو عەرەبی نامێنێو ئەو لیباسە گرانو نالەبارەی لە بەر هەڵبەستەکانی دادەڕنێو بە جلو بەرگی جوانو رەنگاو رەنگی کوردی دەیان رازێنێتەوە)،[22] وەك ئەم نموونەیە:

عەنبـــــــەری زولفـــــــت بـــــــەدەم ســـــــەبادە
لەســـــەر مـــــانگی ڕووت هـــــەوری مـــــوت لادە
تـــــا ڕۆژ وەکـــــو شـــــێت ڕوو لـــــە کێـــــوان کـــــا

(21) دیوانی سیف القضات: ١٩.
(22) سەرچاوەی پێشوو: ١٩.

لـــــه عيــــــشقت مـــــــردم وەســــيەت بـــێ لـــه تـــۆ

بـــــۆ خــــۆت بم نێــــــــژه تــــــــــەلقینم داده

تـــــا بڵــــــێن زوحــــــاك مــــــار لەسەرشـــــانی

تـــــایەك لــــــــه زولفـــــــی چــــــین چــــینت لاده

دیوان:٣٤

ئەگەر ئەژمارێکی وشەو واژەکانی شاعیر لە رووی شێوازناسییەوە بکەین ئەوا ئەم ئاکامانەمان لا دەست دەکەوێت:

له ١٠٠ دێره شیعردا ئاماری وشەکان بەم شێوەیە بەدیاردەکەوێت:-

کوردی	عەرەبی	فارسی	تورکی	کۆ
٧٥٧	٨٨	٢٥	٤	٨٧٤

رێژەی سەدی وشەکان:-

کوردی	عەرەبی	فارسی	تورکی
٨٦,٦	١٠,٠٦	٢,٨	٠,٤٥

ئەم خشتەیەو رێژەی بەکارهێنانی وشەی کوردی، لەچاو وشە بیانییەکاندا ئەو بۆچوونە دەسەلێنێ کە شاعیر خاوەنی زمانێکی پاراو بووەو خۆی لە بەکاربردنی وشەو زاراوەی بێگانە بەرادەیەکی زۆر بە دوورگرتووە.

له بارەی زمانی شیعریی‌و شێوازەوە راستییەك هەیە دەڵێ (هەر زمان‌و شێوازێك رەنگدانەوەی جیهان بینییەکی جیاوازە)،[23] واتە شێواز رەنگدانەوەی ئەزموون‌و جیهانبینی شاعیرو هونەرمەندە بۆیە مەبەست‌و ناوەڕۆکی شیعر رۆڵێکی باڵا دەگێڕێ لە هەڵبژاردن‌و داڕشتنی شێوازدا، ئەو ناوەڕۆك‌و بابەتگەلەی کە شاعیر لە بەرهەمەکانیدا تەعبیری لێکردوونەتەوە بریتی بوون لە ژیانی دێهاتی‌و کشتوکاڵی‌و پەروەردەکردنی رەزو باغ‌و بێستان‌و ئاژەڵداری لەگەڵ ئەو سۆزو خۆشەویستییەی بۆ نیشتمان‌و بۆ کورد نیشانی داون، تەعبیرکردن لەم ژیان‌و هەست‌و بیرو مەشغولییەتە شاعیری بەرەو راستە شەقامی زمانێکی پاراو، روون، ئاسان‌و سادە بردووە. لەو رۆژگاری بووژانەوە ئەدەبییەش تێڕوانینێکی ئەوتۆ لەئارادا هەبووە کە (زمانی شیعر ئەو ئەندازەیەی سادەو رەوان بێت، بەواتا لە زمانی ئاخاوتن‌و ژیانی رۆژانەی خەڵك

(23) زبانشناسی‌و نقد ادبی: ٢٩.

نزیکتر بێت ئەوا بەو ئەندازەیەش کارو تەئسیری بەسەر خوێنەرەوە زیاتر دەبێت، ئەگەرچی بیروڕای پێچەوانەش لە ئارادا هەبووە).[24]

شاعیر چەند بەرهەمێکی لە وێنەی (نامەی شیعری) لە سۆزو خۆشەویستیی عەزیز ئاغای هاوڕێی هۆنیوەتەوە، کە هەم لەسەر کێشی بڕگەییەو هەمیش سیستمی جووت قافیەی تیادا پەیڕەوکردووە، ڕەنگە عەزیز ئاغاش کە کوێخا دێیەکی دەشتەکی بووە بەناوی (کوڵتەپە)و دەشێ خوێندەوارییەکی ئەوتۆشی نەبوو بێ، بۆیە شاعیر لە نامەکانیدا پەیڕەوی شێوازی (سەهلی مومتەنیع)ی کردووەو سۆزو مەبەستەکانی بە ڕوونیو بە ساکاریو بە کوردییەکی ڕەوان بۆ دەربڕیوە:

یادم بۆ ناکەی یادت بەخێربێ
وەعدەی زوو هاتن وەختە زۆردێر بێ
هێندەم تەماشای ڕێی هاتنت کرد
چاو خێل بوون لەسەر سەربانو سەرگرد
ڕێگای کوڵتەپەی دوورو درێژە
هاتنی عەزیزم یەکجار لەمێژە
حەسەن لەدووریت نەخۆشو گێژە
تا مابووم نەمدی، هاتی بینێژە
دەردەی بێ دەرمان هەر دەردی تۆیە
بە بایەك دەمرم دەژیم بەو بۆیە

چاوپیاخشاندنێکی بەرهەمی شیعری دیوانی سەیفی قازی چەند ڕاستیەکمان بۆ ئاشکرا دەکات کە لە بواری ڕاستیی شێوازناسیدا بایەخی خۆی هەیە:

- شاعیر بەڕادەیەکی زۆرو بە هۆشیارییەوە خۆی لە زاراوەسازیو تەرکیباتی ئاوێتەو لێکدراو (لە وێنەی جوتە وشە، هاوواتا، هاوبێژ...) پاراستووە، ئەمە نەك هەر لەبەرهەمە بڕگەییەکانی، بەڵکو لە ئاست بەرهەمە کلاسیکیو عەروزییەکانیشیدا هەر وایە.
- لە شیعرەکانیدا هەمیشە پەنای بۆ لکسکێونی سادە (یەك یا دوو یا سێ) بڕگەیی بردووە جا ئەگەر هاتو بۆ (جێناوی جوداو وشەکانی پرسو سەرسوڕمانو خۆزیو

(24) سەرچاوەی پێشوو: ١٠٠.

پاڕانـەوەو لێکدان)یش، حسابی وشـەی یـەك بڕگـەیی بکـەین، ئـەوا رادەو ئامـارەی دووباره بوونەوەی وشەکان لە بەرهەمەکاندا بەگوێرەی ئەم ریزکردنەی خوارەوەیە:
دووبڕگەیی ⟵ یەك بڕگەیی ⟵ سێ بڕگەیی ⟵ چوار بڕگەیی لە زۆرەوە بۆ کـەم دەگۆڕێت. لـە پێشەوەش ئامـاژە بـۆ ئـەوەکرا وەك لـە ئامـارە سـەدییەکاندا بەدیارکەوت، کە فەرهەنگی وشەو بێژەکانی شاعیر رادەی زۆرترینی کوردیو پـەتیو خۆماڵین. لێرەدا پارچە غەزەلێکی شاعیر دێنینەوەو لێکۆڵینەوەیـەکی شێوازناسی بـۆ دەکەین کە ئاستی زمانەوانی بەتایبەتی (وشەسازی) بە روونی تیادا بەدیار دەکەوێت:

بۆ خۆت بم نێژە

عەنبـــــەری زولفـــــت بـــــەدەم ســـــەبادە
لەســـــەر مـــــانگی رووت هـــــەوری مـــــوت لادە
تـــا رۆژ وەکـــو شـــێت روو لـــە کێـــوان کـــا
تـــۆزی غوســـــەو غـــــەم هەســـــتە بـــــەبادە
لـــە عیـــشقت مـــردم وەســـیەت بـــێ لـــە تـــۆ
بـــــۆ خـــــۆت بم نێـــــژە تـــــەلقینم دادە
تـــا بڵـــێن زوحـــاك مـــار لەســـەر شـــانی
تایـــەك لـــە زوڵفـــی چـــین چـــینت بـــادە
بـــە جـــامی دیـــدەی جەمـــشیدی جەمـــە
بـــە تـــەختی ســـینەی وەك کـــەیقوبادە
گـــوتم کوشـــتومت بـــە غـــەمزە فـــەرموی:
شـــێوەی شـــیرینە رەسمـــی فـــەرهادە
لـــە دووری بـــاڵات شـــەو هـــەتا ســـەحەر
کـــارم گریانـــە، پیـــشەم فـــەریادە
تـــاکو پامـــاڵ بـــێ خـــوێنی مـــەزلومان
پەنجـــەی شمـــشاڵت رەنـــگو خـــەنادە
بـــە هومێـــدی وەم بێیـــە ســـەر قـــەبرم
بـــۆیە وا حەســـەن بـــە مـــردن شـــاد

بۆ لێکۆڵینەوەی لایـەنی شێواز لـەم پارچـەیەی شـاعیر، پێویستە

بەم شێوەیە پەیڕەوی لە هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوەی شێوازناسی دەق بکەین:[25]

١. لەسەر ئاستی زمان: ئاستی زمان بۆ سەر سێ ئاستی بچوکتر دابەش دەبێت:

أ. ئاستی دەنگ (دەنگسازی): ئەمەیان زیاتر پەیوەندیی بە لایەنی موسیقاو ئاهەنگی شیعرەوە هەیەو لە شوێنی خۆیدا باسی لێوە دەکەین.

ب. ئاستی وشە (وشەسازی): لەگەڵ ئەوەی پارچەکە لەسەر کێشی برگەیی هۆنراوەتەوە بەڵام روخساری لاسایی کردنەوەی قاڵبی غەزەلی کلاسیکی پێوە دیارەو شاعیر پەنای بۆ کۆمەڵێ لە وشە زاراوەی بێگانەش بردووە.

ـ پارچەکە سەرجەمی لە (٨٤) وشەو (١٦) جێناوی لکاوو (١٩) ئامرازی عەتفو (١٦)ئامرازی ئیزافەو (٥) دانە کاری بێ هێز پێکدێت.

ـ لە سەرجەمی وشەکان (٣٦) دانەی یەك برگەیی‌و (٤٦) دانەی دوو برگەیی‌و تەنها (٢) دانەی چوار برگەییین.

ـ لە سەرجەمی وشەکانی پارچەکە (١١) وشەی عەرەبی‌و (٦)وشەی فارسی بەکارهاتوون.

هەر لەلایەنی وشەسازییەوە دەکرێ ئاماژە بۆ چەند لایەنێکی رەوانبێژی غەزەلەکە بکەین، لەنێوان:

ـ عەنبەری زولفت / لەسەر مانگی روت/ هەوری موت

ـ بە جامی دیدەی/ بە تەختی سینەی

ـ شێوەی شیرینە/ رەسمی فەرهادە

کارم گریانە/ پیشەم فەریادە

چەند لایەنێکی جوانکاری گوتنی تێدایە کە لەجۆری (سەجعی هاوتەریبە).

ـ لە (زولفی چین چینت) رەگەز دۆزی تەواو هەیە.

ـ لە چەند شوێنێکدا تەلمیح (تەلمیح ـتیلنیشان) بەدی دەکرێت:-

★ تا رۆژ وەکو شێت روو لە کێوان کا ←── ئاماژەیە بۆ بەیتێکی نالی

★ تا بڵێن زوحاك مار لەسەر شانی ←── ئاماژەیە بۆ داستانی زوحاك‌و کاوەی ئاسنگەر

---

(25) کلیات سبك شناسی: ٢١٦ -٢١٧.

٭ بەجامی دیدەی جەمشیدی جەمە ⟵ ئاماژەیە بۆ ئاوێنەی جیهان نومای جەمشید

٭ شێوەی شیرینە رەسمی فەرهادە ⟵ ئاماژەیە بۆ داستانی شیرینو فەرهاد

ـ لە دەستەواژەی (لە عیشقت مردم) زێدەڕۆیی هەیە.

ـ لە دێری پێش کۆتاییدا:

تـــــاکو پامـــــاڵ بـــــێ خـــــوێنی مـــــەزلومان
پەنجـــــەی شمـــــشاڵت رەنـــــگو خـــــەنادە

وێنەیەکی شیعریی جوانو ناسكو دلگیر هەیە، شاعیر رووی قسەی لە یارەکەیەتیو پێی دەڵێ:

بۆ ئەوەی خوێنی بەناحەق رژاوی منو خەڵکی زۆرلێکراوی دیکەش، بفەوتێو شوێن بزر بێت، (پایەماڵ بێت) واتە بخرێتە ژێر پێ، ئەوا تۆ بۆ شاردنەوەی ئەو خوێن ڕشتنانە، پەنجەی شوشو باریکت لە رەنگو خەنە بگرە، تا خەڵك لێیان بشێوێو وانەزانن کە دەستو پەنجەت بەخوێنی رژاوی ئێمەمانانەوە سوورە.

ـ لە پارچەکەدا پەی بە هیچ وشەیەکی ناسازگارو نامۆ، یا هەر جۆرە زاراوەسازیو وشە داتاشرانێك نابردرێت.

ج. ئاستی رستەو رێزمان:

شاعیر پەنای بۆ رستەی کورتو سادە بردووە هەندێ جار لە یەك نیوە دێردا رستەکە تەواو دەبێت:

ـ عەنبەری زولفت بەدەم سەبادە.

ـ بەجامی دیدەی جەمشیدی جەمە.

ـ لە عیشقت مردم.

هەندێ رستە نیوە دێری دووەمیش دەگرێتە خۆی:

ـ لە دووری باڵات شەو هەتا سەحەر ، کارم گریانە، پیشەم فەریادە.

هیچ رستەیەك بۆ تەواو بوونی واتاکەی لە دێرێکەوە نەپەڕیوەتەوە بۆ دێرێکی تر، واتا یەکێتی واتایی بەیت لە غەزەلەکەدا پارێزراوە.

شێوەزار:

موکریانی وەکو شێوەزارێکی ناوچەیی دیالێکتی کرمانجی خواروو، تارادەیەکی زۆر خاوێنو پاراوو پەتییە، واتە لە تەئسیراتی زمانەکانی عەرەبیو فارسیو تورکی بە

دوور بووە، رەنگە ئەوەش بۆ سروشتو هەڵکەوتی جیۆگرافیایی ناوچەکە بگەڕێتەوە، بەو هۆیەی لە مەرکەزی تەنسیرو دەسەڵاتی هەر سێ قەوارەی ناوچەکە:

١. دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامی لە بەغدا.

٢. دەوڵەتی سەفەوی لە ئیسفەهانو تاران .

٣. دەوڵەتی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ.

دوورو لاتەریك هەڵکەوتووە، بۆیە ئەو شێوەزارە وشەی بێگانەی زۆر کەم پەڕیوەتەوە ناو. ژیانی شارنشینیو شارستانیش هەمیشە وشەو زاراوەی نوێو تازە بابەت دێنێتە بەرهەم، بەگوێرەی پێویستو وەکو وەڵام دانەوەیەك بۆ ئەو جۆرە ژیانە. ناوچە دێهاتییەکان دیسانەوە تاڕادەیەك لەم جۆرە کاریگەرییە بەدوور دەبن، بۆیە لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا زاری ئاخاوتنی شارو دێهاتیش جیاوازی دەبێت.

بەگوێرەی بیروڕای شارەزایانی ناوچەکە شێوە ئاخاوتنی دێهاتو ناوچەکانی نێوان سێ گۆشەی (سەردەشت – بۆکان – میاندواو) کە (ناوچەکانی لاجانو چۆمی مەجید خانو شارویرانو دێهاتی دەوروبەری میاندواو دەگرێتەوە) لە هەموو بەشەکانی دیکەی خاکی موکریان رەوانو پاراوترە. لە پێشەکی دیوانی سەیف دا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە شاعیر ژیانی لە لادێدا بەسەر بردووەو خەریکی کشتوکاڵو ئاژەڵداری بووەو گوندەکەی، (گوێکجەلی – کە لە دەوروبەری میاندواو هەڵکەوتووە)، (بە باغو مەزراو مێشەو چنارستانو بەندو ئاشو خانووبەرەی خۆشو دلگیر رازاندبۆوەو بەهەشتێکی شاعیرانەی بۆ خۆی پێکهێنا بوو. هەروەها هەڵبەستەکانی کە بە زبانی دێهاتی ناوچەی محالی مەجیدخان بۆ عەزیز ئاغا نووسیون، ئەوجار زیانی راستی خۆی دەس دەکەوێ، واتە زبانی کرمانجەتی یا دێهاتی، ئەویش ئەو زبانە شیرینو ناسکەی کە لە ناوچەی بۆکانو دەروبەری میاندواو پەرەی گرتوە).(26)

لەسەرجەمی (٢٧) پارچە شیعری کورتو درێژی دیوانەکەیدا، کە بریتییە لە (٥٧٢) دێر، سەیف لە سێیەکی شیعرەکانی (کە لە سێ پارچەی درێژی ١٩٦ دێری پێکهاتووە)، پەیڕەوی لەو شێوەزارە کرمانجییە سادەو رەوانو پەتییە کردووە. لە شوێنەکانی دیکەش کە بە ئاراستەی پەیڕەوی لە تانۆپۆی شیعری عەرووزو کلاسیکی رۆیشتووە، زۆر لەم زمانو شێوەزارە دوور نەکەوتۆتەوە. بۆیە دەکرێ ئەمە وەکو خاسیەتو ئەدگاری شێوازو شێوەزاری بەرهەمی شیعری سەیفی قازی حسابی بۆ بکرێت.

---

(26) دیوانی سیف القضات: ١٥، ١٩.

زمانی شیعریی شەوقی:-

تازەکردنەوەی زمان وەك بنەمایەك لە سیماکانی نوێگەری لە شیعری کوردیدا بەند بووە بە پەرەگرتنی بزووتنەوەی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، کە ئەویش بەلاساییکردنەوەی ئەدەبی تورکی – عوسمانی لە ساڵانی ٢٠- ٣٠ی سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردووە. دکتۆر خەزنەدار سەبارەت بە مەسەلەکانی فەرهەنگو زمانی شیعری شەوقی بیروڕاکانی بەم شێوەیە چڕکردۆتەوە: (شیعری (شەوقی) رەنگدانەوەی فەرهەنگی زمانی شیعری ناوچەی موکریانو بزووتنەوەی شیعری نوێی عوسمانی بوو،...هەندێ لە شیعری مستەفا شەوقی وەك لاسایی شیعری عوسمانی دەکەونە بەرچاو، ئەوەی شاعیرانی ماوەی هەردوو جەنگی گێتی سەدەی بیستەم لە کوردستانی باشوور، نوری شێخ سالحو عەبدوللا گۆران ناویان نابوو "شیعری لاسایی عوسمانی").[27]

ئەگەر سەرەتا قسە لە شێوازو زمانە شیعرییە گشتییەکەی شاعیر بکەینو مەسەلەی شێوەزارە موکرییە روونو ئاشکراکەی بخەینە دواوە، ئەوا بەو گوێرەیەی کە لە رەخنەی شیعری کوردی لای ئێمە باوەو باسی لێکراوە، شەوقیش لە ریزی ئەو شاعیرانەیە کە پەیڕەوی لەو زمانە شیعرییە تازەیە کردووە، کە بە (زمانی کوردی عوسمانی) ناسراوەو لە ژێر کاریگەریو تەئسیری رۆمانتیکە تورکەکان دابووەو،[28] پڕیش بووە لە وشەو زاراوەی تورکیو عەرەبیو فارسی، کە زمانی باوی شیعری تورکی عوسمانی خۆی بووە. بە نموونە یەکێکی وەك عەبدولحەق حامید کە یەکێك لە پێشەنگەکانی ئەدەبی رۆمانتیکی تورکە، کاریگەری بەرچاوی بەسەر شیعرو بەرهەمی شەوقیدا هەبووە، وەك ئەوەی بەسەر شاعیرانی تازەکەرەوەی وەکو شێخ نوریو گۆرانی دا هەبووە.[29]

---

(27) مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٥: ١٥٥.

(28) ئەدەبیاتی نوێی کوردی: ٤٤.

(29) بڕوانە:

- توفیق فیکرەتو شاعیرە نوێخوازەکانی کورد: ١٣ -٦٦.

لە راستیدا لەگەڵ جیاوازی زمانیش، هەندێ لەسەردێرو ناونیشانەکانی شیعری شەوقی، وەکو (جەوانان، حەسبوحاڵ دەگەڵ وەتەن، تەرانەیی وەتەن،...) بێجگە لە وشەو زاراوەکانی تێکستەکان ئەوا لە بەرهەمی (عبدالحق حامید)دا ئەم شاعیرەدا دەدۆزرێتەوە، رەنگبێ تۆژینەوەی ورد گەلێ لایەنی دیکەی ئەم لێکچوونانە بەدیار بخات.

له راستیدا لەگەڵ جیاوازیی زمانو شێوازی داڕشتندا، دەتواندرێ ڕێژەیەکی زۆر لە کەرەستەو موفرەداتی شیعری ئەو ڕێبازگەیە (مەبەست ڕۆمانتیکەیەتی تورکیە) لەوانەش فەرهەنگی زمانو موفرەداتی شیعری عبدالحق حامید، لەدوو توێی شیعرەکانی شەوقیدا بناسرێنەوە یا بەسەر بکرێنەوە. هەر بۆ نموونە سەردێری بەرهەمەکانی لە وێنەی: (جەوانان، حەسبو حاڵ دەگەل وەتەن، تەرانەیی وەتەن...) لەژێر کاریگەری بەرهەمەکانی ئەو شاعیرەدا داڕێژراون. جگە لەوەش ڕۆمانتیك وەکو ڕێبازێکی فیکریو فەلسەفی خاوەنی کۆمەڵێك چەمكو جیهانبینییەکی تایبەتی ئەدەبییە، کە لە زمانو شێوازو تەعبیراتی پەیرەوکارانی ئەو قوتابخانەیە رەنگی داوەتەوە، وەك ئەوەی باری خەمو مەینەتیو حەسرەت هەمیشە دەروونو ناخی شاعیری داگیرکردووەو، سروشتی وڵاتو بەهاری رازاوە بە گوڵو لالەی رەنگین هەمیشە پەردەیەکی لە خەمو ماتەمی پۆشیوە. شاعیر هەمیشە لە حەسرەت یارو دلداری جەفاکاردا رەنج دەکێشیو بەدەست بەدبەختیو نەهامەتییەکانی ژیانەوە دەتلێتەوە. هەر بۆیە روخساری شیعرو بەرهەمەکانی شاعیر ئەم شێوازو بەرگە ڕۆمانتیکیە سۆزاوییەی پۆشیوە.

ــ خەملیوە لەسەر قەبری جەوانان گوڵو لالە
یا سووریی خوێنە کە بڵێی رەنگەکی ناڵە
پێش تابشی خورشیدی فەلەك وەقتی بەهاران
وەك چاو لە فرمێسکی منە، قەترەیی ژاڵە
ئەی بادی سەبا هەستە گوزەرکە بەوەتەندا
پەخشان بکە سەر ئەرزی وەتەن بۆنی گوڵاڵە

ب. ش: ٢٠.*

ــ بۆ چ دەناڵێنی، لەسەر لێوت لە بۆ چ بار کەوتووە
لەشکری زوڵفت کە خاوو کاڵە بۆ چ رووی گرتووە
ئاهی تۆ وەك بای سمووم، هاتو قەڵبی دادڕیم
ئەی فەلەك گریەت کە ئەوجارە بۆ وات کردووە
چەندە مەحبووبە لەسەر ئەندامی سەروت جلکی رەش تۆ بە
فرمێسکی خوێن ئەو رەنگە رووت بۆ شوشتوە

ب.ش: ٢١.

---

* بەشێك لە بەرهەمەکانی دکتور مستەفا شەوقی قازی زادە، ئەحمەدی شەریفی، مهاباد، ١٣٨٤.

ــ بەبێ تۆ عالەمی دڵ غەرقی دەریای یەئس‌و حیرمانە
تەماشاکە شەپۆڵ ئەورۆ چلۆن سەر ڕێژی چاوانە
عەجەب تۆفان دەرە حیسی شەبابم هەڵدەچێ دایم
لە قەلبی پڕ خرۆش ئەسرینی چاوم لەعلی ڕوممانە

دە ئافاقی ئەمەل ئەورۆ سەرابە وەسڵی تۆ دوورە
لە بۆیە فەلسەفەی ژینێ لە بۆ من بۆتە ئەفسانە

ب.ش: ٢٧.

هەندێك وشەو زاراوەو تەعبیراتی شاعیرانە هەن كە لە شێوەی ئیدیەم یاخود موتیفێکی* ئەدەبی لە بەرهەمەکانی شەوقیدا زۆر دووبارە بوونەتەوە. بۆ نموونە بۆ دەربڕینی هەستی خۆشەویستی بۆ نیشتیمانەکەی (کوردستان)و شارەکەی (سابلاغ)، ئەم مۆتیڤانە وەکو تایبەتمەندییەکی شێوازو تەعبیر بەدی دەکرێت:

ــ لەبەر ماڵی وەسیعی مولکی بابت دەنگی سەمتووری.
ــ بەبێ تۆ کەلهورو سۆران‌و موکری‌و مولکی بابان زار.
ــ ئەی بادی سەبا هەستە گوزەرکە بە وەتەن دا
پەخشان بکە سەر ئەرزی وەتەن بۆنی گوڵاڵە
ــ شەوقی وەرە لەو غوربەتە مائیل بە وەتەن بە
بێ خاکی وەتەن، عیزەتی تۆ مەحزی خەیاڵە
ــ لە حەسرەت دەردی کۆنە مولکی بابیان هاتنە چاڵاکی
کە بڕژێنن لەسەر خاکی وەتەن خوێنیان بەسەر پاکی
ــ وەتەن ئەی مولکی باپیرم، لە بۆ چ ئەورۆکە ڕوخاوی.
ــ وڵاتو شاری مە خۆشە، بەڵا حەیفە کە وێرانە.
ــ بە نووری حوبی مەوتەن دڵفرووزەو هاتە ڕووناکی .
ــ کە ئاوی جۆگەڵەی سابلاغێ نەشئەی چاوی مەخموورت
لە مێرگوڵەی سەهەندو کێوی لاجانێ بەفر بۆ عالەمێ باری

---

* مۆتیف Motif بابەتێکە لەشێوە تەعبیرێك کە لە بەرهەمی کەسێك یا لە جۆرێکی ئەدەبی (وەك شیعر بە نموونە) یا لەسەردەمێك زۆر دووبارە دەبێتەوە، وەك ئەوەی (چاوی کاڵ، لێوی ئاڵ) دوو مۆتیفی باون لە شیعرو گۆرانی کوردیدا.
بڕوانە:
سبك شناسی شعر: ٣٤٧.

ــ ئــەویٚ مــوڵکی قــەدیمو مەوتــەنی ئەجــدادی پێــشووتە
بــە مــەردی مەیروخێنــە چــۆن حــەریمی مــوڵکی بابانــە
ــ لــە مــوڵکی کوردەکــان ئــەورۆ تــەپو مــژ هێنــدە پەیــدابوو.
ــ کــە مــوڵکی موکریــانو شــاری ســابلاغ بــۆ تــۆ خــاپوورە.
ــ لــە مــوڵکی خۆشەویــستی تــۆ دەخوینــێ کونــد ســبەینان زوو.
ــ لــەنێو کــوردان کەســێك مــوڵکی نــەبێ، خــۆ نۆکــەرە بــۆ شــك
لەســەر خــەلقی لەبــەر موڵکــە، کــە ئــەمری ئێــوە موجرابــوو
ــ کــە خــاکی پــاکی وی لانکــە لــە بــۆ ئێــسقانی باپیرمــان.

هەروەها لەئاست دواکەوتوویىو ژێر دەستی وڵاتەکەی ئەم تەعبیرانەی بەکاربردووە:ماڵی خاپوور، وێران، ئەنقازی ماڵیان، مەوتەن رووخا بوو، خانە وێران، ماڵت چۆڵو خاپوور. سەبارەت بە گەلو میللەتەکەی خۆشی ئەم تەعبیرانە هاتوون: مێری کوردان، قەومی خۆش نیهاد، کوردی فەقیر، قەومی کوردی، دەمی ئەو کوردە کە لاڵە، زمانی کوردی، لەنێو کوردان.....هەر بەم شێوەیە کۆمەڵێك مۆتیڤو دارشتنی دیکە لە شیعرەکاندا بەدی دەکرێن، کە لە شێوەی نزیك لە یەکتر دووبارە بوونەتەوە:

ــ مەستی غرور، بەسەودای تۆوە مەستم، مەستو مەسحوور، چونکە مەستی، بەدمەستی مەی بوو.

ـ لە تەئسیری فسوونی، دوو کوڵمی پڕ فسوونت، بە ئەفسون بەستی دەستانم، دڵت بەستم بە ئەفسون، بە ئەفسون بەستی قۆڵت، لە تەئسیری فسوونی نەفەسی تۆ.

ـ دایکی سەرشین، دایکی مەحبوب، دایکی پیر، دایکی کوردان.

ـ جەوانان، فیکری جەوانی، قەبری جەوانان، بەختی جەوانیم، جەوانانی وەتەن، شۆڕی جەوانی.

ـ دەسماڵی حەریر، چارشێوی رەشت، چارشێوو دەسماڵی تۆ.

ـ گوڵو لالە، گوڵاڵە، مێر گوڵان، مێرگوڵە، بۆنی گوڵاڵە.

بەرادەیەکی کەمتریش ئەم مۆتیڤانە بەدی دەکرێن:

ــ نەشئە، شەوقی حەیات، عیلمو مەعریفەت، جەهلو غەفلەت، غوربەت، رۆژی تابان، بولبولی شەیدا، بەندی یەخسیری، ئەمەل، ئومێد، عالەم، زولفی خاو، زولفی کاڵ....تاد. شەوقی لە مەیدانی زاراوەسازی شێوازدا بە زۆری پەنای بۆ پێکهاتەی شێوازی دیارخەرو دیارخراو (سفەو مەوسوف) بردووە، کەم دێرە شیعری شاعیر بەدی دەکەین کە یەکێك یا زیاتر لەم پێکهاتانەی تیادا نەبێت، لە وێنەی ئەم

نموونانه:رۆژی تابان، مێری کوردان، بولبولی شەیدا، بای وەعدە، چرای عەزم، چاوی مەخموور، چاوی بێ نوور، قەهری فەلەك، جەوری رەقیب، ستەمی دۆست، ناسیەیی پرشکەن، بەدمەستی مەی، کاکۆلی رەش ڕەنگ، بای سمووم، فرمێسکی خوێنین، قامەت مامەشی، قەلبی زار، شۆڕی جەوانی، کابووسی جەهل، شەهدی شیرین، جەبین مینای زیو، گەردن هوما، شەدەشل، چاو بەکل، عالەمی دڵ، قەڵبی پڕ خرۆش، زولفی کاڵ، زولفی خاو، تاریکی وجود، ئوفوولی ئەرغەوانی رۆژ، یادگاری قەدیم، فاتە چاو جوان، شەوگاری تەنهایی، نەباتی قەندی لێو، قەڵبی مەجروح، قەڵبی خوێنین، زولفی سیاه، سینەی ساف، زنجیری زولم، دەستی پڕ زۆرت، ماهی تابان، برۆی کەچ، توفلی گریان، چاکی گریبان..... لە هەندێ شوێندا ئەم پێکهاتانە شێوازی سیفەتی وێکچوون (سیفەتی تەشبیهی) وەردەگرن وەکو ئەم نموونانانەی خوارەوە:

لەشکری زوڵف، باڵای سەروی بۆستان، زارت حوقەیی بلوور، ددانت دوڕی هەوشاری، خاڵ مشکی تاتاری، جەبین مینای زیو، گەردن هوما، روو سوورە گوڵ، چاوی بادامی، لێوی لەعل، ئافاقی ئەمەل، شەکرە زار، کانی دندان، تیری موژگان، قوبەی سینە، ئاهوی خەتا، چاوی نێرگس، تابووری موژە، تیپی عاشق، کەمەندی زوڵف، تەلیسمی گەنجی حوسنی تۆ.....هەندێ لەو زاراوەو پێکهاتانە رەنگە سادەو سواوەو دووبارەکراو بن لە شیعری کوردیداو، بۆ شاعیر هیچ هونەرێکی تازەی لەشێوازی شیعری دا تیادا نەنواندووە وەك لە گوتنەوەی: بولبولی شەیدا، قەهری فەلەك، بای سمووم، بای وەعدە، چاوی مەخموور، کابوسی جەهل، قەلبی مەجروح، زولفی سیاه، زنجیری زولم، ماهی تابان، برۆی کەچ..... وەیا لەو سیفەتە تەشبیهیەکانی وەکو: لەشکری زولف، لێوی لەعل، تیری موژگان، تابووری موژە......

شاعیر لە بواری زاراوەسازی شێوازدا هەندێ وشەو تەعبیراتی جوان‌و تازەی بەکارهێناوە جا یا لە فۆلکلۆرو ئاخاوتنی خۆماڵی وەریگرتوون وەیا خۆی سازی کردوون‌و دایهێناون وەك لەم وشەو زاراوانەدا دەبیندرێن: قامەت مامەشی، شەدەشل، چاو بەکل، روو سوورە گوڵ، شەکرەزار، نێو بەندو بەرمووری یار، قەترەیی ژاڵە، کاکۆڵی رەش ڕەنگ، بەختی جوانی، حەریمی عیشق، شۆڕی جەوانی، شۆڕی دڵ، چاوی بادامی، شەپۆڵ سەر ڕێژی چاوانە، ئەسیری ڕەنگی بێ ڕەنگیم، پیاڵەی چاوی نێرگس، ئوفوولی ئەرغەوانی، گیان سەختی، دایکی سەرشین، حەریمی مولکی بابان، کۆرپەی دڵ، شەوگاری تەنهایی، نەباتی قەندی لێو، قەومی خۆش نیهاد، مەلاحەت، تەپو مژ، کێردی دوشمن، بەندی یەخسیری، گەرمە برین، مەردانەگی، تەوێڵت بۆچی گرژە،

بـازوو بەنـد، باوەشـی تـۆ بێـشکەیە.....ئەڵبەتـە شـەوقی ئـاوڕی لـە هونـەرەکانی ڕەوانبێژی وەکو لێکچواندنو خواستنو خوازەو بەشەکانی دیکە داوەتەوە، بەڵام زیاتر پەیڕەوی لە هونەری میتافۆری ئەوروپایی (واتە لێکچواندنی وێنە) کردووە، بۆیـە لـە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێ دەکەین، لەگەڵ ئەوەی هەندێ لایەنی هونـەری ڕەوانبێـژی پەیوەندی پتەوی بەشێوازناسییەوە هەیە. هەروەها دەتواندرێ لە ئاستی ڕستەسازیدا هەندێ لایەنی شێوازی شیعری شەوقی بە نموونە دەستنیشان بکرێت بەم شێوەیە:(30)

١- ڕستەی ناوی ٢- ڕستەی کاری(*)

١/ ـ لە مێرگوڵان دەخوێنن بولبولی شەیدا.

ـ بەهار هاتو نەشئەی بای وەعدەیە.

ـ شەوقی وەرە لەو غوربەتە مائیل بە وەتەن بە.

ـ چارشێوو دەسماڵی تۆ، شەرحە لە بۆ تاریکە شەو.

ـ جەبین مینای زیو، گەردن هوما، خاڵ مشکی تاتاری.

ـ وەتەن ئەی موڵکی باپیرم.

ڕسـتەی نـاوی بەرێژەیـەکی زۆر لـە بەرهەماکانـدا دووبارەبۆتـەوە، بـە پێـچەوانەوە ڕستەی کاری ڕێژەی زۆر کەمە.

٢/ ـ خەملیوە لەسەر قەبری جەوانان گوڵو لالە.

ـ تەماشاکە شەپۆڵ ئەوڕۆ چڵۆن سەر ڕێژی چاوانە.

ـ هبووتی کردووە فیکرو ڕوحم هاتۆتە هێللانە.

ـ تەبەسومکە وەدەرخە موعجیزێ بۆ عالەمی ئەوڕۆ.

ـ دڕابوو دامەنی پاکی، بەهیجران قەڵبی سوتا بوو.

پاشو پێش خستن:

لە زۆر شوێنـدا شـاعیر پـەنای بـۆ پێشخـستنی کـار، یـا تەواوکـەر بـردووە بەمەبەسـتی سازدانی ئاهەنگو، سەلامەتی تەعبیرو پێداویستی زمانی شیعر:

---

(30) تحليل النص الادبي: ٥٨.

(*) مەبەسـت هـاتنی وشـەیەکی (نـاو) یـا (کـار)ە لەسـەرەتای فرێـزو ڕسـتەکاندا لەسـەر بنـەمای شێوازناسیو سیمانتیکی، نەوەکو (ڕستەی ناویو ڕستەی کاری)یە بەگوێرەی بنیـاتی ڕیزمانـیو زمانەوانی.

- هەڵستاون، جەوانانی وەتەن دیسان. (پێش خستنی کار)

- لە مێرگوڵان دەخوێنن بولبولی شەیدا. (پێش خستنی کار)

- پەخشان بکە سەر ئەرزی وەتەن بۆی گوڵاڵە. (پێشخستنی کار)

- بە دەستڕە بسڕە فرمێسکی شەوقی. (پێش خستنی تەواوکەر)

- من لە عومرم مانگ دەنێو تاریکە شەو، نەم بیستووە. (پاشخستنی کار)

- لە بۆ چاوی بە فرمێسکی جەوانان، سورمەیە خاکی. (پاشخستنی نیهاد)

لە بنەڕەتدا/ خاکی سورمەیە لە بۆ چاوی بە فرمێسکی جەوانان.

- بەبێ تۆ عالەمی دڵ غەرقی دەریای یەئس‌و حیرمانە. (پێش خستنی جێناو)

- چرای فیکرم لەوێ دایم، دەکاتن ئیقتیباسی نوور. (پێشخستنی کار)

- تەماشای هەر قەدی دارێ مەکە، ئەوڕۆ بەگیان سەختی. (پاشخستنی گرێ)

لە بنەڕەتدا/ ئەوڕۆ بە گیان سەختی، تەماشای هەر قەدی دارێ مەکە.

- کەبابە جەرگی من ببیە. (پێشخستنی بەرکار)

- بوتی مەخمووری چاوت، شەققی کرد سەد تاق‌و کاشانە. (پێشخستنی کار)

لە بنەرەتدا/ بوتی مەخمووری چاوت سەد تاق‌و کاشانەی شەق کرد.

- لە موڵکی خۆشەویستی تۆ دەخوێنی کوند سبەینان زوو. (پێشخستنی گرێ)

لە بنەرەتدا/ کوند سبەینان زوو لە موڵکی خۆشەویستی تۆ دەخوێنێ.

ئەنجا بەگوێرەی دابەشبوونی رستەی زمانی کوردی بۆ رستەی (خەبەری: سادە، جەخت) هەروەها رستەی (ئینشائی: داخوازی، نەرێ، پرس، بانگ کردن، تکا، مەرج، سەرسورمان، ستایش‌و سەرزەنشت)، بەکورتی هەندێ نموونە دەخەینەڕوو:

(رستەی خەبەری سادە)

- <u>وڵات‌و شاری مەخۆشە</u>، بەڵا حەیفە کە وێرانە
لە بۆ چاوی بە فرمێسکی جەوانان سورمەیە خاکی.

(جەخت)

- بەڵێ شەوقی کە کوردە، چاو بە خوێنە، قەت هەدانادا
بە خوێنی چاوەکانم سوور بووە چاکی گریبانم

(مەرج)

- ئەگەر چی تۆ لە قەومی خۆش نیهادی پاکی بێ باکی
بەلام جانم لە ماڵەنگۆیە وا چەند ساڵە میهمانە

(داخوازی)

ــ شــەوقی وەرە لــەو غوربەتــە مائیــل بــە وەتــەن بــە
بــێ خــاکی وەتــەن، عیزەتــی تــۆ مــەحزی وەبــاڵە

(نەرێ)

ــ ئــەوێ مــولکی قــەدیم و مەوتــەنی ئەجــدادی پێــشووتە
بــە مــەردی مەیرۆخێنــە چــۆن حــەریمی مــولکی بابانــە

(پرس)

ــ بــۆ چ دەنــاڵێنی، لەســەر لێــوت لــە بــۆ چ بارکــەوتووە؟
لەشــکری زوڵفــت کــە خــاوو کاڵــە بــۆچ رووی گرتــووە؟

(تکا)

ــ بلا تێــر ئــاو ببــێ بــەو خوێنــە سـوورە گــوڵ لــە مێرگــۆڵان
بــە شــوعلەی نــووری ئومێــدیان وەتــەن بــا بێتــە رووناکی

(سەرسوڕمان)

ــ بــە لەنجــەو لارەگــەت وا دیــارە نەشــئەی تــۆ لــە کوردانــە
وە ئــیلا، چــۆن دەبێتــن پێــکەوە زولم و وەفــاداری!

(سەرزەنشت)

ــ لــە تەئــسیری فــسوونی رۆژی تابــان عالــەمی شــۆری
مەگــەر تــۆ چــاوەکانم مێــری کــوردان هێــشتا مــەخووری

(ستایش)

ــ رەنگــی تــۆ خــۆ زەردە، زولفــت کاڵــە، قامــەت مامەشــی
یا لەنێو پایتەختی رۆمی سوێسنەو پشکووتوە

رەنگدانەوەی شێوەزاری موکری لە شیعری شەوقی

شەوقی خۆی موکریانی بووەو تەمەنی جحێڵی لە سابلاغ بەرێ کردووە، لەپاشان لە رێگەی ئەستەمبۆڵەوە دەچێتە ئەورووپا (ئاڵمان) و نزیکەی سێ ساڵێك (١٩١٣ -١٩١٦) لەوێ خوێندکاری رشتەی پزیشکی دەبێ، بەهۆی بارودۆخی هەڵگیرسانی شەڕی گەورەوە، ناتوانێ درێژە بە خوێندن بدات، بۆیە دەگەڕێتەوە ئەستەمبۆڵ و لەوێ خوێندن تەواودەکات و بەیەکجاری لەوێ دەگیرسێتەوە تا کۆچی دوایی دەکات. لەگەڵ

ئەوەی شاعیر لە تەمەنێکی زوودا موکریان بەجێدەهێڵێ، بەشی زۆری تەمەنیشی لە ئەستەمبوڵ بەسەر دەبات و ژیان و گوزەران و خێزانێکی ئەرستۆکراتیانە پێکەوە دەنێت، بەڵام شیعرو بەرهەم و زمان و شێوازو ئیحساساتی کوردانەی موکریانی هەر دەمێنێتەوە. خەڵکی موکریان و سابلاغ و شوێنەوارو یادگارەکانی هەمیشە بە زیندوویی لە یادەوەریدا دەژین و لە شیعرەکانیدا سەردەکەن. لە ئارایشکردن و رازاندنەوەی هۆنراوەکانیشیدا پەنا بۆ شێوەزارو ئاخاوتنی زیندووی مەڵبەندەکەی دەبات و وێنەی شاعیری جوان و دڵگیریان لێ پێك دەهێنێ، کە لەم تەعبیرانەدا بەدیاردەکەوێت:

لەناز بالنجی خەو، دەنگی زەنگۆڵ، چلۆن سەبرێ دەکەی، نێوبەندو بەرمووری، ئەوێستا لە بێخەی رۆژهەڵاتی، دەژینێ حەقی خۆت سابیت بکە، بەدەستڕە بستڕە، خەوی مە، ئەتۆ دەستە شکاوی، بەو کاکۆڵی رەش ڕەنگە، بۆ چ دەناڵێنی لەسەر لێوت لە بۆ چ بارکەوتووە، قامەت مامەشی، چارشێوو دەسماڵی تۆ، بەلای لایەی دڵم، هەڵستاون جەوانانی وەتەن، دە دڵ عەزم و لەسەر شۆڕی جەوانی، بۆ چ دەبەرناکەی، مێرگی شین، وڵات و شاری مە خۆشە بەڵا حەیفە کە وێرانە، چاوەباڵی وی، دەپێشدا شەوقی وێستاوە، ئەحواڵی دڵی خۆم، غەفلەت و بەس بێ، دە ئافاقی ئەمەل، دەسیجنی تەبعی جوانان، خۆش بێن، بەڵام جانم لە ماڵەنگۆیە مێهمانە، وەدەرخە، شەکرەزار، ئەتوی نێونا، دەفکری شار، مەگەر مەردانەگیت وابوو، لەنێو کوردان، هەتاکو فرسەت و ماوە، لەپێشا پێشی، تیپی عاشق، قەت هەدانادا.... هەروەها لە چەند شوێندا ئاماژە بۆ ناوچەکانی موکریان دەکات وەکو:

دوڕی هەوشار، ئاوی جۆگەڵەی سابلاغ، لە مێرگۆڵەی سەهەندو کێوی لاجانێ، مولْکی موکریانێ، شاری سابلاغ، کانی قولقولاغو... لە شوێنێکدا ئاماژە بۆ (بەندی برایمۆك) دەکات کە بەیتو داستانێکی شیعریی ئەدەبی میللی بەناوبانگە لەناوچەی موکریان.

باسی دووەم

وێنەی شیعری:

لە رەخنەی نوێدا گرنگیی زۆری پێدەدرێ‌و وەکو یەکێك لە پێکهاتە سەرەکییەکانی بنیاتی شیعر سەیر دەکرێت، لە رەخنەی کۆندا (وێنەی ئەدەبی) لەبەرامبەر خەیالکردن‌و ئەندێشە دەوەستێت کە رەگەزێکی بنەڕەتیی شیعرە.[31] تەنانەت لەلای زانایانی (زانستی مەنتیق)ی دەوری ئیسلامی شیعر وەکو (کلام مخیل) پێناسەکراوەو پرۆسەی (خەیالکردن: وێنەکێشان) بە بنیاتی شیعر دەستنیشانکراوە.[32] ئەو کردەوەی خەیالکردنە رێگا لەبەردەم شاعیردا دەکاتەوە کە ئەو واتاو گوزارانەی مەبەستیەتی لە بەرگێکی رازاوەو دلگیردا بەرجەستە بکات‌و بیانخاتە روو، بەمە وێنەی شیعریی دروست دەبێت. وێنەی هونەری وەکو لەلایەن (سی دی لویس)وە نیشان دراوە (وێنەیەکە بە وشە، لە رێگەی وەسف‌و خوازەو لێکچوونەوە پێك دەهێندرێت‌و بەرێی تەعبیرێك یا رستەیەکی ئارایشت کراوەوە ئاراستە دەکرێت).[33] بەم پێیە دەربرین‌و وێنە، یاخود شێوازو وێنە وەکو دوو رەگەزی روخسار لەگەڵ ناوەرۆکدا یەك دەگرنەوەو تێکەڵاو دەبن‌و یەکێتی ئۆرگانیکی بەرهەمی شیعری پێکدەهێنن، بەمە وێنەی شیعریی (دەبێتە بنەمایەکی گرنگ لەو بنەما هونەرییانەی کە پرۆسەی داهێنانی شیعرییان پێ کامڵ دەبێت).[34] دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی دووجۆر وێنەی شیعری دەستنیشان بکەین.

یەکەم: وێنەی وەسفی، کە لە رێگای وشەو دەربڕینی راستەوخۆوە ئەنجام دەدرێت.

دووەم: وێنەی رەوانبێژی کە لە رێگەی هونەرەکانی رەوانبێژییەوە دێتە بەرهەم.

وێنەی شیعری لە بەرهەمی مەلا مارفی کۆکەییدا:

مەلا مارف بەو پێیەی لە بەرهەمەکانیدا پەیرەوی لە زۆر لایەنی یاساو نەریتەکانی شیعری کلاسیکی کوردی کردۆتەوە بەتایبەت لە باری زمان‌و شێوازو فۆرمی

---

(31) النقد الادبي الحديث: ٢٨٣.

(32) صور خيال در شعر فارسي: ٢٨.

(33) وێنەی شیعری لە رێبازی رۆمانسی کوردیدا: ٥٩

(34) دیلان‌و تاقیکردنەوەی شیعری: ٢١٨.

گشتییەوە، بۆیە بەرهەمەکانی لەباری جوانی ناسییەوە لەسەر بنەماکانی هونەری رەوانبێژی دامەزراون. لە بەرهەمەکانیدا وێنەی رەوانبێژی بەگوێرەی لقەکانی وەکو: (لێکچواندن، خوازەو خواستنو درکە)، لەپاڵ وێنەی وەسفیدا بەدی دەکرێن. لێرەوە تیشکێك دەخەینە سەر جۆرەکانی وێنەی رەوانبێژیو رەنگدانەوەی لە شیعری کۆکەییدا.

١. **لێکچواندن**/ بەشێکی بنچینەییە لە بەشەکانی رەوانبێژی، شاعیر تیادا شتێك دەچووێنێ بە شتێکی تر بۆ ئەوەی سیفەتێك لە شتە لێچووەکە زەقترو درەوشاوەتر نیشان بدات. کە بێت (لێکچواندن، بەستنو پەیداکرنی وێکچوونێکە لەنێوان دوو شتدا بەرێی هاوبەش بوونیان لە یەك سیفەتا یا زیاتر).(35)

لێکچواندن لەسەر چوار بنەما دەوەستێت (لێچوو، لەوچوو، ئەوزار، لێکچوون) بۆ ئەوەی پرۆسەی لێکچواندن تەواو بێت لانی کەم پێویست بە بوونی هەردوو بنەمای (لێچوو – لەوچوو) دەکات، کە دوو کۆڵەکەی بنەڕەتیی لێکچواندنە.

لێکچواندن لەبەرهەمی مەلا مارفدا پانتاییەکی فراوانی گرتۆتەوەو بەپێی سەرنجی ئێمە لە هەموو بەشێکی دیکە زیاترە، هەروەها جۆری لێکچواندنەکانیش جۆراو جۆرن بە گوێرەی هاتنی ژمارەی بنەماکان دەگۆڕێن. لێرەدا چەند نموونەیەك لە جۆرە جیاوازەکانی لێکچواندن لە شیعری کۆکەییدا پیشان دەدەین:

— بۆ گوڵی رووی تۆ وەکو بولبول لە ناڵینە دڵم
تا نەفەرمووی، چۆن حقوقی نادەمی؟ لێم عاجزە

دیوان: ل١٣

بنەماکان:

لێچوو: دڵی شاعیر　　لەوچوو: بولبول　　ئەوزار: وەکو

رووی لێکچوون: ناڵین

جۆری لێکچواندنەکە: درێژەی بەرەڵایە، بەو گوێرەیەی کە هەر چوار رەگەزەکە (بنەماکان)ی بە ئاشکرا تیادا هاتووە.(36)

---

(35) رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی: ٢٢.

(36) سەرچاوەی پێشوو: ٣٦.

- که شیعرت وەك سەدەف فەرزەن هەموو پڕبن لەدانەی دوڕ
لەلای ئەشخاسی وشك و بێ تەبیعەت ئاسن و سەنگە

لێچوو/ شیعری شاعیر لەوچوو/ سەدەف

ئەوزار/ وەك لێکچوون/ پڕ بن لە وانەی دوڕ

جۆری لێکچواندن/ درێژەی بەرەڵلا، دیسان لەنێوان (شیعر)و(ئاسن و سەنگە) لێکچواندنی ڕەوان هەیە.

- کەسێ غەواسی بەحری عیلم و عەقل و فەزل و جەوهەر بێ
دەبێ سینەی سەفینەی عەزمی وەك سەدی سکەندەر بێ

لێچوو: سینەی سەفینەی عەزم لەوچوو/ سەدی سکەندەر

ئەوزار/ وەك لێکچوون/ .....(نەهاتووە، ئەڵبەتە مەبەستی ئەوەیە کە لە قایمی و سەختی وەك یەك بن).

جۆری لێکچواندنەکە: قولەیە، بەو پێیەی یەکێك لە بنەماکانی لێکچواندنەکە نەهاتووە کە ئەویش (لێکچوونە).[37]

- هەتا کەی کونجی تەنهایی، وەرە زاهید تماشاکە
کە خەیمەی شای شەکەر لێوان، چ قەسرو بارەگاییکە

د: ل٢٥

لێچوو/ خەیمەی شای شەکەر لێوان لەوچوو/ قەسرو بارەگا

ئەوزار/....(نەهاتووە) لێکچوون/ .....(نەهاتووە)

جۆری لێکچواندنەکە : لێکچواندنی ڕەوانە. ڕەوان ئەو جۆرەیە کە تەنها دوو بنەما سەرەکیەکە، واتا (لێچوو – لەوچوو)ی تیا هاتبێت. کە ئەمەش بەرزترین جۆری لێکچواندنە.

- موتەوەل زولفی تۆ بوو، فەسڵ و وەسڵم لێ تماشاکرد
موعەمماییکە لایەنحەل و، زنجیری بەلاییکە

د: ل٢٦

لێچوو/ زولفی یار لەوچوو/ کتێبی (المکول) – دوورو درێژ

(37) سەرچاوەی پێشوو: ٣٥.

لێکـچوون/ هـەبوونی (فەسـڵو وەسـڵ) لـە هـەردوولا – ئـاڵۆزی ئەفـسانەیی لـە هەردووکیان.

ــ ئیــشارەی کــردە لامــی زولفــی، ئــەلفی قامــەتی، یــەعنی
جــەوابی قــەدی دالی تــۆ، فەقــەت لامــەل فەلایێــکە

د: ل٢٥

لێچوو/ زولـفی یـار – قامەتی یار – قەدی یار

لەوچوو/ حەرفی (ل) – حەرفی (ا) – حەرفی (د)

لێرەدا چەند شتێکی هەڵبژاردووەو بە چەند شتێکی تری چواندووە. لێکچواندنەکان سەربەخۆن‌و بە یەکترەوە نەبەستراون: (زولف – ل)، (قامەت – ا)، (قەد –د). جۆری لێکچواندنەکە: بڵاوە. بڵاویش ئەومیە کۆمەڵێك لێکچواندن بەدوای یەکتریـدا بێن لـە دێرە شیعرێکدا.[38]

- لێکچواندنی وێنە/ لەم جۆرەیان شاعیر وێنەیەك دروست دەكات كە لە چەند رەگەز پێك هاتبێت‌و رەگـەزەكان تێکهـاڵاب‌نو تابلۆیـەکیان (وێنـەکیان) لـێ بەرهـەم هاتبێت. ئەنجا ئەم وێنەیە بە وێنەیەکی هاوشێوەی دەچووێندرێت. وەکو ئەم دوو نموونەیـەی لای کۆکەیی:

- شەونم کە لەسەر رووی وەرەقی گوڵ دەدرەوشێ
عەینەن وەکو قەترەی عـەرەقی روومەتی یـارە

د: ل٦

لێـچوو / وێنــەی یەکــەم : دلـۆپی شــەونمە كاتێــك لەســەر رووی پــەڕەی گــوڵ دەدرەوشێتەوە

ئەوزار/ عەینەن

لەوچوو/ وێنەی دووەم: قەترەی عەرەق كاتێك لەسەر روومەتی یار بەدیاردەکەوێت. جـۆری لێکـچواندنەکە لێـرەدا، ئـاوەژوور کراوەتـەوە، شـاعیر جێگـۆرکێی بـە لێـچوو– لەوچوو کردووەو مەبەستیەتی جوانی‌و دلگیری وێنەی دووەم (قەترەی عەرەقی سـەر روومەتی یار) بەتین‌و تەوژم تر نیشان بدات.

- لە گۆشەی پەنجەرەی شیشەی لەتیف‌و قەسری كافووری
نمایشیان دەدا خـانم وەکـو حـوری‌و پـەریزادە

---

(38) سەرچاوەی پێشوو: ٤٢.

لێچوو/ وێنەی یەکەم : خانمانی مهابادی وەختێك لە گۆشەی پەنجەرەی شووشە بەندی جوانی قەسرو باڵەخانە سپیو سۆڵەکاندا بەدیار دەکەوتن.

لەوچوو/ وێنەی دووەم: لە وێنەی دەرکەوتنی حۆریو پەریزادبوون کە لەناو ئەو فەزا سپیو سافەدا وەدەردەکەوت.

شاعیر لە پێناوی دەربڕینو رازاندنەوەی بیرو سۆزو هەستو نەستەکانی پەنای وەبەرهێنانەوەی جۆرەکانی تری وێنەی رەوانبێژی بردووە، لە نموونەی خوازەو خواستنو درکە،* بەڵام رادەو رێژەی ئەو جۆرە وێنانە لە بەرهەمەکانی مەلا مارفدا لە لێکچواندن کەمتر وەبەرچاو دەکەوێت.

خوازە/ بریتییە لەوەی وشەیەك بۆ مانای دروستی خۆی بەکار نەبرێ بەڵکو بۆ مانایەکی تر بخوازرێو مەبەستێکی تر بگەیەنێ.[39] نموونەی خوازە لە شیعری کۆکەیی:

من لەلام وایە کەنەیدیوە لە مەکتەب حەرفی لا
بۆ یە کەس نەی بیستووە لەو سەییدە ئیلا نەعەم

د: ل٦١

(مەکتەب) خوازەیەو مەبەست لێی (کتێبی مەکتەب)ە، کە تیادا فێری (لا-رژدی) یان (نەعەم-چاوتێری) دەبن. پەیوەندی (کتێبو فێربوون) لەگەڵ (مەکتەب) لەسەر بنەمای شوێنی (المحلیە) دامەزراوە.[40]

- فەرموو وەرە مەجلیسی تەرحیمو رەحمەتە
رۆژی وەفاتی مەسجیدو میحرابو مینبەرە

---

* لێرەدا بە پێویستی نازانین درێژ دادڕی بکەین لە راڤەو پێناسە کردنی ئەم هونەرانە، خوێنەری بلیمەت بەمەبەستی تێگەیشتنی زیاتر لەم هونەرانە دەتوانێت بۆ هەر یەکێك لە کتێبو سەرچاوەکانی رەوانبێژی کوردی بگەرێتەوە لە نموونەی :

١. رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی، ٣ بەرگ، د. عەزیز گەردی.

٢. خۆشخوانی، مامۆستا علاوالدین سجادی.

٣. زانستی ئاوەڵواتا، د. کامل حەسەن بەسیر

(39) رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی، ب١: ٦٧.

(40) زانستی ئاوەڵواتا: ٩٧.

(وەفاتی مەسجیدو میحرابو مینبەر) بۆ مانای دروستی خۆی بەکار نەهاتووە، بەڵکو وەکو خوازە بەکارهاتووە بۆ لەناوچوونو لە بڕەوکەوتنی شوێنەوارو ڕێوڕەسمەکانی ئاینی ئیسلام.

خواستن/ ناونانی شتێکە بەناوی شتێکی ترەوە ئەگەر جێگەی گرتەوە. خواستن لەسەر یەك بنەما دەوەستێ ئەویش (لەوچوو یا لێ خوازراو)ە، یاخود (لێچوو یا بۆ خوازراو)ە.[41]

- بۆ خەراباتو کلێسا، مەسجیدو دەیرو کەنشیت
دەم ڕفێنی ئەم سەگە، سەد گورگە راوم پێدەکا
عیففەتو عیسمەت کە باری کردووە، ئەم کافرە
هەر شەوێ داوای کچێکی کەس نە گاوم لێ دەکا

هەردوو دەربڕینی (ئەم سەگە)و (ئەم کافرە) خوازراون لە بریتی بەکارهێنانی (نەفسی بەد) بەکارهاتوون.

- ئەوێستاش گەر ئەنێری جوببە شینی کەللە مەخروتی
لە خزمەت حەزرەتی سەدری لەگەڵ دوو مورغەکی کونجی

د: ٥٨.

جوبەشینی کەللە مەخروتی: بۆ کەللە قەند خوازراوە، حەزرەتی سەدری: بۆ برنجی سەدری.

درکە: ئەوەیە کە راستەوراست ناوی شتێك نەبەی بەڵکو بچی ناوی شتێکی تر ببەی کە پەیوەندی بە هی یەکەمەوە هەبێت تاکو خوێنەر یا گوێگر لە مانای باسکراوەوە بۆ مانای مەبەست بچێتو پەیوەندی نێوانیان (لازمو مەلزوم) دەبێت.

دەفعەیەکیش یەك لەشخاسی ئەدیبو موحتەرەم
ئیدعای یەگ گەوهەری کون ناکراوم لێ دەکا

د: ٣٥

گەوهەری کون ناکراو درکەیە، هێمایە بۆ شیعری تازەی شاعیر، واتە شیعرێك هێشتا خەڵك نەیدیبێو تازە کوورە بێت.

- تۆی سوارو من پیادە جووابت نەدامەوە
پێت وابوو لەم قسەیە سەرفی نەزەر دەکەم

د: ل٥٣

---

(41) بنیاتی وێنەی هونەری: ٢٣٨.

- تۆی سوارو من پیادە درکەیەو هێمایە بۆ ئەوەی کە هەمیشە بەدواتەوەمو وازت لێ ناهێنم.
لەدرکەدا هەردوو واتای راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دروستن و رێیان تێدەچێت وەکو (تۆ سوارو من پیادە).

- دەنگی زیکرو خەتمو تەهلیلت فەزای پڕ کردووە
زەلزەلەی خستۆتە خەیمەی بێ ستوونی ئەزرەقی

د: ل٧٨

خەیمەی بێ ستوونی ئەزرەقی درکەیە، هێمایە بۆ ئاسمان.

جۆری دووەمی وێنەی شیعری لای کۆکەیی وێنەی وەسفی راستەوخۆیە، شاعیر لە رێگەی وشەو دەربرینەوە راستەوخۆ لە شتەکان دەدوێت و سیماو روخساریان نیشان دەدات، (لێرەدا وشەکان خۆیان ئامرازی دەربڕین و هەلگری وێنەکانن).(42) جاری واشە وشەو دەربڕینەکان کە خۆیان وێنەو دیمەنی بچوك بچوك دەنوێنن، بەشداری دەکەن لە پێکهێنانی وێنەیەکی گشتی بۆ بابەتەکە.

کۆکەیی لە شیعرێکی ستایش و پارانەوەدا دەلێ:

گولستان و گول و گولزارو گولشەن
نەی و شمشادو سەروی جویباری
نەواو نالەوو گریانی قومری
فوغانی بولبول سەر شاخساری
زریوەی مەل، لەسەر پەل یا لەسەر گول
چریکەی هودهودو سەوتی هەوزاری
سەلاوو حەقحەقی مورغانی یا حەق
کە دەنگیان دێ لەسەر عودی قەناری
ئەنجا پاشبەندی ئەم چەند دێرە بەم شێوەیە دێ:
هەموو تاریفی زاتی پاکی تۆیە
دەمێ ئەیکەن بە خەندەو گەه بەزاری

د: ل٥

(42) وێنەی شیعری لە رێبازی رۆمانسی کوردی دا : ١٥.

لەنیوە دێرەکانی چوار دێری یەکەمدا کۆمەڵێك ناوو وەسفو تەعبیرات هاتوون، کە هەر یەکەیان وێنەیەکی سەربەخۆ دەنوێنن (وێنەی هەستی بینینو بیستن)، ئەمانە هەموویان بەشداری دەکەن لە نەخشاندنو سازکردنی وێنەیەکی گشتی ئەویش رازانەوەی جیهانە بەم هەموو دەنگو ڕەنگو بوونەوەرو مەوجوداتەوە، واتە هەموویان تەعبیر لە شتێك دەکەنەوە ئەویش بوونو ناساندنی پەروەردگارێکی مەزنە.

کۆکەیی لە باسو وەسفی گوندەکەی ئاغای (موهتەدی) دا دەڵێ:

تا چاو هەتەر دەکاتو هەتا دڵ دەڵێ بەسە
باغو درەختو عەرعەرو سەروو سنەوبەرە
غەملیوە سەر زەمینی بە خونچەی ئاتەشی
ئاوی لەتیفە، سافە، هەوای عەتر پەروەرە
فەرشی زومەڕەدی، گوڵی زەردو سوورو ئاڵ
تێکەڵ بووە، دەڵێی تەبەقی عودو مەجمەرە
وەك خێوەتی گوڵانە هەموو باغو چیمەنی
دامێنی کێوی، ئەتلەسو دیباوو مەخمەرە
نەرگس بەچاوی مەستەوە، سوسەن بە سەد زوبان
مەشغوولی زیکرو فیکری خوداوەندی ئەکبەرە
گەردن کەچە وەنەوشە، گوڵو بەرگی نەسترەن
گوڵی یاسەمەن بەدارەوە، وەك میسكو عەنبەرە
شەونم لە چیهرەی گوڵی میناوو ئەتلەسی
باریوە، دانەی دەڵێی دوڕو گەوهەرە
وەك من مەلولە، لالە بە داغی فیراقەوە
سونبول بڵاوو خاوە، دەڵێی زوڵفی دولبەرە
گریانی گوڵی شەلێرە ببینە عەزیزەکەم
فرمێسکی چاوی بە هەوری ئاوی موقەتتەرە

لەهەندێ دێرو نیوە دێرەکانی ئەم پارچەیەدا هەندێ وێنەی لێکچواندن بەدی دەکرێت، بەهۆی ئەوزارەکانی وەکو (وەك – دەڵێی) بەڵام وێنە وەسفییەکانی کە لە خودی ناوهێنراوەکاندا هاتوون، زۆر بە تینو گوڕو جۆشن، کە وێنە لێکچواندنەکانی خستۆتە ژێر سێبەری خۆیەوە. ئەم وێنە جیاوازو پەرشو بڵاوانە بە هەموویان هاوکاری دەکەن لە خستنە رووی وێنەو دیمەنێکی رازاوەی رەنگاو ڕەنگی بە هەشت

ئاسای سروستی ناوچەکە. ئەم وێنەیە کە بە وشەو دەربڕین چندراوە، دوور نییە لە خودی تەبیعەتەکە جوانترو رازاوەتر بێت. لێرەدا خەیاڵی شاعیرانە رۆڵێکی خولقێنەری گێڕاوە لە نەخشاندنی ئەم دیمەنە دلگیرە.

جۆرەکانی وێنەی شیعری لە بەرهەمی سەیفی قازیدا:

وێنەی رەوانبێژی:

أ. وێنەی لێکچواندن

- ئەستاری وەکو زوڵفی عەروسانە موسەلسەل
ئەلفازی هەموو گەوهەرە چەند جوانی ئەداکرد

د: ل۲۹

لێچوو: ئەستاری (دێرەکانی نامەی یار) لەوچوو: زوڵفی عەروسان
ئەوزار: وەکو رووی لێکچوون: موسەلسەل (ریزە بە ڕیزە).
وێنەکە لەسەر بنچینەی لێکچواندنی بەرەڵلاً دروست بووەو هەر چوار بنەماکەی لێکچواندن هاتوون.
لەنیوە دێری دووەمدا وێنەی لێکچواندنی جەختاو هەیە کە لەسەر هەرسێ رەگەزی: لێچوو: ئەلفازی، لەوچوو: هەموو گەوهەرە، لێکچوون: جوان، دروست بووە.

- هەر گوڵ شەکەری لێوە شفای دەردی نەخۆشان
سەر بێ بە فیدای کوڵمی گەش‌و چاوی نەخۆشی

د: ل٤۰

لێچوو: لێوی یار لەوچوو: گوڵی شەکەر لێکچوون: هەردوو لا دەرمانن بۆ دەردی نەخۆشان
ئەوزار: نەهاتووە، ئەم جۆرە وێنەیە لەسەر بنەمای لێکچواندنی جەختاو دروست بووە.

- زوڵفی وەك شەوەی رۆژی کردمە شەو
چرای سەر کوڵمەم لە بۆ رادێرە

د: ل٤۸

نیوە دێڕی یەکەم: لێچوو: زوڵفی یار لەوچوو: شەو ئەوزار: وەك
لێکچوون: نەهاتووە

وێنەکە بە هۆی لێکچواندنی بەرەڵلاوە پێکهاتووە، لە نیوە دێری دووەم لێکچواندنەکە ڕەوانە.

- دایم دڵم بە ناڵەو زاریو فیغان ئەڵێ
خۆش بەو شەوەی کە ڕۆژی روخی دڵبەرم هەڵێ

د: ل٣٣

لێچوو: روخی دولبەر لەوچوو: ڕۆژ

لە ئەنجامی هاتنی تەنیا دوو بنەما سەرەکییەکە، لێکچواندنی ڕەوان پێکهاتووە.

- کیژانی جوانی عێلی لە خێلی کە دێنە دەر
ئاسکن لە باسك‌و سوورە قورینگی شەتاویە

د: ل٧٦

لێچوو: کیژانی عێل لەوچوو: ١. ئاسکی باسکان‌و ، ٢. سوورە قورینگی شەتاوان

لەم جۆرە لێکچواندنە ڕەوانەدا شاعیر یەك شتی بە دوو شت چواندووە بۆتە لێکچواندنی لێکدراو. ئەڵبەتە گەشت‌و گەڕانێکی نێو شیعرو بەرهەمی شاعیر ژمارەیەکی زۆرمان لە وێنەی ڕەوانبێژی (لێکچواندن) بە هەموو جۆرەکانییەوە بۆ بەدیار دەخات. ئێمە بەم چەند نموونەی سەرەوە وازی لێ دەهێنین.

- قەوس‌و قەزەحە تاقی برۆت ئەوڕۆ بەوەسمە
بۆیە دڵەکەم لەتلەتە بەو خەنجەری ئەزرەق

د: ل٢٩

برۆی بە وەسمە شین هەڵگەڕاوی یار: لێچووە.
خەنجەری ئەزرەق: لەوچووە.
ڕووی لێکچوونیشییان: کەوانەیی بوونە.

- تفلی دڵم گروی شەکەری لێوی گرتووە
بەو دوو هەنارە ژیری کەوە بیخە باغەڵێ

د: ل٣٣

(هەنار) بۆ مانا دروستەکەی خۆی بەکار نەهاتووە، بەڵکو لێرە بۆ واتای (مەمك) خواستراوە، پەیوەندی لەنێوان (هەنار)و (مەمك)یشدا لێکچوونەو جۆری خواستنەکەش (ئاشکرا)یە.

- ئەی دڵ بە خەتا کەوتیە چینی سەری زوڵفی
لەم مارە عەجایب بە تەمای لەزەتو نۆشی

د: ل٤٠

ب. وێنەی خوازەیی

لێردا وشەکان بۆ دەبڕینی مانایەکی تر بەکاردەبردرێن بێجگە لەمانای خۆیان، ئەم مانایەش هەر ئەبێ لەکاتی بەکارهێنانا دەرکەوێ.[43] وەکو لەم نموونەیەدا روون دەبێتەوە:

- ئەمڕۆ حەسەن موئەززینی کوردانە بانگ ئەدا
هەستن لەخەو، وەخڕ بن، حی علی الصلاە

وشەی (خەو) وێنەیەکی خوازەییە، شاعیر بۆ مەبەستی بانگ کردنی کوردان بۆ هۆشیاربوونەوەو بێداری و کارکردن بەکاری هێناوە، قەرینەکەشی (موئەززینی کوردانە).

ج. وێنەی خواستراو

- تفلی دڵم گرۆی شەکەری لێوی گرتووە
بەو دوو هەنارە ژێری کەوە بیخە باغەڵێ

(هەنار) بۆ مانا دروستەکەی خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو لێرە بۆ واتای (مەمك) خواستراوە. پەیوەندی لەنێوان (هەنار)و(مەمك)یشدا لێکچوونەو جۆری خواستنەکەش (ئاشکرا)یە.

- زوححاکە لەبێ باکی لەتەخریبی دڵان دا
خوێنخۆری گەلێك کردووە، ماری سەری دووشی

لە (زوححاك)و(ماری سەری دووشی) خواستن هەیە، کە بۆ (یار)و(زولفی یار) خواستراون.

د. وێنەی درکەیی

- یان خدری کە هاتی بە دووجام ئاوی بە قاوە
ئەم موردەیی هیجرەت بە تەمای عومری بەقا کرد

دیوان: ل٢٩

---

(43) رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی، یا: ٨٨.

له هێنانەوەی (بە تەمای عومری بەقا) درکە هەیەو هێمایە بۆ (نەمری)، وەکو چۆن لـە هێنانـەوەی (خـدر)و (دووجـام ئـاوی بـەقا) لێکچواندن هەیـە بـۆ (یـار)و بـۆ (هەردووچاوانی).

وێنەی فەلسەفی:

لەگـەڵ ئـەوەی ئـەم جـۆرە وێنانـەی وەکـو (فەلـسەفی، دەروونـی، ئەفـسانەیی) زیـاتر پەیوەندییان بەناوەرۆکەوە هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی شیرازەی باسەکەمان لێ نەپچڕێت، هێناومانـە لێـرەدا ریزمـان کـردوون و بـەخێرایی بەسـەریاندا تێدەپـەڕین. لەگـەڵ ئەوەشدا نموونە شیعرییەکان لـەڕووی شێوازناسییەوە لەوێنـەی رەوانبێـژی بـە دوور نین. وێنەی فەلسەفی گوزارشت لە هەڵوێستی شاعیر سەبارەت بە ژیان و بوون و کێشە جیاوازەکانی دەکات. بیرو باوەڕی شاعیر لـە دوو تـوێی هۆنراوەکانیـدا دەر دەبـڕدرێن، کە ئەگەر بێت کۆبکرێنەوەو لێیان ووردبینـەوە، ئـەوا فەلـسەفەو جیهانبینیی شاعیر سەبارەت بە دیاردەکانی سروشت و ژیان و مردن پێك دەهێنێ.(44)

له قەسیدەی (ستایشی خواو پێغەمبەر)دا چەند وێنەیەکی فەلـسەفی بـەدی دەکـەین، لە نموونەی:

- بێ وێنە سانعێکی بە ئەمرێ دروست دەکەی
  ئینسان لە ئاوو، گوڵ لە گەڵاو، لە گل گیا
- ماسی لە شەوقی تۆیە لە بەحران دەکەن شەنا
  تەیران لە عیشقی تۆ لە سەمادا دەکەن سەما
- هـەڵکەی چرایەکی ئـەتۆ، قەت نـاکوژێتەوە
  ریشی دەسووتێ هەر کەسێ فووکا لە ئەو چرا

د: ل٢٤

وێنەی دەروونی:

شـاعیر مرۆڤێکـی خـاوەن هەسـت و سـۆزێکی بـە پێـزو ناسـکە، بـە هەماهـەنگیو موتوربـەکراوی لەگـەڵ خـەیاڵ و ئەندێشەی بـە پیـت و بـەرزەفڕی، وێنـەی شـیعری سۆزدارو دڵگیر لە ناخی دەروونیەوە هەڵ دەقوڵێ کە تەعبیر لە هەست و هۆش و سۆزو خەیاڵـەکانی دەکاتـەوە. لێـرەدا شـاعیران و نووسـەران (شـعوورو بـارە ویـژدانیو دەروونییـەکانی خۆیـان هەڵدێنجن بـۆ ئـەوەی لـە شێوەیەك لـە شێوەکانی ناسـراوی

---

(44) بنیاتی وێنەی هونەری: ٢٤٦.

ئـەدەبی دایـان بڕێـژن).[45] وێنــەی فەلـسەفی حـەزو خۆشەویـستیو هەڵـچونەکانی دەروونی شاعیر بەدیار دەخات، سـەنگی محەکیش لەسـەرکەوتنی ئـەم جۆرە وێنەیـە ئەوەیـە کـە تـا چـەند هـەڵگری سـۆزو هەڵـچوونو تـەعبیر کردنێکـە لـە ئـارەزووە کپکراوەکان. لە شیعری سەیفدا نموونەی وێنـەی دەروونـی ئـەوتۆ بـەدی دەکـەین، کـە لەگەڵ ئەوەی دەربڕینێکی راستەو ڕاستی هەیە، بەڵام سەرشارە لـە سـۆزو هەڵـچوونو ئەڤینی راستەقینە. وەکو لەم چەند دێڕەدا بەدیاردەکەوێت:

- لە عیشقت مردم وەسیەت بێ لە تۆ
بـۆ خـۆت بمـنێژە تـەلقینم دادە

د: ل٣٤

- لۆمـەی حەسـەن نەفعی نییە لابدە واعیز
عاشق هەموو گیانی دڵە ئەسلەن نییە هۆشی

د: ل٤٠

هەردوو وێنەکە لەم دوو دێڕەدا بەهۆی گوزارشت کردن لە دەروونی شاعیر لە ڕێگـەی تەعبیرەکانی (لە عیشقت مردم)، (عاشق هـەموو گیـانی دڵـە) پێکهـاتوون. ئەگـەرچی زیـاتر وێنـەی مەعنـەوین، بـەڵام هەریەکـەیان دەلالـەت لـە سـۆزێکی قـووڵی شـاعیر سەبارەت بە یارو دڵدارەکەی دەکات.

وێنەی داستانیو ئەفسانەیی

لە ڕێگەی هێنانەوەو ئاماژە بۆ کردنی داستانو بەسـەر هـاتی مێـژوویيو ئەفـسانەیی، شاعیر وێنەی شیعری دروست دەکاتو مەبەستی خۆی پێ دەرازێنێتەوە. لێرەدا چەند نموونـەیەك نیشان دەدەین:

- بە جامی دیدەی جەمشـیدی جەمە
بە تەختی سـینەی وەك کەیقوبـادە
گوتم کوشـتومت، بە غەمزە فەرمووی
شێوەی شـیرینە رەسمی فەرهادە

- یوسفی میسری ویلایەت، ئەی خەلیلی باغی قودس
ناری نەمردووە دەروون، بێ تۆ دووچاوم بوونە گۆم

د: ل٤٣

---

(45) سەرچاوەی پێشوو: ٢٥١

- وەك مەجنوون لە دوت کەوتمە کێوان
رەفیقم گورگو پلینگو شێرە

د: ل٤٨

- پەنیر بۆ ئێکسیر، شیر ناوی حەیات
وەکو ئەسکەندەر کەوتینە زولمات

د: ل٥٣

وێنەی وەسفی راستەوخۆ

سەیف زۆر عاشقانە وەسفی ژن و سروشت و ژیانی کوردەواری کردووە بەتایبەت لە شیعرە برگەییەکانیدا، عیشق و جوانی و سروشت بەشێکی گرنگی بەرهەمی شاعیر پێك دەهێنن.

ـــ بـــەڵێ بـــەو شـــەرتە خۆشـــە وەســـڵی دڵبـــەر
کـــە دەم دەم دەم لـــــەنێو دەم دەس لـــــە بـــــاوەش
هـــەتاکو ســـاردو ســـڕ بـــوو مـــەیلی گـــەرمت
دەدەم جینگـــــڵ وەکـــــو مـــــاری ســـــەر ئاتـــــەش
لەســـــەر روخـــــساری زەردم ئەشـــــکی خـــــوێنین
لـــــە دووریـــــت دێتـــــە خـــــوارێ وەك گـــــوڵی گـــــەش

د: ل٣٨

ـــ شـــینی بـــەهارە عاسمـــان هـــەر دەگـــری
هـــەوریش ناڵـــە نـــاڵ رووی خـــۆی دەپـــچڕی
بـــا لـــە کێـــوو دەشـــت خـــۆڵ وەســـەر دەکـــا
گریـــانی کێـــوان بـــەحران پـــڕ دەکـــا

داری مێـــــشەو بـــــاغ بەفردایپۆشـــــین
پـــاك دەڵێـــی مـــردوون کفنیـــان پۆشـــین

د: ل٥١

بنیاتی وێنە لە شیعری مستەفا شەوقی

دەقی شیعری رۆمانتیکی بەشێوەیەکی گشتی جۆرێك لە یەکێتی ئۆرگانیزمی تێدایە، یەکێتی ئۆرگانیزمیش بریتییە لەوەی کە سەرجەم وێنە تاکەکان بە یەکترەوە گرێدرابن و لەپێناو خزمەتکردن و پێکهێنانی وێنەیەکی گشتیدابن، لێرە وێنەی تاك

ساكارترین شێوەی وێنەی هونەرییە لە رووی پێكهاتنەوە، رۆڵێكی گرنگیش لە ناو قەسیدەدا دەگێڕێ لە گوزارشت كردنی ماناو مەودا دەروونییەكانی ئەزموونی شیعریدا.[46] هەر وێنەیەكی تاكیش لەسیاقی وێنەی گشتیی تێكستی شیعریدا (كارو وەزیفەیەكی تایبەتی ئەنجام دەدات، بەوەی كە گونجاوو رێك بێت لەگەڵ فیكرەو هەستی گشتی لە تێكستەكەدا)،[47] لەنگەری بایەخ دەخرێتە سەر وێنەی هەستیو مەعنەوی كە هەستو سۆز دەبنە كرۆكو پێكهێنەری سەرەكی ئەم جۆرە وێنانە.

لەم پێشەكییە كورتەوە كاتێ ئاوڕ لە ئەزموونی شیعری تاڕادەیەك جیاوازی مستەفا شەوقی لەگەڵ دوو شاعیرەكەی دیكەمان بدەینەوە، دەتوانین شوێن پێی ئەم جۆرە وێنە شیعرییە رۆمانسیانە هەڵبگرین لەگەڵ ئەوەی لە دوو توێی تانو پۆی شیعری عەرووزیدا هاتوون.*

شێوازەكانی بنیاتی وێنەی تاك لای شەوقی

١. ئاڵوگۆڕكردنی درك پێكراو/

أ. **بەرجەستەكردن (تجسید):** بریتییە لە بەرجەستەكردنی وشەی نا هەستی، ژیریو مەعنەوی بۆ وشەیەكی هەستی كە سیفاتی تازەی دەدرێتێ. واتە دەرخستنی شتە ژیرییەكانە بەشێوەیەكی هەستی لەبەرئەوەی پەیوەستە بەجەستەوە.[48]

شاعیر دەڵێ:

- بلا تێر ئاو بێ بەو خوێنە سوورە گوڵ لە مێرگۆڵان
بە شوعلەی نووری ئومێدیان وەتەن با بێتە رووناكی

د: ل٢٢

---

(46) بنیاتی وێنەی هونەری: ١٣٧.

(47) النقد الادبي الحدیث: ٤٤٦.

* ئەم جۆرە شێوازەی بنیاتی وێنەی شیعری لە ئەزموونی شیعری كوردیدا زیاتر لە قۆناغی شیعری رومانسیزمو قوتابخانەی شیعری سەربەستو رەمزیدا باون.

(48) بنیاتی وێنەی هونەری: ١٣٤.

جێگای ئاماژەیە لە ناولێنانو راڤەی ئەم شێوازە هونەریانەی وێنەی شیعری بەشێوەی سەرەكی پشتمان بەم سەرچاوەیە بەستووە.

- له غوربەت لاوی کوردان بۆ نیگای وەسلی تۆ مەحزونن
شەوو رۆژ ناسرەون بۆ شەهدی شیرین ژەهرە ترياکی

د: ل٢٣

- له رێگای دەوری (هیوی) یەعنی ئومێد دەست بەدەست دەگرن
بـه عیلمو مەعریفەت تێر ئاو بکەن جا خاکەکەی پـاکی

د: ل٢٣

- جەفایی نووری دیدەی من لەسەر دڵ گەورە کێوێکە
خودای شەفقەت وەرە قوربان دەسا جاریٚ بەغەمخواری

د: ل٢٥

- عەجەب توفان دەرە حیسی شەبابم هەڵدەچیٚ دایم
له قەلبی پڕ خرۆش ئەسرینی چاوم لەعلی رومانە

د: ل٢٥

لـەم نموونانـەدا شـاعیر لـە رێگـای خواسـتن‌و لێکچواندن‌و وەسـفەوە کۆمـەڵێك شـتی ژیری‌و مەعنەوی لە شتی هەستیدا بەرجەستە کردوون، تاوەکو وێنەکان کاریگەرییان زیاتر بێت.

له دێڕی یەکەمدا (ئومێد) کە شتێکی مەعنەوییە بـووە بـە (شـوعلەو خاکی وەتـەنی روونـاك کردۆتـەوە) کـە ئەوەشـیان شـتێکی هەسـتییەو بـە ئاسـانی لـە هەسـتەوەری بینینەوە درکی پیٚ دەکرێت.

لەدێڕی دووەمدا لاوان بۆ (نیگای وەسلی نیشتمان) بە پەرۆشـن، شـتێکی مەعنەوییـە، تا بە (شەهدی شیرینی شاد بن، کە ئەمەی دواییان شتێکی هەستییە).

هـەروەها لـە سـیٚ دێڕەکەی دواتـردا: (عـیلمو مەعریفـەت)، (نـووری دیـدە)، (حیـسی شەباب) هەموویان شتی مـەعنەوین، شاعیر بۆ مەبەستی گەیاندنی سـۆزو هەسـتی بـە جۆشی وەریگێڕاون بـۆ شـتی هەسـتی‌و لەوێنـەی (تێـر ئـاو بکـەن)، (گـەورە کێوێکـە)، (تۆفـان دەرە) ئـاڵوگۆڕی پێکـردوون. هـەروەها لـەم دوو نموونـەی خوارەوەشـدا شـاعیر پەیڕەویی لەهەمان رێوشوێن کردووە.

- دە ئافاتی ئەمەل ئەورۆ سەرابە وەسڵی تـۆ دووره
لە بۆیە بە فەلسەفەی ژینیٚ لە بۆ من بۆتە ئەفسانە

مەبەست (وەسڵ)ی نیشتمانە کە شتێکی مەعنەوییەو بووە بـە (سـەراب) کـە شـتێکی هەستییە.

- له شەریان‌و وەریدی جیسمی فانی من وەکو خوێن
مەلالی چاوی مەخموورت دەکا دەوران‌و سەیرانە

د: ل٢٧

(مەلالی چاوی مەخموور)ی یار شتێکی مەعنەوییەو لە ڕێگەی لێکچواندنەوە شاعیر ئاڵوگۆڕی پێکردووە کردوویە بە (خوێن) کە شتێکی هەستییەو لە دەمارەکانیدا لە دەوران‌و گەڕاندایە.

ب/ بەکەس کردن (تشخیص): ئەوەیە کە شاعیر ژیان بە مادە بێ گیانەکان ببەخشێ‌و سیفات‌و خەسڵەتی مرۆڤیان پێ ببەخشێت. لێرەدا شاعیر لەڕێگەی خواستن‌و لێکچواندنەوە مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ شتە هەستی‌و بێ گیانەکان دەکات‌و دەیان دوێنێ. لەم بوارەدا شەوقی دەڵێ:

- ئەی بادی سەبا هەستە گوزەر کە بەوەتەندا
پەخشان بکە سەر ئەرزی وەتەن بۆنی گوڵاڵە
با بێت‌و بە تەئسیری فسوونی نەفەسی تۆ
وەك خونچە بپشکوێ دەمی ئەو کوردە کەلاڵە
بابێت‌و سبەینان، ئەلەم‌و دەردی شەوی هەجر
بێژێ، کە لەوەی پاش خەوی مە، مەحزی وەباڵە

د: ل٢٠

شاعیر خەسڵەتی ئادەمیزاد بە (بادی سەبا) دەبەخشێت‌و بەوجۆرە مامەڵەی لە تەکدا دەکات. تکای لێ دەکات بێ دواکەوتن هەستێت‌و خاکی پاکی نیشتمان پڕ بکات لە بۆنی ئەفسووناوی گوڵاڵەکان. ئەوسا چۆن دەمی خونچە بە سروەکەی دەپشکوێت، بەهەمان شێوە دەمی کوردیش بپشکوێت. لە شوێنێکی تردا هاتووە:

- دابنێ سەر قەڵبی زارم ئەو سەرەی پڕ جۆشی خۆت
هەم بە لای لایەی دڵم بنووە، زەمانی هاتووە

د: ل٢٢

شاعیر (دڵ)ە پڕ لە هەست‌و خۆشەویستییەکەی لەوێنەی دایکێکی میهرەبان نیشان دەدات، تا سەری ماندووی یارەکەی بخاتە ناو باوەشی‌و بەلای لایەی ئەو (دڵە – دایکە) خەوی لێ بکەوێت.

٢. شێوازی وێنەی روونبیژی /

أ. خوازە :

- لەوەی پێش من دەمگوت براکان غەفلەتو بەس بێ
جەفات فەرموو، تەعنەت دا، کە شەوقی پووچە بازاڕی

(پووچە بازاڕی) خواستنێکی وینەییە، واتە شیعرو ئامۆژگاری شەوقی بە (بازاڕ) چوێندراوە، بۆ خواستراو کە (ئامۆژگاری)یە باس نەکراوەو (غەفڵەت) بەڵگەکەیەتی، لەمەدا خواستنێکی ئاشکرا هەیە.

- لە مولکی خۆشەویستی تۆ دەخوێنی کوند سبەینان زوو
کە ئەی کوردی فەقیر تاکەی دەنووی هەستە چ قەوما بوو

(تاکەی دەنووی) واتای خوازەیی هەیە، بۆ ئەوە هێنراوەتەوە کە کورد راپەڕێو واز لە سستیو تەمبەڵی بهێنێ.

- لەنێو کوردان کەسێك مولکی نەبێ خۆ نۆکەرە بێ شك
لەسەر خەڵقی لەبەر مولکە، کە ئەمری ئێوە موجرا بوو

د: ل٣٣

(مولك) واتاکەی خوازەییە، مەبەست خودی واتای دەربڕینەکە نییە، بەڵکو واتا هێما بۆ کراوەکەیەتی، کە (نیشتیمان)ە.

ـــ بەڵێ زنجیری دەستت جەهلو غەفلەت بوو، رەقیبی تۆ
بە ئەفسوون بەستی قۆڵت، چونکە زانی مەستو مەسحووری

(مەست و مەسحوور) خوازەیەو لەبری کاڵفامی بەکارهاتووە.

ب. درکـــــە :

ـــ بە مسکێنی مەڵێ دەستم بە زنجیر سەخت بەستراوە
کە ئەو زنجیرە وەهمە دەیپسێنێ چونکە پڕ زووری

(زنجیر) درکەیەو هەردوو واتای (نزیك)و(دوور) هەڵدەگرێت.

ج. خوازەو درکـــە بەیەکەوە :

- ئەوێستا تا لە بێخەی رۆژهەڵاتی تاو هەڵات رابە
بە ئازایی نەجات دە دەستی بەستراوت کە مەغدووری

نیوە دێری یەکەم: (تاو : ئازادی) خوازەیەکی سەربەستەو لەسەر پەیوەندی هەوجێیەتی بنیاتنراوە.

نیوە دێری دووەم: (دەستی بەستراوت) درکەیە، چونکێ هەردوو واتای (نزیك و دوور / ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ) دروستن و ڕێیان تێ دەچێت.

د. لێکچواندن :

- جەبین مینایی زیو، گەردن هوما، خاڵ مشکی تاتاری
شەدەشل، چاو بەکل، ڕوو سوورە گوڵ، تەڕاڕو عەیاری

د: ل٢٥

لەم دێرەدا کۆمەڵێ لێکچواندنی ڕەوان بەدوای یەکتریدا هاتوون، کە هەریەکەیان سەربەخۆیەو بەوانی ترەوە نەبەستراوە.

لێچووەکان: جەبین - گەردن — خاڵ — ڕوو

↓ ↓ ↓ ↓

لەوچووەکان: مینای زیو – هوما - مشکی تاتار - سوورە گوڵ

هەموو لێچووەکان شتی هەستین، لەبەرامبەردا لەوچووەکانیش وەهان، بۆیە هەر یەکێك لەمانەی سەرەوە لێکچواندنی شتی هەستی بە هەستییە.

- خولاسەی مەقسەدی من زولفی کاڵ بوو، بۆیە لێم گێژە
سەراپا فیکرو جیسمم میسلی زوڵفی خاوی جانانە

د: ل٢٧

لێچوو: فیکرو جیسم — لەوچوو: زوڵفی خاوی جانان

ئەوزار: میسلی — لێکچوون: ------ نەهاتووە

جۆری لێکچواندنەکە قولەیە.

- مەلاحەت ختمە سەرتۆ گەرچی وەك نێوت لەچاو دووری
لە بۆ شەوقی دوو کوڵمی پڕ نەفسوونت تازە دیوانە

د: ل٢٧

لێچوو: کوڵم — لەوچوو: تازە دیوان

لێکچواندنی شتی هەستی بە هەستییە

لەدوا هۆنراوەی بەرهەمە کۆکراوەکانی شاعیر کە لە (٧) دێر پێکهاتووەو بەناونیشانی (مەگەر لێم عاجزی)[49] کۆمەڵێك دەستەواژەی خواستن و سیفاتی

---

(49) بڕوانە: بەشێك لە بەرهەمەکانی دکتۆر مستەفا شەوقی: ٣٤.

تەشبیهی هاتوون، کە هەمووشیان کۆن و سواوەو دووبارە کراوەن، لێرە تەنها ئاماژەیان بۆ دەکەین:

- تابووری موژە
- تەوێڵی گرژ
- تیپی عاشق
- برۆی کەچ
- گەنجی حوسن
- موعەمای عالەمی کۆن
- قەلبی مەجروح
- چاکی گریبان

٣. وێنەی فەلسەفی:

لەکۆ بەرهەمی شەوقی قەسیدەیەکی (٢٢) بەیتی هەیە، کە درێژترین پارچە شیعری بەرهەمی شاعیرەو لەژێر سەردێری (تەحەسوری جەوانیو تەرانەی وەتەن) دایە، کۆمەڵێك وێنەی فەلسەفی گرتۆتەخۆ، کە باس لە مەسەلەکانی عەشق و ژیان و مەرگی مرۆڤو گەردون دەکات، لەشێوەی لێکچواندن و وەسف و هێماو دەربڕینی فەلسەفییانە، لێرەدا چەند نموونەیەکی دەهێنینەوە:[50]

- بەڵێ هەللاجم و ئەورۆ ئەسیری ڕەنگی بێ ڕەنگیم
بە سەودای تۆوە مەستم چونکە چاوت داویە پەیمانە

لێچوو: شاعیر لەوچوو: هەللاج

لێکچوون: هەردوو لا ئەسیری ڕەنگی بێ ڕەنگی بوون

لێرەدا شاعیر ئاماژە بۆ داستانی (مەنسووری هەلاج) دەکات، کە بە شەهیدی عەشقی راستەقینە (حەقیقی) ناسراوەو شاعیر بەرگی ئەو دەپۆشێت یا بە واتایەکی تر (کەسایەتی ئەو دەنوێنێت)، کە لە زانستی دەروونیدا بە (تقمص الشخصیە) ناودەبرێت.

- ئەسیری حوسنی تۆ چۆن مەعکەسی ئەنواری لاهووتە
لە تاریکی وجود گونجی ناسووت، ڕۆژی تابانە

(لاهوت و ناسووت) دوو زاراوەی سۆفیزمن یەکەمیان هێمایە بۆ پەروەردگارو نەمری، دووەمیان هێما بۆ ژیانی دنیاو مرۆڤ دەکات کە شتێکی راگوزەرو کاتییەو مەحکومە بە فەنا. مەبەستی شاعیر ئەوە دەگەیەنێ ئەو مرۆڤانەی عاشقی راستەقینەی (رووناکی روخساری پەروەردگاری حەقن)، گونجی تاریکی ژیانی سەر دنیایان هەمیشە وەکو ڕۆژی درەخشان رووناکە. هەر لە درێژەی ئەو مەعنایانەدا شاعیر بەردەوام دەبێت:

---

(50) سەرچاوەی پێشوو: ٢٧.

ـــ چــراى فكــرم لـــەوێ دايـــم دەكـــاتن ئيقتيباســـى نـــوور
ميـــسالى پـــيرى مـــەيخۆران لـــە جـــامى لـــەعلى مەيخانـــە
لـــە ســـەحراى مێرغـــوزارى عالـــەمى ئـــەراوحى عيللـــيين
شەهنـــشەهـ بـــوو خـــەياڵى فيكـــرى ســـەربازم تاقانـــە
مـــوحيتى مـــن فەلـــەك بـــوو ئـــەوجى قودســـييەت نيـــشانى دڵ
مونـــەزەهـ بـــووم لـــە پابەنـــدى فـــسوونى جيـــسمو خومخانـــە

وشـەكانى (نـوور، پـير، جـام، عالـەمى ئـەرواح، شاهنـشەهـ....) زاراوەو مـەدلولاتى سۆفيزمنو لەم دێرانەدا بۆ مەبەستەكانى ئەو باوەڕو فەلسەفەيە دەربڕاون.

وێنەى وەسفى راستەوخۆ/

شاعير خـاوەنى هەستێكى ناسكو خـەياڵێكى بەپێزە، دەوروبـەرو رووداوەكانى ژيـان كارى لێ دەكەن، ئەنجا شوێنەوارى ئـەو كاريگەريانـە لـە وشـەو دەربڕينـەكانى رەنـگ دەداتـەوە، لـە وەسـفو وێنەكێـشانى ئـەو ديمەنانـە تـا خوێنـەريش لەگـەڵ خـۆى هەڵگرێتو بيخاتە نێو ئەو دۆخەوە، (ديارە شاعير وێنەكان وەكو خۆيان ناگوێزێتـەوە بـەڵكو خـەياڵى خـۆى دەخاتـە سـەرو وێنەيـەكى جوانو قەشـەنگو دڵڕفێنيـان لـێ دروسـت دەكـات بـەجۆرێك كـە ئاوێنـەى هـيچ كاميرايـەك ناتوانـێ ئـەو وێنانـە بكێشێ).[51] شاعير پەنا بۆ وەسفو لێكچوونو فەرهـەنگى وشـەكانى زمـان دەبـات تـا رەنگو دۆخو كەشو هەواى وێنە شيعرييەكانى بەرجەستە بكات. دەردى دڵ لەتـەك نيشتمان دەكات، بەم شێوە وەسفى سروشتەكەى دەكات:

خـــەمليوە لەســـەر قـــەبرى جـــەوانان گـــوڵو لاڵـــە
يـــا ســـووريى خوێنـــە كـــە بڵێـــى رەنگـــەكى ئاڵـــە
پـــێش تابـــشى خورشـــيدى فەلـــەك وەقتـــى بـــەهاران
وەك چـــاو لـــە فرمێـــسكى منـــە قـــەترەيى ژاڵـــە

ب.ش/ ل٢٠

لە وێنەكێشانى يارو هاواڵى ماتەمداريشى دەڵێ:

چـــەندە مەحبووبـــە لەســـەر ئەنـــدامى ســـەروت جلكـــى رەش
تـــۆ بـــە فرمێـــسكى خـــوێن، ئـــەو رەنگـــە رووت بـــۆ شوشـــتووە
رەنگـــى تـــۆ خـــۆ زەردە زولفـــت كاڵـــە قامـــەت مامەشـــى
يـــا لـــەنێو پايتـــەختى رۆمـــى سوێـــسنەو پـــشكووتـــووە

---

(51) بنياتى وێنەى هونەرى: ١٤٦.

هەر لە درێژەی ئەم بابەتەدا دەڵێ:

چـــار شـــێوو دەسمـــاڵی تـــۆ شـــەرحە لـــە بـــۆ تاریکـــە شـــەو
مـــن لـــە عـــومرم مـــانگ دەنێـــو تاریکـــە شـــەو نەمبیـــستووە
لـــێم گـــەڕێ ئـــەورۆ بـــە دەســـتماڵی حـــەریر بـــێم بـــسترم
دانـــەیی مـــرواری فرمێـــسکت، هـــەتیو هـــەلکەوتووە

ب.ش/ ٢١، ٢٢

شاعیر سوودی لە وەسفو لێکچواندن وەرگرتووەو کۆمەڵێك وێنەی هەستی دلگیری کێشاوە، کە خوێنەر خۆی دەکەوێتە ناو حاڵەتەکەوە، یا رووبەڕوو لە بەردەم وێنەکاندا دەوەستێتو تێکەڵاویان دەبێت.

بەشی چوارەم

بنیات و ئاوازی شیعری

باســـــی یەکـــــەم

بنیاتی شـــیعری

لــەنێوان یەکێتی بەیتو یەکێتی بابەتدا :

دیوانی شیعری کلاسیکی کوردی لەسـەر بنـەمای سیـستمی عـەرووز دامـەزراوە، لـەو سیستمەدا رەچاوی (یەکێتی بەیت، یەکێتی کێشو سـەروا، پـەیڕەوی لـە هونـەرەکانی رەوانبێـژی) کـراوە. لـە رەخنـەی کـۆنی عەرەبیـدا (لـە روانگـەی یـەکێتی بەیتـەوە روانیویانەتـە هەڵبەسـتو بەلایانـەوە بـەیت یەکـەی هەڵبەسـت بـووەو پێوەنـدی بـە پـێشو دوای خۆیـەوە نـەبووە).[1] لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە شـیعری کلاسـیکیدا بـە رەچـاوکردنی نیزامـی عـەرووزیش، جۆرێـك لـە گونجانـدنو تـەبایيو یـەکێتی بـیر لەسـەرتاپای غـەزەلو قەسیدەدا بـەدی دەکرێـت. شـاعیرانی کلاسـیکی لـە خـەمی ئەوەدابوون کە (پاژەکانی واتا لـە ستوونی شیعردا بەیەکەوە ببەستنەوە بـەوەی کـە دەشێ بە یەکێتییەکی وێنەی ئەدەبی ناوببرێت).[2] یەکێتی بنیاتی وێنەی گشتی هـەر تێکستێکی شیعری لە ئاکامی بەیەکەوە بەستراني نیوەدێرو دێرەکانەوە دێتە دی، ئەم بەیەکەوە گرێدانە بە دوو رێگا ئەنجام دەدرێت:

١. بەیەکـەوە گرێـدانی وشـەکان لـە نیـوەدێرو دێرەکـان لـە رێگـەی هونـەرەکانی رەوانبێژییەوە (رازاندنەوەی وشە لە وێنەی جیناسو لێکچواندنو...).

٢. بەیەکەوە گرێدانی واتایی نیوە دێرو دێرەکان بەیەکەوە.[3]

بایـەخو گرنگی پێدانی شـاعیرانی کلاسـیك بەتاکە تاکـەی بەیتـەکان رێگـر نـەبووە لەبەردەم بەدیهاتنی جۆرێك لە یەکێتی بنیاتی تێکستی شیعری لـە شیعری قۆنـاغی کلاسـیکی، بەیتـەکان لـە سـیاقی تێکـستی شیعریدا تاڕادەیـەك سەربەخۆیی خۆیـان دەبێـت لـە شـێوەی زنجیرەیـەك وێنـەو تەسـەوراتەوە بـەدوای یەکتریـدا دێـن، هـەر وێنەیەك لەوانی تر دابڕاوە بۆیە دەتوانین دێرەکان پاشو پێش بکـەین یـا نـاوە نـاوە

---

(1) بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا: ٣٨.

(2) النقد الادبي الحديث: ٢١٠.

(3) سبك شناسی شعر: ٣٦٥.

لێرەو لەوێ دێرێك بقرتێنین بۆ ئەوەی كار بكاتە سەر سیمای گشتی تێكستەكە.[4] هۆیەكی دیكە كە لە خزمەت پاراستنی یەكێتی بنیاتی تێكستی هۆنراوە دابووە، پەنا بردنە بەر یەكێتی سەروایە، یەكێتی سەروا لەگەڵ ئەو كۆسپو گرفتانەش كە دەیهێنێتە سەر رێگای شاعرەوە، شێوەی شوورەو پەرژینێكی قایم بە دەوری تێكستدا دەكێشێ و كۆی دەكاتەوەو بە توندی رێگە لەبەردەم لێك ترازان و هەڵوەشانی دەگرێت.[5] یەكێتی بنیاتی تێكست لە رێبازی رۆمانسی و شیعری نوێدا لە رێگای یەكێتی ئۆرگانیزمی وێنەی گشتی تێكستەوە، دێتە دی. ئەم یەكێتی ئۆرگانیزمییە بەهۆی تێكچرژان و ئاوێتەبوونی پارچە وێنەكانەوە لە قەدو بالای تێكستداو، پێكهاتنی وێنەیەكی گشتی یەكگرتووەیە. لە شیعری نوێدا یەكێتی بابەت، مەسەلەی پاراستنی یەكێتی بنیاتی تێكستی شیعری دەگرێتە ئەستۆ.

بنیاتی شیعری لای شاعیرانی موكریان

مەلا مارف:

لە رەخنەی ئەوروپیدا باس لە شیعری راستەوخۆ (Direct Poetry)و شیعری ناراستەوخۆ (Oblique Poetry) دێتە پێشەوە كە بەرامبەر بە یەكتری دەوەستن، لە شیعری راستەوخۆدا گرنگی دەخرێتە سەر بابەت و بێ پێچ و پەنا واتاكان دەردەبڕدرێت، وەكو لە شیعری ستایش و داشۆرین دەردەكەوێت كە تارادەیەك بابەتی نائەدەبین.[6] لە رەخنەی عەرەبیشدا ئەم جۆرە شیعرە بە (شیعری تەخت – الشعر المسطح) ناودەبرێت، ئەم جۆرە شیعرە لە دەوری بابەتی وەستاو دەخولێتەوەو شاعیر لە رێگەی هێنانەوەی وێنەو سۆزو لێكچواندنەوە جوولە دەخاتە تێكستەكەوە.[7]

بەشێكی بەرهەمی شیعری مەلا مارف دەچێتە چوارچێوەی شیعری راستەوخۆوە، كە رەگەزی گێڕانەوەو وەسفكردنی رووتی بەسەردا زاڵە، لە رووی ناوەرۆكیشەوە بەشی زۆری بەرهەمەكان ستایش و داشۆرین و گێڕانەوەی رووداوو چیرۆكن، كە جۆرێك لە

---

(4) قضايا الشعر المعاصر: ٢٤٣

(5) سەرچاوەی پێشوو: ٢٤٤.

(6) سبك شناسی شعر: ٣٥٦.

(7) قضايا الشعر المعاصر: ٢٤١.

یەکێتی واتاو گوزارە بە سەرتاپای هەر یەکێك لە تێکستەکان بەخشیوە، زۆرجار بەیەکەوە گرێدانی دێرەکان شێوازی تری وەرگرتووە بۆ نموونە:

کەسێ غەواسی بەحری عیلم‌و عەقل‌و فەزل‌و جەوهەر بێ
دەبێ سینەی سەفینەی عەزمی وەك سەدی سکەندەر بێ

کەسێ مەیلی خەزێنەی گەنجی ئەسراری نیهانی بێ
دەبێ مەردی تەعام‌و حەوتخوانی شێرو ئەژدەر بێ

کەسێ تالیب بە نێوو شۆرەت‌و روشدو شەجاعەت بێ
دەبێ ئامادە بۆ شمشێرو تیرو زەربی خەنجەر بێ

چ باکێکی لە تیرو تەعن‌و لۆمەی یارو ئەغیارە
کەسێ عاشق بە تاقی قەوسی ئەبرۆی یارو دڵبەر بێ

چ کارێکی بە وەعزو میمبەرو میحراب‌و مزگەوتە
کەسێکی مورشیدی مەیخانە یارەندو قەلەندەر بێ

کە من رووتم بە من چی، گەر لیباسی عالەمی دنیا
هەمو دیباو و ئەتلەس، یانەدارابوو، موجەستەر بێ

کە من نەقدی دوکانم بوو بە ئەسکین ناسی ئیفلاسی
بە من چی گەر هەموو کەس ساحیبی یاقووت‌و گەوهەر بێ

کە من شەمعی وجودم ماڵی بەیتولحوزنی وەحدەت بێ
بە من چی گەر هەموو دنیا نیزام‌و تۆپ‌و عەسکەر بێ

کە من جامی شەرابم پڕ لە ژەهری مارو ئەقرەب بێ
بە من چی شەربەتی تۆ پڕ لە شیرو شەهدو شەککەر بێ

لە خەتمی موستەقیمی قەلبو قالب من کە مەحرومم
بەمن چی گەر کورەی عالەم موحەدەب یا موقەعەر بێ

عەزیزم عەزمی هیممەت شەرتە بۆ چی هێندە مەئیوسی
دەبێ شاعیر قەویی قەڵبو مەتینو سینە دەفتەر بێ

دیوان: ل٢٠ ـ٢١

ئەم تێکستە خیتابێکی راستەوخۆیە کە شاعیر ئاراستەی هەر (کەسێ)کی دەکاتو یەکێتی بنیاتی تێکستەکە بە چەند رێچکەیەك بە دیهاتووە:

١. هەر دێرێك بریتییە لە رستەیەکی مەرجو رستەیەکی وەڵامی مەرج کە شێوەی پرسیارو وەڵامێکی وەرگرتووە، بەمە یەکێتی هەر دێرێك لەناو خۆیداو بە تەنهاو جیا لە دێرەکانی تر پارێزراوە.

٢. شاعیر پەنای بۆ (تیکرار) بردووەو وشەی (کەسێو کەسێکی) لە (٦) دێری یەکەمداو، (کەمنو بە من چی) لە پاشماوەی دێرەکاندا دووبارەکردۆتەوە، کە بۆتە هۆکارێکی بەیەکەوە گرێدانی دێرەکان لە پارچەکەدا.

٣. کەشوهەوای گشتی لە تێکستەکەدا: لە نیوەی یەکەمیدا جۆرێکە لە ئامۆژگاری راستەوخۆو بەدیارخستنی فەلسەفەی رووتی ژیان، لەنیوەی دووەمدا بابەتەکە وەرگەڕاوە بۆ باسێکی کلۆڵیو رەشبینی کە پەیوەستە بە خودی دەروونی شاعیرەوە، بەڵام هێڵی گشتی پرسیارو وەڵامەکان بەردەوامەو هەردوو بەشەکانی بەیەکەوە گرێداوەو بەمە گوێزانەوەی واتای تێکستەکەی لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە ئاسان کردووە.

٤. هەروەها نابێ رۆڵی یەکێتی کێشو ئاواز، یەکێتی سەرواو دووبارە بوونەوەی رەدیفی (بێ) لە کۆتایی سەرواکاندا، لەبەیەکەوە گرێدانی دێرەکانو پاراستنی یەکێتی بنیاتی تێکستەکە لەبەرچاو نەگیرێت.

لە پارچەی (عەسای موساو تووری سینا) کە لە ٣٠ دێرە شیعر پێکهاتووە، شاعیر وەسفی عەباییێك دەکات کە بە دیاری بۆی هاتووە. بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

عەباییێکم هەبوو، ئەمما عەباییێکی گەلێ چابوو
خەلاتی حەزرەتی شێخ یادگاری لوتفی مەولا بوو

لــەنێو ئــەهلی تەریقەتــدا لیباســێکی موقــەدەس بــوو
لــەکن ئــەربابی مــەعنی مەزهــەری نــووری تەجــەلا بــوو

شاعیر لەسەر ئەم ڕێچکەیە پێدا هەڵدەچێت، بەدرێژایی تێکستەکە بە شان‌و باڵی عەباکەدا هەڵدەڵێت. پەراوێزو کەنارو حاشیەی، کەمم‌و کەیف‌و وەزع‌و جیسمی، سودو کەڵك لێ وەرگرتنی لەشەوو ڕۆژو کاتی سەرماو گەرمادا.... ئیتر چۆن تا وای لێهات کۆن‌و پەربووت بووو کون‌و کەلەبەری تیاکەوت.

ئەم نەسەقی چیرۆك‌و گێڕانەوەیە بنیاتێکی یەکگرتوو بە تێکستەکە دەبەخشێت‌و شاعیریش لە دێڕەکاندا ئازادو دەست ئاوەڵا دەبێت تا وەسف‌و پێداهەڵگوتن بگەیەنێتە ئەوپەڕی خەیاڵ.

لە (سێلاوی بەدبەختی) کە ڕووداوی کارەساتی لافاوو سێلاوی شاری مهابادی ساڵی ١٩٣٦ دەگێڕێتەوە. دیسان ڕەگەزی گێڕانەوەو بەیەکەوە گرێدانی زنجیرەی وێنەو ڕووداوەکان یەك بەدوای یەك دادێن‌و سەرجەم وێنەیەکی گشتی دەدەن بەدەستەوە. ئەم قەسیدەیە (٥٤) دێڕەو شاعیر سوودی لە لێکچواندن وەرگرتووە بۆ وێنەکێشان‌و بەیەکەوە گرێدانی دیمەنەکان:

عیمــــارات‌و قوســــوورو بــــاغ‌و باغــــات‌و گوڵــــستانی
هــەزار سوێندت دەخوارد دەتگوت بەحەشتی باغی شەدادە
موغــازەو قەیــسەری‌و دوکــان‌و حــوجرەی وا موجەللــەل بــوو
وەکــو قەســرێ، کــە بــۆ قەیــسەر کــرا بــێ ســازو ئامــادە
لــە گۆشــەی پەنــجەرەی شیــشەی لــەتیف‌و قەســری کــافووری
نمایــشیان دەدا خــانم وەکــوو حــۆری‌و پەریــزادە

کۆمەڵێك پارچە شیعری ستایش لە بەرهەمەکانی شاعیردا بەدی دەکەین، کە باس لە چاکەو پیاوەتی‌و سەخاوەتی ستایش کراوەکان دەکات. دوعای چاکەو خێریان بۆ دەکات ئەوەشیان بیر دەهێنێتەوە، کە لە (ئینعام‌و کەرەم)یان بێ بەشی نەکەن، ئەم بابەت‌و ناوەڕۆکە لە پارچەکانی: (گریانی هەوری تەبع‌و پێکەنینی گوڵ، شامی غەریبان، قیل‌و قالی مودەعی، خاڵە مینەو عالەمی شۆخی، خوانی یەغما، دەردی بێ دەرمان، بادی سەبا، گێژەلووکەی نەگبەتی، بۆ میرزا ڕەحمەتی شافیعی، سەیرو سیاحەت، هودهودی باغی سەبا، قەهقەهەی کەبکی دەری، خوانی یەغما، بۆ میرزا

کەریمی شاتری، کاکی چەلەبی، بۆ ئاغای بلووری) دووپاتە کراونەتەوە. لێرەدا جۆری مەبەستو ناوەڕۆکی شیعری، (کە لەمانەدا وەسفو ستایشو پیاهەڵگوتن بووە) خۆی لە خۆیدا جۆرێك لە یەکێتی بنیاتو بابەتی بە تێکستەکان بەخشیووە، ڕەنگە جیاوازیی نێوانیان تەنها لە شێوازی تەعبیرکردن بێت لە شیعرێکەوە بۆ یەکێکی کە.
بەشێکیش لە بەرهەمەکانی شاعیر بەمەبەستی داشۆرین گوتراون، لە داشۆریندا باڵای تێکست بە تەوسو پلارو قسەو دەربڕینی زبڕ دادەپۆشرێت. لە پارچەکانی (قوتابخانەی تەدلیس، سیمی تەلیگرافات، خەیمەی بێ ستوون، سەیرو سەیاحەت، ڕەعناو سورەیا، ئیتاعەی ئەمری ئەعلا حەزرەت)، ماناو مەبەستی داشۆرین لەسەرەوە تا خوارەوەی پارچەکان هاتوون، لەهەر پارچەیەکداو هەموو دێڕەکان لە خزمەتی مەبەستێکی گشتیدا هاتوون.
چەند بەرهەمێکی شاعیر لە دەوری زانستپەروەریو نیشتمانو نەتەوەخوازیو ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا دەخولێنەوە کە هەر یەکێك لە تێکستەکان بەهەموو پێکهاتەکانی بۆ ئەو مەبەستە تەوزیف کراوەو تەعبیری لێ کراوەتەوە.

سەیفی قازیو بنیاتی سادە:

بەرهەمی سەیف زیاتر بەلای پارچەی لیریکدا دەشکێتەوە، زیاتریش لیریکی دڵدارین، چ لە شێوەی غەزەلدا هاتبن یا لە شێوەی پارچەی شیعری خۆماڵی سۆزدار.
هەر یەکێك لەم پارچانە خاوەن یەکێتی بنیاتێکی سادەن. لە بنیاتی سادەدا شاعیر تەنها بابەتێك هەڵدەبژێریو مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بەواتا یەکێتی بنیات لە ئاکامی ڕەنگدانەوەی یەك بابەتو یەك تاقیکردنەوەی شاعیرەوە هاتووە.[8]
غەزەل پارچەیەکی سەربەخۆیە تایبەتە بە تەعبیرکردن لە سۆزی خۆشەویستی.[9] ژمارەی دێڕەکانی زۆر نین، هەر تاکە دێڕێکیش (لەسەر بنەمای یەکێتی بەیت) ئەگەر حیسابی یەکەیەکی سیمانتیکی و دەلالیو تەرکیبی سەربەخۆشی بۆ بکرێت ئەوا هەر بەشێکی پێکەوە گرێدراوی پەیکەری غەزەلەکە پێك دەهێنێت، کە بێت هەر دێڕێك سەربەستو سەربەخۆیە لە هەمان کاتدا وا

---

(8) بنیاتی هەڵبەست، ٥١.

(9) النقد الادبي الحديث: ٢١٥.

بەستەو پەیوەستە بە دێڕەکانی دیکەوە.[10] لێرە بە نموونە ئاماژە بۆ غەزەلێکی سەیف دەکەین:

نامەیەك لە یاری خۆشەویستەوە
قاسید کە لە دەرهاتو بە تەبلیغی وەفاکرد
حوجرەی منی حەسرەت دێهی سەت چینو خەتاکرد
پێم گوت لە خوتەن دێیەوە یا خوتتەیی تاتار
یا ئەهلی بەهەشتی کە دڵت پڕ لە سەفا کرد
یان خدری کە هاتی بە دوو جام ئاوی بەقاوە
ئەم موردەیی هیجرەت بە تەمای عومری بەقاکرد
یاخود لە تەرەف یارەوە دێی حامیلی نامەی

خاسییەتی ئاهوی خوتەنو چینی ئەداکرد
خاسییەتی بۆ چاوی منی خەستەو رەنجوور
وەك جامەیی یوسف کە بە یەعقووبی عەتاکرد
ئەستاری وەکو زوڵفی عەروسانە موسەلسەل
ئەلفازی هەموو گەوهەرە چەن جوانی ئەداکرد
نوختەی بە مەسەل خاڵە لەسەر روومەتی یارم
یا وەك عەرەقی کوڵمی کە مەیلی بە جەفا کرد
هەر خۆم بەفیدای ئەو خەتو ئەو رەبتو بەیانە
عیجزو غەمو دەردی لە دڵم مەحوو فەناکرد
ئەم دەستە گوڵە بەستەیی ئەم دەستو بەنانەن
بۆیە وەکو بولبول حەسەنی نەغمە سەراکرد

یەکێتی بنیاتی شیعریی لە بابەتی غەزەل کە خۆشەویستییە، بەم شێوەیە هاتۆتەدی:

ـ هێڵی سەرەکی بنیاتی بابەتەکە لە دووبەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم، هاتنی قاسیدو هێنانی نامەیەکە لە تەرەف یارەوە. شاعیر لە کۆی (٩) دێڕی پارچەکەدا (٥) دێڕی بۆ

---

(10) شعر عمر بن الفارض: ١٣٩

هاتنی قاسید تەرخان کردووە. لە دێری یەکەمدا خەبەری گەیشتنی قاسید رادەگەیەنێ ئەنجا بەهۆی وروژاندنی کۆمەڵێك پرسیارەوە "کە دەشێ ئەم پرسیارانە بێ کۆتایی بن!" دێڕەکانی دووەم بە یەکەم، سێیەم بە دووەم، چوارەم بە سێیەم دەبەستێتەوە. دێری پێنجەم وەرگێرانەکەیە بۆ بەشی دووەمی پارچەکە کە لە وەسفی چۆنیەتی نامەکەیە (دێرەکانی، بێژەکانی، نوختەو خاڵی، جۆری خەت و رەبتو بەیانی......) لە دوایشدا قفلی پارچەکە بە دێڕێك لە وەسفی نامەکە کە بەو دەستە گوڵەی، کە پێچراوی دەست و پەنجەی نەرم و ناسکی یارە، دەچووێنێ. شاعیریش بولبولە بە دیتنی گوڵ کەوتۆتە غەزەلخوانی. دوو بەشەکە (٤) دێڕ بە (٤) دێڕن لە هەر بەشێکیان یەکگرتوویی و یەکپارچەیی تەواوی بنیات هەیە، دێری پێنجەم لەرێگەی هێنانەوەی وشەی (خاسیەتی) کە نموونەی (رد العجز علی الصدر) دەنوێنێ، هەردوو بەشەکەی بەیەکەوە شەتەك داوە، کە دووڕووی یەك مەوزوع پێکدەهێنن.

لە غەزەلەکانی دیکەشدا لە وێنەی (زوڵی بەناحەق، تفلی دڵ، بۆ خۆت بم نێژە، بومە چاوەش، لۆمەی حەسەن مەکە، شەتی ئەشکم، سەمەندەر، گیرۆدە، شەوی یەلدا) تاك تاکی دێرەکان وەك دانەی مرواری بە داوی واتاکەیەوە بەستراون و لەسەرەوە تا خوارەوە لە خزمەت بابەتێکی گشتی دان، یەکێتی بنیات بۆ پارچەکە فەراهەم دەکەن. پارچە شیعرە درێژەکانی شاعیر کە لە شێوەی شیعری میللی و لەسەر کێشی برگەیی هۆنراونەتەوە، پرن لە وێنەی جوان و دلگیرو پاك رازاوە، بە زمان و شێوازێکی رەوان و پاراوخراونەتە روو:

یــــار کـــــە دێتـــــە ســــــەر گــــوڵ و ئەســــــتێرە
ســــــەیری ئــــــەو دەکــــــەن مــــــانگ و ئەســــــتێرە
روونــــــاکی وی بــــــوو یــــــان روونــــــی ئاسمــــــان
کــــــە دێ بــــــۆ کێــــــوی دەبــــــا گــــــا گێــــــرە
دەگــــــەڵ یــــــار لــــــە بــــــن ســــــێبەری پــــــالان
چــــــەند خۆشــــــە دۆی ســــــارد دەگــــــەڵ کــــــولێرە
خۆزگــــــەم بــــــەو شــــــوانەی لــــــە دوای مێگــــــەلان
یــــــارم بــــــە زوڵفــــــان دەکــــــا هــــــاوێرە
شــــــەرتی شــــــوانیم ئەوەنــــــدە بــــــەس بــــــێ
یــــــارم بێــــــری بــــــێ بــــــۆ مــــــەڕە بێــــــرە

بـەم شـێوەیە لەسـەر ئـەم شـێوازو ئاهـەنگو نەسـەقە ئـەم پارچـەیە بـۆ (٤٧) دێـڕ درێژبۆتـەوە، لەهـەر دێرێکـدا وێنەیـەك هەیـە، یـادەبی لـەنیوە دێرێکـدا وێنەیـەك هەبێت، بـەڵام وێنـەکان لـە دێڕەکانـدا کـە بـەدوای یەکتریـدا دێـنو بـەریز تێدەپـەڕن هەموویان هاوپەیوەنـدن، لـە ژیـانو گوزەرانێـك هـەڵێنجراون کـە زۆر لایـەنی جوانو روونـاكو قەشـەنگو دلگیری هەیـە، شـاعیر یـەك لـەدوای یـەك وێنـەکان ڕاودەکـاتو لەتانو پۆی بنیاتی هۆنراوەیەکی لیریکدا دەیان هۆنێتـەوە، ئـەم نەریتـەی شـاعیر بـە پارچەکانی تری وەکو:

ـــــ عـــــەزیز ئـــــارەزووت زۆری بـــــۆ هێنـــــام
فرمێـــــــسکم ســـــوور بـــــوو زەردی رووی لێنـــــام
دیـــــسان بـــــە ئـــــاوڕی دوریـــــت کەوتمـــــە گـــــیر
دنیـــــام لـــــێ ســـــاردبوو بـــــووبـــــە زمهەریـــــر

کە درێـژترین شیعری شـاعیرەو (٨٥) دێـڕەو لەسـەر شـێوەی مەسـنەوی هۆنراوەتـەوە دیارو ئاشکرایە.

هەروەها بەهەمان شێوە لە:

زۆر تـــــوولی کێـــــشا عـــــەزیز هیجرانـــــت
لال بم نـــــابینم مـــــەیلی جارانـــــت
چ قـــــەوما ئـــــەو ســـــاڵ لەبەرچـــــاوکەوتم
چـــــۆنت دڵ هـــــات لـــــە دڵـــــت دەرکـــــردم

کە (٦٤) دێڕە، هەروەها لـە پارچـەی (نامەیـەك) کـە (١٢) دێـرە شـاعیر لـە دەسـتپێکدا دەڵێ:

نامـــــەی گرامیـــــت حـــــەزرەتی نـــــامی
پـــــێم گەیـــــشت لـــــە دەســـــت شەخـــــسێکی نـــــامی
نامـــــەی گرامیـــــت وەختـــــێ پـــــێم گەیـــــشت
هێنـــــد کـــــەیف خـــــۆش بـــــووم دنیـــــا تـــــێم گەیـــــشت

هەروەها پارچەی (بخوێنن چاکە) کە (٤٢) دێرە ئەمە سەرەتایەتی:

یادم بۆ ناکەی یادت بەخێربێ
وەعدەی زووهاتن وەختە زۆر دێر بێ
هێندەم تەماشای ڕێی هاتنت کرد
چاو خێڵ بوون لەسەر سەریان و سەرگرد

ئەم چوار پارچەیەی دوایی کە بە پارچەی لیریکی میللیو خۆماڵی ناومان بردن، لە شێوەی گشتیی هەر پارچەیەك، دێرەکان بەشێوەیەکی وەسفو سەردی هاتونەتە خوارەوە، وەکو گوتمان لە پارچەو پاژە وێنەی جیا جیا پێکهاتوون کە هەموویان لەنێوان سنوورو چوارچێوەی گشتیی تێکستەکەدا کۆبوونەتەوەو یەکیان گرتووە، ئەنجا بنیاتو مەبەستێکی تایبەتیان پێکهێناوە. لە کۆی بەرهەمەکانی سەیف چەند بابەتێکی نیشتمانیو سیاسیو کۆمەڵایەتی هەن، کە لە رووی یەکێتی بنیاتەوە، هێڵی گشتیی تێکستەکان هەر وەکو ئەوانی پێشتووترن. بۆ نموونە (رۆژی شادی) کە لە (٢٦) دێڕ دایە، یەك بابەتەو بۆ یەك مەبەست هۆنراوەتەوە کە ئەویش پیادا هەڵگوتنی ستالینو سوپای سوورو ئەو ئازادییە کە لەژێر سێبەری ئەو سوپایەدا بۆ کورد رەخساوە، ئیتر هەموو دێڕەکان لەتەوەری ئەو بابەتەدا دەخولێنەوە. هەروەها (پەیامی دوعاو سڵاو) کە (٥٩) دێڕەو لەسەر هەمان ناوەڕۆكو بابەتی شیعرەکەی پێشووە، باس لەسەرکەوتنەکانی ئۆردوی سوپای سوور دەکات لە بەرەکانی جەنگو ئەو سەربەستیو ئاسوودەییەی کوردستانی گرتۆتەوە لەسای ئەوانەوە. پاراستنی یەکێتی بنیات لە شێوازی گێڕانەوەو دەربڕینی چیرۆکیانەو هێنانەوەی نموونەی لێرەو لەوێ بەرجەستە دەبێو رەنگە هەندێ جارحەماسەتو خەیاڵ شاعیر هەڵبگرێتو بۆ شتی لا بەلاش بچێت کە زۆر لەگەڵ بابەتی سەرەکی تێکستەکەوە پەیوەست نەبێت، بەڵام بە هەر جۆرێك بێت لە چوارچێوە گشتییەکە تێپەرناکات.

بنیاتی یەکێتی بابەت لە شیعری مستەفا شەوقیدا

مەبەست لە یەکێتی بابەت لە شیعری رۆمانتیکی دا یەکێتی ئۆرگانێکی تێکستی شیعرە، کە لە رەخنەی تازەدا گرنگی پێ دەدرێتو بەو جۆرە پێناسەکراوە، کە بریتییە لە یەکێتی بیرو بابەتو ئەو هەستو سۆزانەی کە بابەتەکە دەیان وروژێنێ، تیایاندا وێنەو بیرۆکەکان بە شێوەیەکی مەنتیقی بەدوای یەکتریدا دێن، هەر وێنەو بیرۆکەیەك رۆڵێك لە چەمکێکی تێکستەکەدا دەگێڕێ لە خزمەت گەشەکردنیدا

دەبێـت‌و لـە ئاكـام تێكدەكەنـەوەو شـێوەی بنیـاتێكی زینـدوو بـە دەقـی شـیعری دەبەخشن.[11]

بەم چەشنە پەیوەستی نێوان دەقە شیعریەكە لەباری یەكێتی بابەت‌و بیرو ئەو سۆزەی بەرپای دەكات توندو تۆڵ دەبێت. لێرە ئەزموون‌و تاقی كردنەوەی شاعیر دەبێتە ئەو تەوەرەی كە بنیات‌و بابەتی شیعری لە دەور دەئاڵێ، ئەزموونیش خۆی (ڕووداوێكی ویژدانی یا سۆزدارییە كە لە مێشك‌و هەست‌و دەروون‌و فیكری ناوخۆیی‌و دەرەكییەوە دێتە دەرەوە).[12] لەم پێشەكییەوە بەرەو شیكردنەوەی بنیاتی شیعری مستەفا شەوقی هەنگاو هەڵدەگرین‌و چەند نموونەیەك دەهێنینەوە. شاعیر لە هۆنراوەی (حەسبوحاڵ دەگەڵ وەتەن)دا دەڵێ:

خـەملیوە لەسـەر قـەبری جـەوانان گـوڵ‌و لالـە
یـا سـووریی خوێنـە كـە بڵێـی ڕەنگـەكی ئاڵـە

پـێش تابـشی خورشـیدی فەلـەك وەقتـی بـەهاران
وەك چـاو لـە فرمێـسكی منـە قـەترەیی ژاڵـە

ئـەی بـادی سـەبا هەسـتە گوزەركـە بەوەتەنـدا
پەخـشان بكـە سـەر ئـەرزی وەتـەن بـۆنی گوڵاڵـە

بـا بێـت‌و بـە تەئـسیری فـسوونی نەفەسـی تـۆ
وەك خونـچە ببـشكوێ دەمـی ئـەو كـوردە كەڵاڵـە

بـا بێـت‌و سـبەینان ئەلـەم‌و دەردی شـەوی هـەجر
بێـژێ كـە لـەوەی پـاش خـەوی مـە، مـەحزی وەباڵـە

(11) النقد الادبي الحديث: ٣٤٩.

(12)سوسۆلۆژیای شیعری كوردی: ١٤٩.

قـــەهری فەلـــەك‌و جـــەوری ڕەقیـــب‌و ســـتەمی دۆســـت
سەرناســـیەیی پـــڕ شـــکەنی کـــرد بـــە قەباڵـــە

شـــەوقی وەرە لـــەو غوربەتـــە مائیـــل بـــە وەتـــەن بـــە
بـــێ خـــاکی وەتـــەن عیزەتـــی تـــۆ مـــەحزی خەیاڵـــە

بـــەو کـــاکۆڵی ڕەش ڕەنگـــە کـــە بـــۆزی فیراقـــە
بـــاڕام بـــێ لـــە بـــۆت فـــەزل‌و هونـــەر چـــونکە حـــەلالە

بە سەرنجێکی سەر پێی لەناونیشان‌و دێڕەکانی تێکستەکە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە شاعیر ئەزموونێکی خەماوی سەبارەت بە نیشتمان دەکات بە مەبەست‌و لەسەرەتاوە لە ڕێگەی چنینی وێنەی ڕۆمانسی بارگاوی بەسۆزو خۆشەویستی بۆ نیشتمانەکەی (هەر وێنەیەك لە دێڕێك‌و وێنەکان لە نیوە دێڕەکانی دووەمدا بە ئاگام دەگەن). گوڵ‌و لالەی بەهار، کە بە خوێنی نەوجەوانی شەهید ڕوواوەو سوور هەڵگەڕاوە، خاکی وەتەنی ئارایشت کردووە، لە ڕێگەی وەسف‌و دیالۆگەوە مەبەستی شاعیر پەرەدەستێنێ، لە سروە با دەخوازێت بۆن‌و بەرامەی گوڵاڵەی بەهاری بە هەموو سوچێکی نیشتماندا بڵاوبکاتەوە. (گوڵاڵەو ڕەنگی سوورو بەهارو شەونم‌و بۆن‌و بەرام‌و سروەی با) دێرەکانیان بەیەکەوە شەتەك داوە، یەکێتی‌و پەیوەندی ئۆرگانێکی لەم گونجان‌و تەبایی‌و بەدوای یەکتری داهێنەدا بەدی دەکرێت، دیمەن‌و تابلۆیەکی زیندوو بەرجەستە دەکات. ئەو سۆزەی کە لە دیمەنەکەوە هەڵدەقوڵێت، دەرژێتە نێو دەروونی خوێنەرەوە، بە چاوی هۆش دیمەنەکە درك پێدەکات. ڕایەڵەکە ناپچرێت لە دێرەکانی دواتر (بادی سەبا) جڵەوی هەست‌و سۆزی خوێنەر بەدەستەوە دەگرێت، دەمی کوردی کڵوڵ دەپشکوێنێ، باس لە ئێش‌و ئازاری (شەوگاری غوربەت لە وەتەن)ی بە گوێدا دەچرپێنێ، تا وەخۆکەوێت، عیبرەت لە دەردو نەهامەتییەکانی وەربگرێت، لەگەڵ شاعیر ڕوو لە وەتەن بکەن‌و بە فەزل‌و هونەر ئۆقرەو ئاسوودەیی پێ ببەخشن. وێنەی دەستپێکی تێکستەکە (گوڵاڵە سوورەی سەر مەزاری جەوانێکی کورد)ە، ئەنجا وردە وردە لە ڕێگەی گفتوگۆو وەسف‌و هاتنە ناوەوەی وێنەی ترەوە گەشە دەکات‌و بەرەو پێشەوە دەچێت تا تابلۆی دیمەنەکە پڕ ڕەنگ دەبێت، ئەنجا خاڵی کۆبەندو کۆتایی خۆی فەرز دەکات. بەمجۆرە یەکێتی ئەزموون‌و بنیات‌و بابەت

لە شیعرەکەدا هاتۆتەدی، بابەتێکی نیشتمانی بەهۆی تەوژمێکی بەهێزی سۆزەوە لە بەرگ و ئارایشتێکی لیریکی دا خراوەتە روو.
لە تێکستێکی دیکەدا کە بەناونیشانی (وەرەقێك لە دەفتەری خاتیرات)ەو تەعبیر لە ئەزموونێکی دڵداری شاعیر دەکاتەوە هاتووە:

فیدای چاوت عەزیزم، ئەوڕۆکە حاڵم پەرێشانە
لە دووری تۆ دوو دیدەم غەرقی خوێنە بەحری عوممانە

عەجەب کۆرپەی دڵم نادا هەدا شەوگاری تەنهایی
نەباتی قەندی لێوی تۆی دەوێ بێچارە بێ زمانە

بەناز ساتێ وەرە دەستێ بنێ سەر قەڵبی مەجروحم
خەناوی بێ بە سووری پەنجەکانت رەنگی مەرجانە

زبانت چونکە نازانێ، بە ئیما شەرحی حاڵی کرد
کەبابە جەرگی من بیبە، هەناسەم بۆنی بریانە

هێڵی گشتی مەبەستی شاعیر (شەرحی حاڵی خۆکردنە لە تاوی دڵداری)، ئەدگاری باوی سازکردنی وێنەکان لە بنیاتی تێکستەکەدا شێوازی لێکچواندنە، (هەرچەندە بە کەرەستەو ستایلێکی کۆنە). رەگەزی گفتوگۆش لە سیاقی دێڕەکاندا بەدی دەکرێت، (بەناز ساتێ وەرە – ئەگەر چی تۆ – جانم لەماڵەنگۆیە...) لە هەموو دێڕەکان دەردە دڵەکە بەردەوامە، هەرچەند شێوازو دەربڕین و وێنەکان دەگۆڕێن، بەڵام هەمیشە لە خزمەتی بابەتی سەرەکی دان و لێی لانادەن. شاعیر بەردەوام دەبێت:

دڵت بەستم بە ئەفسوون ئەی کچی رۆمی چ فەتتانی
مەگەر دایکت ئەتۆی نێو نا لە بۆ تەلبیس و ئەفسانە
وەکو ئاهوی خەتا گەرچی ئەتۆ نارۆی لە پێش عاشق
خەتایی چاوی سەیادە کە بولبول نایتە هێلانە
مەلاحەت خەتمە سەرتۆ گەرچی وەك نێوت لە چاو دووری
لە بۆ شەوقی دوو کولمی پڕ فسوونت تازە دیوانە

لەسەر هەمان شێوازو نەسەقی دێڕەکانی پێشوو، ئەم دێڕانەی دوایی هاتوون، وەسفو ستایشی جوانی دڵبەر دەکەن، رەنگە شاعیر لە توانایدا هەبێت، یاخود سۆزو جۆشو خۆشەویستیەکەی هانـدەری بێت چـەند وێنەیـەکی دیکـەش لـە باخـچەی جـوانی یارەکەی بهۆنێتەوە، بەڵام لـە رستەی یەکـەمی دێـڕی کۆتـایی ئـەو ئامانجـەی پێکاوە (مەلاحەت خەتمە سەرتۆ)، ئیتر حەقی خۆی داوەتیو دوایـی بـە تێکستەکە هێنـاوەو وەك عەرەب دەڵێ (حسن الختام)ی بەجێهێناوە.

شەوقی قەسیدەیەکی هەیە بەنێوی (تەحەسوری جەوانیو تەرانـەیی وەتـەن) کـە لـە (٢٢) دێر پێکهاتووەو درێژترین تێکستی شاعیرە. ئـەم قەسـیدەیە لـە سـەرەتایەوە تـا دوایـی لـە دەوری بابـەتێکی فەلسەفی دەخولێتـەوە کـە ئـەویش (فەلـسەفەی عەشـقی ئیلاهییە)، ئەگەر بە گوێرەی ئـەو ئینتیباعـەی لـە ئاکامی خوێندنـەوەی قەسـیدەکە لای خوێنـەر دروست دەبێ، قـسە بکـەین، دەبێ بڵێین کـە ئـەم تێکستە بـەرەنجامی هەستێکی قووڵو سۆزێکی راستەقینەیە سـەبارەت بـە ژیانو بـە سروشت. ئەمـەش شتێکی ئاسان نییـە کاتێك (لـە تێکستی لیریکدا تـەعبیر لـە هەسـتێکی راسـتەوخۆی شاعیر دەکرێت کە دیاردەیەکی تایبـەت بـە ژیانو بـە سروشـت لـە دەروونـی شاعیردا وروژاندویـەتی، گـرنگ لێـرەدا نـە خـودی ئـەو هەسـتەیەو نـە تێگەیـشتنە نێگەتیڤەکەیـەتی، بـەڵکو کاردانـەوە پـەنهانو ناوەکییەکـەی ئـەو ئینتباعەیـە کـە لـە دەرەوە بەرپا دەبێت).[13] لە قەسیدەکەدا هاتووە:

بـەبێ تـۆ عالـەمی دڵ، غـەرقی دەریـای یـەئسو حیرمانـە
تەماشـاکە شـەپۆڵ ئـەورۆ چـڵۆن سـەر رێـژی چـاوانە

عەجـەب تۆفـان دەرە حیـسی شـەبابم، هەڵدەچـی دایـم
لـە قـەڵبی پـڕ خـرۆش نەسـرینی چـاوم لـەعلی روممانـە
دەنافـاقی ئەمـەڵ ئـەورۆ سـەرابە وەسـڵی تـۆ دوورە
لـە بـۆیە فەلـسەفەی ژینـێ لـە بـۆ مـن بۆتـە ئەفسانە

ئەو نوختەیەی شاعیر دەبەر چاوی گرتووە، جوانیو خۆشەویستی وەسڵی یارە، یار بە مەعنای حەقیقی واتە (مەعشوق)، شاعیر (عاشق)ەوە پەروەردگاریش (مەعشوق)، کە

---

(13)موسوعة نظرية الادب — الشعر الغنائي: ٦.

جووتـه بنـهما بنهڕەتییەکەی (سۆفیزم) پێکدەهێنن. مەبەستی بەرودوای شاعیر (وەسڵ)ی مەعشووقەکەیەتی:

جـوانیو نەشـئەوو شـەوقی حـەیاتم بـێ تـۆ بـەربادە
بـەهار رابـردو هـاوین هـاتو پـایز وەقتـی زستانـە

خولاسـەی مەقـسەدی مـن زولفـی کـاڵ بـوو بۆیـە لـێم گێـژە
سـەراپا فیکـرو حیسـسم میـسلی زوڵـفی خـاوی جانانـە
لـە شـەریانو وەریـدی جیـسمی فـانی مـن وەکـو خـوێن
مـەلالی چـاوی مـەخموورت دەکـا دەورانو سـەیرانە

شاعیر شێوازو کەرەستەو دەربڕینی دڵداری ئاسایی وەکو (زوڵفی کاڵ، زولفی خاوی جانان، مەلالی چاوی مەخموور...) دەکاتە زمانی دەربڕینی عەشقە راستەقینەکەی تا دەڵێ:

بـەڵێ هـەللاجمو ئـەورۆ ئەسـیری رەنگـی بـێ رەنگـیم
بەسـەودای تـۆوە مەسـتم، چـونکە چـاوت داویـە پەیمانـە
ئەسـیری حوسـنی تـۆ چـۆن مەعکەسـی ئـەنواری لاهوتـە
لـەتاریکی وجـوود کـونجی ناسـووت رۆژی تابانـە
چـرای فکـرم لـەوێ دایـم دەکـاتن ئیقتیباسـی نـوور
میـسالی پـیری مـەیخۆران لـە جـامی لـەعلی مەیخانـە
لەسـەحرای مێرغـوزاری عالـەمی ئـەرواحی عیللـیین
شـەهنـشەه بـوو خەیـاڵی فیکـری سـەربازم تـاقانە

لەو دێڕانەی سەرەوە شاعیر بە هەستو سۆزو زمانو زاراوەی راستەقینەی فەلسەفەی سۆفیزم دەدوێ زاراوەکان - کە هەر یەکەیان لە وێنەی سیمبۆلێکەو وێنەو کێشەیەک لە دنیای سۆفیزم دا دەوروژێنێ:

هـەللاج، ئەسـیری رەنگـی بـێ رەنگـی، مەعکەسـی ئـەنوار، لاهـووت، وجـوود، ناسـوت، ئیقتیباسـی نـوور، پیری مـەیخۆران، جام، عالـەمی ئـەرواحی عیللیین، شەهنشەه، خەیاڵ.....)، ئەم وێنەو سیمبۆڵانە بە زنجیرە بـە دوای یەکتریدا دێنو یەکێتییـەکی مەعنەویو مەنتیقی بالا بۆ تێکستەکە فەراهەم دەکەن:

چـلۆن تـەبعی بەشـەر مـەخلووتی خـاکی پـاکی تینـەت بـوو
هبـووتی کـردووە فیکـرو روحـم هاتۆتـە هێلانـە

لـــەنێو دنیـــای خـــەیاڵم هەڵبـــژاردەی پاشـــی تـــەدقیق
لــــە جــــەرگەی ئاســـیادا مەئمــــەن‌و مــــــەئوای شـــاهانە

مەلی روحی شاعیر لـە ئاسمانـەوە دادەبەزێتـە سـەر زەوی بـۆ نـاو ئـەو هێلانـەیـەی کـە ئارامی‌و ئاسوودەیی بە رۆحی شاعیر دەبەخشێ. ئەو هێلانەیەش لەسـەر زەوی خـاکی پاکی نیشتمانە، خاك لەگەڵ سروشت‌و تەبیعەتی ئادەمیزاددا یـەك دەگرێتـەوە، خـاك یەکێکە لەو رەگەزە بنچینەییانەی کە لە (خـەلق‌و تـەکوین)ی لەشـی زینـدووی مـرۆڤ بەشـداره، بەپێی تێڕوانینی فەلسەفەی کۆن، هـەر تـەنێکی زینـدوو لەوانـەش تـەنی مـرۆڤ پێکهاتـەو ئاوێتـەی هـەر چوار رەگـەزی (خـاك، ئـاو، ئـاگر، بـا)یـە. بۆیـە سـۆزو خۆشەویستی گیان‌و لەشی مرۆڤی عاشق‌و سەوداسەر بۆ (خـاك) شتێکی ئاساییە، کـە هات‌و ئەویش (خاکی پـاکی نیشـتمانی دایـك) بێـت ئـەوا سـۆزو عەشـقەکە بـەتین تـر دەبێت.

لـەوێ تێـر ئـاو دەبـێ خولیـای جـوانی‌و رووحـی غـەمگینان
ئوفـــوولی ئەرغـــەوانی رۆژی رووی پـــاش مـــانگی تابانـــە

کـە خـاکی پـاکی وی لانکـە لـە بـۆ ئێـسقانی باپیرمـــان
لەســـەر قـــەبری جـــەوانان دیـــدەیی شـــلێرە گریـــانە.

خـاکی پـاکی نیشـتمان لـە وێنـەی بێشکەیەو بـە میهرەبـانی لـەش‌و ئێسك‌و بروسکی مرۆڤ دەگرێتە خۆی چونکە پەروەردەی خۆیەتی، لە کاتێکدا (گیـان)ەکـان بـۆ ئاسمـان هەڵـدەفڕن، لەســەر خـاك یادگـارێکیش بـۆ مـرۆڤ بـەجێ دەمێنـی کـە ئـەویش گلکۆکەیەتی.

ئـــەوێ مـــولکی قـــەدیم‌و مەوتـــەنی ئەجـــدادی پێـــشووتە
بـە مـەردی مەیرۆخێنـە چـۆن حـەریمی مـولکی بابانـە

بـە عـیلم‌و مەعریفـەت تێـر ئـاو بکـە فیکـری جوانیـت تـا
دەگـەڵ شـەوقی بـە جووتـە موتـەفیق بـن مـەردو مەردانـە

ئێسك‌و بروسکی باب‌و باپیرانیش لە هێلانەی ئەو خاکەدا گیرساونەتەوە، بۆیە بۆتـە مـولکی قـەدیم‌و مەوتـەنی ئەجداد. دەسـابا تێـر ئاوبـێ بـە زانـست‌و مەعریفـەتی عەشق‌و جوانی.

بـــــــاســــــى دووەم

ئـــاوازى شـــــيعرى

ئاوازى شيعرى يەكێكە لە رەگەزە پێكهێنـەرەكانى شيعر، لـە راسـتيدا ئەرسـتۆ خـۆى شيعر بە زادەى دوو بنەماى سـەرەكى دادەنـێ، كـە هـەردووكيان لـە سروشـتى مرۆڤـدا هەن، يەكەميان لاسايى كردنەوەو ئەوەكەى ديكەيان ئاوازە.[14]

لە رەخنەى تازەدا ئاواز يەكێكە لە رەگەزە پێكهێنـەرەكانى شيعرو لـە راسـتيدا شيعر خۆى بريتييە لـە (ئـاوازى بێـژەو وتـەو واژەكـان).[15] خـودى ئاخـاوتن خـۆى لـەكاتى ئەنجامدانــدا جـۆرە ئاهــەنگێكى هەيــەو هــەر كاتێــك ئاهــەنگى وشــەو بێــژەكان بەشێوەيەكى موتەناسيبو رێـكو گونجـاو دووبـارە بوونـەوە كـێش دروست دەبێت. لێـرەدا (كـێش دەبێتـە بـەرەنجامى ئەنـدازەو پێوانـەيى ئـاوازى شـيعر).[16] لەمـەوە پێوەنـدى پتـەوى بەيەكـەوە بەسـتراوى نێـوان شـيعرو ئاوازمـان بـۆ روون دەبێتـەوە. لەهەمان كاتدا ئەوەشمان لا ئاشكرا دەبێت كە هەر گۆڕانێـك لـە ئـاوازدا گۆڕانێـك لـە كێش بەرپا دەكـاو كێـشەكانيش هەريەكـەيان خـاوەنى ئـاوازو ئاهـەنگێكى تايبـەت بـە خۆيان دەبن. سەبارەت بە هەڵبژاردنى كێشى شيعريش، شاعيران جەخت لەسەر ئـەوە دەكەنەوە كە هەڵبژاردنى كێش بە مەيلو ئارەزوو نييـە، بـەڵكو ئـەوە بابـەتو سـۆزە كاتێ لاى شاعير كامل دەبـێو دەورووژێ ئـەوا بـۆ خـۆى ئاهـەنگو ئاوازێـك (كێـشێك) هەڵدەبـژێرێ لـەو چوارچێوەيەدا سـەردەكا،[17] خـاڵێكى ديكـەش هەيـە پێويـستە ئاماژەى بۆ بكرێت ئەويش ئەوەيە كە ئاوازو مۆسيقاى شيعر تـەنها تايبـەت نييـە بـە جۆرى كێشەكانى شـيعر، وەك ئـەوەى عـەرووزى يـا برگـەيى يـا جـۆرێكى تـر بێـتو بـەواتا ئـاوازى دەرەوە، بـەڵكو جـۆرى پێكهـاتو پەيوەنـدى وشـەكان لەگـەڵ يـەكترىو ريتمەكانى شيعر ئاوازێكى ديكەى سەيرى لێ هەست پێ دەكرێت كە لە ئاوازى كێشى

---

(14) هونەرى شيعر: ٢٢

(15) موسيقى شعر: ٤٤

(16) فرهنگ اصطلاحات ادبي: ٥١٨

(17) هەوارى خالى: ٨٤.

شیعر کەمتر نییەو بە ئاوازی ناوەوە دەناسرێت.[18] لەمەوە دەردەکەوێت کە بنیاتی ئاوازی شیعر دوو لایەنی هەیە:

١. ئاوازی دەرەوە: پەیوەستە بە کێشی شیعرەوەو تایبەت دەبێت بەجۆری شیعری کێشراو (الموزن)، جا چ عەرووزی بێت یاخود بڕگەیی.* لەم ئاستەدا دۆخی (نەزمی) شیعر مەبەستەو پەیوەندی راستەقینەی بە کێشی شیعرەوە هەیەو لەمەوە چەمکی کێش بریتییە لە هاوژمارەیی بڕگەکان لە هەردوو نیوە دێڕی شیعردا.[19] واتە مۆسیقای دەروە لە ئەنجامی هاوکێشی هەردوو نیوە دێری شیعردا دروست دەبێت.

٢. ئاوازی ناوەوە: پەیوەندی بە ریتم و ئاهەنگی وشەکانەوە هەیەو لە رێگەی رادەی گونجان و هاوئاهەنگی پێکهاتەی وشەکان لە لایەنی دەنگ و فۆنیم و بڕگەکان جێبەجێ دەبێت. عەزیز گەردی دەڵێ: (ریتم لە جۆشانی دەروونەوە دروست دەبیٚ و لە قاڵبی کێشەکانەوە گەڵاڵە دەبیٚ و بە سیستمی دەنگسازیٚ و زمانەوانی دەردەبڕیٚ).[20] سەبارەت بە شیعری عەرووزی لەم ئاستەدا هەر ئەوەندە بەس نییە کە نیوە دێڕەکان لە بڕگەدا هاو ژمارە بن بەڵکو دوو مەرجی دیکەش پێویستە:

یەك/ پێویستە هەر چەند بڕگەیەك (٣، ٤، ٥)، لە کۆمەڵەیەکدا کۆببنەوەو یەك بگرن بۆ پێکهێنانی هەنگاوەکان (التفعیلە).

دوو/ پێویستە هەنگاوەکان لە نیوە دێری یەکەم و دووەمی شیعردا هاوتا (متناچر) بن، واتا لە رووی جۆرو ژمارەو ریزبوونەوە وەکو یەك بن، هەر بەو سیستمەش لە دێڕەکانی دواتردا دووبارە ببنەوە.[21] لە رەخنەی تازەدا باس لە (ئاوازی لاتەنیشت — الموسیقی الجانبیە) هاتۆتە ناوەوە کە بە (سەروا)ی شیعرەوە بەستراوەتەوە، لە تەك ئاوازی دەرەوەی کێش و ئاوازی ناوەوەی وشەکان، ئاوازی سەرواش مایەی لێکۆڵینەوەو سەرنجدانە، تەنانەت رەخنەگرێکی وەکو د. شەفیعی کدکنی دەڵێت (یەك لە گرنگترین هۆکارەکانی بایەخی سەروا لایەنی مۆسیقاییەکەیەتی).[22] ئەو لای وایە کە

---

(18) موسیقی شعر: ٥٠

* لەبەرامبەر دوو جۆرەکەی شیعری کێشراودا، دوو جۆری تری شیعرمان هەیە کە کێشییان نییە، وەکو شیعری سەربەست و پەخشانە شیعر.

(19) کێش و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی: ١٦٩.

(20) کێشی شیعری کلاسیکی کوردی: ٧٧.

(21) کۆ وانەکانی کێش ناسی.د. محمد بکر،١٩٩٤.

(22) موسیقی شعر: ٥٢

سەروا جۆرە تایبەتمەندییێك بە شیعر دەبەخشێ‌و بۆ پشت راستکردنەوەی رایەکەی دەڵێ: ئەگەر دوو قەسیدە بە هەمان مەبەست‌و هەمان کێش بهۆندرێنەوە، بەڵام سەروایان جیاوازبێت ئەوا کاریگەریشیان جیاواز دەبێت. ناوبراو بە راگواستن لە (دکتۆر شەوقی چیف)وە دەڵێ: ئەو جۆرە (ترجیع)و کەرتکردنەی لە هەندێ دێرە شیعری عەرەبیدا دەکرێت، جۆرێك لە مۆسیقای لاتەنیشتی زۆر بەهێز بە شیعرەکە دەبەخشێ. بۆ نموونە لەم دێرەی امرو القیس دا:

مكَرٍ ، مفرٍ ، مُقبلٍ ، مُدبرٍ معاً

كجُلمودِ صَخرٍ ، حَطَهُ السَيلُ منْ علِ

بۆیە ئەو سەروا ناوەکیانە رۆڵێکی مۆسیقایی زۆر بەهێزیان هەیە.[23] هەروەکو کامیل ژێر ئاماژە بۆ رۆڵی گرنگی ئاوازەیی سەروا بە راگواستن لە دکتۆر ئیبراهیم ئەنیسەوە کردووەو دەڵێ: (سەروا توخمێکە لە توخمەکانی بینای هەڵبەست، سەروا نرخێکی مۆسیقایانەیە کە ژمارەیەك دەنگ لە کۆتایی دێرەکانی هەڵبەستدا دووبارە ئەبێتەوە. ئەم دووبارە بوونەوەیەش بەشێکی گرنگ دروست دەکات لە مۆسیقای هەڵبەست. سەروا وەك نێوەندە مۆسیقاییەکانە کە گوێگر چاوەڕوانی دووبارەبوونەوەیان ئەکات‌و چێژێك وەرئەگرێ لەو جۆرە دووبارە بوونەوانە کە لە پەردەی گوێ ئەدات لە ماوە کاتییە رێك‌و پێکەکان).[24]

لەم تێروانینەوە، بە پێویستمان زانی لە باسی ئاوازی شیعریدا برگەیەکیش بۆ مۆسیقای لاتەنیشت تەرخان بکەین کە تایبەتمەندییەکانی لەلایەنی سەرواو رەدیف‌و کەرتکردن لە شیعری شاعیرانی ماوەی باسەکەی ئێمەدا رەنگی داوەتەوە.

ئاوازەی دەرەوە : کێشی شیعری:

ـ لە بەرهەمی مەلا مارفی کۆکەیی:

بەو هۆیەی شیعری کلاسیکی کوردی هەر لە کۆنەوەو لە سەردەمی بابە تایەرەوە لەباری کێش‌و قافیەدا پێڕەوی لە عەرووزی عەرەبی کردووە، بۆیە کێش‌و قاڵبە کێشەکانی عەرووزی بەهەمان پێودانگ لە شیعری شاعیرانی ناوچەی موکریانیشدا رەنگی داوەتەوە. ئەوەی لەم بوارەدا بە زەقی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە برێك لەو کێشە عەرووزیانە لە نموونەی (هەزەج، رەمەل، موزاریع، سەریع) بوون بە کێشی

---

(23) سەچاوەی پێشوو: ٥٣

(24) بەرگری لە هەڵبەست، گ/ رۆشنبیری نوێ، ژ/١٢٦: ١١١.

باوی ناو شیعری کوردی‌و شاعیرانی کورد زیاتر ئاوڕیان لیّ داوەنەتەوە.[25] هەروەها وەکو هەوڵێك بۆ خۆ بواردن لە کۆت‌و بەندی قورسی ئەم کێشانە شاعیرانی کورد زیاتر بەلای مەجزوئاتی ئەم کێشانەوە چوون‌و بەکاریان هێناون.[26]
هۆکاری ئەم ئاراستەیەش بۆ دوولایەن دەگێڕنەوە: یەکیان ئەوەیە کە ئەم کێشانە (زۆرتر دەنکونجێن لەگەڵ خەسائیسی فۆنەتیکی زمانی کوردیدا).[27] دووەمیش ئەم کێشانە لە رووی ئاهەنگ‌و ئاوازەوە گورج‌و سووك‌و ساف‌و بە ئاهەنگن‌و لەگەڵ زەوقی گۆرانی ویستی کوردیدا گونجاون).[28]
لەمەوە ئاوڕێك لە بەرهەمی شیعری مەلا مارفی کۆکەیی دەدەینەوەو بەو مەبەستەی وێنەکە لەلامان روونتر بێت لێرەدا ئامارێك نیشان دەدەین، کە لەژێر رۆشنایی دیوانی شاعیروبە پشتیوانی (رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی:ل ٥٤٣ – ٥٤٨) رێکخراوە:

زنجیره	کێش	قاڵبە کێش		ژمارەی پارچە	رێژە
١.	هەزەج			٢٢	٪٤٩,٩
	أ.	هەزەجی هەشتی تەواو	١٤		
	ب.	هەزەجی ٨ ی ئەخرەبی مەکفووفی	٤		
	ج.	مەحزووف	١		
	و.	هەزەجی ٨ ی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور	١		
	هـ.	هەزەجی ٨ ی ئەخرەب	١		
	و.	هەزەجی ٨ ی مەحزووف	١		
		هەزەجی ٦ ی مەقسوور			
٢.	رەمەڵ			١٦	٪٣٢

(25) کێشی شیعری کلاسیکی کوردی: ١٣٨
(26) دانیشتنێك لەگەڵ گۆران، گ/ بەیان، ژ/٢: ٥ .
(27) سەوداو سنوور: ١٥٩.
(28) کێش‌و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی: ٦٧.

	أ.		ڕەمەڵی ٨ی مەحزووف	١٣		
	ب.		ڕەمەڵی ٨ی مەخبوونی ئەسڵەم	١		
	ج.		ڕەمەڵی ٨ی مەقسوور	١		
	و.		ڕەمەڵی ٦ی مەحزووف	١		
٣.	موزاریع				٦	٪١٠،٩
	أ.		موزاریعی ٨ی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف	٥		
	ب		موزاریعی ٨ی مەکفووفی مەقسوور	١		
٤.	موجتەس				٢	٪٣،٩
	أ.		موجتەسی ٨ی مەخبوونی مەقسوور	١		
	ب		موجتەسی ٨ی مەخبوونی ئەسڵەم	١		
٥.	خەفیف				٢	٪٣،٩
	أ.		خەفیفی ٦ی مەخبوونی مەحزووف	٢		
					٥٠	٪١٠٠

لەمەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا:*

ـ سەرجەمی شیعری مەلا مارف لەسەر (٥) کێش و قاڵبە کێش هۆنراوەتەوە.

ـ کێش و قاڵبەکێشە باوەکانی (هەزەج و ڕەمەڵ) لە ٨٠٪ی بەرهەمی شاعیریان داگیر کردووە، ئەم دوو کێشە لە بازنەکانی خەلیلدا سەر بە بازنەی (موجتەلیب)ن.(29)

---

* ئەم خشتەیە لەژێر ڕۆشنایی دیوانی شاعیردا ڕێکخراوە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ دوو هەڵە بکەین کە (ڕابەری کێشی کلاسیکی کوردی) تێی کەوتووە:

١. هەردوو قەسیدەی (سێڵاوی بەدبەختی، بەزمی فەغفور) کە لە سەر کێشی هەزەجی هەشتی تەواون، دووجار حیساب کراون.

٢. پارچەیەکی چوار بەیتی لە دیوانەکەدا هەیە بەناوی (دۆزەخ و جەنەت) لە ڕابەردا پەڕێندراوە. بەمە سەرجەمی بەرهەمی کۆکراوەی شاعیر دەبێتە (٤٩) پارچە.

٣. لەو نوسخە دیوانە چاپکراوەی لەبەردەستە، دوو لاپەڕەی (٦٧ -٦٨)ی تیادا نییە.

بڕوانە:

ـ دیوانی مەلا مارفی کۆکەیی: ٣٦-٤٠، ٨٤ — ٩١.

ـ ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی: ٥٤٣ — ٥٤٧.

(29) کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی: ٥٦.

- ئەم دوو کێشەو باقی کێشەکانی دیکەش لە بەرهەمی شاعیردا پەیرەویکراون، زۆرتر بایەخ بە قاڵبە کێشەکان بەواتە (مەجزوئاتی) کێشەکان دراوە.

- بەپێی (رابەری شیعری کلاسیکی کوردی) هەزەج (٢١) قاڵبە کێشی لە دیوانی شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکارهاتوون، کەچی لای مەلا مارف ئاوڕ لە (٦) قاڵبی ئەو کێشە دراوەتەوە، کێشی رەمەلیش بەهەمان ئەندازە (٢١) قاڵبە کێشی بەکارهاتوون‌و لای مەلا مارف ئاوڕ لە (٤)یان دراوەتەوە.

موزاریع‌و موجتەس کە لە بەرهەمی مەلا مارفدا هەریەکەیان دوو قاڵبە کێشی لێ بەکارهاتووە، بەڵام یەکەمیان خاوەنی (٦)و دووەمیان (٥) قاڵبە کێشن.

شاعیر یەك بەرهەمی تاقانەی لەسەر کێشی خەفیف هۆنیوەتەوە کە خۆی خاوەنی (٥) قاڵبە کێشە.(30)

کێش لە بەرهەمی سەیفی قازیدا:

بەرهەمی شیعری کۆکراوەی سەیف لە دیوانەکەیدا بریتییە لە (٢٤) پارچە، لەوانە (١٨) پارچەی عەرووزییە کە یەکێکیان بریتییە لە تاکە بەیتێك، ئەوانی دیکەش لەنێوان غەزەلی (٥) بەیتی تاوەکو قەسیدەی (٥٩) دێری تیایەو قاڵبی کێشە عەرووزییەکانی دیوانی شاعیر بەم شێوەیەیە:

زنجیرە	کێش	قاڵبە کێش		ژمارە	رێژە
١.	هەزەج			١٢	٪٦٦,٦٦
	أ.	هەزەجی ٨ی تەواو	٥		
	ب.	هەزەجی ٨ی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف	٢		
	ج.	هەزەجی ٨ی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور	١		
	و.	هەزەجی شەشی مەقسوور	٢		
	هـ.	هەزەجی شەشی مەحزووف	٢		
٢.	موزاریع			٥	٪٢٧,٧٧
	أ.	موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف	٤		
	ب.	موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور	١		
٣.	رەمەڵ			١	٪٥,٥٥
	أ.	رەمەلی هەشتی مەحزووف	١		
				١٨	٪١٠٠

(30) رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی: ١٥ -٣٩.

کێش	قاڵبە کێش	ژمارە	ڕێژە
کێشی بڕگەیی	دە بڕگەیی (٥ + ٥) لە هەر نیوە دێڕێکدا	٦	

لەگەڵ کەمیی بەرهەمی شاعیردا، کێش و قاڵبە کێشە بەکارهێنراوەکانیشی کەمن، لە هەزەج (٥)و لە موزاریع (٢)و لە رەمەل تەنها (١) قاڵب. ئەوەی مایەی سەرنجە لە بەرهەمی شیعری سەیفی قازی، ئەوەیە کە شاعیر جگە لە بەرهەمە عەرووزییەکانی ئاوڕی لە کێشی بڕگەییش داوەتەوەو کۆمەڵێك لە شیعرەکانی لەسەر ئەو جۆرە کێشە هۆنیوەتەوە. د. خەزنەدار ئاماژەی بەم لایەنە کردووەو دەڵێ: (حەسەن هەردو کێشی عەرووزیو سیلابی خۆماڵی بەکارهێناوە).[31] ئەم نەریتەی بەکارهێنانی کێشی برگە یاخود (سێلاب) لە پێش سەیفیشدا لای شاعیرانی موکریانو یەکێکی وەکو وەفایی ئاوڕی لێدراوەتەوە، وەکو چۆن لە شیعری شاعیرانی دیکەدا لە وێنەی (مەولەویو وەلی دێوانەدا) پەیڕەوی لێ کراوە.[32]

بۆ مەسەلەی کێشی جۆری دوایی شیعرەکانی سەیفی قازی چەندوچونێك نییە کە سیستمی بڕگە یاخود (سێلاب) وەڵامدەرەوەی تەواوی پرسەکانی کێشداری ئەم بابەتە هۆنراوانە دەبێتەوە، (واتە پارچەکان لەباری کێشەوە دروستو ڕێکن) بە بەراورد لەگەڵ شیعری فۆلکلۆری کوردیدا، وەڵ مەسەلەیەك هەیە کە لە رەخنەی تازەی کوردیدا وروژێندراوەو پوختەکەی ئەمەیە، کە ئەم جۆرە شیعرە بڕگەییانەی شاعیرانی کورد لە ئاستی (ریتم)و ئاهەنگدا لە شیعری فۆلکلۆری کوردی جیادەبنەوە،[33] بۆیە ناوبردنیان بە (خۆماڵی) رەنگە کارێکی ئاستەم بێت، بەڵام ئەم بۆچوونە لە رەسەنایەتیو کۆنیی ئەم جۆرە کێشە کەم ناکاتەوە کە لە زمانە ئێرانییەکاندا مێژووی بۆ سەدەکانی بەر لە ئیسلام دەگەڕێتەوە. شیعرە بڕگەییەکانی سەیف لە رووی زمانو زاراوەو شێوازەوە رەوانو سادەو ساکارنو لە بەرگی شیعری میللیو خۆماڵییەوە نزیکن، سیستمی کێش لەهەر نیوە دێڕێکدا (٥ + ٥) بڕگەیە، لە

---

(٣١) مێژووی ئەدەبی کوردی، بـ٥ : ٣٤٤

(٣٢) عەرووزی کوردی: ٩٠.

(٣٣) کێشو ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی: ١٠٥ -١١٢

هەندێکیاندا یەکێتی قافیە پارێزراوە، هەندێکی تریش بەپێی سیستمی جووت سەروا (مەسنەوی) هۆنراونەتەوە، وەکو لەم نموونانە بەدیار دەکەوێت:

زولفـــی وەك شـــەوەی، ڕۆژی کردمـــە شـــەو
چـــرای ســـەر کوڵمـــەم لـــە بـــۆ رادێـــرە
لـــە بـــاغی حوســـنت وەختـــی زەکاتـــە
فـــەقیری خـــۆتم هـــەر بـــۆ مـــن خێـــرە
بـــە رســـتەی زوڵـــفان دڵـــم نێـــچیرە
لـــە دارو بـــەردی بـــەس دە مـــەیگێڕە
هـــەر کـــەس عیـــشقی تـــۆی لەســـەر دانـــەبێ
بـــێ شـــك حەیوانـــە پـــرو پـــانێرە
ئەوانـــە شـــیعرن عـــەزیز بـــە مـــەرگت
موخلیـــست بـــێ تـــۆ وەجـــاغی کـــوێرە

سیستمی کێش لە نیوە دێڕەکاندا بەم شێوەیە دامەزراوە:

زول فی وەك شە وەی   ڕۆ ژی کرد مە شەو
- ب - ب —   - ب - ب —
(٥ + ٥)

چ رای سەر کوڵ مەم   لە بۆ را دێ رە
ب — — — —   ب - — — ب
(٥ + ٥)

لەمەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کە پارچەکە لەگەڵ پاراستنی یەکێتی قافیەشدا کە زیاتر ئەدگارێکی شیعری عەرووزییە، بەڵام سیستەمو چۆنیەتی ریزبوونی برگە کورتو درێژەکان لە هەنگاوەکانی نیوە دێڕەکاندا لەگەڵ سیستمی (تەفعیلە) تێك ناکاتەوە. بۆیە ئەم جۆرە هۆنراوەیە پێویستە لە دەرەوەی شیعری عەرووزیدا حسابی بۆ بکرێت.

لە پارچەیەکی جووت قافیەدا دەڵێ:

دەردی بـــێ دەرمـــان هـــەر دووری تۆیـــە
بـــە بایـــەك دەمـــرم دەژیـــم بـــەو بۆیـــە
هێنـــدەم تەماشـــای ڕێـــی هاتنـــت کـــرد

چــــاو خێــــل بــــوو لەســــەر ســــەربان و ســــەرگرد
ژیــــان بــــە بۆنــــەی عــــەزیزم خۆشــــە
هــــەر کــــەس تــــۆی نــــەوێ بــــێ هــــۆش و گۆشــــە
دەر دی بێ دەر مان هەر دوو ری تۆ یە
- ب - ب - - - - - ب
(٥ + ٥)

بە با یەك دەم رم دە ژیم بەو بۆ یە
ب - - - - ب - - - ب
(٥ + ٥)

سیستمی کێش لە شیعری فۆلکلۆری کوردیشدا هەمان ڕێچکە دەگرێتەبەر وەك لەم نموونەیەدا دیارە:

گو ڵا لە سوو رەی سەر کوڵ می یا رم
ب - ب - - - - ب - -
(٥ + ٥)

وا گە شا یە وە بۆ حا ڵی زا رم
- ب - ب ب - - - - -
(٥ + ٥)

لەمەوە دڵنیا دەبین کە شیعرە برگەییەکانی سەیف لەگەڵ شیعری گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا لە باری کێشەوە لەسەر یەك سیستم دامەزراون.

کێشی شیعری مستەفا شەوقی:

شەوقی بەرهەمی شیعری کەمە، ئەوەی تا ئێستا دۆزراوەتەوە لە دوو تـوێی نامیلکەیەکدا بلاوکراوەتەوە، لە ژمارەی پەنجەی هەردوو دەست تێپەڕ ناکات. ئەگەر کێش ئەدگارێکی سەرەکی رووخساری شیعری بێت، ئەوا شیعری شەوقی لەباری کێشەوە پێڕەوی لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی کردووەو شتێکی تازەی نەهێناوەتە ئارا. بەرهەمەکانی دەچنە خانەی شیعری لیریکی ڕۆمانسیانەوە، بۆیە شاعیر قاڵبە کێشێکی ناوەزداری پشوو درێژی بۆ هۆنراوەکانی هەڵبژاردووە کە کێشی (هەزەج)ە،

بەتایبەت قالبە کێشە تەواوەکەی هەشت هەنگاوی، وەکو لەم نەخشەیەدا بەدیاردەکەوێت*:

زنجیرە	کێش		قالبەکێش		ژمارە	رێژە
١.	هەزەج				٨	٪٨٨,٨٨
	أ.		هەزەجی هەشتی تەواو	٧		
	ب.		هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف	١		
٢.	رەمەڵ				١	٪١١,١٢
	أ.		رەمەڵی هەشتی مەحزووف	١		
					٩	٪١٠٠

وەکو خاوەنی (کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی) روونی کردۆتەوە، (هەزەج) خۆی لەلای عەرەب جۆرە گۆرانییەك بووە، لەبەر کورتیی برگەکان و سووکی کێشەکەی زۆربەی گۆرانی گوتنی عەرەبی بەم کێشە بووەو یەکێکە لە کێشە بڵاوەکانی شیعری فارسی و لای ئەوان گەڵێ لق و پۆپی لێ بۆتەوە.[34] لە دیوانی شیعری کلاسیکی کوردیدا پایەی یەکەمینی هەیە، هەر شاعیرێکی کورد کە شیعری عەرووزی گوتبێ بەدی ناکەین شیعری لەسەر ئەم کێشە نەبێ. ئەم کێشە نەفەس درێژی و توانای دەربرینی بە شاعیر داوە تا وێنە ئیستاتیکیەکانی (سروشت و جوانی و نیشتمانی) پێ بکێشێت. تەنانەت تاکە قالبە ناتەواوەکەشی (هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)، ریتم و ترپەیەکی ئاوازی خۆماڵی پێداوەو قالبێکی بە جۆشی گۆرانی ئامێزەو خۆی لە

بەدوای یەکدا هاتنی دوو برگەی درێژو دوو برگەی کورت لە دێرێکی چواردە برگەییدا پێك دێت:[35]

---

* کاتێك نامیلکەی شیعرەکانی مستەفا شەوقی‌مان خستە بەردەست، د. عەزیز گەردی بە سوپاسەوە کێش و قالبەکێشەکانی بۆ دەستنیشان کردین.

(34) کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی: ٦٧.

(35) سەرچاوەی پێشوو: ٧٤.

خەم لی وە لە سەر قەب ری جە وا نان گو ڵو ڵا لە*

ـــ ـــ ب ب ـــ ـــ ب ـــ ب ـــ ب ب ـــ ـــ

یا سوو ری ی خوێ نا• کە ب ڵێی رەن گە کی ئا ڵە

ـــ ـــ ب ب ـــ ب ـــ ـــ ب ـــ ب ـــ ـــ ب ـــ

مَفعُولُ مَفاعیلُ مَفاعیلُ فَعولن

وەستان‌و پشوودان لێرەدا، نە لەسەر بنەمای ڕێکی تەوالی بڕگەکان‌و نە لەسەر بنەمای تەفعیلەکان دەبێت، بەڵکو بە گوێرەی بنیاتی سیمانتیکی گرێ‌و ڕستەکان دەبێت، بەم شێوەیە:

خەملێوە لەسەر (ـ ـ ب ب ـ)،

قەبری جەوانان (ـ ب ب ـ ـ)،

گوڵ‌و لاڵە (ب ب ـ ـ)،

یا سووریی خوێنە (ـ ـ ب ب ـ ـ)،

کە بڵێی (ب ب ـ)،

ڕەنگەکی ئاڵە (ـ ب ب ـ ـ)،

شەوقی تاکە غەزەلێکی لەسەر قاڵبەکێشی ڕەمەڵ هۆنیوەتەوە کە (ڕەمەڵی هەشتی مەحزووفە)، کە شاعیرانی ناسک خەیاڵی وەکو مستەفا بەگی کوردی‌و حەریق هۆنراوەی ناوازەیان لەسەر هۆنیوەتەوە وەك:

ـ لە یلەکەی بێ مەیلەکەی مەحبووبەکەی عەییارەکەم
شۆخەکەی پڕ حەملەکەی بێ ڕەحمەکەی غەددارەکەم

کوردی

ـ چاوەکەم دوێنێ لە گوڵشەن گوڵ بەعیشوە خۆی نواند
نەك نەمەك گیر بم بە مەرگی تۆ قەسەم هیچ نەم دواند

حەریق

شەوقیش کوتوویە:

* بەپێی دەستووری عەرووز بڕگەی کورتی کۆتایی دێر حیسابی بڕگەی درێژی بۆ دەکرێت.

• ئەم بزوێنە کورتە لە کاتی درکاندندا ماوەی بزوێنی درێژی (ا) وەردەگرێت.

بۆچ ده نا لێ	نی له سه‌ر لێ	وت له بۆچ بار	که‌و تو وه
له‌ش ك ری زوڵ	فت که خا وو	کا ڵه بۆچ رووی	گر تو وه
ـ ب ـ ـ	ـ ب ـ ـ	ـ ب ـ ـ	ـ ب ـ
فاعلاتن	فاعلاتن	فاعلاتن	فاعلن

ئه‌م قاڵبه کێشه‌ی ره‌مه‌ڵ هه‌ر له کۆنه‌وه لای شاعیرانی کورد زۆر په‌سه‌ند کراوه‌و به‌رهه‌مێکی زۆری شیعری کلاسیکی کوردی له‌سه‌ر هۆنراوه‌ته‌وه. ره‌مه‌ڵ له په‌یره‌وکردندا له شیعری کوردی به پله‌ی دووه‌م‌و له دوای هه‌زه‌جه‌وه دێت. حه‌وت پارچه‌که‌ی دیکه که بڕی زۆری به‌رهه‌می شیعری شه‌وقییه له‌سه‌ر قاڵبه کێشی (هه‌زه‌جی هه‌شتی ته‌واو) هۆنراونه‌ته‌وه، که له‌بنه‌ڕه‌تدا لای عه‌ره‌ب له شه‌ش هه‌نگاوی (مفاعیلن) پێکدێ، لای کوردو فارس کراوه‌ته هه‌شت هه‌نگاو، به‌مه ماوه له‌به‌رده‌م ده‌ربڕینی شاعیر فراوانتر ده‌بێت بۆ ئه‌وه‌ی وێنه‌و ته‌عبیری جوان‌و شاعیرانه بخاته ناو چوارچێوه‌ی دێره‌کانه‌وه، به نموونه شه‌وقی ده‌ڵێ:

جه‌بین مینا	ی زیو گه‌ردن	هوما خاڵ مش	کی تا تاری
شه ده شل چاو	به کل روو سوو	ره گوڵ ته‌ڕ ڕا	رو عه‌ییا ری
ب ـ ـ ـ	ب ـ ـ ـ	ب ـ ـ ـ	ب ـ ـ ـ
مه‌فاعیلون	مه‌فاعیلون	مه‌فاعیلون	مه‌فاعیلون

له شوێنێکی دیکه‌شدا ده‌ڵێ:

به بێ تۆ عا	ڵه می دڵ غه‌ر	قی ده‌ر یای یه‌ئـ	سو حیر ما نه	(١٦ برگه)
ته ما شا که	شه پۆڵ ئه‌و ڕۆ	چ لۆن سه‌ر ڕێـ	ژی چا وا نه	(١٦ برگه)
ب ـ ـ ـ	ب ـ ـ ـ	ب ـ ـ ـ	ب ـ ـ ـ	
مه‌فا عیلون	مه‌فا عیلون	مه‌فا عیلون	مه فا عیلون	

وه‌کو به‌دیار ده‌که‌وێت سیستمی عه‌رووزی شیعر رێگه له‌وه ناگرێت که هه‌ردوو نیوه دێر له لایه‌نی برگه‌وه له هاوکێش بوونیان بڕوانرێت، ئه‌م خاسیه‌ته له هه‌موو شیعری جیهاندا هه‌یه، به‌ڵام له‌باری (ریتم)و (سترێس)ه‌وه سیستمه‌کان لێك هه‌ڵاوارده ده‌بن.

ئاوازی لاته‌نیشت: سه‌روا ــ ره‌دیف ــ سه‌روای ناوه‌وه:

لێرەدا مەبەست ئەوەیە رووناکی بخەینە سەر ئەو رۆڵەی کە هەر یەکە لە: سەروا، رەدیف (پاش سەروا)، سەروای ناوەوە، لەبنیاتی ئاوازەیی شیعردا دەیگێڕێتو لە رووی پراکتیکییەوە لە شیعری ناوچەی موکریان کە مەبەستی باسەکەمانە نیشانی بدەین.

لە رەخنەی کۆندا سەروا دەخرایە پاڵ کێشو لە بواری ئاوازی دەرەوەی شیعر لێک دەدرایەوە، هەردوو هونەرەکەی (رەدیفو سەروای ناوەوە)یش لەگەڵ (جیناسەکانو زاراوەسازی) دەکرانە بنەمای مۆسیقای ناوەوەی شیعر.[36] ئێمە بە پەیڕەوی لە تیۆرە تازەکانی زمانەوانی، کە لە ئاستی ئاسۆییدا لە وشەو گرێو رستە دەکۆڵێتەوە، واتە (تەوەری تەرکیبیو ئاستی تەولیدی زمان)ی شیعری،[37] کاتێک وشە لە سیاقی رستەیەکی شیعریدا جێگیر دەبێت بەرگی واتا زمانیو فەرهەنگییەکەی فڕێ دەداو بە پەیوەندی لەگەڵ کەشو هەوای تازەو دەوروبەرەکەی لە دێڕێکی شیعریدا دەلالەتی تازە پەیدا دەکات، بەو ئیعتیبارەش بەیت یاخود دێری شیعر یەکەیەکی سەربەخۆیە لە بنیاتی قەسیدەدا، بۆیە بنیاتی ئاواز لە ئاستی ئاسۆییدا دەبێتە پێویستییەکی سەربەخۆو جیا لە ئاوازی دەرەوەو ناوەوەی دێری شیعر.

جێگەی خۆیەتی گوتەیەکی جان کۆهین بهێنینەوە کە دەڵێ: (هەر یەکە لە کێشو لە ریتم هەمان ئەرکی سەروا دەگێڕن، کە ئەویش ئەرکی دابین کردنی دووبارەبوونەوەی دەنگیان هەیە کە جەوهەری نەزم پێک دەهێنێ).[38]

سەروا – رەدیف – سەروای ناوەوە/ لە بەرهەمی مەلا مارف:

لە ئەدەبی عەرەبیدا زاراوەی (شعراو الدیوان) ئەو شاعیرانەی خاوەن دیوان دەگرێتەوە کە بەرهەمی شیعرییان لەلایەنی سەرواوە هەموو پیتەکانی ئەلفبای هیجایی زمانی عەرەبی دەگرێتەخۆ. لە شیعری کوردیدا هەرچەندە سەروەری شاعیرانی کورد نالی گوتویە: نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ مولکە دیوانی هەیە. کەچی لە دیوانەکەیدا زۆر پیتو هیجا هەن کە ئاوڕی لێ نەداونەتەوەو بە شایانی ئەوەی نەزانیون بیانکات بە سەروای شیعرەکانی. لێرەدا مەبەست دوایین دەنگی دێڕە شیعرە کە وەکو ناسنامە بۆ سەروا سەیری دەکەین. چاوگێڕانێک بە دیوانی کۆکەیی ئەو

(36) بڕوانە:

ـ کلیات سبك شناسی: ۲۱٦، ۲۱۷.

(37) زبانشناسی ونقد ادبی: ۱۰.

(38) بنية اللغة الشعرية: ٤٦.

راستییه وەدەردەخات کە شاعیر سەرواکانی (٣/٢)ی بەرهەمی شیعری لەسەر دوو دەنگی بزوێنی درێژی (ی) کە لە (١٧) پارچەداو، بزوێنی کورتی (ە) لە (١٤) پارچەدایە دەمەزراندووە.(ی)ی بزوێنی درێژ وەکو لە نازناوەکەیەوە دیارە لە گروپی (حروفی مەد)ەو دەنگێکی نەرمی ئاوازدارەو لەکاتی درکاندا بەراحەتی دەتواندرێت درێژەی پێ بدرێت:

هەرچی زاراتی عەرزو عاسمانە
کوراتی بەر هەتاوی لانساری......
لە دێری رووپەڕەی دەورو زەمانی
بەهەر نەخشێ تماشاکەم دیاری.......
عەزیزی تۆ لەهەر لا خۆشەویستە
زەلیلی تۆ بە کەس نابەت قوتاری.....

لەهەر تێکستێکا شاعیر سەرواکەی لەسەر دەنگی (ی) دامەزراندبێ، ژمارەیەکی زۆری وشەی ئاهەنگداری دۆزیوەتەوە تا مۆسیقای قافیەکەی پێ برازێنێتەوە:

تەماعم بوو بکەم مەتحی خەلیفەی شاهی زەنبیلی
کە تێفکریم لە قووەت خاریجە تەشریحو تەفسیلی
سوئالم کرد لە ئوستادی تەبیعەت بۆ چی بێدەنگی
گوتی چ بکەم تەخەیول ناکرێ تەسویرو تەشکیلی
فەقەت بیستوومە زۆر ئەهلی گوزەشتو عەفوو ئیغمازە
بە شەرتێ لێم ئەرەنجێ حازرم بۆ خەتمو تەکمیلی

ددیوان: ٧١

شاعیر زۆربەی شیعرەکانی لە بابەت ستایش‌و هەجوو داشۆرینی لەسەر ئەم قافیە گوتون:

ئەی جەنابی شێخ دەزانم تۆ خەلیفەی بەر حەقی
وەك دەڵێن شەخسێکی ساحیب ئیحتیرام‌و رەونەقی
دەنگی زیکرو خەتم‌و تەهلیلت فەزای پڕ کردووە
زەڵزەڵەی خستۆتە خێمەی بێ ستوونی ئەزرەقی
ئافەرین سەد ئافەرین بۆ غیرەت‌و بۆ هیمەتت
تۆ کە مەحسووری لە چوار لاوە کە چەپڵەت لێ تەقی
با وجوودی ئەم هەموو حەملەو فشارو گورگە ڕاو
مەرکەزت خالی نەکرد وەك شێر لە مەیدانێ چەقی

دیوان: ٧٨

هاتنی سەروا لە کۆتایی دێری شیعردا هێمای ئیست کردنو خۆئامادەکردن دەبێت بۆ دێری دواتر، ئەم وەستانو ئیستکردنە بایەخێکی ئاوازەیی هەیە، بەتایبەت لە کاتی پەیڕەوکردنی یەکێتی قافیە لەسەر لەبەری تێکستدا، بنیاتی یەکێتی مۆسیقایی سەرجەم قەسیدەو غەزەل دەپارێزێت، سەرباری ئەوەی خاسیەتی ئاهەنگو ئاوازەییەکەی یارمەتی بەیەکەوە گرێدانەوەی شیعرو گۆرانی دەدات.[39]

بزوێنی کورتی (ە)یش لە دەنگە نەرمەکانەو کاتێ لە کۆتایی دێری شیعر شوێن دەگرێتو گوێگر بە روونیو بە ڕەوانی وەری دەگرێت:

که حوسنی یارو ئەغیارم، لە میزانی خەیاڵم دا
بە دڵ دیتم، هەموو لایێکە، ئەو تەنیا لە لاییێکە
خەزینەی روومەتی لەعلی، لەبو سیمی زەنەخدانی
گوتم بێ تۆ خودا بیدا، عەجەب گەنجو تەلاییێکە
ئیشارەی کردە لامی زوڵفی، ئەلفی قامەتی، یەعنی
جەوابی قەددی داڵی تۆ، فەقەت لا مەل فەلاییێکە

دیوان: ٢٥،

رەدیف (پاش سەروا)، وشەیەکە دوابەدوای سەروا لە کۆتایی هەموو دێڕەکاندا دووبارە دەبێتەوە. بوونی پاش سەروا ئەندازەی ئاوازی دێرە شیعر بەرەو پێش دەبات، (بەو پێیەی هەر چەندێ تەرازووی هاوبەشی دەنگو وشەی سەروا بەرەو سەر بڕوات هەست بە ئاهەنگی زیاترو لە ئاکامیشدا بە چێژی زیاتر دەکەین)،[40] هەر بۆ نموونە با ئەم چەند دێرەی شاعیر بخوێنینەوەو گوێ بۆ دەنگو ئاوازی سەرواو پاش سەرواکەی هەڵخەین:

باز ئەوا شابازی فیکرم مەیلی پەروازی هەیە
بۆ شکاری لوتفی تۆ زۆری نییە نازی هەیە
هەوری تەبعم مایلی گریانو بەرقو بارشە
بۆیە گوڵ کەیفو دەماغێکی تەرو سازی هەیە
موددەتێکە عەندەلیبی باغی شێعرم ساکیتە
ئەم گوڵو گوڵزارە یەك دنیا، گلەو رازی هەیە

دیوان: ٤٩

---

(39) بنية الايقاع في الخطاب الشعري: ١١٣.

(40)موسيقى شعر: ٦٨.

له هەر یەکێك لە نیوەی کۆتایی نیوە دێرەکانی دووەمدا گرێیەکی بە ئاهەنگو ئاوازداری درێژی پڕ بە پشوو دووبارە بۆتەوە کە نەشئەو خۆشیەکی زۆرمان پێ دەبەخشێت:

............زۆری نییە نازی هەیە.

.... دەماغێکی تەڕو سازی هەیە.

.... یەك دنیا گلەو رازای هەیە.

لەلایەکی دیکەوە بوونی پاش سەروا ئاسۆ لەبەردەم شاعیریشدا والآ دەکات بۆ تەداعیو هێنانەوەی وشەی پڕ مەعنای جوانو رێك، بە واتا ئەو سنوورو مەحدودیەتەی سەروا لەبەردەم شاعیر دروستی دەکات دەکاتەوەو شاعیر ئازادتر دەبێت، وەکو چۆن زمانی شاعیر دەکاتەوە لە ئاست هێنانەوەی تەرکیباتو رەگەزدۆزی دلگیر، هەروەکو لەم نموونەیەشدا بەدی دەکرێت:

عەینەکی عەینم عەزیزم من بە تۆ تەقدیم دەکەم

مەخزەنو میفتاحی قەلبی خۆم بە تۆ تەسلیم دەکەم

بۆ بە شارەت نەقدی جانو قیسمو ئەنواعی غەزەل

کامەیان چاکن بەوە بۆ تۆ ئەمن تەعزیم دەکەم

ئەوەلی شەو شێعری شوکرو نیوە شەو شێعری بەقا

ئاخیری شەو شێعری حوسنی عاقیبەت تەنزیم دەکەم

توتیی تەبعم بەیادی قەندی لوتفو سوحبەتت

شەککەر ئەفشانە منیش هەر شوکری تۆی تەعلیم دەکەم

دیوان: ٨٩

دیاردەی دەرکەوتنی چاوگی "بوون"و "هەبوون"[41] نموونەکانی وەکو (بوو، نەبوو، دەبوو، دەبێ، ئەبێ، هەیە، نییە.....) خاسییەتێکی وای بۆ زمانی کوردی بەتایبەت زمانی شیعر پێکهێناوە کە وەکو پاش قافیە، هەم لە پێناوی تەواوکردنی گوزارەو هەم زیادکردنی بڕەوی ئاوازی شیعری لەلایەن شاعیرانەوە بەکار ببرێت، تەنانەت شاعیرێکی وەکو نالی لە (٢١) غەزەلو قەسیدەیدا پاش قافیەی بەکارهێناوە لەوانە

---

(41) چاوگی بوونو هەبوون لە زمانی کوردیدا، گ/ رۆشنبیری نوێ، ژ/١٠٩: ٢٢٩.

ژمارەیەکیان پاش قافییەکانی کاری بوون و هەبوونن وەك، (هەیە، نییە، نەبوو، بوو...).[42] هەروەکو لەم نموونەیەی کۆکەییدا بەدیار دەکەوێت:

عەباییێکم هەبوو، ئەمما عەباییێکی گەلێ چا بوو

خەڵاتی حەزرەتی شێخ، یادگاری لوتفی مەولا بوو

لە نێو ئەهلی تەریقەتدا لیباسێکی موقەدەس بوو

لەکن ئەربابی مەعنی مەزهەری نووری تەجەللا بوو

لەحەددو رەسمی تامی چونکە عاجز بوو، قەڵەم نووسی

لە سەنعەت کاری شام و سورمەکاری تووری سینابوو

ئەگەر چی کاری ئوستادانی سەنعەت بوو لەواقیعدا

نموونەی سوندس و ئیستەبرەقی فیردەوسی ئەعلابوو

مەتاعێك بوو هەتا ئەورۆ لە زانستگەی عەبابافی

بە تەسدیقی موسەددیق، موفرەدێکی لا موسەننابوو

دیوان: ٢٨

شاعیر لەگەڵ ئەوەی ئاوڕی لەم هونەرە داوەتەوە، بەڵام رادەیەکی باوو بڵاوی نییەو تەنیا لە چوار پێنج دەقی شیعریدا بەدی دەکرێت.

سەروای ناوەوە: ئەوەیە کە دوو وشە بەشێوەیەك لە شێوەکان لە رووی داڕشتن و ئاوازەوە لەگەڵ یەکتری هاوپەیوەند بن.[43] سەجع لە کۆندا زیاتر لە پەخشان و مەقاماتدا سوودی لێ وەرگیراوە، بەڵام شاعیران بەمەبەستی بەرزکردنەوەی بنیاتی ئاوازو ئاهەنگی دێڕە شیعر سوودیان لێ وەگرتووەو بەمە تەرازووی تەناسووب و گونجانی نێوانی وشەکانی هەردوو نیوە دێڕ بەرزتر بۆتەوەو کاریگەری زیاتری پێ بەخشیوە. کۆکەیی لە دێڕی دەستپێکی (تیپ و سوپا)دا دەڵێ:

/ تماشا ئەمرو فەرمانی/ عەجەب/ فەرخوندە شاییێکە/

/ بنۆڕە سەففی موژگانی/ عەجەب/ تیپ و سوپاییێکە/

نموونەی ئەم جۆرە سەجعە کە (هاوتەریببوون) (موازنە)،لە بنیاتی پێکهاتەی هەردوو نیوە دێڕەکەدا دیارە، دەبێتە (تەناسووبی دەستووری)، کە تیادا وشەی

---

(42) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی : ١١٧، ١١٣، ٨٧، ٨٨، ٨٩، ١١٤.

(43) زیباشناسی سخن پارسی: ٤٢.

هاوسەنگو هاوكێش لە هەردوو نیوە دێڕەكەدا لە بەرامبەر یەكتر دەوەستن.[44] لە نموونەیەكی تری هەمان دەقدا هاتووە:

خەزینەی روومەتی لەعلی، لەبو سیمی زەنەخدانی
گوتم بێتو خودا بیدا، عەجەب گەنجو تەلاییكە

لێرەدا هاوسەروایی تەنیا لەنێوان دوو بەشەكەی نیوە دێڕی یەكەمدا بەدی دەكرێت. لە قەسیدەی (سێلاوی بەدبەختی)دا هاتووە:

- لە زێرو زیوو نەغدینە/ لە گەنجو ماڵی زێرینە
ئەوەی لەو شارەدا مابێ فەقەت ئیسمی مهابادە

- لەبەر حوزنو تەئەسوف ئەم قەسیدەم بۆ تەواو نابێ
تەبیعەت گەرچی سەرشارە/ قەریحەش گەرچی ئوستادە

- ئەمن تەنها پەرێشانم هەموو كەس ماتو غەمگینە
ئەوی مەسرورو دڵشادە/ فەقەت حەسسادو گەوادە

لەنیوە دێڕێكی هەر یەكێك لەم دێڕانەدا، شاعیر پەنای بۆ سەجع بردووە، بەڵام نەگەیشتۆتە پلەی كەرتكردنی تەواو كە بە (تەرصیع - گەوهەر نیشانی) دەناسرێت،[45] وەك ئەم نموونەیەی كە لە هەمان قەسیدەدا هاتووە:

/وەكو فەیئو غەنیمەت/ بۆ مەتاعی موفتو بێ قیمەت/
دەیان هێنا بەبێ زەحمەت/ بە بارو كۆڵو عەرادە

بە گشتی ئەم هونەرە، سەجع یاخود سەرواى ناوەوە، لە بەرهەمی شیعری كۆكەییدا كەم وەبەرچاو دەكەوێت لەو چەند نموونەیەش كە خرایە روو شاعیر زۆر سەركەوتوو نەبووە. كۆكەیی لە هەموو بەرهەمی شیعریی خۆیدا كە لە درێژیو كورتیدا جیاوازنو لەنێوان قەسیدەی پەنجا بەیتیو پارچەی چوار دێڕی دان، پەیڕەوی لە یەكێتی قافیە كردووەو لێی لانەداوە.

سەروا لە بەرهەمی سەیفی قازیدا :

نەخشەو ئاماری سەروا لای سەیفی قازی دوو جۆرە، یەكەمیان ئەو تێكستانەی لە قاڵبی قەسیدەو غەزەل دان لەسەر بنەمای یەكێتی سەروا دامەزراون، بەگوێرەی دەنگی كۆتایی دێر تەنها یەك پارچەی لەسەر هەر یەكێك لە دەنگەكانی (ر، ز، ش، و،

---

(44)دربارە ادبیات ونقد ادبی: ٣٩١.

(45) زیباشناسی سخن پارسی: ٤٤

ق، د، ێ)دا هۆنیوەتەوە، بۆ دەنگەکانی (م، ت، ی) دوو پارچەو بۆ (ێ) سێ پارچەو لەسەر دەنگی (ە ـ ه) چوار پارچەی هەیە. دەستپێکی دیوانی شاعیر قەسیدەیەکی ٣٩ بەیتییە لە ستایشی خواو پێغەمبەردا، لەسەر دەنگە سەروای درێژی (ێ) دامەزراوە، ئەم دەنگە هەر خۆی لە خۆیدا، ئاهەنگێکی کشاوی لە دوعاو نزاو پارانەوە، بە دێڕەکان بەخشیوە:

بۆ تۆیە، هەر بۆ تۆیە، دەتوانم بکەم سەنا
ڕۆژو شەوێ تۆ دێنیو دەبەی مەغریبو عیشا
گەورەو گرانو بێ کەسو بێ جێو بێ مەکان
بۆ بێ کەسان کەسی، بۆ بێ جێیەکان پەنا
تەنهاو بەر قەراری، هەر بویەو هەر دەبی
بێ ئارەزوو نیازی بێ باو بێ برا

شاعیر پارچەیەکی دیکەی هەیە کە (٩) دێڕەو پەنای وەبەر هونەری (تەصریع) بردووە، کە تیادا هەموو نیوە دێڕە هاوتاکان لە (صەدرو عەجز)ی غەزەلەکەدا لەسەریەك سەروا هۆنراونەتەوە:(46)

هەتا عەیشو تەرەب بێ ڕۆژی نەورۆز
هەتا گوڵ بن لە باغدا مەجلیس ئەفرۆز
هەتاکو زوڵفی مەحبووبان بێ ئالۆز
هەتا مۆژگانی چاو جوانان بێ دڵ دۆز
هەتاکو خاڵی سەر کوڵمی جگەر سۆز
هەتا ئەو ڕەستەگان بن عیشوە ئامۆز

لەسەروا بەندییەکی لەم شێوەی سەرەوە، بنیاتی ئاوازی سەروا لەسەر هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی یەکانگیر دەبێو دەفرێکیش بۆ یەکێتی بابەت پێك دەهێنێ کە لەگەڵ ئاهەنگی تێکستەکەدا تێکەڵاو دەبن.

لە دێری یەکەمی تێکستی (شەتی ئەشکم)دا هاتووە:

دەبا / ساتێکی / ساکیت / بێ / لەنالین/ قەڵبی/ خوێن/ بارم
دەبا / تاوێکی/ فاریغ / بێ / لە گریان/ چاوی/ خەم/ بارم

---

(46) بنية الايقاع في الخطاب الشعري: ١١٨

بــه روونـــی مەســـەلەی هاوتـــەریبی (تـــوازی) لـــه وشـــەو رســـتەکانی ئـــەم دێـــڕەدا بەدیاردەکەوێت، بەو مەعنایەی هەر یەکێك لە وشەکانی نیوه دێـڕی دووەم، لـه رووی جۆرو رەگەزەوە لە بەرامبەرەکەیان دەچن لەنیوە دێری یەکەمدا، لە پێشدا ئەمـەمان ناونا (تەناسوبی دەستووری) :

دەبا	ساتێکی	ساکیت بێ	لە	نالین	قەلبی	خوێن	بارم
دەبا	تاوێکی	فـــاریغ بێ	لە	گریان	چاوی	خەم	بـارم
ئامرازی خۆزی	ئاوەلکار	کاری لێکدراو	ئامراز	چاوگ	ناو	ناوەلناوی لێکدراو	

لە قەسیدەیەکدا کە بۆ ناودارێکی موکریانی نووسیوە شاعیر دەلێ:

کەسێك بەختی ســەعیدی بێ دەبێ حـــازر لـە دیوانت

مەلازو مەنزلی تۆیە نەسیبی وی لەسەر خوانت

کە قووتی رووحە میهری تۆ لەسەر سەفحەی مەحەببەتدا

هەمیشە حازری وەختە حەسەن بێ‌و بێتە میوانت

میسالی چینی زولـــفی دلبەرە تـــا چین پـــلاوی تـــۆ

لەدوی هەر دانەیێکی دڵ، هەزاران دێتە پێشخانت

شاعیر لـەم تێکستەدا کـە (٢٠) دێـرە، سـەرواکەی لەسـەر دەنگـی (ت) جێنــاوی کەســی دووەمی تاك دامەزراندوە، ئەم دەنگە بەشێکی ئەسلیی نییە لە وشەکانی کـە سـەروای هۆنراوەکە پێك دەهێنن[47] لەبەرئەوە وەکو پاش سەروا حسابی بۆ دەکرێت.

شـاعیر لـە هـەردوو تێکستی (نامەیـەك لـە یـاری خۆشەویـستەوە)و (شـەوی یەلـدا) پەیرەوی لە هونەری پاش سەروا کردووەو ئاوازی دێرەکانی پێ رازاندۆتەوە:

(١) قاســـید کـــە لـــە دەرهـــاتو بـــە تـــەبلیغی وەفـــا کـــرد

حـــوجرەی منـــی حەســـرەت دێهـــی ســـەت چـــین‌و خـــەتاکرد

پـــێم گـــۆت لـــە خوتـــەن دێیـــەوە یـــا خوتتـــەیی تاتـــار

یـــا ئـــەهلی بەهەشـــتی کـــە دلـــت پـــڕ لـــە ســـەفاکرد

(47) فنون الشعر الفارسي: ٢٤٢.

(٢) لە عالەم فاش‌و مەشهوورە کە من مەستی مەیی عیشقم
بە حوققەی دەم بە جامی دیدە مەمکی تونگی مینا بێ

لە حوجرەی عیشقدا ئەمشەو موتالاْم حاشیەی زوڵفە
بەلالەی شەمعی گولگوونی بەدوو شەمعی هەلایسابێ

کاتێك شاعیر پەنا دەباتە بەر پاش سەروا، وشەی سەروا لە سیاقی دێردا دەبێت بە دووان، (خەتاکرد ـ سەفا کرد)، (مینا بێ ـ هەلایسابێ)، بۆیە بەهاو زەمەنی مۆسیقای دێرە شیعرەکەش دەبێتە دوو چەندان. جۆری دووەمی سیستمی سەروا لە بەرهەمی سەیف لەو تێکست‌و قەسیدانە بەدی دەکرێت کە بە گوێرەی ڕێوشوێنی سیستمی کێشی برگەیی هۆنراونەتەوە، ئەم تێکستانە ژمارەیان (٦) دانەیە، لە دوانیاندا لەگەل ئەوەشدا کە لەسەر سیستمی کێشی برگەیی دامەزراون، کەچی لەولاوە شاعیر پەیڕەوی لە یەکێتی قافیە کردووە، دیارە وشە سەرواکانیش لەهەمان زمانی شیعریی پەتی‌و سادەی ئەو تێکستانە هەڵبژێردراون، کە وشەی ئاوەزەدارو چێژ بەخشن:

یار کە دێتە سەر گوڵ‌و ئەستێرە
سەیری ئەو دەکەن مانگ‌و ئەستێرە
ڕووناکی رووی بوو یان ڕوونی ئاسمان
کەدێ بۆ کێوی دەبا گیا گێرە
دەگەڵ یار لە بن سێبەری پالاْن
چەند خۆشە دۆی سارد دەگەل کولێرە

شاعیر لەم تێکستەدا (٤٧) دانە وشە سەروای هاوئاهەنگی لە کۆتایی (٤٧) دێڕی هۆنراوەکەدا بەدوای یەکتریدا ڕیزکردوون. چوار تێکستەکەی تر شاعیر لەسەر سیستمی جووت سەروا (مەسنەوی) دایمەزراندوون‌و لە وێنەی نامەی شیعری دان، شاعیر لە سۆزی دیدارو خۆشەویستی دۆستێکی خۆیدا دایناون:

(١) عەزیز ئارەزووت، زۆری بۆ هێنام
فرمێسکم سوور بوو، زەردی رووی لێ نام
دیسان بە ئاوری دووریت کەوتمە گیر
دنیام لێ سارد بوو، بوو بە زمهەریر

دنیـــا وا پـــڕ بـــوو لـــه بـــەفرو ســـیخوار
فرمێـــسکی ســـوورم، بـــه ســـپی هاتنـــه خـــوار

(۲) راســـتت پـــێ بڵـــێم عـــەزیز براکـــەم
نـــاژیم نـــامێنم بـــێ تـــۆ هەڵناکـــەم
شـــەوانم شـــین و گریـــەو ڕۆڕۆیـــە
ژیربـــوونی ڕۆژێـــم بـــه بۆنـــەی تۆیـــە
هەناســـەی ســـاردم فرمێـــسکی گـــەرمم
بـــه ســـتوویه لەســـەر رووی زەردی نـــەرمم

(۳) ئەگـــەر دەپرســـی وەزعـــی زەمانـــه
میللـــەت پەرێـــشان نـــەمان ئەمانـــه
کـــاری کـــوردان هـــەر خۆزگـــه بـــه پـــاره
هـــەر کـــەس بـــه دەردێـــك چـــو گرفتـــاره
جـــەمعێك بـــه بیـــانووی تەجدیـــدی نـــەزەر
ســـەرگەردان کـــران لـــه قـــاپیەو لـــەدەر

سەبارەت بە کێشی ئەم تێکستانە کە (۱۰) برگەیین لەهەر نیوە دێڕێکداو، لەم جۆرەدا وەستان لە ناوەڕاستی نیوە دێڕەکاندا دەبێت: (٥ ـــــــ ٥) (٥ ـــــــ ٥)، ئەنجا ئەم پێڕەوە دەبێتە مایەی پێکهاتنی دیاردەیەکی ریتمی بۆ هەر یەکێك لە دێڕەکانی سەرباری ئاهەنگی سەرواکان، لەمەوە پارچەی نیوە دێڕەکان لە ریزبەندییەکی تازەدا رێك دەکەونەوە:

عەزیز ئارەزووت	زۆری بۆ هێنام
فرمێسکم سوور بوو	زەردی رووی لێ نام

★ ★ ★

دیسان بە ئاوری	دووریت کەوتمە گیر
دنیام لێ سارد بوو	بوو بو زمهەریر

★ ★ ★

دنیا وا پڕ بوو	لە بەفرو سیخوار
فرمێسکی سوورم	بە سپی هاتنە خوار

لەمەوە ئاوازێکی سوارو خێرا بۆ هۆنراوەکە دەخولقێ‌و لە ئاهەنگی شیعری میللی‌و گۆرانی فۆلکلۆری نزیك دەکەوێتەوە.

سەروا لە شیعری مستەفا شەوقی:

لێرەدا هەوڵ دەدەین لە چەند روویێکەوە لەسەرواو وشە سەروا لە بەرهەمی شیعری شەوقیدا بکۆڵینەوە:(48)

١. لە رووی دەنگسازی (کێش‌و ئاوازە)وە:

ـ ئەو تێکستانەی کە وشەی سەرواکانیان هاوکێش‌و هاو ئاوازن، بریتین لە (١. هاواری دایکێ، ٢. تەحەسووری ٣. جەوانی‌و تەرانەیی وەتەن، ٤. وەرەقێك لە دەفتەری خاتیرات، ٥. مەگەر لێم عاجیزی):

(١) لە تەئسیری فسوونی رۆژی تابان عالەمی شۆری
مەگەر تۆ چاوەکانم مێری کوردان هێشتا مەخمووری
لەناز بالینجی خەو ساتێ هەڵێنە سەر تەماشاکە
لەمێر گوڵان دەخوێنن بولبولی شەیدا بە رەنجووری

باقی وشە سەرواکانی تێکستەکە بەم جۆرەیە (سەمتووری، مەهجووری، بەرمووری، سەربووری، خاپووری، پڕ زووری....تاد).

(٢) بەبێ تۆ عالەمی دڵ غەرقی دەریای یەئس‌و حیرمانە
تەماشاکە شەپۆڵ ئەورۆ چلۆن سەر رێژی چاوانە
عەجەب تۆفان دەرە حیسی شەبابم هەڵدەچێ دایم
لە قەڵبی پڕ خرۆش ئەسرینی چاوم لەعلی روممانە

وشە سەروەکانی تر: ئەفسانە، زستانە، جانانە، سەیرانە....تاد.

(٣) فیدای چاوت عەزیزم، ئەورۆکە حاڵم پەرێشانە
لە دووری تۆ دوو دیدەم غەرقی خوێنە بەحری عوممانە
عەجەب کۆرپەی دڵم ناداهەدا، شەوگاری تەنهایی
نەباتی قەندی لێوی تۆی دەوێ، بێچارە بێ زمانە

---

(48) بڕوانە:

ـ سەروا : ١٤٥.

وشە سەرواکانی تریش لەم شێوەیەن، مەرجانە، میهمانە، بریانە...تاد.

(٤) لە من بۆ چ زیزی عەمرم، چاوەکانم، ماهی تابانم
تەوێڵت بۆ چی گرژە؟ یا چ قەوماوە، چییە تاوانم
لە پێشا پێشی تابووری موژەت هەر دوو بڕۆت کە چ بوو
دەڵێ بۆ تیپی عاشق زولفە قارەتیغی بوڕڕانم

وشە سەرواکانی تریش ئەمانەن: دەستانم، وێرانم، جوانم، گریانم، گریبانم. وشەی سەروا لەم تێکستانەدا بریتییە لە (٢) بڕگەی درێژی (فا عیـ لون)، کە هاوکێش‌و هاو ئاوازن‌و لە هەموو دێڕەکاندا بەم پێیە دووبارە دەبنەوە. لە تێکستەکانی (حەسبوحال دەگەل وەتەن، جەوانان، فەریاد) دوو بڕگەی کۆتایی وشە سەرواکان لە دێڕەکاندا هاوکێش‌و هاو ئاوازن کە لە راستیدا هەر ئەوان سەروای پارچەکە پێك دێنن:

(١) خەملیوە لەسەر قەبری جەوانان گوڵ‌و لالە
یا سووریی خوێنە کە بڵێی رەنگەکی ئاڵە
ئەی بادی سەبا هەستە گوزەرکە بە وەتەندا
پەخشان بکە سەر ئەرزی بۆنی گوڵاڵە

(٢) هەڵستاون جەوانانی وەتەن دیسان بەبێ باکی
لە حەسرەت دەردی کۆنە ملکی بابیان هاتنە چالاکی
دەدڵ عەزم‌و لەسەر شۆڕی جەوانی هاتوو دەخوازن
کە بڕژێنن لەسەر خاکی وەتەن خوێنیان بەسەر پاکی

(٣) جەبین مینای زیو، گەردن هوما، خاڵ مشکی تا تاری
شەدەشل، چاو بەکل، روو سوورە گوڵ، تەڕڕارو عەییاری
بەلەنجەو لارەکەت وا دیارە نەشئەی تۆ لە کوردانە
وەئیلا چۆن دەبێتن پێکەوە زولم‌و وەفاداری

لەم سێ تێکستەدا دوو بڕگەی درێژی کۆتایی وشە سەرواکان بریتیین لە (عی لون) کە لە رووی کێش‌و ئاوازەوە وەکو یەکن.

٢. لە رووی وشەسازییەوە: لە تێکستی (لە بۆ کوردان) وشە سەرواکان وشەی لێکدراون‌و بە یارمەتی کاری بێ هێزی هەبوون (بوو) سازکراون، بەمە وشەی سەرواکان لە هەموو دێرەکاندا بووەتە چاوگی لێکدراو:

لە مولکی کوردەکان ئەورۆ تەپو مژ هێندە پەیدابوو
دەڵێی حەشری خەزانە لە رۆژئاوا خۆر ئاوابوو
کەپووری بێکەس‌و خوشکی هەتیوت چاو بە فرمێسکن
کە ماڵی باب‌و باپیرت سەراپا چۆڵ‌و رووخا بوو

پاشماوەی وشە سەرواکانی تریش هەر بەو شێوەیە: سووتا بوو، بەسترابوو، خنکابوو، کوژرابوو،....تاد.

- لە تێکستی (لە بۆ هاواڵی ماتەمدار) وشە سەرواکان وشەی لێکدراون‌و بە هۆی پاشگرەی (وە) سازبوون و تافی رابردووی تەواویان وەرگرتووە:

بۆ چ دەناڵێنی لەسەر لێوت لە بۆ چ بارکەوتووە
لەشکری زولفت کە خاوو کاڵە بۆ چ رووی گرتووە
ئاهی تۆ وەك بای سموم هات‌و قەڵبی دادڕیم
ئەی فەلەك گرپەت کە ئەو جارە بۆ وات کردووە

وشەکانی تریش بەم شێوەیە پێکهاتوون، شوشتووە، پشکوتووە، دەرکەوتووە...تاد.

٣. لە رووی وشەسازی‌و دەنگسازی پێکەوە: هەر دوو تێکستی (تەحەسوری جەوانی‌و تەرانەی وەتەن)و (مەگەر لێم عاجزی) وشە سەرواکان لە دوولاوە وەکو یەکن، لەباری رۆنانەوە، وشە سەرواکان لەهەردوو تێکستدا بریتین لە وشەی سادەو لە رووی جۆریشەوە یا (ناوی سادە)ن یاخود (ئاوەڵناوی سادە)و لە رووی کێش‌و ئاوازیشەوە هەریەکەیان لە (٢) بڕگەی درێژی (فا عیـ لون) پێکهاتووە، وەکو لە نموونەکانی پێشەوەدا بەدیار دەکەوێت.

ئاوازی ناوەوە (ریتم):

مەبەست لە ئاوازی ناوەوە دەستنیشانکردنی ئەو دیاردە دەنگییانەیە کە لەسەر ئاستی دەنگسازی‌و وشەسازییدا لە دێری شیعری بەدی دەکرێن‌و لە تەك ئاستی کێش دا یەکانگیردەبن‌و جۆرە ئاهەنگ‌و ئاوازێکی تایبەت‌و دڵگیر بەدێڕەکە دەبەخشن.[49]

---

(49) بڕوانە: - کێش‌و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی: ٥٨ - ادوار شعر فارسی: ٩٦.

بنیاتی ئاوازو مۆسیقای شیعر لەبنەڕەتدا لە دوو چاوگەوە دەخوڵقێ، کە بریتین لە فرەچەشنیو دووبارەبوونەوە، کە بێت هەر جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی ئەم دوو چەمکە، واتە (تەنوعو تیکرار)، لەسەر ئاستی دەنگ بریتی دەبێ لە (یەکگرتنو ڕێکەوتنو دووبارە بوونەوەی پیتە دەنگدارو بێدەنگەکان) لەسەر ئاستی دووبارەبوونەوەی وشەش لە جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی دا ئاشکرا دەبێ، ئەم هونەرانە زایەڵەی زەنگو ئاوازێکی شاراوە بەرپادەکەنو بنیاتێکی ئیستاتیکی شاکار بە دەقی شیعری دەبەخشن کە لە ڕەخنەی تازەدا بە (ئۆرکستراسیون)ی شیعر ناودەبرێت.[50]

ریتمو ئاوازی ناوەوە پەیوەندی بەزمانەوە هەیەو بەهۆی سیستمی دەنگسازیو زمانەوانی ئەو زمانەوە دەردەبڕدرێ، هەروەها ڕەگەزێکی میکانیکی رووتیش نییە کە بەدوای یەکدا هاتنی جۆرەکانی دەنگ بیسەپێنێ، بەڵکو جوولەیەکی زیندووە لە تاقی کردنەوەی شیعرییەوە هەڵدەقوڵێو لە ئاستی جوولەی ناوەوەی تەرکیبی شیعردا گەڵاڵە دەبێو لە ئاستی دەنگی دەرەوەدا ڕەنگ دەداتەوە.[51]

لە زمانی کوردیدا لەسەر ئاستی دەنگسازی، فۆنیمو نافۆنیم، دەنگدارو بێدەنگ، دەنگداری درێژو کورت، بێ دەنگی نەرمو کپو گڕمان هەیە، چۆنیەتی تەبابوونو یەکگرتنو دووبارەبوونەوەی ئەمانە لە ناوخۆیانداو لە چوارچێوەی وشەدا، وشەی (۱ : ۲ : ۳)بڕگەیی، وشەی لێکدراو تەناسوقو تەرکیباتی ڕێزمانی جیاجیا...تاد ئەمانە هەموویان لە شیعردا دەبن بە دیاردەو خرۆشو ئاوازی ناوەوە سازدەکەن. بۆیە وا پێویست دەکات ئێمە بەدوای ئەم دیاردانە بگەڕێینو لە بەرهەمی شیعریی ماوەی باسەکەماندا بەدیاریان بخەینو تیشك بخەینە سەر ڕەنگدانەوەی نرخو بەهای ریتمو ئاوازەی ناوەوەی ئەم دیاردانە لە دوو توێی دەقو تێکستەکاندا.

ئاوازی ناوەوە لە بەرهەمی مەلا مارفدا:

یەکەم تێکستی دیوانەکەی شاعیر، پارچەیێکە کە ستایشو پاڕانەوە لە یەزدانی مەزن، لێرەدا چەند دێرێکی دەخەینە روو:

(۱) گوڵـــــستانو گـــــوڵو گـــــوڵزارو گوڵـــــشەن
نـــــەیو شمـــــشادو ســـــەروی جوێبـــــاری

---

(50) موسیقی شعر: ۲۹۲.

(51) کێشی شیعری کلاسیکی کوردی: ۷۷.

(٢) نـــــەواوو ناڵــــــەوو گریــــــانی قــــومری
فوغــــــانی بولبـــــولی ســــــەر شـــــاخاری

(٣) زریـــوەی مـــەڵ، لەســـەر پـــەل، یـــا لەســـەر گـــوڵ
چـــــریکەی هـــود هـــودو ســـــەوتی هـــوزاری

(٤) ســــەڵاوو حەقحـــــەقی مورغــــانی یــــا حـــەق
کەدەنکیـــــان دێ لەســــــەر عـــــودی قومــــاری

هاتنی ناوەکانی (گوڵستان، گوڵ، گوڵزار، گوڵشەن) بەدوای یەکتریدا کە لەسەر ئاستی بێژەو مەعنا بـریتین لـە کۆمـەڵێك موتەشابیهات دەنگی (گ) کـە پـێش قەرەوڵیانـە، نەزمو ئاهەنگێکی تایبـەتی بـە نیـوە دێڕەکە بەخشیوە، لـە (نـەواوو ناڵـەوو فوغـانی بولبـولی) چـەند بـار (ن، و، ل) دووبارەبوونەتـەوە، (نـەواو ناڵـە) زۆر رێـك بـەدوای یەکتری دا هاتوون لەنێوان: / نەواوو / ناڵەوو/،/ فوغانی / بولبولی /، هاوتەریبیـەکی گونجاو پێکهاتووە.
لە دێڕی سێیەمدا لەنێوان (مەل، پەل)دا رەگەزدۆزی ناتەواو پێکهاتووە، جگە لـەوەش گواستنەوە لە (مەلو پەل) بۆ (گوڵ) کارێکی گونجاوەو چونکە لە بێژەدا لـە یـەك نزیكو لە پێکهاتەدا (یەك برگەیی یا یەك مۆرفیمی)ن. لەنیوە دێڕی دووەمدا دەنگی (ه) لە (هود هودو هوزار) وشـەکانی بەیەکـەوە گرێـدراوە. لـە دێـڕی دواییـدا (حـەق) سـێبارە بۆتـەوەو درکانـدنی دەنگـە نەرمـەکانی (ی، م، ە، ن) وەکـو ناوبەنـدی نێـوان وشەکانو بەیەك گەیشتنەوەیان لە وشەی (قوماری)دا، دێڕەکە رەوتێکی سازگارو بـە ئاهەنگی وەرگرتووە:

ــــ شـــاعیر وەرە قوربـــانی قەریحـــەو قەڵــــەمت بم
بینووســـــە لـــە بـــۆ ئـــاکرەو ئامێـــدو لورســـــتان

د/ ١٩

هاتنی دەنگی (ق) لەسەرەتای وشەکانی (قوربان، قەریحە، قەڵەم) جۆرێـك تەناسوبو هاوئاهەنگی لـەنێوان هـەر سێ وشـەدا پێکهێنـاوە، هـەروەکو دەنگی کشاوی (ئـا) لـە (ئاکرە، ئامێد، ستان) ئاوازێکی هەڵکشاوی خولقاندووە. لـەم قەسیدەیەدا کـە بەناوی (راپـەڕین بـۆ عـیلمو سـەنعەت)ە، ئەگــەر بــەوردی ســەرنج بــدەین رێــژەی

دووبارەبوونەوەی هەر دوو دەنگی (س، ش) لە وشەکاندا گەلێ زۆرە، بەڕادەیەك لە کۆی (١٠) دێڕی یەکەمی تێکستەکەدا کە لە نزیکی (١٠٠) وشە پێکهاتووە، ئەم دوو دەنگە لە (٢٥) وشەدا هاتوون، واتە ڕاێژەی چوار یەکی وشەکان پێك دێنن، ئەم دوو دەنگە لە زمانی کوردیدا لە ریزی دەنگە ئاوازودارەکانن‌و باوەڕێکی وا هەیە کە دووبارە بوونەوەی زۆریان ڕادەی ڕاستگۆیی دەروونی شاعیر نیشان دەدات.[52]

- مەعاریف عیلمی تەییارەو گەرامافۆن‌و بێ سیمە
ئەوەی تۆپێی دەڵێی عیلم‌و مەعاریف چاوەکەم نەنگە

لەم دێڕەدا (عیلم‌و مەعاریف) بە ئاوەژوویی لەنیوە دێڕی دووەمدا دووبارەبۆتەوە، ئەمە لە پێناوی جەخت کردنە لەسەر واتا.

- هەتاکەی کونجی تەنهایی وەرە زاهید تماشاکە
کە خەیمەی شای شەکەر لێوان چ قەسرو بارەگاییکە

ئەگەر سەرنجێ لەباری‌و گونجاوی (شای شەکەر لێوان) بدەین هەست بە ئاوازێکی دەروونی پڕ لە تام‌و چێژدەکەین، لێرەدا ڕۆڵی کارامەیی شاعیر لە هەڵبژاردنی وەسف‌و وشەی گونجاو بەدیاردەکەوێت.

- کە حوسنی یارو ئەغیارم لە میزانی خەیاڵم دا
بە دڵ دیتم هەموو لاییکە ئەو تەنیا لە لاییکە

لە پێکهاتەی (بە دڵ دیتم) ئاوازێکی مەعنەوی بە جۆش هەیە.[*] لەنێوان هەردوو وشەی (لاییکە)دا ڕەگەزدۆزی تەواو بەدی دەکرێت.

- بەڵێ ئیسمی عەبابوو، سورەتەن ئەمما لە مەعنادا
وەکو خێری خودا وابوو، عەسایی دەستی موسا بوو

---

(52) تحلیل النص الادبی: ٥١

[*] دکتۆر شەفیعی کەدکونی لە گۆشە نیگایەکی فەلسەفە ئامێزەوە پێ لەسەر ئەو جۆرە ئاوازەی شیعر (ئاوازی مەعنەوی) دادەگرێ‌و ڕای وایە هونەرەکانی واتاناسی لە ڕەوانبێژیدا دەچنە ژێر باڵی ئەم جۆرە ئاوازەوە. بڕوانە:

- موسیقی شعر: ٣٩٢.

بەدوای یەکداهاتنی (بوو) لە نیوە دێڕەکاندا کە دەنگێکی کشاوی خشۆکەو جۆرێکی لە سەرواى ناوەوە بۆ دێرەکە پێکهێناوەو ریتمو ئاهەنگێکی خولقاندووە کە لە کۆتایی دێرەکەدا تەواو هەست بە چێژەکەی دەکرێت.

- لە هەوری ماتەمی ئەربابی فوقدانی کەرەم دیتم
به بەفری غەم، هەموو گیانی بە وێنەی یەدی بەیزا بوو
تەماحم بوو بنووسم بۆ جەبون ئاغا، سەقیل باشی
ئەگەر چی قەیسەرو دارا نەبوو، قاروون و دارابوو

دیوان: ٣٠

لە کۆکردنەوەو رێکەوتنی (ماتەم، کەرەم، بە بەفری غەم) ئاوازێکی ئینسیابی هەست پێ دەکرێت، لە دووبارە کردنەوەی (دارا) لەنیوە دێری دووەمدا رەگەزدۆزی تەواو دروست بووە.

- لە ترسی مەنزلی قووەی بەرەق و رەعدی ئایەتی (ێتوا)
مەقام و مەنزلی مەعلوومی عیلمی حەق تەعالا بوو

لە خوفی لەشکری سولتانی مەنسووری (فلا تنهر)
گەهێ تەحتە سەرا بوو مەسکەنی، جارێ سورمیا بوو
بنووسە بۆ جەنابی موهتەدی (یا ایها الهادی)
عروسی فیکری بیکرم سەردەمێکی شۆخ و رەعنا بوو

دیوان: ٣١

لە کۆکردنەوەی (قووەی بەرق و رەعد)، هێزی بروسکەمان لە لا بەرجەستە دەبێت، لە ریزبوونی دەنگەکانی (م، ن، ل، ع، ی، ا) ئاوازێکی ئیستیمراری هەیە. لە کۆکردنەوەی (سەرابوو، سورمیا بوو) (موهتەدی، هادی) جۆرێك لە جیناس و هەروا (ئیمالە – لارکردنەوە)ش هەیە، لەنێوان (فیکرو بیکر) جیناسی ناتەواو هەیە.

- یەك سەعات و یەك دەقیقە دەس لە من هەڵناگرێ
روو لە هەر لایێ دەکەم هەر قاوە قاوم لێ دەکا
گەرچی دنیا بۆ مەلا عەینەن بوومتە بەیتول خەلا
زاڵمە داوای گوڵ و عەترو گولاو وم لێ دەکا
هەرچی فیکری لێ دەکەم رێگەی خەلاسیم بۆ نییە
بەم چلەی زستانە داوای تاوو ساوم لێ دەکا

روو لــه بــازاڕیش دەکــەم، ئــەمجارە ئــەربابی تەلــەب
هــەر کەســێ تووشــم دەبــێ داوای دراوم لــێ دەکــا

دیوان: ٣٤.

له (یەك سەعاتو یەك دەقیقه) (قاوەقاو) دووبارە کردنـەوە هەیە، لـە کۆکردنـەوەی (دنیا، مەلا، خەلا) دەنگی هەڵکشاوی (ێ)ی کۆتایی وشـەکان هاوسـەرواییەکی پـەنهانی خولْقانـدووە، لـەنێوان (گـوڵو گـوڵاو)دا پەیوەنـدی ئیشتیقاق هەیـە، لـەنێوان (تـاو، ساو)دا جیناسی ناتەواو هەیە، له دوو کەرتی یەکەمی هەردوو نیوە دێردا ئاوازێکی هاوتەریبی هەیە، جۆرێك له هاوسەنگی له نێوانیاندا بەدی دەکرێت:

/ روو / له / بازاڕیش / دەکەم/
/ هەر/ کەسێ / تووشم / دەبێ/

له قەسیدەی (سێلاوی بەدبەختی) ئەم دیاردانە بەدی دەکرێت:

بەهــەر کوچــەو محەللێکــدا دەڕۆم هــەر شــینو گریانــە
کـە گـوێ دەگـرم هـەموو هـەر شێوەنو هـەیهاوو هـەی دادە
موغـازەو قەیـسەریو دوکـانو حـوجرەی وا موجەلـەل بـوو
وەکــو قەســرێ کــە بــۆ قەیــسەر کرابــێ ســازو ئامــادە
فتــوورەی پــڕ فتــووری رووسو ژاپــۆنو بــەریتانی
مــەتاعی هینــدیو مــاڵی فــەرەنگو چــینو کانــادا
لــە هــەوری قــودرەتی بــاری قــەریبی نیــو ســەعات بــاری
چ بارانێــك نــەبارانێ کــە مــەعهودو موعتــادە
خوداوەنــدا چــە تۆفانێکــە وا بــێ عاتیفــەو روحمــە
خــوداوەنــدا چ ســێلاوێکە ئــەم ســێڵاوە بــێ دادە

لـە هێنانـەوەی ئـەم هـەموو دەنگـەی (ه) لـە (هـەموو، هـەر شیوەنو، هـەیهاوو، هـەی دادە)دا ریتمێکـی بـە تـەرتیب پێکهـاتووە. لـە کۆکردنـەوەی (قەیـسەری، قەسـرێ، قەیسەر) گونجانو هاو نـەژادی دەنگی هەیـە. لـەنێوان (فتـوورە، فتـوور) رەگـەزدۆزی ناتـەواوو لـە نێـوان (بـاری، بـاری)دا رەگـەزدۆزی تـەواو هەیـە، لـە تیکـرارو پرسـیارو وەڵامی (چ بارانێك نەبارانێ) پەیژەیەکی ئاوازی لە بڵندەوە بۆ نەوی دروست بووە.

ـ عێلات کە رووی رەشە، لە شەرەف پاکی بێ بەشە
ئەمما بڵێن بە خانو خەوانینو میرو قوڵ

تاکەی وەتاغی بەرزو ژنی تەرزو تەرکی فەرز
لێتان حەرام بێ سوحبەتی خاتوونی نەرمو نۆڵ

مەیرێسە بەسیە شاعیری چەپرەك بڵێ بڵێ
رەبیی وڵاتی کوردی ببینین بە چۆڵو هۆڵ

دیوان: ٢٧، ٢٨

لەنیوە دێری یەکەمدا سەروای ناوەوەی نێوان دوو کەرتەکە، جۆرێك لە هاوسەنگیو هاوئاهەنگی پێکهێناوە، لەنێوان (خانو خەوانین)دا پەیوەندی ئشتیقاق هەیە، لە کۆکردنەوەی (بەرز، تەرز، فەرز) رەگەزدۆزی ناتەواو پێکهاتووە. لە دووبارەکردنەوەی (بڵێ بڵێ) تەئکید هەیە، پەیوەندی (چۆڵ، هۆڵ) جیناسی ناتەواوە. شاعیر لە (گریانی هەوری تەبعو پێکەنینی گوڵ)دا دەڵێ:

باز ئەوا شابازی فیکرم مەیلی پەروازی هەیە
بۆ شکاری لوتفی تۆ زۆری نیە، نازی هەیە

مودەتێکە عەندەلیبی باغی شێعرم ساکیتە
لەم گوڵو گوڵزارە یەك دنیا گلەو ڕازی هەیە

یادی لوتفی تۆ سەبەب بوو کەوتە سەر نەشئەو دەماغ
قەهقەهەی کەپکی بەهاری چەهچەهەی بازی هەیە

لە دێری یەکەمدا پەیوەندی لەنێوان (باز، باز)دا جیناسی تەواوە لەگەڵ (ناز)دا جیناسی ناتەواون، هاتنی (پەرواز) لەگەڵ ئەمانەدا هاوئاهەنگیەکی گونجاوی دروست کردووە. پەیوەندی (گوڵ، گوڵزار) هاونەژادیو پەیوەندی نێوان (بەشو گشت)ە. بەراوردی نێوان (گوڵ زار)و (گلەوراز) هەڵگەڕانەوەی لەفزی، یا رەگەزدۆزییەکی هەڵگەڕاوە نیشان دەدات. لەنێوان (قەهقەهە)و (چەهچەهە)دا یەکێتی سروشتی پێکهاتن هەیەو هەردوو لاشیان لە دەنگە سروشتییەکانی باڵندەوە سازکراون.

شاعیر لەم تێکستەدا لەگەڵ دەنگی (ژ)دا حەشرێکی خوڵقاندووە. جگە لەوەی وشە سەرواکان (ژ)دارن، لەهەر نیوە دێڕو دێڕێکدا لانی کەم یەك یا دوو وشەی تری خاوەنی ئەم دەنگەی هێناوەتەوە، بەمە زنجیرەیەکی لە وشەو بێژەی (ژ)دار هۆنیوەتەوە هەر لەسەرەتاوە تا بە کۆتایی هەڵبەستەکە رادەگات بەردەوام دەبێت.

ـــ ئــەی حەســەن ئــەی ســاحەبی وەجهــی حەســەن
مەزهــــەری فەرمایـــــشی جــــەدول حەســـــەن

سەیری سێ پاتەکردنەوەی (حەسەن)و گونجانی لەگەڵ (ساحەبی) چ سۆزو ئاوازێکی داهێناوە.

- لەوێ رۆژێ کە تۆ رۆیی لە شاریو هیجرەتت فەرموو
وشك بوو نەهری شیعرو بەحری فیکرو نیکتەپەردازی

لەنێوان (نەهری شیعرو – بەحری فیکر)دا تەناسوبێکی رێك هەیە.

کــــە تێفکــــریم ســــەنەی تــــەئریخی عــــومری
موعاســــیر بــــوو لەگــــەل تــــالوتو جــــالوت

لەنێوان (تالوتو جالوت)دا جیناسی ناتەواو هەیە.

- گەرچی دەوڵەمەندو ساحێب پووڵو پارەو سەروەتی
مالیکی گامێشو مێشو گوێ درێژو گوێ لەقی

شاعیر لە کۆکردنەوەی (گامێشو مێش) هەروەها (گامێشو گوێ درێژو گوێ لەق) ئاوازێکی لەباری داهێناوە.

- دەماغو مەغزو تەبعم مەستو مەخموورو موعەتتەر بوو
وەکو بولبول بە گوڵ، حافز بە مەحبووبانی شیرازی

لەهەموو وشەکانی نیوە دێڕی یەکەمدا (م)ێك بەشداری دەکات لە بنیاتی وشەکەدا کە سیانی یەکەمیان ناوو بەدوای یەکتریدا ریزکراون، ئەو سێیەکەی دواتریش ئاوەڵناون.

ـــ عەینــەکی عــەینم عــەزیزم مــن بــە تــۆ تەقدیم دەکەم
مەخزەنو میفتاحی قەڵبی خۆم بــە تــۆ تەســلیم دەکەم

هاتنی سێ (ع) له سێ وشەی دوای یەکی نیوه دێڕی یەکەمدا رسته ئاوازێکی دروست کردووه، له کەرتی دووەمی هەردوو نیوه دێڕدا، هاوتەریبیو هاوتەرکیبی ڕێزمانی هەیە:

/ من / به تۆ / تەقدیم / دەکەم/

/ خۆم به تۆ/ تەسلیم / دەکەم /

ئەم لایەنانەی له بەرهەمی شاعیردا خرانه روو مشتێکه له نموونەی خەروارێك، بێ گومان پشکنینو سەرنجدانیووردو بەحەوسەله زۆر دیاردەی تری دەنگیو وشەییمان لەو بەرهەمانەی بۆ روون دەکاتەوه، به تایبەت له مەیدانی دووباره بوونەوەی پیته دەنگدارو بێ دەنگەکانو رۆڵگێڕانیان لەبەرپاکردنی ئاوازەی وشەکان.

بۆ مەسەلەی وشەی ئاوێتەو تەرکیباتی تازەو زاراوەسازی تازەو داهێنراو که رۆڵێکی گرنگ له خوڵقاندنی بنیاتی ئاوازی ناوەوه دەگێڕن، ئێمه لەکاتی توێژینەوەمان له مەسەلەی زمانو شێواز له سەرەتای باسەکەماندا، به ئەندازەی پێویست روونمان کردۆتەوەو تیشکمان خستۆته سەر ئەولایەنه له بەرهەمی هەر یەکێك له شاعیرانمان، بۆیه دووبارەکردنەوەی لێرەدا به شتێکی پێویست نەزاندرا.

ئاوازی ناوەوه له بەرهەمی سەیفی قازیدا :

دووبارەبوونەوه یاخود (تیکرار) بەتایبەت له شیعرو هۆنراوەدا یەکێکه لەو بنچینانەی که بنیاتی مۆسیقای ناوەوه پێك دەهێنێ، تیکرار خۆی دوو شێوەی هەیە: یەکەمیان تیکراری مەعنەوییه، که دەبێته مایەی رۆشنیو جەختکردنی ئاخاوتن، ئەمەیان دەچێته خانەی واتاناسییەوه، دووەمیان تیکراری لەفزی (بێژەیی)یه، که هەم جەختکردن دەنوێنێو هەم خرۆشو ئاهەنگێك پێك دێنێ که دەبێته هەوێنی رازانەوەو جوانکاری شیعر.[53] ئەمەشیان بریتییه له دووبارەبوونەوەی دەنگ یا دووبارەبوونەوەی وشه، بەڵام هەموو دووباره بوونەوەیەکیش نا، بەڵکو له هەندێ حاڵەتدا دەبێته مایەی لەکەدارکردنی شیعرو ئاخاوتن. لەمەوه چاوێك به بەرهەمی شیعری سەیفدا دەگێڕینو پەرده لەسەر رووی چەند لایەنێکی ئەم هونەره لادەبەین.

له دیوانی شیعری کلاسیکی کوردی دا بۆته داب که به شیعرێکی ئاینی دەست پێ بکات، بەو شێوەیه دیوانی سەیفی قازی به قەسیدەیەك له (ستایشی خواو پێغەمبەر) دەست پێدەکات. شاعیر روودەکاته قاپی خوداو دەپاڕێتەوه، لەم پاڕانەوەیدا ئەوەی

---

(53) درباره ادبیات ونقد ادبی: ٥٦٥.

سەرنج رادەکێشێ زۆری دووپاتکردنەوەی (تۆ، ئەتۆ، بە تۆیە...)ی جێناوی سەربەخۆی کەسی دووەمی (موخاتەب)ە، بە هاوڕێتی جێناوی لکاوی (ی) کە وەکو زەرووڕەت و دەنگدانەوەیەکە بۆ هی یەکەم:

بۆ تۆیە، هەر بۆ تۆیە، دەتوانم بکەم سەنا
ڕۆژو شەوێ تۆ دێنیو دەبەی مەغریبو عیشا
هەر چاویان لە تۆیە، هەر ئومێدیان بە تۆیە
هەرچی غەنی فەقیرە لەهەر لا گەداو شا
ماسی لە شەوقی تۆیە لەبەحران دەکەن شەنا
تەیران لە عیشقی تۆ لە سەمادا دەکەن سەما

دووبارەکردنەوەی ئەم جێناوە کەسییانە جۆرە جیناسو هاوئاهەنگییەکی گونجاوی لەگەڵ چەمکی (تۆی باڵاو تاکو تەنیای پەروەردگار)دا پێکهیناوە. شاعیر لە سیاقی (٣٩) دێڕدا هەر لە وەسفو ستایشی ئەو (تۆ)یەیە، ئەنجا لەگەڵ وشەی دیکەدا ئاوێتە دەبێ ئاوازەی ناوەوەی ڕستەو گوزارەکان قووڵتر دەکات.

گەورەو گرانو بێ کەسو بێ جێ بێ مەکان
بۆ بێ کەسان کەسی بۆ بێ جێیەکان پەنا

چەند بارەبوونەوەی (بێ) لە پێش وشەکاندا، هەروەها پاتەبوونەوەی (کەسی، کەسان، کەس) جیناسو گەردانکردنی تیایە.

تەنهاو بەرقەراری هەر بوویو هەر دەبی
بێ ئارەزوو نیازی، بێ بابو بێ برا

لە باری دەنگەوە (ب)ەکان ئاوازێکی سازکردووە، وەکو چۆن، هەر + کاری هەبوون، بێ + باب، بێ + برا، بێ بەش نین لە بنیاتێکی مۆسیقایی کە لە سیاقی ڕستەکاندا بەرپابوون.

هەرچی پەڕی گوڵانە، لە بۆ زیکری تۆ زمان
هەرچی گەڵای بەدارەوە دەستن لە بۆ دوعا

بێجگە لە جوانی بایسو وێنە هونەرییەکەی لەم دێڕەدایە، لەنێوان (گوڵو گەڵا)دا تەناسوبێکی جوان هەیە.

/ موحتاجی / روحمی/ تۆیه/، نەبی بێ، ئەگەر وەلی

حەیرانی / وەسفی/ تۆیه /، ئەگەر شێخ ئەگەر ت مەلا

/ ماسی / لەشەفقی / تۆ یه /، له بەحران دەکەن شەنا

/ تەیران/ لە عیشقی/ تۆ /، لەسەمادا دەکەن سەما

لەکەرتی یەکەمی هەردوو نیوە دێڕی هەر یەکێك لە دێڕەکان، هاوتەریبی هەیە، هەروەکو لەباری پێکهاتەی ڕێزمانیشدا یەکن.

تۆ زیاتری لەهەرچی خەیاڵاتی لێ دەکەی

نەوەك کەسی، نەکەس وەك تۆیە، نە کەس وەها

له (وەك)، (کەس) دا دووبارە بوونەوە (تیکرار) هەیە.

بەخسوس شەفیعی ئێمەیه، ئەو خۆشەویستەکەت

شابازی دەشتی مەروە، شەهی شارەکەی سەفا

هاتنی دوو دەنگی خشۆکی (ش)و (س) لە وشەکانی دوو نیوە دێڕەکەدا هاوئاهەنگییەکی ناوەتەوە.

هاتو چوو، بیستی، زوو گەڕایەوە

ئالقەی دەرهەر دەلەرزی چرای ماڵێ هەرگرا

لەم دێڕەدا ئاهەنگساز سیستمی پاتەبوونەوەی وشەکانە لەسەر ئاستی بڕگەو مۆرفیم لە نیوە دێڕی یەکەمدا:

هاتو چوو ، بیستی، کوتی، زوو، گەڕایەوە

٢ + ١ + ٢ + ٢ + ١ + ٣

یانی نەملكو ماڵە لە بۆ مە، نە حاڵو باڵ

بێ جاهو بێ جەلالو بێ حاڵو بێ سەلا

لەکۆکردنەوەی (مال، حاڵ، باڵ) ڕەگەزدۆزی ناتەواو هەیە، (بێ جاهو بێ جەلالو بێ حاڵ)، تەرکیباتی هاوئاهەنگن.

نه مەدرەسە، نەعیلم، نه دەرسو ، نە سەنعەتێك

زوڵە لەگەڵ مە، هەر کە بەچاوێك نەکەن نیگا

پاتەکردنەوەی ئامرازی نەرێی (نە) لە بەرایی وشەکان ریتمێکی سەنجراکێشی پێداون، لە گرێی (زوڵمە لەگەڵ مە) ئاهەنگێك سازبووە.

دامەزراندنی هەموو سەرواکان لەم قەسیدەیەدا لەسەر دەنگی کشاوی (ێ)دا، تەرجیعێکی بۆ دێڕەکان سازکردووە، کە لەگەڵ ئاوازی پاڕانەوەو (دوعا)و (نزا)دا رێك دێتەوە.

* * * * * *

ـ پێم کوت، لە خوتەن دێیەوە یا خوتتەیی تاتار
یا ئەهلی بەهەشتی کە دڵت پڕ لە سەفا کرد

ئاهەنگی (ت) باڵی بەسەر نیوە دێڕی یەکەمدا کێشاوە بە هاتنەوەی لە چەند وشەیەکدا بەخەستی.

/ ئەستاری/ وەکو/ زولفی/ عەروسانە/ موسەلسەل/

/ ئەلفازی/ هەموو/ گەوهەرە/ چەن جوانی/ ئەداکرد/

هاتنی چەند جارەی (س) لەنیوەی یەکەمداو هاوتەریبی نیوە دێڕەکان، ریتم و ئاهەنگێکی هاوسەنگی داهێناوە.

ئەم دەستە گوڵە بەستەیی ئەم دەستو بەنانەن
بۆیە وەکو بولبول حەسەنی نەغمە سەراکرد

لەنێوان (دەستە)و (بەستە)دا جیناسی ناتەواوو لەنێوان (دەستەو دەست)دا جیناسی مەزید هەیە.

- دەرژێنێ بە یەك غەمزە نیگات خوێنی سپایەك
دەشکێنی بە رووی تۆ بەشکەن، تاقی خەوەرنەق

لەنێوان (دەشکێنێ)و (شکەن)دا پەیوەندی گەردانەییو لە هاتنی (ق) لە دوو وشەی دواییدا زەق بوونەوەی ئاواز هەیە.

ـ رێی وانە کەهکەشانو رێی ئێمە بەردەڵان
جێی وانە تەختو بەختو جێی ئێمە بەردو چێو

لەهێنانەوەی دووبارەی (رێی) لەنیوە دێڕی یەکەمو دووجار (جێی) لە نیوەی دووەم هاوسەنگی هەیە، کەهکەشانو بەردەڵان هاوکێشو هاوسەرواو هاوئاوازن. لە (تەختو بەخت) رەگەزدۆزی هەیە.

لا هەڵداڕاوو، جەرگ بڕاوو، فڕێ دراو
بێ شوێنو بێ نیشانو پەرێشانینو پەشێو

(ڕ) بنیاتی ئاهەنگێکی دەروونی لە پێکهاتەی هەر سێ کەرتی نیوە دێڕەکانی یەکەم خولْقاندووە، سەرباری بەدوای یەکدا هاتنی (و)ی سەرواکان. لەنیوەی دووەمدا (ش) ئەرکی سازدانی ئاهەنگێکی نەرمو خشۆکی گرتۆتە ئەستۆ، لەگەڵ هاتنی دوو (بێ) لەسەرەتای دوو وشەی یەکەمو دوو (پ) لەسەرەتای دوو ووشەی دوایی.

ـــ فکـرێ لـە حـالی خۆکـەنو بگـرین بـە حـالّی خـۆ
هـەر بـێ سـەریو عـەداوەتی خۆتـان دێتـە رێ
لـە دووبارەبوونـەوەی، حـالی خـۆ، تەئکیـد هەیـە.
ـــ سەرچـوونی تـەختی ڕۆینـی سـەرداری پـێ دەوێ
خۆشـیم لـەو شـەهادەتی شـێخانە، نێـو بـەنێو

دووبارەبوونـەوەی (ی) لـە کۆتـایی وشـەکاندا، ئـاواز بەندییـەکی لەنێوانـدا دروست کـردوون، لـەنیوەی دووەمـدا بـەدوای یەکـدا هـاتنی (ش) خۆشـییەکە دەکاتـە دوو چەندان.

ـ بۆ وانـە هەرچی جوانـە، لە جێ، دێ، لـە ژن لـە مـالْ
هـەر شـاخو داخـە بـۆ مـە، کـوڕی رەش کـچی دزێـو

لە ریزبوونی (وانە، جوانە ـ جێ، دێ)دا جیناسی ناتـەواو هەیـە، لـەنیوەی دووەمـدا دوو (خ) دوو (ك)، ئاوازی چۆن یەکیان بە وشە لێك نزیکەکان بەخشیوە.
تێکستی (بوومە چاوەش) سەرەتاکەی بەم شێوەیەیە:

چ خۆشـە مـن نـەخۆشو یـاری مـەهوەش
لـە رێگـەی لوتفـەوە بمخاتـە بـاوەش
پەرێـشانم لەبـەر زولفـی بـلاّوت
نـەخۆشو مەسـتی ئـەو دوو نێرگـسی گـەش
نیـشانم دە فیـدات بم جووتـە خالّـت
لـە ئـەوەل نـەردەوە چـەند خۆشـە دوو شـەش
بـە دەردی ئـاهی مـن رەشپۆشـە گـەردوون
بـە ڕوو تـا خـالْو پەرچـەم بـوون مـشەوەش

کێشی شیعرەکە رەوتـی ئاهـەنگێکی خێـرای بـە دێڕەکـان بەخـشیوە، تێکئاڵقـانی پێیـەکانی ئـەم ئاهەنگـە خێرایـە لەگـەڵ دیـاردە دەنگییـەکانی نـاو وشـەکان سـۆزو

ریتمێکی رازاوەی داهێناوە، لەهەر دێڕێکدا زایەڵەی (ش)، دەنگەکانی تری خستۆتە ژێر سێبەری خۆی تا لە کۆتایی دێڕەکەدا لەگەڵ (ش)ی سەرواکەدا تێکەڵاو دەبێتەوە، لە (خۆش)و (نەخۆش)دا جیناس‌و نەفی کردن هەیە.

کزو زیزی لە کـەم مـەیلی عەزیــزم
عەیامێکە عەوامە، تەبعی سەرکەش

(ز) لەنیوەی یەکەمدا جڵەوی ئاوازەی گرتۆتـە دەسـتو لـە نیوەکـەی تـردا گۆڕاوە بـە (ع). لەنێوان (عەیامێکە)و (عەوامە) لارکردنەوە هەیە کە سۆزێکی ئاوازەیی هەیە.

وەرە جـــاریَ بـــە جـــاریَ لامـــەدە لـــێم
دەبـــیَ وابـــیَ وەفـــای یـــارانی مـــەهوەش

★ ★ ★

بـــەڵیَ بـــەو شـــەرتە خۆشـــە وەســـڵی دولبـــەر
کـــە دەمـــدەم دەم لـــەنێو دەم دەس لـــە بـــاوەش

لە (جاریَ)دا جیناسی تەواو هەیە، لە (دەبیَ) (وابیَ) ئیبدال واتە جێگۆرکێی دەنگی هەیـە، لـە هێنانـەوەی (دەم)ەکـانی (دەم دەم، دەم لـەنێو دەم)، هـەم جینـاس‌و هـەم گونجان‌و هەم هاوئاهەنگی هەیە.

ـــ تـــا دیـــدە بـــە دیـــداری مـــونیرت نییـــە رەوشـــەن
وەك کانییەکـــەی قوڵقوڵەیـــە، قـــوڵ قـــوڵ‌و جۆشـــی

لەنێوان (دیدەو دیدار) پەیوەندی ئیشتیاق‌و جیناسی موحەرەفە هەیە، لە (قوڵقوڵەو قوڵ قوڵ) دا جیناسی هاو بناغەیی هەیە لە دارشتندا، هەر دووك لە دەنگی سروشتی هەڵقوڵینی ئاوەوە وەرگیران.

ـ دەبا / ساتێکی/ ساکیت/ بیَ / لە / نالین/ قەڵبی/ خوێن/ بارم
دەبا/ تاوێکی/ فـاریغ/ بیَ / لـە/ گریان/ چاوی/ غەم/ بارم

هاوتەریبی لەنێوان پێکهاتەکانی هەردوو نیوە دێڕدا لـە هـەردوو لایـەنی وشەسازی‌و رستەسـازیدا بـەدی دەکرێـت کـە ئاهـەنگێکی هاوسـەنگی بـە هەریـەك لـە وشـەو ئامرازەکانی لە هەردوولادا بەخشیوە. (دەبا)ی ئامرازی خۆزی، لە دەستپێکی نیوە دێڕەکان ئاهەنگی پاڕانەوە دەبەخشی، (سا)ی دەستپێکی (ساتێکی/ ساکیت) پێکەوەی گرێداون، لە لەتی دوهەمیان (تیك – کیت) هەڵگەڕاوەی یەکتر ین.

- شەتی ئەشکم هەتاکەی بێ مەگەر سەیحون‌و جەیحونە
بە چـاوم کوت دما بەس بێ، کوتی جۆبــارو رووبـارم

لە (سەیحون‌و جەیحون) و (جۆبارو رووبار) رەگەزدۆزی هەیە، گونجانی دووتایی هـەر یەکێکیان لە کێش‌و سەروادا هاوسەنگی ئاوازەیی پێ بەخشیون.

- لە تاوی زولفی چین چینت، ئەسیری چین‌و مـاچینم
لە سایەی رۆژی رووت گا رۆژ پەرست، گا بەستە زننارم

لە نێوان (چین چین)و (چین‌و ماچین) جیناس‌و زاڵبوونی دووبارەبوونەوەی ئـاوازەی (چ) رۆشنە، (رۆژ)و (گا) لە لەتی دووەم پاتەکردنەوەیە.

- قەدی یا سەروی جۆباری ئەتۆ ئەی زولفی لاولاوی
ســەراپا حــەڵقە حــەڵقە وا لـە باڵای بـەرزی هاڵاوی

هێاتنی چـەند جـارەی (لا) لـە (لاولاو، بـاڵا، هـاڵاو) ئـاوازێکی هەڵکشاو بـە وشـەکان دەبەخـشێ، (حەڵقـە حەڵقـە)، دووپاتـەی یـەك مۆرفیمـە، وشـەیەکی لێکـدراوی دوو کەرتی سازکردووە.

- لەبی/ وەك/ قەندی/ شیرینە: جەبین/ وەك/ عەقدی/ پەروینە
دوو کوڵمی لالەیی حەمـرایە، رووی وەك تیغی خوێنـاوی

نیوە دێڕی یەکەم بەهۆی کەرتکردنـەوە بـووە بـە دوو بەشی هاوتـا کە لـە پێکهاتـەی رێزمانیدا وەکو یەکن بۆیە ئاوازی هاوتەریبی وەرگرتووە.

ئـەو تێکستانەی سـەیفی قـازی لـە وێنـەی نامـەی شیعریدا نووسـیونی، کـە بەشـێکی شـیعرو بەرهـەمی شـاعیر پێـك دەهێـنن لـەباری کـێش‌و ریتمـەوە لەگـەڵ شـیعرە عەرووزییەکانی جیاوازن، لە شوێنی خۆیـدا ئـەوەی پەیوەنـدی بـە کـێش‌و بـە ئـاوازی دەرەوەی ئەو تێکستانەوە بێـت روونکرایـەوە، بـۆ مەسـەلەی ریتم‌و ئـاوازی نـاوەوەش ئەوا ناشێت بە پێودانگی شیعری عـەرووزی مامەڵـەیان لەگەڵدا بکرێـت، چونکە ئـەم جۆرە شیعرە لە ئاهەنگی ناوەوەدا لەگەڵ شیعری میللی‌و فۆلکلۆری کوردیدا سـەبارەت بـە کـێش‌و پێیـە برگەییـەکانی تێـك دەکاتـەوە، وەکو چۆن لێکۆڵینـەوە تازەکـانیش دەریان خستووە کە (هێزو سترێس) رۆڵی بنـەرەتی دەگێـرن لـە سـازکردنی ئاهـەنگ‌و ریتمی ئەم جۆرە هۆنراوەیە، کە ئەویش لە (شیعری گۆرانی کوردیا لەسـەر بنـچینەی دووبارەکردنەوەی ژمارەیەکی دیاریکراوی سترێـسی بنەچـەیی دادەمـەزرێت).[54] بۆیـە

(54) کێش‌و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی: ١٥٩.

ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی هەیە، کە لە دەرەوەی سنووری باسەکەی ئێمەدایە.

ئاوازی ناوەوە لە شیعری شەوقیدا :

لە باسی زمان‌و شێوازو وێنەی هونەریدا ئاماژە بۆ ئەو لایەنە کرا کە شاعیر لەگەڵ ئەوەی لە باری کێش‌و قافیەوە رەچاوی بنەماکانی شیعری کلاسیکی کردووە، کەچی شیعرەکانی لە رووی ناوەرۆکەوە رێچکەو سروشتێکی رۆمانسییانەیان وەرگرتووە، لە شیعری رۆمانسیدا شاعیر زیاتر لە رێگەی وەسف‌و وێنەی هونەرییەوە سۆزو خەیاڵەکانی بەرجەستە دەکات لە بری ئەوەی پەنا بۆ وێنەی رەوانبێژی‌و وشەئارایی وەکو، جیناس‌و تیباق‌و تیکرارو جۆرەکانی بەرێت. لێرەدا وەستایی‌و هونەرکاری لە هەڵبژاردنی وشەی رێک‌و گونجاوو دڵگیر، لە سیاقی رستەو دێرە شیعرەکاندا بۆ پێکانی مەبەست‌و رازاندنەوەی وێنەکان، شوێنی ئەو هونەرانە دەگرێتەوە. بەو پێیەش ئاوازو ریتمی ناوەوە لە سازانی زمان‌و شێوازو جۆش‌و خرۆشی وێنەکانەوە بەرپا دەبێت. بۆیە ئەم لایەنەی وشەئارایی‌و هونەرە قسەییە ئاشکراکان لە شیعری (شەوقی)دا کزو کەم بایەخەو، لەبەرامبەردا لایەنی زمان‌و شێوازی شیعری‌و داهێنانی وێنەی هونەری بەهێزن کە لە شوێنی خۆیدا تیشکمان خستوونەتە سەر، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەین چەند لایەنێك لەو هونەرانەی هاوکاری دەکەن لە پێکهاتنی ریتم‌و ئاوازی ناوەوەی شیعری شەوقی روون بکەینەوە:

لە (هاواری دایکێ)دا هاتووە:

(۱) / لە تەئسیری فسوونی رۆژی تابان / عالەمی شۆری /
/ مەگەر تۆ چاوەکانم مێری کوردان / هێشتا مەخمووری /

(۲) سەدای هات‌و نەهات دەنگی زەنگۆڵ قۆری کاروانە
کە بارت کۆچی کردو دەستەداوێن هێشتە مەهجووری

(۳) ئەوێستا تا لە بیخەی رۆژهەڵاتی، تاوهەڵات ڕا بە
بە ئازایی نەجات دە دەستی بەستراوت کە مەغدووری

(٤) دەژینێ حەقی خۆت سابیت بکە بۆ یارو ئەغیاران
بە دەسترە بسترە فرمێسکی شەوقی‌و چاوی بێ نووری

له دابەشبوونی هەردوو نیوە دێڕی (١)دا بۆ سەر دوو کەرتی هاوتەریب، ئاوازێکی کشاوی درێژ سازبووە، لە (٢) دا پەیوەندی (هاتو نەهات) نەفی کردنە، ئاوازی ئەم دوو دەنگی (ھ)یە لە نیوە دێڕی یەکەمدا لەگەڵ دوو (ھ)ی (هێشتە مەهجووری)دا پێك دەگەنەوە. لە (٣)دا لە (ڕۆژهەڵات، تاوهەڵات) تیکرار هەیە، تەئکیدی مەعنا دەگەیەنێ، (س) هەر دوو وشەی (دەستو بەستراو)ی بەیەکەوە گرێداوە. لە (٤)دا لەنێوان (یارو ئەغیار) بڕگەی (یار) کە دەنگی کشاوی (ێ) ناوکەکەیەتی، یەکێتی ئاهەنگی بەهەردوو وشەکە بەخشیوە ئەگەر چی لە رووی واتاوە پێچەوانەن. لە (بەدەستڕە بستڕە)، بڕگەی کۆتایی (ڕە) هەردوو وشەکەی لە رووی ئاوازەوە بەیەکەوە بەستۆتەوە.

لە (حەسبوحاڵ دەگەڵ وەتەن) شاعیر دەڵێ:

بـــا بێـــتو بـــە تەئـــسیری فـــسوونی نەفەســـی تـــۆ
وەك خونـــچە بپـــشکوێ دەمـــی ئـــەو کـــوردە کـــە لاڵـــە
بـــا بێـــتو ســـبەینان ئەلـــەمو دەردی شـــەوی هـــەجر
بێـــژی کـــە لـــەوەی پـــاش خـــەوی مـــە، مـــەحزی وە باڵـــە

هاتنەوەی وشەی خۆزی (بابێت) لە سەرەتای هەردوو دێڕەکەدا بە مەبەستی بەیەکەوە گرێدانەوەیانە. دەنگی (س) لە ناوەراستی وشەکانی (تەئسیری، فسوونی، نەفەسی)دا ئاهەنگێکی رێکی بەردەوامی بە دەستەواژەکە بەخشیووە.

لە تێکستی (هاواڵی ماتەمدار)دا هاتووە:

(١) بۆ چ دەناڵێنی، لەسەر لێوت لە بۆ چ بارکەوتووە
لەشکری زولفت، کە خاوو کاڵە، بۆ چ رووی گرتووە

(٢) قەڵبی شەوقی چۆن حەریمی عیشقە جێی دێرینە تە
بۆ چ دەناڵێنی، لەسەر لێوت، لە بۆ چ بارکەوتووە

(١). هاتنی وشەی پرسیار (بۆچ ، چ، لەبۆچ، بۆچی...) لە دووتوێی دێڕە شیعرەکەداو پاتەکردنەوەی بۆ سەرەنجراکێشانو پێ داگرتنە لەسەر مەعنای پرسیار لە بارەوەگراوەوە، هەرچەندە هەڵوەستەیەکی ئاهەنگیش دروست دەکات، ئەم نەریتی پرسیارکردنە لە شیعری شەوقی دا دیارو ئاشکرایە:

لــە مــن بــۆچ زیــزی عــەمرم؟ چــاوەکانم، مــاهی تابــانم
تــەویڵت بــۆ چــی گــرژە، یــا چ قەومــاوە چــیە تــاوانم

★ ★ ★ ★

ســـەراپا مەوتـــەنی ئەجـــدادی پێـــشووت جـــا تەماشـــاکە
لــە بــۆ چ رووخــاوە؟ بــۆ چ سووتاوە؟ کاکت بۆچــی خنکابوو

★ ★ ★ ★

وەتــەن ئــەی مــولکی بــاپیرم، لــە بــۆچ ئەورۆکــە رووخــاوی
لــە بــۆچ جــێو مەســکەنی وەحــشو تیــوورە خاکەکــەی پــاکی

لەلایێکی تـرەوە وەکـو لـە (١)دا هـاتووە دەسـتپێکی ئـەم تێکستە نیـوە دێـڕی (بـۆچ دەناڵێنی لەسەر لێوت لە بۆچ بارکەوتووە)یە، وەکو لـە (٢)شـدا هـاتووە نیـوە دێـڕی کۆتایی تێکستەکەشە، واتە هـەمان نیوە دێـڕ بۆتـە (دەسـتپێكو کۆتـایی) تێکستەکە، لێرەدا دووبارە بوونەوەی میسراعی یەکەم لە کۆتایی پارچەکەدا جۆرێك لە قوفڵو کۆتایی هێنان (خیتام) بۆ تێکست پێك دەهێنێ.(55)

لە تێکستی (فەریاد)دا هاتووە:

(١) جەبین میناى زیو / گەردن هوما / خاڵ مشکی تاتاری/
شەدەشل / چاو بەکل / روو سوورە گوڵ / تەراڕو عەییاری

(٢) کە ئـاوی جۆگەڵەی سابلاغێ نەشئەی چاوی مەخموورت
لە مێرگۆڵەی سەهەندو کێوی لاجانێ بەفر بۆ عالەمێ باری

(٣) وەرە تـا شــەرحی ئەحواڵی دڵی خۆمت لە بۆ بێژم
وەرە تا من بە فرمێسکم بشۆم بۆت پەردەیی تاری

(٤) علیم الله لە پاش تەشریفو چوونی تۆ لە سابلاغێ
وەتەن وێرانو ماڵ سوتاوو کیژ بێ لاوو خوێن باری

(٥) بە زوڵمو جەوری دوژمن بوو بەهاریان زەردە پاییزێك

(55) قضايا الشعر المعاصر: ٢٨٠.

له دابەشبوونی هەردوو نیوه دێڕی (١)دا بۆ سەر دوو کەرتی هاوتەریب، ئاوازێکی کشاوی درێژ سازبووه، له (٢) دا پەیوەندی (هاتو نەهات) نەفی کردنه، ئاوازی ئەم دوو دەنگی (ه)یه له نیوه دێڕی یەکەمدا لەگەڵ دوو (ه)ی (هێشته مەهجووری)دا پێك دەگەنەوه. له (٣)دا له (رۆژهەڵات، تاوهەڵات) تیکرار هەیه، تەئکیدی مەعنا دەگەیەنێ، (س) هەر دوو وشەی (دەستو بەستراو)ی بەیەکەوه گرێداوه. له (٤)دا لەنێوان (یارو ئەغیار) بڕگەی (یار) که دەنگی کشاوی (ێ) ناوکەکەیەتی، یەکێتی ئاهەنگی بەهەردوو وشەکه بەخشیوه ئەگەر چی له رووی واتاوه پێچەوانەن. له (بەدەسترە بسترە)، بڕگەی کۆتایی (ره) هەردوو وشەکەی له رووی ئاوازەوه بەیەکەوه بەستۆتەوه.

له (حەسبوحاڵ دەگەڵ وەتەن) شاعیر دەڵێ:

بـا بێـتو بـه تەئـسیری فـسوونی نەفەسـی تـۆ
وەك خونـچه بپـشکوێ دەمـی ئـەو کـورده کـه لاڵـه
بـا بێـتو سـبەینان ئەلـەمو دەردی شـەوی هـەجر
بێـژی کـه لـەوەی پـاش خـەوی مـە، مـەحزی وه باڵـه

هاتنەوەی وشەی خۆزی (بابێت) له سەرەتای هەردوو دێڕەکەدا بە مەبەستی بەیەکەوه گرێدانەوەیانه. دەنگی (س) له ناوەراستی وشەکانی (تەئسیری، فسوونی، نەفەسی)دا ئاهەنگێکی رێکی بەردەوامی بە دەستەواژەکه بەخشیووه.

له تێکستی (هاواڵی ماتەمدار)دا هاتووه:

(١) بۆ چ دەناڵێنی، لەسەر لێوت له بۆ چ بارکەوتووه
لەشکری زولفت، که خاوو کاڵه، بۆ چ رووی گرتووه

(٢) قەڵبی شەوقی چۆن حەریمی عیشقه جێی دێرینه ته
بۆ چ دەناڵێنی، لەسەر لێوت، له بۆ چ بارکەوتووه

(١). هاتنی وشەی پرسیار (بۆچ ، چ، لەبۆچ، بۆچی...) له دووتوێی دێڕه شیعرەکەداو پاتەکردنەوەی بۆ سەرەنجراکێشانو پێ داگرتنه لەسەر مەعنای پرسیار لە بارەوەگراوەوه، هەرچەنده هەڵوەستەیەکی ئاهەنگیش دروست دەکات، ئەم نەریتی پرسیارکردنه له شیعری شەوقی دا دیارو ئاشکرایه:

لــه مــن بــۆچ زیــزی عــەمرم؟ چــاوەکانم، مــاهی تابــانم
تــەویڵت بــۆ چــی گــرژە، یــا چ قەومــاوە چــیە تــاوانم

★ ★ ★ ★

ســەراپا مەوتــەنی ئەجــدادی پێــشووت جــا تەماشــاکە
لە بۆ چ رووخــاوە؟ بــۆ چ سووتاوە؟ کاکت بۆچــی خنکابوو

★ ★ ★ ★

وەتــەن ئــەی مــوڵکی بــاپیرم، لــە بــۆچ ئەورۆکــە رووخــاوی
لــە بــۆچ جــێو مەســکەنی وەحــش‌و تیــوورە خاکەکــەی پــاکی

لەلایێکی تــرەوە وەکو لــە (١)دا هــاتووە دەســتپێکی ئــەم تێکستە نیــوە دێــڕی (بــۆچ دەناڵێنی لەسەر لێوت لە بۆچ بارکــەوتووە)یە، وەکو لــە (٢)شــدا هــاتووە نیــوە دێــڕی کۆتایی تێکستەکەشە، واتە هــەمان نیــوە دێــڕ بۆتــە (دەســتپێك‌و کۆتــایی) تێکستەکە، لێرەدا دووبارە بوونەوەی میسراعی یەکەم لە کۆتایی پارچــەکەدا جۆرێــك لــە قــوفڵ‌و کۆتایی هێنان (خیتام) بۆ تێکست پێك دەهێنێ.[55]

لە تێکستی (فەریاد)دا هاتووە:

(١) جەبین مینای زیو / گەردن هوما / خاڵ مشکی تاتاری/
شەدەشل / چاو بەکل / روو سوورە گوڵ / تەراڕو عەییاری

(٢) کە ئــاوی جۆگەڵەی سابلاغێ نەشئەی چاوی مەخموورت
لە مێرگوڵەی سەهەندو کێوی لاجانێ بەفر بۆ عالەمێ باری

(٣) وەرە تــا شــەرحی ئەحواڵی دڵی خۆمت لە بۆ بێژم
وەرە تا من بە فرمێسکم بشۆم بۆت پەردەیی تاری

(٤) علیم الله لە پاش تەشریف‌و چوونی تۆ لە سابلاغێ
وەتەن وێران‌و ماڵ سوتاوو کیژ بێ لاوو خوێن باری

(٥) بە زوڵم‌و جەوری دوژمن بوو بەهاریان زەردە پاییزێك

---

(55) قضايا الشعر المعاصر: ٢٨٠.

له بێ ڕەحمیو دڵ سەختی بەباریان بار له لێو باری

له (١) دا نیوه دێڕەکه بۆته سێ کەرتو سازگارییەکی روون لەنێوان هەر سێ بزوێنی درێژی زمانی کوردی (و، ێ، ی)ی سەرواکانیانەوه هەیه، لەنیوه دێڕی دووەمدا سێ ئاوەڵناوی لێکدراوی هاوسەروا وەکو (شەدەشل، چاو بەکڵ، ڕوو سووره گوڵ) جۆشو ئاوازێکی ناسكو جوانیان ناوەتەوه. له دێڕی (٢)و (٣)دا ئاوازەی دەنگی (ی)و (ێ)کراوه، له ریزبوونو گونجاندنو بەستنەوەی قەتارەی وشەکان (ناوەکان) بەیەکەوه، چ حەشرو سۆزو ئاهەنگێکی خوڵقاندووه. لەنیوه دێڕی دووەمی (٤)دا (و)ی درێژ ئەو ڕۆڵەی گێڕاوه. له (٥)دا سەرچۆپی کێشی ئاوازی وشەکان دەنگی کپو نەرمی (ب)و بڕگەی کورتو ناسکی (به)یه، که له کۆتایی دێڕەکەدا باز دەداته ئاستی وشەسازیو، (بار) له (بەباریان بار له لێو باری) سێ پاته دەبێتەوه ئاوازو ئاهەنگی دێڕەکه دەگەیەنێته لوتکەی جۆشو جوانیو لەباری، شیعریەتو ئیستاتیکای دەقەکەشی گەیاندۆته ئاستی داهێنان.

له ئاستی دەنگسازیدا وا دەبێ تیپه (نەبزوێنه - بێ دەنگ)کانیش ڕۆڵێکی ئاوازەیی گرنگ دەگێڕن، با ئەم دوو دێڕه له (تەحەسوری جەوانی تەرانەیی وەتەن) بەسەر بکەینەوه:

لەوێ تێر ئاو دەبێ خولیای جوانی ڕووحی غەمگینان
ئوفوولی ئەرغەوانی ڕۆژی ڕووی پاش مانگی تابانه
که خاکی پاکی وی لانکه لەبۆ ئێسقانی باپیرمان
لەسەر قەبری جەوانان دیدەی شللێره گریانه

لەدێڕی یەکەمدا دەنگەکانی (ف، غ) لەناوەڕاستو (ر) لەسەرەتادا جۆره ئاهەنگێکی جوانو هەمەچەشنەیان پێکهێناوه، لەدێری دووەمدا سەرەتا (ك)و ئەنجا دەنگی (ل) له (شللێره)دا لەرینەوەیەکی نەرمو ناسکی هەیه.

- لەژێر زنجیری زوڵمو بەندی یەخسیری چ مەحزوونه
تەماشای دایکی مەحبووبت بکه چۆن دەستی بەسترا بوو

دەنگی (ز) له (زنجیرو زوڵمو مەحزوون)دا بۆته زەنگو زایەڵەی ئاهەنگی وشەکان لەنیوه دێڕەکەدا. ڕۆڵی (س) له شەتەك دانی (دەستی بەستراو) ڕوونو ئاشکرایه، ئەم تەعبیره چەند جار له شیعری شاعیردا دووپاته بۆتەوه. له دوا تێکستی (مەگەر لێم عاجزی) دا هاتووه:

- له پێشا پێشی تابووری موژەت هەردوو برۆت کە چ بوو

دەڵێی بۆ تیپی عاشق زولفەقارە تیغی بوورڕانم

که مەندی زوڵفی خاوت چونکه بازووبەندی بازوومە

چ حاجەت واعیزی سەر زڵ بە ئەفسون بەستی دەستانم

تەلیسمی گەنجی حوسنی تۆ، موعەممای عالەمی کۆنە

لە حەللی وی بەسەرچوو عومرم‌و هێشتاکە هەر جوانم

کە نەرمین باوەشی تۆ، بێشکەیە بۆ قەڵبی مەجرووحم

بە لەنجە لێی گەڕێ ساتێ هەدادا توفلی گریانم

(پێشاپێش) جووتە وشەیەو لەپاتەبوونەوەی وشەیەکدا دروست بووە، لەنێوان (تیپ)و (تیغ)دا ڕەگەزدۆزی‌و تەناسوب هەیە، دەنگی (ز) لە (زولف، بازووبەند، بازوو)، هاتۆتەوەو سەدایەکی وەك یەکی پێداون، (بازوو بەند)یش لە وشەی (بازوو + پاشگری - بەند) سازکراوە. لە (موعەممای عالەمی کۆن) هەردوو دەنگی (م)و (ع) ڕۆڵی سازشی ئاوازەیی نێوان هەر دوو وشەیان بینیوە. لە دێڕی دواییدا ئەوە دەنگی چەڵەنگی (ب)یە کە ئەو تەناسوبە جوان‌و لەبارەی لەنێوان (باوەش‌و بێشکەو قەلب)دا پێکهێناوە.

بەشی پێنجەم

مەبەست و ناوەڕۆك لە بەرهەمی شیعری شاعیرانی ناوچەی موکریاندا

باسی یەکەم

مەبەستی شیعری لە بەرهەمی مەلامارفدا:

١. پاڕانەوە لە یەزدان:

دەستپێکی دیوانی مەلا مارف قەسیدەیەکە لە وەسفو ستایشی پەروەردەگاری مەزندا لەژێر ناوی (سوپاسی یەزدانی مەزن) کە تیایدا دەڵێ:

هەچـــی زەڕڕاتـــــی عــــەرزو عاسمانــــــە
کــــــوراتی بەرهەتــــاوی لانـــــــساری
لـــــــەدێری رووپــــــەڕەی دەورو زەمــــــانی
بەهــــــەر نــەخـــــشێ تماشــــاکەم دیـــــاری
عــــــەزیزی تـــــۆ لــــــە هـــــەر لا خۆشەویـــــشتە
زەلیلــــــی تــــــۆ بەکــــــەس نایـــــەت قوتـــــاری
گوڵـــــستان‌و گــــوڵ‌و گـــــوڵزارو گوڵــــشەن
نـــــەی‌و شمــــشادو ســــــەرووی جوێبـــــاری

ئـەنجا شـاعیر دەسـت بـە دوعـاو پاڕانـەوە دەکـات بـۆ ئـەوەی بکەوێتـە ژێـر لوتـف‌و مەرحەمەتی کردگار:

بـــــــەنازو رزاو ئیعجــــــازی موحەمـــــــــەد
بـــــە ئەســــحاب‌و بــــە ئـــــاڵ‌و چــــوار یــــاری
بــــــە هـــــاوارم بگـــــــە لانم زەلیلــــــــە
بــــــە غەیــــری تـــــۆم نییـــــە هوممێــــدەواری
ئـــــەمن مەعروفەکــــــەی تــــــۆم‌و پەشـــــێوم
ســـــەری تێکــــــردووم پــــــیری‌و هـــــەژاری

شـاعیر لـە قەسـیدەی (بـاڵی سـەمەندەرو یارمـەتی دوازدە ئیمام)، دەکەوێتـە وەسـف‌و ستایشی ئیمامەکانی ئاینزای شیعەو یەکە بە یەکە ناویان دەبات:

رەسمەن لەسەرم لازمە عەرزێکی بنووسم
بۆ مەحکەمەی سالحەیی حەزرەتی (حەیدەر)
ئەی (بول حەسەنا)، بم بە غولامی حەسەنەینت
خاکی قەدەمی سەییدی (سەججادی) منەوەر
جاروکەشی خاکی قەدەمی (باقری) تۆیە
کەیخوسرەوو داراو فەرەیدوونو سکەندەر
یەك نوختە لە عیلمی لەدونی (سادیق)ە ئەورۆ
نووسراوە لە ئەوراقی دڵو سینەوو دەفتەر
قوربانی سەراپەردەی (موساو رەزا)تم
بالآترە قوببەی لە سەراپەردەیی ئەخزەر

تا دەڵێ:

ئەی پادشەهی مەسنەدی ئیقلیمی ویلایەت
ئەو رۆژە کە (مەهدی) لە تەرەف حەزرەتی داوەر
خەلعەت دەکرێ ئەفسەرو ئەورەنگی عەدالەت
نامێنێ لەسەر سەتحی زەوی ناوی ستەمگەر
من عاریزم ئەو رۆژە لە ئەو زاتە بزورگە
تەعقیبی دەکەم تا دەگەمە دامەنی مەحشەر

٢. وەسفی سروشت

لە لیریکی (خیوەتی گوڵو تنۆکەی شەونم)دا دوای ئەوەی لۆمەو سەرزەنشتی وشکە سۆفی دەکا لەوەی کە چاوی بە بەهاری رەنگینی وڵات هەڵنایە ئەنجا دەڵێ:

تێفکرە تماشاکە لە کووچەو لە خیابان
سۆزی نەیە نەشئەی مەیە ئاوەزەیی تارە
پۆڵ پۆڵ سەفی مەحبووبە لە گوڵزارو چەمەندا
تۆ دێوی مەگەر مەنزڵی تۆ هەر لە موغارە
رایخستووە فەرراشی سەبا فەرشی زومەررەد
وەك ئەتلەسی یەك رەنگە بەبێ گەردو غوبارە

شاعیر لە نامەیەکی شیعریدا کە بۆ (ئاغای موهتەدی) نووسیوە لە وەسفی سروشتی جوانی دێیەکەیدا (ئاشی گوڵان) گوتویە:

ئاشــــی گوڵانـــــە مـــــەنزلی یـــــانی لەبـــــەر گـــــوڵان
قـــوترو موحیـــــتو مـــــیحوەرو قـــــوتبی مـــــوعەتتەرە
تـــا چـــاو هەتـــــەر دەکـــــاتو هـــــەتا دڵ دەڵـــێ بەســـــە
بـــــاغو درەخـــــتو عـــەرعـــــەرو ســـــەروو ســـنەوبەرە
خـــەملیوە ســـەر زەمینـــی بـــە غونـــچەی گـــوڵ ئاتەشـــی
ئـــاوی لەتیفـــــە، ســـــافە، هـــــەوای عـــــەتر پـــــەروەرە
فەرشـــــی زومـــــەڕڕەدی، گـــــوڵی زەردو ســـــوورو ئـــــاڵ
تێکـــــەڵ بـــــووە دەڵێـــــی تەبـــــەقی عـــــودو مەجمـــەرە

لە وەسفی جوانی یارەکەیدا دەڵێت:

کـــە حوســـنی یـــارو ئـــەغیارم لـــە میزانـــی خـــەیاڵم دا
بـــە دڵ دیـــتم هەمـــــوو لایێکـــە، ئـــەو تـــەنیا لـــە لایێکـــە
خەزێنـــەی روومـــەتی لـــەعلی، لـــەبو ســـیمی زەنەخـــدانی
گـــوتم بێتـــو خـــودا بیـــدا عەجـــەب گـــەنجو تەلایێکـــە
ئیـــشارەی کـــرد لامـــی زوڵفـــی ئـــەلفی قامـــەتی یـــەعنی
جـــەوابی قـــەددی داڵـــی تـــۆ فەقـــەت لامەلفـــە لایـــێکە

لە وەسفی شاری مهاباد دا دەڵێ:

هـــەزار حـــەیفو ئەفـــسووسە بـــۆ ئـــەم شـــارە رەنگینـــە
کـــە قابیـــل بـــوو ببێتـــە مەرکـــەزی هـــەر شـــاوو شـــازادە
عیمـــــاراتو قـــــسووررو بـــــاغو بـــــاغاتو گوڵـــــستانی
هـــەزار ســـوێندت دەخـــوارد دەتگـــوت بەحەشـــتی باغی شـــەدادە
موغـــازەو قەیـــسەریو دوکـــانو حـــوجرەی وا موجەلـــەل بـــوو
وەکـــو قەســـریٚ کـــە بـــۆت قەیـــسەرت کـــرا بـــێ ســـازو ئامـــادە
لەبـــەر پارچـــەی حـــەریری زەردو ســـوورو ئەتلـــەسو زەرڕی
لـــە رەنگـــی ســـەوزو ئـــاڵو کەســـكو شـــینو میـــشکیی ســـادە
فتـــــوورەی پـــــڕ فتـــــووری روسو ژاپـــــۆنو بـــــەریتانی
مـــەتاعی هینـــدیو مـــاڵی فـــەرەنگو چـــینو کانـــادە

بەیــەك ئەنــدازە رەنگــین‌و موزەیــەن بــوو كــە پێــت وا بــوو
نموونــەی ئەســكەلەی بێــرووت‌و شــام‌و شــاری بەغــدادە

دیوان: ٣٨

٣. رووداوی مێژوویی

١. شاعیر قەسیدەیەكی درێژی هۆنیوەتەوە سەبارەت بەو كارەساتی لافاوەی لە ساڵی ١٩٣٦دا بەسەر شاری مهابادا هاتووە، كە دواتر ساڵی رووداوەكە لە مێژووی ناوچەكەدا بە (ساڵی سێڵاوی) تۆماركراوە،[1] شاعیر رووداوو كارەساتەكەی لە قەسیدەیەكی (٤٥) بەیتیدا بەناوی (سێڵاوی بەدبەختی) تۆماركردووە، سەرەتا وەسفی پەرێشانی حاڵی خەڵكە لێقەوماوەكەی شار دەكات‌و ئینجا دێتە سەر رووداوەكە:

لــە تــاریخی هــەزارو ســێ ســەدو ســی‌و پێنــجی شەمــسیدا
بــە رۆژی جومعــە دوازدەی جیمــی ئــەوەل نــۆوی مــوردادا
لەهــەوری قــودرەتی بــاری قــەریبی نیــو ســەعات بــاری
چ بارانێــك نــەبارانێ كــە وا مــەعهودو مــوعتادە
موبــەدەل بــوو بــە چــەندین سـانیە ئـەو سـافی بـارانی
بەیــەك دەریــایی عوممــانی كــە هــیچ تــاریخ نیــشان نــادا
خوداوەنــــدا چ تۆفانێكــــە وابــــێ عاتیفــــەو روحمــــە
خوداوەنــــد چ ســــێلاوێكە ئــــەم ســــێڵاوە بێــــدادە

ئەنجا لە تین‌و تەوژمی لافاوەكە دەدوێ:

ئــەوەی دەیهاتــە پــێش هــەر دەیرووفانــدو لای دەداو دەیــبرد
لــە حــەیوان‌و جیمــادات‌و نەبــات‌و ئــادەمی زادە
بەمــەوجی ئــەووەڵی دەیــبردە ئــەوجی رەفعــەت‌و عیــزەت
لــە مــەوجی دووەمیــدا گــوم دەبــوو وەك دوڕ لــە دەریــادا
لــە پــاش تــاڵانی نێــو شــاری هجــوومی بــردە بــازاڕی
بــە زیــددی شــوغڵی میعمــاری كــە داوێنــی بــەلادادا
مــوحیتی دایــرەی دوكــان‌و بــازاڕی بــە ئاســانی
بــە ســەتح‌و ســەقف‌و ســەربانی خــوڵی پێــدا قــوڵی بــادا

---

(1) مهابادو كورتە مێژوویەك: ٧٤.

٢. ساڵی ١٩٣١ لەنێوان هێزەکانی سمکۆی شکاك‌و هێزەکانی دەوڵەت شەڕو تێکهەڵچوونێك لە دەوروبەری شاری مهاباد روودەدا، لە ئاکامدا هێزەکانی دەوڵەت تێك دەشکێن، ئەنجا هێزەکەی سمکۆی شکاك کە بەشی زۆری لە عەشایەرو خێڵەکانی ناوچەکە پێکهاتبوو هێرش دەکەنە سەر مهابادو تاڵان‌و بڕۆیەکی زۆری تیادا بەرپادەکەن، ئەو رووداوەش بەناوی (ساڵی شکاکان) لە مێژووی ناوچەکەدا تۆمار کراوە.[2] کۆکەیی لە قەسیدەیەکی نەفرەت ئامێزدا ئەو مێژووەی بۆ تۆمار کردوین، تیادا هێرش دەکاتە سەر عێل‌و عەشایەری ناوچەکەو سووك‌و چروکیان دەکات:

کوردیش چ کوردە میللەتی خۆ خۆرە پێکەوە
بۆ گیان‌و ماڵی یەکتری سمکۆڵ دەکەن لە خۆڵ
دێوو درنج‌و ورچ‌و بەرازو رێوی‌و چەقەڵ
کوێرو کەڕو شەل‌و کەچەڵ‌و گۆج‌و گێڕو گوڵ
یەعنی گەورك‌و مەنگوڕو پیران‌و کاڵە موو
زەرزاو شکاك‌و مامەش‌و هەرکی سەگی گەرۆڵ
بۆ ماڵی کوردی هاتنە سەماو رەقس‌و پێکەنین
بەربوونە گرمەگرم‌و چەق‌و لوورو کۆڵەکۆڵ
وەك گورگی هارو برسی بڵاوبوون لە دەشت‌و دەر
دەخولێنەوە هەموو ئەشکەوت‌و خڕو شیوو دۆڵ

ئەنجا لایەنێکی دیکەی کارەساتەکە روون دەکاتەوە:

ئاوەل کراسی کیژو کچ‌و خانمی وەتەن
دایان رنین ئەوان دەسەبابانی قون ترۆڵ
سابلاغی دەستو پێ بە خەنەی قەت هەتاو نەدیو
رەنگین‌و نازەنین‌و سپی‌و سۆڵ‌و نەرم‌و نۆڵ
قازی‌و مەلا تاجیرو ئەسناف‌و ئەهلی شار
گیران بە سوغرە کەوتنە ژێرباری دارو کۆڵ
سەردارو کەیخودایی موکریان خەڵات کران
رانکێکی کون‌و لەتلەت‌و چۆغێکی بێ گرۆڵ

---

(2) سەرچاوەی پێشوو: ٧٤.

ئـــەو رۆژە غـــیرەتو شـــەرەفو دینـــی خـــۆت فـــرۆت
ئـــەی ئافـــەرین رەئـــیسو ئـــەمیرانی تـــوندو تـــۆڵ

٤. شانازی

کۆکـەیی لـە زۆر شـوێنی دیوانەکەیـدا شـانازی بـە خـۆیو بـە شـاعیریەتو بـەرەوانی تـەبعو سـەلیقەی خـۆی دەکـاتو بەخۆیـدا هـەڵ دەڵێـت، وەکـو لـەم نموونانـەدا روون دەبێتـەوە:

مـن کـە مـەعرووفم لـە گوڵـشەندا غـەزەل خـوانی ئەکـەم
جـاریٚ تـــەرحی نەقـشی ئـەرژەنگو دەمـیٚ مـانی ئـــەکەم
دەفعـــەییٚ مـــەیلی تـــەرەب تـــاویٚ موســـولمانی ئەکـــەم
گـــا هـــیٚ پـــەروازی بڵنـــدی ئـــەوجی رووحـــانی ئەکـــەم

دیوان: ١٤

چـییە سـا بەسـیە شـاعیر مـەوعیزەو شـیعرو غـەزەل خـوانی
مـــەتاعی تـــۆ هـــەمووی بـــیٚ قیمـــەتو بـــیٚ رەونـــەقو رەنگـــە
کـە شـعرت وەك سـەدەف فـەرزەن هـەموو پـڕبن لـە دانـەی دوڕ
لـــەلای ئەشـــخاسیو شـــكو بـــیٚ تـــەبیعەت ئاســـنو ســـەنگە
کـــە مـــەقبوولی جـــەنابی شـــێخو ئـــەربابی تەبیعـــەت بـــیٚ
نیگـــارین خانـــەیی نەققاشـــی چـــینو نەقـــشی ئەرژەنگـــە

دیوان: ٢٤

هـەر بـۆ نیشاندانی دەسـەڵاتو توانـای شاعیری خـۆی، لـە پارچـەیەکدا بـۆ (عـەزین) ناوێك دەنووسیٚ:

بـــۆ بـــە شـــارەت نەقـــدی جـــانو قیـــسمو ئـــەنواعی غـــەزەل
کامـــەیان چـــاکن بـــەوە بـــۆ تـــۆ ئـــەمن تـــەعزیم دەکـــەم
ئـــەووەلی شـــەو شـــێعری شـــوکرو نیـــوە شـــەو شـــێعری بـــەقا
ئـــاخری شـــەو شـــێعری حوســـنی عاقیبـــەت تـــەنزیم دەکـــەم
توتیـــی تـــەبعم بـــە یـــادی قـــەندی لـــوتفو ســـوحبەتت
شـــەککەر ئەفـشانە منـیش هـەر شـوکری تـۆی تـەعلیم دەکـەم

دیوان: ٨٩

٥. پەرێشانیو داخی دەروون

وەکو لە ژیاننامەکەیدا بۆمان ئاشکرا دەبێت، کۆکەیی بە درێژایی ژیانی دووچاری چەرمەسەریو نەگبەتیو نەهامەتی هاتووە. جگەرسووتان، وێڵیو دەربەدەری، هەژاریو دەست تەنگی، کوێریو نابیناییش دەبێتە سەرباری هەموو دەردان، بۆیە لە زۆر شوێنی بەرهەمە شیعرییەکانی تەعبیری رەوانو روونی ئەم حاڵەتی هەژاریو پەرێشانیەی بەدی دەکەین، هەست بە ناڵەو داخو کەسەرەکانی دەکەین:

مەڵێن یا شێتە یا مەستی شەرابو ئارەقو بەنگە
خەیالاتم پەرێشانە، دڵم تاریکە هەم تەنگە
مەکەن مەنعم لە هەوری بیری من بارانی خوێن بڕژێ
لە سەحرای سینەدا دیسان هەرایە شۆرِشە جەنگە
شەهی ئقلیمی بەدبەختی لە بۆ تەسخیری مولکی دڵ
هوجوومی کردووە تالب بە تاجو تەختو ئەو رەنگە

دیوان: ٢٢

لە تێکستی (سکاڵاو زایەڵە)دا زبانی شاعیر بەم شێوەیە هاتۆتە گۆ:

رووی زەمانەی بێ وەفا رەش بێ وەکو رووی مودەعی
بێ بەشی کردم لە سوحبەت کونجی میحنەت جێگەمە
ئاهی سەردو رەنگی زەردو میحنەتو جەورو جەفا
مونیسو یارو رەفیقو هەمنشینو هەمدەمە
کێوی کەللەم وەك دەماوەند دەمێ خاڵی نییە
یا بە تەم مەشغوولە یا مەشموولی هەورو ماتەمە
بۆ مەتاعی دیدە چاوم خوێن دەرِێژێ دەم بەدەم
رۆژی رووناکم شەوی تاریکو لەیلی موزلەمە
لەشکری فەقرو پەرێشانی هوجوومیان کردووە
دەورەیان داوم بە نێزەو خەنجەرو شیرو قەمە

دیوان: ١٠٣

شاعیر بە چاکی پەی بە زوڵمو ناعەدالەتی کۆمەلایەتی دەبات، بەتایبەت لە کۆمەڵێکی خێڵەکیو دواکەوتوودا بۆیە دەڵێ:

کـه مـن شـەمعی ئومێـدم کەوتـە نێـو فـانۆسی زولـمانی
بە من چی گەر چرای عالەم هەموو وەك رۆژی ئەنوەر بێ
کـه مـن شـاهی وجـودم بـەیتول حـوزنی وەحـدەت بـێ
بـە مـن چـی گـەر هـەمو دنیـا نیـزامو تـۆپو عەسـکەر بـێ
کـه مـن جـامی شـەرابم پـڕ لـە ژەهـری مـارو ئـەقرەب بێ
بـە مـن چـی شەربەتی تۆ پـڕ لـە شیرو شـەهدو شـەککەر بێ

دیوان: ٢١

شاعیر گلەیی لە دەست بێ وەفاییو وەرگەڕانی ڕێو رەسمو نەریتـە مرۆڤایەتییـەکان دەکات:

دەردی بێ دەرمانو سەرباری هەموو دەردی گران
بـێ وەفـایی دۆسـتانو ئینقلابی عـالەمە
رایەڵو پۆی تێکچووە ماشینەکەی چەرخی فەلەك
هەروەکو ئەوزاعی من ئاڵۆزو دەرهەم بەرهەمە

دیوان: ١٤

٦. ستایشو سەرزەنشت

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوو چەمكو مەبەستە دژ بەیەكو پێکەوە ناکۆکن، کەچی بەلای ئێمە دوو دیوی پێکەوە گرێدراونو لە بەرهەمی شاعیردا دوو مەبەستی هەرە گرنگو دیارو بایەخدارن، کۆکەیی شاعیرێکی رندو سالووك بووە، بەم دوو چەکە رووبەڕووی ناعەدالەتییەکانی دەوروبەرەکەی بۆتەوە، بۆ دابین کردنی بژێویو وەدەست خستنی لوقمەنانێك، کە ئەویش زۆر بـە زەحمـەت بۆی دابـین بـووە، جگـەر گۆشـەی خـوێنو دەمارو بیرو هۆشـی، واتـە قەسیدەو غەزەلـەکانی کردۆتـە شاباشی ئاغایـەك، وەجاغ زادەیـەك، خێرومەنـدو خێرخوازێـك بـەو هیوایـەی خـەڵاتو بـەراتێکی لـێ دەسـت بکەوێت، لەبەرامبەر ئەو کەسانەشدا کە قەدریان لـە خـۆیو لـە بـەهرەو هونەرەکەی نەناوە، ئەوا بەندو قافیەو بەیتـە مزرەکانی کردونەتـە پۆلوی ئـاگرو بـەری داونەتـە پووشـوی تـەبعو زەوقو سـەلیقەی وشـکیانو هێـرەی پێکـردوون، قـسەی مـزرو موستەحەقی حەواڵە کردوون، تا ببن بە پەندو عیبرەت لەناو ویلایەتدا. سەرەتا ئاوڕ لەلایەنی پیا هەڵگوتنو ستایش لە بەرهەمی کۆکەیی دەدەینەوە:-

لە باسی چاو تێری و بەخشایشی حەمەد ئاغای عەبباسیدا دەڵێ:

ئـەی سـەبا چـاوی سـەرم زەحمـەت بکێـشە تـا سـەرا
سـەهلە بـۆ تـۆ گەرچـی دوورەو پـێچ و هـەورازی هەیـە
بـۆ حـزووری مەرکـەزی ئـالی بـەنی عەبباسـیان
ئـەو جـەوادە شـۆرەت و تـەعریف و ئـاوازی هەیـە
مونعمێکـە ریـزە خـواری نیعمـەتی بـێ مینـنـەتی
خـۆش تـرە وەزعـی لـە ئاغایـەك کـە دەریـازی هەیـە

ئەنجا شاعیر دێتە سەر ئەسڵی مەبەست و دەڵێ:

پرتـەوی شـوعلەو شـوعاعی دایـرەو ئینعـامی تـۆ
بـۆ شـەوی تـاریکی ئـەو حـوکمی چـرا گـازی هەیـە
گەرچـی چـەن ساڵە لـە دەروازەی سـەرایی هیمـەتت
یـەك حقـوق و قیمـەتی بـێ کەسـرو سـەر ئـەفرازی هەیـە
مونتـەها ئـەو ساڵ لەبـەر دەخلـی کـەم و خـەرجی گـەزاف
ئینتیـزاری جـایزەی مەخـسووس و مومتـازی هەیـە

دیوان: ٥٠

هەروەها لە تاریف و ستایشی حەسەنی سەیفی قازی دا دەڵێ:

ئـەی حەسـەن ئـەی سـاحەبی وەجهـی حەسـەن
مەزهـەری فەرمایـشی جـەددول حەسـەن
یـانی فەرموویـە ئەگـەر خێرتـان دەوێ
(أطلُبُـوهُ مِـنْ ذَوِي الوَجْـهِ الحَـسَنْ)
تـا دەمێـنم دەس لـە تـۆ هـەڵناگرم
پـارەم کـەن بـە سـەیفی بولحەسـەن
هـیچ و پووچـە قیلوقـالی مـوددەعی
گـشتی بـێ ئەسـڵ و پـرو پـوچ و قـسەن
چـەندە پـێم خۆشـە ببیـنم دوژمنـت
پـێ لەسـەر کورسـی لەگەردنـدا رەسـەن

دیوان: ٥٦

هەروەکو لە شوێنێکی تردا بۆ (قازی حەمامیانی) نووسیومو دەڵێ:

قەڵـــەم هەســـتە بنووســـە بـــۆ حـــزووری حـــەزرەتی قـــازی
لـــە پـــاش عـــەرزی ســـەلامو ئیحتیرامـــاتو ســـەر ئـــەفرازی
لـــەوێ رۆژێ کـــە تـــۆ رۆیـــی لـــە شـــاری هیجرەتـــت فـــەرمو
وشـــك بـــوو نـــەهری شـــێعرو بـــەحری فیکـــرو نیکتەپـــەردازی

لە تاریفی (سەییدی شەمسی)یشدا دەڵێ:

ســـەییدی شەمـــسی کـــە شەخـــسێکی نەجیبـــەو موحتـــەرەم
واقیعـــەن شایـــستەیە گـــەر پێـــی بڵـــێین ئـــەهلی کـــەرەم
مـــن لـــەلام وایـــە کـــە نەیـــدیوە لـــە مەکتـــەب حـــەرفی لا
بۆیـــە کـــەس نـــەی بیـــستووە لـــەو ســـەییدە ئـــیللا نەعـــەم
کافییـــە بـــۆ مـــەتحی وی ئـــەمڕۆ لـــەنێو ئـــەم شـــارەدا
فیلمەســـــەل مـــــەشهوورە وەك نـــارولقوڕا فەوقـــەل عەلـــەم

دیوان: ٦١

سەبارەت بە میرزا کەریمی شاتریش گوتویە:

ئافـــارین (پاشاســـن) ئـــەی مـــیرزا کـــەریمی شـــاتری
ئیفتیخـــــاری خانـــــەدانو دوو دمـــــانی تـــــاجری
مەئخـــەزی ئیـــسمت ســـەبەب بـــوو ناتیقـــەی هێنایـــە کـــار
وەرنـــــە عـــــەزمم کردبـــــوو لادەم لـــــە خـــــەتتی شـــاعیری
فـــەخرە بـــۆ ئـــەربابی هیمـــەت گـــەر بـــە یـــادی نێـــوی تـــۆ
لێبـــدەن شـــامو ســـەحەرگاهان لـــە تـــەپڵی نـــادری
بـــا کـــەریمانی مـــەجازی پـــڕ بکـــەن بـــۆ ئیمتیـــاز
گـــوێ لـــە حەڵقـــەی بەنـــدەگی گـــەردن لـــە تـــەوقی چـــاکری
جەوهـــەری ئیکـــرامو حوســـــنی ئیحترامـــــت لایقـــــە
گـــەر بڵـــێم تـــۆ هـــەر لـــە خـــاكو بـــادو ئـــاوو ئـــاوری

دیوان: ٩١

ئـەم ئـەدگارە لـە بەرهـەمی کۆکەیـدا رووبـەرێکی فراوانـی داگـیر کـردووەو لـە نموونـەکانی وەکـو (کـاکی چەلەبی، بـۆ ئاغـای بلـووری مهابـادی، شـێعری قەشمـەرو جـەحێل، بۆ مـەلا حوسـێنی مەجدی، دۆزەخو جەننـەت، قەلعـەی ئەلـەموت، گـوڵو

گوڵزارو باغی ئەدەب)دا دووبارە دەبنەوە، دەردی گوتەنی[3] رەنگە هەندێ جار ستایش کراو لەکەر کەتر بوو بێت بەڵام شاعیر لەبەر موحتاجیو لە پێناوی نیو کیلۆ گۆشتدا، یا دوو کەللە قەند، یا کۆنە عەبایێكو دەستە لیباسێکی پەرپووت، هەستاوە بەناچاری شیعرو قەسیدەی پێشکەش کردووەو بە شانو باڵی خۆیو بنەماڵەکەیدا هەلگوتووە. دیارە زۆریش هەبوون کە پیاوی خێرومەندو چاكو قەدرزانی شیعرو شاعیری بوونو لایان لە شاعیر کردۆتەوەو دەستی پیاوەتییان لە ئاستیا نەگێڕاوەتەوە. بەڵام خەڵکانێکی سەقیلو قرچۆكو چرووکیش هەبوون کە دەستیان بە روویەوە ناوەو لە ئاست بانگو هاواری شاعیر گوێیان کەڕکردووە، ئەویش مەردانە لە حەقییان هاتووە، بەتایبەت ئەو بەناو خەلیفەو قازیو کەسایەتییە نەفامو نەزانە ویژدان مردووانەی دڵ رەقییان لە بەرامبەریا نوواندووەو لەبەر خۆشەویستی پوولو پارە هیچ خزمەتێکیان بە شیعرو شاعیری لەبەرچاو نەگرتووە، یا ئەو عێلو تیرەو تایەفانەی لەبەر خۆ خۆریو بەرژەوەند پەرستی هیچ کۆمەکێکیان بە ڕێبازی گەلو نیشتمان پەروەری لەبەرچاو نەبووە. شاعیر دلێرانە، بێ ترسو دڵەراوکێ پەردەی شەرمەزاری لەسەر رەفتارو هەڵسوکەوتی نالەباریان لادەدا.

لە قەسیدەی (سێلاوی بەدبەختی)دا شاعیر کاتێك بە وردی وێنەی ئەو کارەساتە جگەر بڕە دەکێشێ کە لافاو بەسەر شاری مهابادو دانیشتووانەکەیدا هێناوە، کەچی ئەوەش لە بیر ناکات کە لەولاوە کەسانێکی نەفس نزم هەبوون کە بەناو لەخوا ترسو زاهیدیش بوون، ئەو دەرفەتەیان بەهەلْ زانیوە بۆ تاڵانو بڕۆو ماشتنەوەی کەلو پەلو ماڵی خەڵکی لێقەوماو، لاشیان وابووە دەسکەوتو غەنیمەتێکی موفتو حەڵاڵە:

وەکو فەینو غەنیمەت بۆ مەتاعی موفتو بێ قیمەت
دەیان هێنا بەبێ زەحمەت بە بارو کۆڵو عەرڕادە
لە بۆ یەك تۆپە چیت بوو خۆی دەخستە چۆمو بن گۆمێ
ئەوەی خەڵکی دەیانگوت ئەهلی زیکرو فیکرو ئەورادە
بەلێشاوی دەهێنا ماڵی ئاوبردەی موسولمانان
لە لاشی وابوو سەرکردەو رەئیسی جەیشی زوهادە
کە دەتگوت چت لە چیت، داوە حەرامە پیسە مورداره
دەیانگوت نیعمەتێکە موفتو ماڵێکی خودا دادە

دیوان: ٤٣

(3) چێشتی مجێور: ٣، ٤٥.

شاعیر لە ریسواکردنی هەڵمەتی عێلانی تالانچی بەناو کوردو هاونیشتمانی، بۆ سەر شاری مەهاباد لەکاتی شۆڕشی سمکۆدا، لە هیچ ناپرنگێتەوە، قسەی وایان پێ دەڵێ شستو شۆیان دەشکێنێ:

بـــۆ مـــاڵی کـــوردی هاتنـــە ســـەماو رەقـــس‌و پێکـــەنین
بەربوونـــە گرمـــەگرم‌و چـــەق‌و لـــوورو گۆڵـــە گـــۆڵ
وەك گـــورگی هـــارو برســـی بڵاوبـــوون لـــە دەشـــت‌و دەر
دەخولێنـــەوە هـــەموو ئەشـــکەوت‌و خـــڕو شـــیوو دۆڵ
بـــۆ کاڵـــە کـــۆن‌و ناڵـــە شـــکاوی فـــڕێ دراو
خۆیـــان دەخـــستە ئـــاوو ئـــاورو ژێـــر ئـــەرزی چـــاڵ‌و چـــۆڵ
پـــوول‌و ئەســـاس‌و دەوڵـــەت‌و مـــاڵی نـــە کـــەم نـــە زۆر هیـــچیان
نەهێـــشت‌و بۆمـــە نـــەما غـــەیری خـــاك‌و خـــۆڵ
عـــێلات کـــە رووی رەشـــە لـــە شـــەرەف پـــاکی بـــێ بەشـــە
ئـــەمما بڵـــێن بـــە خـــان‌و خـــەوانین‌و مـــیرو قـــۆڵ

کۆکـەیی لـە ئاسـت دڵرەقـی‌و گـوێ پێنـەدانی خەلیفـەی گونـدی ئێنـدرقاش بـە داواکارییەکانی لێی تووڕە دەبێت‌و لە چەند شوێنێکدا زۆر چاکی دەشێلێت:

خـــەڵاتی نـــارد خەلیفـــەی دەســـت‌و پـــێ رووت
عـــــەبایێکی رزیـــــوو کـــــۆن‌و فـــــەرفووت
کـــە تێفکـــریم ســـەنەی تـــەئریخی عـــومری
موعاســـیر بـــوو لەگـــەڵ تـــالووت‌و جـــالووت
بـــە حـــوکمی زەرەبینـــیش نەتـــدەزانی
کـــە عەســـلی پەمپەیـــە یـــا پـــەشمی مـــەخلوت

دیوان: ٧١

هەروەها لە باسی رەوشت‌و خووی خەلیفەدا گوتویە:

لـــە بـــاب‌و فەســـڵی تـــەزویرو ریـــا هێنـــد چوســـت‌و چـــالاکە
هـــەموو کـــەس خـــۆ دەپـــارێزێ لـــە مـــەکرو کەیـــدو تـــەزلیلی
وەکـــو جـــەردەی موســـەللەح دەچـــتە ســـەر رێگـــەی موســـولمانان
بـــە ئیمـــان ئیکتیفـــا ناکـــا دەکـــا نـــەزعی ســـەراویلی

هـــەموو رۆژێ لـــە مەکتەبخانـــەیی تـــەدریس‌و تەدلیـــسی
دەنووســـن ســـەد جـــەوازی نـــومرە یـــەك روتبـــەی عـــەزازیلی
بـــە ریـــش‌و ســـورمەت‌و عەمامـــەو شـــکڵ‌و هـــەیولائی
بـــە لـــەحنی نـــازك‌و قـــەوڵی ئـــەکازیب‌و ئـــەباتیڵی
فریـــوی جـــاهیلی وەحـــشی دەدا بێـــچارە نازانـــێ
مـــەقام‌و مـــەنزلی ئیبلیـــسە ریـــش‌و پـــێچ‌و مەنـــدیلی
(أیـــا مَـــن قُلـــتَ إن الـــشِعرَ عـــصیانٌ ونقْـــصانٌ)
(لکُمْ إحْسـانکم یـا لائمي نقْصي وذنبي لـي)

دیوان: ٧٢

کەسانێکی بەمـەزەو خـۆش زەوق دەچـنە بـن کلێشەی مامۆسـتا کۆکـەیی‌و وای بـۆ دەهۆننەوە کە جەنابی مەلا حوسێنی مەجدی سەرۆکی زانایانی مهاباد زەمت دەکات، مەلا مارفیش نایکاتە نامەردی ئەم چەند دێرە نەستەقەی حەواڵە دەکات:

خـــواهیش دەکـــەم بڵـــێن بـــە جـــەنابی مـــەلا حوســـەین
زۆر عـــەیب‌و حەیفـــە لـــە بۆمـــە بـــەعزێ قـــسان بکـــەین
ئـــەو زەمـــی مـــن بکـــات‌و مـــن مـــەتحی ئـــەو بکـــەم
تێکیـــش بگـــەین کـــە هەردوکمـــان درۆ ئەکـــەین

دیوان: ٩٨

٧. بابەتی کۆمەڵایەتی

گۆڕان‌و نوێبوونـەوەی شیعری کوردی لـە دوای جـەنگی جیهانیی یەکەم لـە گـۆڕانی ناوەڕۆکـەوە دەسـتی پێکـردووە، کاتێـك مەبەسـت‌و بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکانی چـاکەخوازی‌و زانـست پـەروەری‌و بـانگی عەدالـەت‌و یەکـسانی لـەژێر کاریگـەری ئاڵوگۆڕەکـانی جیهـان‌و ژیـان‌و دەستکەوتەکانی شارستانیەت چـەکەرەی کردۆتـە نـاو شـیعری کـوردی‌و دەروازەی تـازەی بـەڕوودا کردۆتـەوە، هـەر ئەمـەش بۆتـە مایـەی رەنگدانەوەی بابەتگەلێکی جۆراوجۆرو تاڕادەیەك جیاواز لەگەڵ پێشوو لە نـاوەڕۆك‌و مەبەستەکانی شیعری کوردییەوە، کە هەر ئەم ئاڵوگۆڕو پێشکەوتنە لە پاشانا دەبێتـە مـاکی گـۆڕان‌و نوێبوونـەوە لـە شـیعری کـوردی لـەباری شـێوەو روخساریـشەوە. بابەتگـەلێکی لـە وێنـەی زانـست پـەروەری‌و، چاکـسازی کۆمەڵایـەتی لـە ریـزی مەبەستەکانی شیعری کۆکەیین‌و لێرەدا ئاوڕیان لێ دەدەینەوە.

شاعیر لە تێکستێکیدا رووی قسەی لە رۆڵەکانی میللەتەکەیەتی‌و داخ‌و کەسەر بۆ هەژاری‌و نەخوێنەدەواری‌و دواکەتووییان هەڵدەرێژێ، ئەنجا داوایان لێدەکات کە ئاگاهی پەیدابکەن‌و رووبکەنە زانیاری‌و سەنعەت‌و باوەش بۆ دەستکەوتەکانی شارستانیی بکەنەوە:

بیشۆنەوە پێم چاکە بە سابوونی سەداقەت
ئەم چڵکی نیفاقە لە دەم‌و چاوو لە دەستا
ئیقدام‌و قیامێکی بکەن روو بە سەنایع
هەر بۆ مەیە تەنیا کە بەهار بۆتە زمستان
ئەورۆ لە فونوون‌و هونەرو عیلم‌و سەنایع هەرکوردە
کە بێ حیسەیە باقی هەموو وەستان
بڕوانە لە نووری هونەرو شەمعی مەعاریف
تاریکە شەویش بۆتە قەمەرستان

دیوان: ١٧

لە بارەی رەوشت‌و خوی نالەباری کۆمەڵێ کوردەواری شاعیر زۆر بە توندی دەدوێ‌و زیادە رۆیی دەکات کاتێك کە دەڵێ:

من لە داخی کوردی بەد ئەخلاق‌و بێ عیلم‌و سەواد
یا دەبێ بمرم وە یا هیجرەت بکەم بۆ کێوی قاف
عونسورو ماهیەتی ئەم قەومە هەر کیبرەو غروور
هیچ لەباریاندا نییە غەیری درۆو لاف‌و گەزاف
حەق نەناس‌و ناسپاس‌و بێ ئەساس‌و بێ حەواس
موفسیدو ئەهلی غەرەز مایل بە جەورو ئیعتیساف
کەس نییە پێیان بڵێ ئەی پڕ نیفاقی بێ ویفاق
تابەکەی تو خودا هەتاکەی ئەو شیقاقەو ئیختیلاف
غەیری کوردی بێ تەعسوب میللەتی دنیا هەموو
بوونە ساحێب سەروەت‌و عیلم‌و سەوادو مووشکاف

گ / نیشتمان، ژ/٢٠:٣

هەروەها گلەیی لە سەرۆك‌و سەرکردەکانی عەشایەری کورد دەکات کە نەیانتوانیوە رێبەرایەتی میللەت بکەن بەرەو پێشکەوتن‌و سەرفرازی.

لەبەر بێ فیکرو ئیقدامی رەئیسانی عەشایر بوو
کە رۆژن بۆتە زوڵماتی شەوی تاریکی دەیجووری

هـــەموو میللـــەت گەیـــشتنە مـــەنزڵی مەقـــسوودو خۆشـــنوودی
فەقـــەت کـــوردن بـــە جـــێ مـــاون بـــە مـــەحروومی بـــە مـــەهجووری
عـــەزیزم ئیفتخـــاری خـــاریجی هـــەم عیلمـــە هـــەم ســـەنعەت
بـــە ملیـــۆن‌و بـــە فرســـەخ تـــۆ لـــە عـــیلم‌و مەعریفـــەت دووری
تەماشـــاکە لەبـــەر شـــوعلەی چـــرا بـــەرق‌و ئەلـــەتریکی
کـــورەی ئـــەرزی هـــەموو یەکپارچـــە بۆتـــە یـــەك کـــورەی نـــووری

گ/ نیشتمان، ژ/٥: ١٩

٨. کوردایەتی

شاعیر سەرباری ئەوەی کە خۆی گوتەنی (پیری‌و فەقرو بێ چاوی) بازییان پێی کردووەو برستیان لێ بڕیوە، بەڵام مەسەلەی نیشتمان‌و میللەتەکەشی خەم‌و سەودایێکی زیندوو بووە لە بیرو لە دەروونیدا، بەتایبەت ئەو لە رۆژگارو سەردەمێکدا ژیاوە کە کوانووی بزووتنەوەی کوردایەتی لە سلێمانی‌و لە موکریان لەگەشانەوەو پەرەسەندن دابووە، کۆکەیی مرۆڤێکی هوشیارو بە ئاگا بووە، ئاشنای باس‌و خواستی (حیزبی هیوا)و بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (گەلاوێژ) بووە، دواساڵانی تەمەنیشی هاوکاتە لەگەڵ پێکهاتنی کۆمەڵەی (ژێ. کاف)و بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (نیشتمان)، چەند تێکست‌و پارچە شیعری کوردایەتیشی لە ژمارەکانی ئەو گۆڤارەدا بڵاوبۆتەوە. لێرەدا ئاماژە بە هەندێ لایەنی کوردایەتی لە شیعری کۆکەییدا دەکەین:

لە شیعرێکدا کە بۆ (کۆمەڵی هیواو حەرفی ژ.ك)ی گوتوە دەڵێ:

ئـــەی خودایـــە بـــۆم بنێـــری قاســـیدێکی ســـینە ســـاف
بـــچێتە خزمـــەت کۆمـــەڵی هیـــواو حـــەرفی ژێ‌و کـــاف
پـــێیر نـــەبێ بـــڕوا لـــە قـــەولی مـــن بـــچێ پێیـــان بڵـــێ
ئـــەی مـــودیری ئیتیحـــادو ئـــەی مـــەداری ئیئتـــیلاف
هیممـــەت‌و ئەورۆکـــە بـــێ، ئەورۆکـــە رۆژی غیرەتـــە
دەســـت بدەینـــە دەســـتی یـــەك رووبکەینـــە مەیـــدانی مەســـاف
رەفعـــی زوڵـــم‌و حیفـــزی نـــاموس‌و حقـــوقی میللـــەتی
چـــاکترە ســـەد مەرتەبـــە لـــە زیـــارەتی بـــەیتی تـــەواف
یـــا بـــە ئـــازادی‌و بـــە شـــادی دەچـــنە نـــاو حەڵقـــەی میلـــەل
یـــا لەســـەر کورســـی ســـەرو مل دەچـــنە نێـــو حەلقـــەی تـــەناف

گ/ نیشتمان، ژ/ ٣: ٢١

هەروەها شاعیر نوقلانە بۆ دەرچوون و بڵاوبوونەوەی هەردوو گۆڤاری (گەلاوێژو نیشتمان) لێ دەدات و دەڵێ:

لـــە شـــەوقی نیـــشتمان و شـــوعلەی ئەســـتێرەی گەلاوێـــژە
برینـــــی رووح و قـــــەڵب و قـــــاڵبم فیلجوملـــــە ســـــارێژە
ئەگـــەر بـــاوەر دەکـــەن یـــاران ســـەدای تـــەپڵی بەشـــارەت دێ
مـــەڵێن ئـــەم شـــاعیرە دێوانەیـــە یـــا شـــێتە یـــا گێـــژە
دەڵـــێن ئـــەو کـــاروانی قافیلـــەی کـــوردی وەپـــاش کـــەوتوو
کـەمی مـاوە ئـەجاتیان بـێ لـە ئـەم هـەورازو ئـەم لێژە

ئەو بانگەوازەی شاعیریش لەکاتی خۆیدا (برا بییری چراییکی بکەن بیکەن بە جەمهووری) هەتا لەپێش پێکهاتنی کۆماری کوردستانیشەوە بووە، وەکو دروشمێکی زیندوو لە دڵی مێژوودا ماوەتەوە وەك مەشخەڵێك بۆنەوەکانی دوای خۆی، کاتێ دەڵێ:

لــە رۆژنامــەی مــودیری کــە چ مــەداری چــەرخی شــەفتووری
ئەنوســێ رۆژی کــوردی کەوتــە ئــەوجی بــورجی بــێ نــووری
بـــرا بـــیری چـــراییکی بکـــەن تاریکـــە شـــەو دادێ
قیـــامێکی بکـــەن تـــا فرســـەتە بیکـــەن بـــە جـــەمهووری
کەســـێ میللـــەت پەرەســـت و خـــاوەنی فکـــرو سیاســـەت بـــێ
تـــەرەققی میللـــەت و ئاسایـــشە مەقـــسوودو مـــەنزووری
یـــەقینت بـــێ لـــەباوەش نـــاگری قـــەت شاهیدی مەقـــسوود
هـەتاکو پـێ نەنێتـە مـولکی ئـازادی بـە مەسـرووری

گ/ نیشتمان، ژ/ ٥: ٢٠

باســـی دووەم

نـــاوەرۆکی شـــیعری ســـەیفی قـــازی

سەبارەت بە ناوەرۆك مەبەستەکانی شیعری سەیف لە مێژووی ئەدەبی کوردیی د. خەزنەداردا هاتووە: (بەشێك لە مەبەستەکانی شیعری کلاسیکی شاعیر لەگەڵ هەندێ ناوەڕۆکی نوێ بە جووتە لە شیعریدا رەنگیان داوەتەوە، ئەو لەسەر رێگەو شوێنی کۆنەکان نەرۆیشتووە بەڵکو زۆربەی مەبەستەکانی تێکەڵ بە یەکتری کردووە، لەمەدا کارێکی باشی کردووە چونکە لەگەڵ رێبازی شیعری ئەو دەمە رێك کەوتووە بەوەی مەبەستی شیعری لە قاووغی تەسکی چوارچێوەی کلاسیکی دەرهێناوەو بەشێوەی لیریکی تازە بابەت خستوویەتیە روو).[4]

١. شیعری ئاینی:

شاعیر لە ستایشی پەروەردگاری مەزندا دەڵێ:

بـــۆ تۆیـــە هـــەر بـــە تۆیـــە دەتـــوانم بکـــەم ســـەنا
رۆژو شـــەوێ تـــۆ دێـــنی دەبـــەی مـــەغریبو عیـــشا
گـــەورەو گـــرانو بـــێ کـــەسو بـــێ جـــێو بـــێ مـــەکان
بـــۆ بـــێ کەســـان کەســـی بـــۆ بـــێ جێیـــەکان پـــەنا
تـــەنهاو بـــەر قـــەراری هـــەر بـــووی‌و هـــەر دەبـــی
بـــێ ئـــارەزوو و نیـــازی، بـــێ بـــابو بـــێ بـــرا
بـــێ وێنـــە ســـانعێکی بـــە ئـــەمرێ دروســـت دەکـــەی
ئینـــسان لـــە ئـــاوو گـــوڵ لـــە گـــەڵاو لـــە گـــل گیـــا
هەرچـــی پـــەڕی گوڵانـــە لـــە بـــۆ زیکـــری تـــۆ زمـــان
هەرچـــی گـــەڵای بـــەدارەوە، دەســـتن لـــە بـــۆ دوعـــا

دیوان: ٢٤

---

(4) مێژووی ئەدەبی کوردی، بـ٥: ٣٤٥.

لە خۆشەویستیو نەعتی پێغەمبەردا دەڵێ:

بەخـــسووس شـــەفیعی ئێمەیـــە ئـــەو خۆشەویـــستەکەت
شـــابازی دەشـــتی مـــەروە، شـــەهی شـــارەکەی ســـەفا

هـــــەردەم ســـــەڵاتی زۆرو ســـــڵاوێکی بـــــێ ئـــــەژمار
دیـاری بـێ بـۆ رووحـی پـاکی تـۆ ئـەی فـەخری ئـەنبیا
مەقـسود لـە خـەڵقی عالەمـە هـەر زاتـی پـاکی تـۆ
خـەڵکی هـەمووی توفـەیلی هـەر تـۆی کـە بـانگ کـرا
چـــوونە حـــووزورو هاتنـــەوەت لـــەحزەیێکی گـــرت
لـــەو جێگـــەدا مەلـــەك بـــە گـــەلێك کەتنـــە دوا
هاتوچـــو، بیـــستی، کـــوتی، زوو گەڕایـــەوە
ئالقـەی دەرهـەر دەلـەرزی، چـرای مـاڵی هـەرگڕا

سەیفی قازی موریدو مەنسووبی شێخی بورهان بووە، لەوبارەوە لە پێشەکی دیوانی سەیفدا هاتووە: (هەموو ساڵێك بۆ ماوەیەك خۆی گەیاندۆتە خانەقای شەرەفکەندو ژیانێکی پڕ لە چلە کێشیو عیبادەتی رادەبوارد، خانەقا بۆ ئەو شاعیرە سەودا سەرە رووگەی هیواو هومێدو جێگای خۆڵ ماڵ کردنی گیانو لابردنی ژەنگو ژاری دڵ بوو).(5)

شاعیر سەبارەت بە پایەو مەقامی ئەو پیاوە وەلیو خواناسەدا دەڵێ:

ئەگـــــەر دەتـــــەوێ دنیـــــاو قیامـــــەت
رووی خـــۆت لـــەو دەرکـــە قـــەت وەرمـــەگێڕە
هـــەر کـــەس دەپـــەنای شـــێخی دانـــەبێ
حییـــزی نەفـــسیە شـــەیتان پێـــی فێـــرە
هـــاتنی ئـــەو دەرکـــەوت قـــەت لـــە دەس مـــەدە
ســـەرو مـــاڵی خـــۆت بێـــرە بـــسپێرە
نێـــوی شەمـــسەددین رۆژە کـــە هەڵـــدێ
هـــەر وەك چەکـــچەکی هەڵـــدێ ئـــەو کـــوێرە

دیوان: ٤٩

---

(5) دیوانی سیف القضات: ١٧.

٢. شیعری دڵداری و جوانی

مەبەستی دڵداری لە بەرهەمی شاعیر دوو ڕێچکەی وەرگرتووە، بەم شێوەیە:

أ. غەزەل/ شاعیر لە هونەری غەزەلیاتدا هەر لەسەر ڕێوشوێنی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی ڕۆیشتووەو لەم مەیدانەدا شاگردی نالی و وەفاییە.

دەبا ساتێکی ساکیت بێ لە ناڵین قەلبی خوێنبارم
دەبا تاوێکی فاریغ بێ لە گریان چاوی غەمبارم
هەتاکەی غەرقی سێلاوی سریشك و ئەشکی خوێنین بم
دەبا جارێك بە گۆشەی چاوی مەیلێکی بکا یارم
دەرم کەی گەر لەلای خۆت یا جوێنم پێ بدەی ناچم
بە زنجیری دوو گیسوت چونکە پابەندو گرفتارم
بە نای ناڵەو بە سینەی چەنگ و تاری غەم موهەییا بووم
بڵێن بۆ سەیری ئەو بەزمە دەمێك باوا بێ دڵدارم

دیوان: ٤١

لە شوێنێکی دیکەدا شاعیر لە ڕەنج و دەردی دڵداری دەدوێ:

قەدی یا سەروی جۆباری ئەتۆ ئەی زولفی لاولاوی
سەراپا حەڵقە حەڵقە وا لە باڵای بەرزی هاڵاوی
هەموو گیانم بریندارە بە حەملەی تیپی موژگانی
دڵم شەیداو پەرێشانە لەتاوی زوڵفی شێواوی
خەراپم کرد ڕوح و ماڵم، دڵم دانا دەپێناوت
دەسا قوربان بفەرموو بۆچی ئەمڕۆ لێمە تۆراوی
کەلام و عیشقی تۆ بوو باعیسی مەشهووری حوسنی ئەو
کەچی ئێستا وەکو زوڵفی لەبەر پێدا فڕێ دراوی
لەبی وەك قەندی شیرینە، جەبین وەك عەقدی پەروینە
دو کوڵمی لالەیی حەمرایە، ڕوی وەك تیغی خوێناوی

دیوان: ٤٢

ب. لیریکی دڵداری خۆماڵی/

هەندێ لە شیعرە دڵدارییەکانی شاعیر لەسەر شێوەی لیریکی جوانیو ئەڤینو دڵداری خۆماڵین، هەم لەباری کێشو مۆسیقاوە هەم لە رووی زمانی کوردی پەتیو شێوازی کرمانجی خۆماڵییانەی ناوچەی موکریان، ئەم لیریکانە سوارو پاراوو بە ئاهەنگن، وەسفی جوانیو دلگیری یارو دڵبەریش بە وێنەو گوزارەی روونو پاراو خراونەتە روو:

کوڵمە سوورەکەی گوڵە مێلاقە
لە دەوری خاڵان بەڕێز بزمێرە
زوڵفی وەك شەوەی رۆژی کردمە شەو
چرای سەر کوڵمەم لە بۆ رادێرە
لە باغی حوسنت وەختی زەکاتە
فەقیری خۆتم هەر بۆ من خێرە
بە رستەی زوڵفان دڵم نێچیرە
لە دارو بەردی بەس دە، مەیگێڕە
هەر ناڵەی منە لە دۆڵو نەوالان
نەك فیتەی شوانو دەنگی بلوێرە

دیوان: ٤٨

لە وەسفی جوانیو نازداری شەنگە بێریو کابانو کیژانی خاتوونی لادێی کوردەواریدا دەڵێ:

لە دەوری سەریان دەسرۆکەی هەوری
وەك مانگی چاردە لە نێوان هەوری
کەوتە سەر پیلان چارەکەی نوێژی
کە شەهەوری کرد لە دەوری رۆژی
دەسماڵی ملیان پشتێندی شلیان
چنارو لاولاو چاوی بە کلیان
زوڵفان لەسەر شان تێك چرژان پرژان
لەشکری چینو ژاپۆن تێك رژان
زوڵفان لە دوویان وەك رەشمار دەخشان
شەو نین وەك شەوە بە رۆژ دەدرەوشان

٣. وەسفی سروشتی کوردستان و ژیانی کۆمەڵایەتی

شاعیر عاشق و سەوداسەری سروشتی کوردستان و ژیانی دێهاتی کوردەواری بووە، بۆیە کاتێك پلەی خوێندنی مەلایەتی تەواو دەکات ماڵەکەی دەگوێزێتەوە بۆ لادێ، لەوێ بە کشتوکاڵ و ماڵ و مەڕدارییەوە خەریك دەبێت، لە باغ و بێستانداریدا کارامەو لێهاتوو بووە، (گوندەکەی بە باغ و مەزراو مێشەو چنارستان و بەندو ئاش و خانوبەرەی خۆش و دلگیر رازاندبووەو بەهەشتێکی شاعیرانەی بۆ خۆی پێك هێنابوو).[6] شاعیر لە هۆنراوەی لیریکە خۆماڵییەکانی رازاوەیی سروشتی کوردستان و ژیانی دێهاتی تێکەڵاو دەکات و ئەو وێنەو دیمەنانە پێکەوە دەکێشێ، لە تاریفی حەوزو کانیاوەکانی کولتەپەو سەیرانگاکانیدا دەڵێ:

بـــــۆ ســــــەیری "دەروو" دەروونم خوێنـــــــــە
بـــــۆ "کــــــانی ســـــپی" فرمێـــــسکم ســـــوێرە
"کـــــانی بەردینــــــە" ئـــــاوی حـــــەیاتم
بـــــە "کانیــــــەی قــــازی" دڵــــم زەنـــــوێرە
کـــــانی لەتافـــــەت " زنــــــەی بـــــەرباغی"
کــــانی گەوهــــــەرە مەعــــــدەنی زێــــــرە
لــــە یــــەنگی دنیــــا تــــاکو کەڵتەگــــە
هەڵاڵـــــەو بــــەیبوون سوێـــــسن و شــــلێرە
لــــە دوور دیـــــارە چــــل ئەســـــحابەکەی
بنــــەی دونــــدی رەش جـــێ لانـــی شـــێرە
جێـــــی وەك کولتەپــــەی تەپــــەی کەڵانـــــە
رێ پێلگـــــــەی میــــوان، مەســـــکەنی مێـــــرە

دیوان /٤٩

لە قەسیدەیەکی دیارو ناوداریدا، باس لە زستانی سەختی کوردستان و ژیانی ئاژەڵداری لادێنشینی کوردەواری دەکات، کە نیشانەی شارەزایی و کارمەیی شاعیر

---

(6) سەرچاوەی پێشوو: ١٥

نیشان دەدات لە ژیانی سەختی جوتیاران و زەحمەتکێشانی لادێو[7] بەم جۆرە دەدوێ:

هەوا بە حاڵم وەك کێوان دەگری
بە تەرزەو بەفرو باران و هەوری
عەرزیش لە بۆ من هێندەی قورپێوا
بەهاری دەگەڵ زستان لێ شێوا
گیاو گوڵی مێرگان بۆم سیس و زەردبوون
بۆ شینی کێوان کەوان هەمدەرد بوون
با لە کێوو دەشت خۆڵ وسەر دەکا
گریانی کێوان بەحران پڕ دەکا
داری مێشەو باغ بەفر دایپۆشین
پاك دەڵێی مردوون کفنیان پۆشین
کەوی کوێستانان لە قاسپە کەوتن
بێ هۆش بوون یاخۆ خەویان لێ کەوتن
چیرەو جریوەی چورەو چۆڵەکە
نایەو نەیان ما هێلانەو هێلکە
لەگلەگ لەگەل کەوت نەما تەقتەقی
سیرۆش لە سیرەو فیتوو چەقچەقی
پاك پەشیمانن لە بۆ گەرمێنێ
بۆ چ دەهاتنەوە عەمرو نەمێنێ

لەو زستانە ساردو پڕ لە وەیشوومەو بەفرو زریانەدا، حاڵی مەڕو ماڵات و وڵساتی جوتیاری خۆڵبەسەر دەبێ چۆن بێ:

هێندە لاوازن مەڕو ماڵاتیان
قوربانی ناکرێن نادرێ زەکاتیان
گا لەبەر کزی هەڵناگری نیری
نە مەڕ ماستی ما، نە مانگا شیری
لۆك چەمبەرەی بوو، ماینش مشمشە
گا گوێ رەپەی گرت، گامێش خشخشە

---

(7) هەواری خاڵی : ٣٨

کەڵو گامێشیان بوونە چەکچەکی
وشتریان بەعەین بێچووی لەگلەگی
لەبەر بێ هێزی لە ترسی سەرما
پشتێندیان بەستن هەمووی جل کرا
بزنو مەڕ رووت بوون وەك سوورەساقە
یەك‌دانوو دەیکوشت یەك بەڵەباقە
نایە فیتەی شوان لەسەر شەوینێ
میگەلان چێشتان لە کوێ دەنوێنێ

ئەنجا یادی هۆبەو هەوارو خێڵ بەرەو زوورو کوێستانی ساڵانی پێشوو دەکات، کە ئەوێستا بەفرو زستانی ساردو قڕانە مەڕی ئەو ساڵ نەیهێشتووە:

کوا پیرۆت ئاغا سەر خێڵی کوردان
لە قولەسەنی ڕا بچێ بۆ کوێستان
کوانێ سەید سەمەد ئەو مەردی رەشید
بۆ ماین بلاغ بڕوا بە تەمهید

لە کوێیە تاغی ئەو چادری جوانی
تیپ تیپ میوانی سەر سفرەو خوانی
کوێر بم نابینم خێڵ بەرەو خواران
تەقلەو رمبازیو هەوهەوی سواران

حاڵی کرمانجو ئاغاواتی لادێ نشین لە ساڵی قڕانە مەڕو زستانی وەیشوومەدا وەکو یەك دێتە بەرچاو:

شەماڵو زریان دایم شەڕیانە
ئاغاوات شڕن کرمانج قڕیانە
زستانی ئەو ساڵ دیارە پێنج مانگە
مەڕو کاو گیا بڕا لە دانگە
تەویلەو هۆڵو هەیوان هەڵوەشان
پووشو ئالاشو قامیش دەرکشان

دڕا بـــه گــــاران وەك وێنجــــەی نوخـــشان
خــــرا بـــۆ مــــەڕی لەدانگـــــەو حەوشــــان
کرمــــانج دەوڵـــــەتی پــــڕو پاتـــــاڵ بــــوو
کۆچـــی دێ بـــەدێ بـــه مــــانگو ســــاڵ بـــوو

دیوان: ٥١ — ٥٣

لـه بـاسو وەسـفی بـەزمی شـاییو زەماوەنـدی لادێـی موکریانـدا شـاعیر ئـەم وێنـەو دیمەنانەمان پیشان دەدات:

جلیـــــت بـــــازان لەلایـــــەك هاتـــــه
لـــــه ترســـــی داری وان پـــــشتی فەلـــــەك کـــــووڕ
لەلایـــــەك نێـــــزه بـــــازان حەملـــــەوەر بـــــوون
لـــــه هەیبـــــەت وان دەدەن چـــــەرخو فەلـــــەك ســـــوور
لەلایـــــەك نرکـــــەیی زوڕنـــــاو دەهۆڵـــــه
لەلایـــــەك ناڵـــــەی نـــــەی دێـــــتو ســـــەنتوور
لـــــه دەوری شـــــاییدا دوژمـــــن لـــــه حەســـــرەت
وەکـــــو گـــــۆلی مـــــەڕی دەس کـــــەن بەســـــەگ لـــــوور

وەکـــــو ڕێـــــی کەهکەشـــــان ڕێـــــزی مەجمـــــەعان
کـــــه دێـــــن دادەنـــــێن بـــــەو دابو دەســـــتوور

دیوان: ٦٢

٤. **کوردایەتی/** هێمنی شاعیر سەبارەت بەو لایەنه له شیعری سـەیفی قازیـدا گوتویـه: (سەیفی قـازی لـه شـێعری نیشتمانیو شۆڕشگێرانەشـدا یەکـەم شـاگردی قوتابخانـەی شـاعیری نـەمر فەیلەسـووفی زانـاو ڕوونـاکبیری کـورد حـاجی قـادری کـۆیی بـووە، لەمەڵبەنـدی موکریـان شـاعیرێك ناناسـین پـێش ئـەو شـێعری نیشتمانی، ئـەویش ئەوەنـده حەماسـی دانابێ).[8] شـاعیر لـەو قەسـیدەیەدا کـه ستایشی خـواو نـەعتی پێغەمبـەری تیـادا کـردووە لەدواییەکەیـدا بایداوەتـەوە سـەر کوردایـەتیو حـاڵی پەرێشانی ئەو میللەته پیشان دەدات، لەمبارەیـەوە د. خەزنـەدار دەڵـێ: (حەسـەن بـۆ

---

(8) سەرچاوەی پێشوو: ٣٥.

یەکەمجار لە مێژووی ئەدەبی کوردی غەرەزەکانی شیعری کلاسیکی کوردی تێکەڵاو کردووە، لە موناجاتدا کوردایەتی دەکات و لە ئیلاهیاتدا سۆزی نیشتمانی دەربڕیوە)*.
بۆیە هەر لەو قەسیدەیەی کە ستایشی خواو پێغەمبەری تێدا کردووە، هاتۆتە سەر کوردایەتی و دەڵێ:

کــــوردین و بـــێ کەســـــین و لەهــــەر لایـــە دەرکـــــراو
دەســـتێ وە دەس مـــەدە، کـــە لـــە ڕێـــت نێمـــە لانـــەدا
یـــانی نـــە موڵـــک و ماڵـــە لـــە بۆمـــە نـــەحاڵ و بـــاڵ بـــێ
جـــاهو بـــێ جـــەلال بـــێ حـــاڵ و بـــێ ســـەلا
لێمـــە نەشـــاوو ئـــەمیرە، نەســـەردارو نـــە وەزیـــر نـــە
حـــاکم و نـــەنایب و ســـەرتیپ و نـــە ســـوپا
هەریـــەک غـــولام و نۆکـــەری بێگانـــە میللـــەتێک
زیـــرو کـــزو کەنـــەفت و کەســـیفین و بـــێ نـــەوا
نیمانـــە مەرکـــەزێکی کـــە پـــاڵی پێـــوە دەیـــن
نـــە مـــەزن و گـــەورەیێکی کـــە بۆیـــان بـــەرین پـــەنا

دیوان: ٢٦

دوای ئەوەی شین بۆ شێخانی شەهیدی شۆڕشی (١٩٢٥)ی کوردستانی تورکیا دەگێڕێ، دەکەوێتە سەر هاندانی ڕۆڵەکانی میللەت بۆ خەبات و بەرخۆدان:

ئـەو ژینـی بـەو ڕەزالەتـە بـۆ چـیتە چـاوەکەم
بپـسێین لـەرێی نـەجاتی وەتـەن بـا بـە نێـرو مێـو
سەرچـــوونی تـــەختی ڕۆینـــی ســـەرداری پێـــدەوێ
خۆشـــیمە لـــەو شـــەهادەتی شـــێخانە نێـــو بـــەنێو
کـــوان شـــێرە کوردەکـــان کـــە لـــە ترسـیان دەلـەرزی عـەرز
کـــێ بـــوو لـــە شـــامێ شـــا بـــوو، لـــە میـــسرێ ببـــۆ خـــدیۆ
ئـــــازادی، ســـــەربەخۆیی، مـــــیری و گـــــەورەیی
داوا بکـــەن بـــەزارو زیـــان و ددان و لێـــو

دیوان: ٣٦

---

* د. خەزنەدار لە دانیشتنێکدا لە سابلاغ و لە ماڵی سەلاحەدینی ئاشتی لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٩/٣٠دا بەم شێوەیە باسی لە سەیف کرد.

لەکاتی هاتنی لەشکری سوور بۆ ناوچەکانی موکریان‌و ڕووخانەوەی دەسەڵاتی شاهەنشاهی‌و، ئەو دەرەتانە ئازادی‌و ئاسوودەییەی بۆ خەڵکی موکریان هاتەدی، شاعیر نوقلانە بۆ لەشکری سوورو ستالینی پێشەوای دەوڵەتی سۆڤیەتی لێ دەدا:

کوردینە ئەورۆ ڕۆژی گەپ‌و شادییە
لەو نیعمەتە کە بۆ مە ستالینە حامییە
دەستی وە ئێمە داوە کە چیدی زەلیل نەبین
بانگمان دەکا کە ئێرەکە جێی ئیتمینانییە
ئەو میللەتە ڕەشیدە کە پۆڵداشی وای هەبێ
بۆ قەمع‌و قەلعی هەرچی ئەوروپایە کافییە
کوردینە مژدە لێو کەچی دی زەلیل نەبین
میر جەعفەریش بە ئەمری وی بۆ ئێمە هادییە

دیوان: ٦٩

لە پارچەیەکی دیکەدا بەشان‌و باڵی سیستمی سیاسی سۆڤیەتی ئەو کاتەدا هەڵ دەڵێ:

بۆ مەدحیان بەسە کە کەسی بێ کەسان ئەون
بۆ میللەتی زەعیف هومێدو هاناوییە
کاری بە دەستی خۆیەتی هەر میللەتێکی بێ سەردا
دەنێن لە بۆیە لە ڕێی کەس نەماوییە
قەفقازو ڕووس‌و ئۆزبەک‌و تفلیس‌و ئیرەوان
تاجێک‌و تات‌و ترکەمەن‌و هەرچی ناوییە

هەر کەس بە ملک‌و میللەتی خۆی شادو ڕازاییە
ئازادی، سەربەخۆیی وەها پێ دراوییە

دیوان: ٧٣

شاعیر لەجێگەیەکدا باس لە ژیانی ڕەزاڵەت‌و دەردی سەری خەڵکی موکریان دەکات لەژێر سێبەرو سایەی ڕەزا شادا کە جل‌و بەرگ‌و داب‌و دەستووری کوردەواری قەدەغەو یاساغ کرابوون:

کاری کوردان هەر خۆزگە بە پارە
هەر کەس بە دەردێک چوو گرفتارە
جەمعێك بە بیانووی تەجدیدی نەزەر
سەرگەردان کران لە قاپیەو لەدەر

لـــــەتاو مـــــــەشموولی كـــــوردی موكريـــــان
كـــــچيان ئـــــارەزوو لــــــەجياتی كوڕيـــــان
لــــــە خــــــەڵكی دەدەن كوانـــــێ كــــــڵاوت
بۆچـــــــت لەســـــــەرنا شــــــــەدەی بــــــڵاوت
يــــــەكی دی دەگـــــــرن ســــــجيلت كوانـــــێ
مـــــاڵی قاچـــــاغت لەســـــــەر دوكانـــــێ
تــــوتنی نووســـــراوت بـــــۆ كــــێ بـــــردووە
ئيمـــــزای ماليــــــەت كــــوا وەرگرتـــــووە
هێنــــــدە پــــــووڵ درا بـــــۆ دەفعـــــی شـــــەڕيان
بــــــەتاڵ بــــــوون جێــــــبو گيرفـــــانی پڕيـــــان
لــــــەتام چــــــۆتە دەر مـــــــەزلومی كــــــوردان
خودايــــــــە روحمێـــــــك بــــــە چـــوك ورديـــــان

ديوان: ٨٠

٥. نامەی شيعری:

لە بەرهەمی شيعری سەيفی قازيدا كۆمەڵێك نامەی شيعری هەن، كە بۆ دۆستو ئاشناكانی ناردووە. لەم نامانەدا خۆشەويستیو سۆزێكی راستەقينە بەدی دەكرێت، شاعير چەند نامەيەكی بۆ عەزيز ئاغای هاوڕێی هۆنيوەتەو كە جگە لە دەربڕينی هەستی دۆستیو خۆشەويستی، كۆمەڵێك باسو بابەتی جياجياشی لە نامەكاندا دەربڕيوون. لێرەدا دەورێكی شيعرنامەكانی شاعير دەكەينەوە:

لە يادی عەزيز ئاغای هاوەڵی دەڵێ:

كوێـــــستانی دووريــــــت هــــــەر زەردو ماهــــــە
تــــــەرتو لابــــــەلا رژدو هەڵـــــــدێرە
بــــــاری فيراقــــــت پــــــشتی شــــــكاندم
بەســـــــــەرما دادێ دەڵێـــــــی تــــــاوێرە
ســــــەرباری دووريـــــت شـــــانمی جـــــدەوكرد
بـــــــەتاو توورەكــــــە بــــــەهۆرو تێـــــرە
وەك مــــــەجنوون لــــــە دوت كەوتمــــــە كێـــــوان
رەفــــــيقم گــــــورگو پلـــــنگو شـــــێرە

بـــۆ هـــــەر جـــێ دەچـــی دڵ بەدوتـــــەوە
کۆنــــــە راوکـــــەرە دیـــــارە شــــوێن گێـــڕە
عیــــــشقت لەســـــەرم قــــەت ناچــــێتە دەر
لەســـــەر سەریــــــشم بگێـــــڕن گێـــــرە

دیوان: ٤٩

هەروەکو لە شیعرەکانی سەیف دا بەدیار دەکەوێت (هاوڕێیەتیو برایەتی لەگەڵ عەزیز ئاغای عەباسی گەیشتۆتە رادەی دڵداری سۆفیزمی)،[9] بۆیە زۆر بە سۆزو جۆشو پەرۆشەوە لەچاوەڕوانی دیداریدا دەڵێت:

عـــــەزیز ئـــــارەزووت زۆری بـــــۆ هێنـــــام
فرمێـــــسکم ســـــــووربوو زەردی رووی لێنـــــام
دیـــــسان بـــــە ئـــــاوری دووریـــــت کەوتمـــــە گـــــیر
دنیـــــام لـــــێ ســـــاردبوو بـــــوو بـــــە زمهـــــەریر

دنیـــــا وا پـــــڕ بـــــوو لـــــە بـــــەفرو ســـــیخوار
فرمێـــــسکی ســـــوورم بـــــە ســـــپی هاتنـــــە خـــــوار
تـــــا ناهومێـــــد بـــــووم لـــــە هـــــاتنی زوت
جـــــەرگم بـــــۆ پۆلـــــو هەناســـــەم بـــــزوت

دیوان: ٥١

لەبواری نامەی شیعریدا دەگوترێت کە (شاعیرانی کورد لە کۆنەوە زۆر شیعرنامەیان بەکار بردووە...زۆربەی نامەکاری شاعیرانیش لەمەڕ پێوەندی دوو کەسو بۆ دۆستیو لەیەك حاڵی بوونە، بەڵام هەمیشە – وێڕای ئەو باسانە چمکی بەسەرهاتو مێژووی قۆناغێکی ژینی نەتەوەی گرتوە).[10] بۆیە شاعیر لەنامەکانیدا بۆ عەزیز ئاغای هاوڕێی وێڕای دەربڕینی سۆزی خۆشەویستی دۆستانەی نێوانیان دەپەرژێتە سەر باسو بابەتی ژیانی دێهاتو باغو مەزراو کشتوکاڵو ئاژەڵداریو تا بەوە رادەکات تاریفی جوانانو نازدارانی کوردەواریش دەهێنێتە گۆڕێ. لەولاوەش کۆمەڵێك پەندو ئامۆژگاری دادەدا بۆ جوتیارانی لادێ تا بە مشوورو کارسازو دەست رەنگین بن، جگە

(9) مێژووی ئەدەبی کوردی، بـ٥: ٣٥٦
(10) ئەدەبی نامەنووسیی کوردی، بـ١: ٦١

لەوەش شاعیر لەو نامانەیدا بۆ عەزیز ئاغا باس‌و خواستی ئازادی‌و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وڵاتان بۆ هاورێکەی دەگێڕێتەوە، هەر لەو نامەیەی کە لەپێشەوە چەند دێڕێکمان بە نموونە لێ هێنایەوە، شاعیر باس لە ئازادی‌و یەکسانی ژنان دەکات لە وڵاتی فەرەنگی‌و دەڵێ:

بـــــۆ فوتبـــــاڵ دەچـــــن، ســــیرك‌و تیــــاتر
کـــــچ لـــــە پێـــــشەوە کـــــوڕان لـــــەدواتر
کـــــچ‌و کـــــوڕ تێکـــــەڵ هـــــەروەك شـــــەکرو شـــــیر
پیـــــاوو ژن ژینیـــــان وەك یـــــەك جـــــوان‌و پـــــیر
وەرزش زۆرانـــــی دەگـــــەڵ یـــــەك دەگـــــرن
عـــــەیب‌و عـــــار نیـــــە نابـــــێ تێـــــك فکـــــرن
باســـــك راســـــت دەکـــــەن خـــــۆ دادەنـــــوێنن
ســـــینگ رەپـــــێش دەکـــــەن لاقـــــان هەڵـــــدێنن
ئـــــەوجار هـــــەر کـــــەوتن بـــــۆ کـــــور لایقـــــە
لەســـــەر یـــــا لـــــەژێر هـــــەر ئـــــەو فایقـــــە
ژن‌و پیـــــاو وەك یـــــەك زەحمـــــەت بکێـــــشن
فـــــەرەنگی بـــــەوەی لێمـــــە لـــــە پێـــــشن

دیوان: ٥٨

شاعیر لە وەڵامی دێرە شیعرێکی سڵاونامەی حاجی کاکە رەحمانی فەیزوڵڵابەگیدا گوتویەتی:

خـــــەیاڵی هیجـــــری ئێلخـــــانی کـــــە دەکـــــرێ
دڵـــــی گـــــەورەو بـــــچووکی مـــــە گـــــڕ ئـــــەگرێ
ویـــــساڵت چـــــۆن نییـــــە بـــــۆ مـــــن مویەســـــەر
ســـــڵاوت بـــــۆ دەنێـــــرم لێـــــرە تـــــا دێ

دیوان: ٥٦

لەنامەیەکی شیعریدا کە بۆ عەلی بەگ سالار سەعیدی حەیدەری هۆنیوەتەوە، بەم جۆرە نامەکەی بەکۆتا دێنێ:

خـــــوا بکـــــا دائیمـــــەن وا شـــــادمان بـــــی
عـــــەزیزی ئـــــارەزووت خـــــۆی بـــــێ لـــــەرێی دوور
هەمیـــــشە دێیەکـــــەت وا ئـــــاوەدان بـــــی

ولاتـــــی دوژمنـــــت ویـــــران‌و خـــــاپوور
لــــه داشـــــالوجه ڕا حـــــوجرەی فـــــەقێیان
لــــه دووری مەوتـــەنی تـــــۆم زارو ڕەنجـــوور

دیوان: ٦٢

شاعیر وەڵامی نامەیەکی عەزیز ئاغای ناوبراوی هاوڕێی بەم شێوەیە داوەتەوە:

نامــــەی گرامیـــــت حـــــەزرەتی نـــــامی
پـــێم گەیـــشت لــــه دەســـت شەخـــسێکی نـــامی
نامـــــەی گرامیـــــت وەختــــێ پـــێم گەیـــشت
هێنـــــدە کـــەیف خـــۆش بـــووم دنیــا تـــێم گەیـــشت

تاوەکو دەڵێ:

ســــایەی عـــــەزیزی هـــــەر کـــــەس لەســـــەر بـــێ
لـــــەنێو گـــــشت ســـــەران دەبـــــێ ســـــەروەر بـــێ
خزمـــــەتت دەکـــــەین ئێمـــــەش تـــــاکو هـــــەین
تـــۆش دەرســـــان بڵـــێ بـــەبێ کـــەین‌و بـــەین

دیوان: ٦٨

باسی سێیەم

ناوەڕۆکی شیعری مستەفا شەوقی

وەکو ڕاستییەك لە پێشەوە ئاماژە بۆ ئەوەکرا کە بەرهەمی شیعری شەوقی لەباری ناوەڕۆکەوە خەسڵەتەکانی شیعری ڕۆمانتیکی پێیەوە دیارو ئاشکران، لەمەوەش بەزەحمەت دەتواندرێت هێڵی جیاکەرەوە لەنێوان مەبەستەکانی شیعری شاعیر، بە پێڕەوی شیعری کلاسیکی کوردی، بکێشرێت. نەخاسمە کاتێك کە دەبینین شاعیر سۆزو خۆشەویستی نیشتمانو نەتەوەکەی کردۆتە هەوێنو تێکەڵ بە هەموو مەبەستەکانی شیعری کردووە. لەم بارەوە د.خەزنەدار نووسیوویەتیو دەڵێ: (شیعری مستەفا شەوقی لە ڕووی ڕووخسارەوە بەر تەسكو دیاری کراوە، هەروەها لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە تەنیا لە دڵداری دەدوێنو بە گیانی نیشتمان پەروەریو کوردایەتی موتوربەکراون، واتە ناوەڕۆکیان مەبەستی دڵداریو سیاسییە، بەڵام هەردوو مەبەستی تێك ترنجاندووە بەجۆرێك یەکێتییێکی پتەوی لەنێواندا دروست کرووە، لە یەکتری جیانابنەوە، بینینو خاسیەتەکانی شیعری ڕۆمانتیکی ئەوروپا لە شیعری مستەفا شەوقیدا ڕوونو ئاشکران، بەشێوەیەك چێژو خەیاڵی ئەوروپایی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە ڕەسەنایەتی ئەو شیعرەی پاراستووە).[11] لێرەوە گەشتێك بەناو گوڵزاری شیعری مستەفا شەوقیدا دەکەینو تیشکی ڕووناکی دەخەینە سەر هەندێ لایەنو مەبەستەکانی شیعری:

١. شیعری دڵداریو خۆشەویستی:

شاعیر هەستی ئەڤینو خۆشەویستی یارەکەی لە چەند پارچەیەکی لیریکی لە شێوەی غەزەلدا هۆنیوەتەوە وەکو لە هۆنراوەی (لە بۆ هاوالّی ماتەمدار)دا دەڵێ:

بۆچ دەناڵێنی، لەسەر لێوت لە بۆچ بارکەوتووە
لەشکری زولفت کە خاوو کاڵە بۆچ ڕووی گرتووە
ئاهی تۆ وەك بای سمووم هاتو قەلّبی دادڕیم
ئەی فەلەك گریەت کە ئەو جارە بۆ وات کردووە
چەندە مەحبووبە لەسەر ئەندامی سەروت جلکی ڕەش

---

(11) مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٥: ١٥٥.

تـۆ بـه فرمێـسکی خـوێن ئـەو ڕەنگـە ڕووت بـۆ شوشـتووە
ڕەنگـی تـۆ خـۆ زەردە زولفـت کاڵـە قامـەت مامەشـی
یا لـەنێو پایتـەختی ڕۆمـی سوێـسنەو پشکوتووە

لە هۆنراوەی (وەرەقێك لە دەفتەری خاترات)دا شاعیر دیسان بە زمانی دڵ، دڵدارەکەی دەدوێنێ:

فیـدای چـاوت عـەزیزم ئەوڕۆکـە حـاڵم پەرێـشانە
لـە دووری تـۆ دوو دیـدەم غـەرقی خوێنـە بـەحری عوممانـە
عەجـەب کۆرپـەی دڵـم نـادا هـەدا شـەوگاری تـەنهایی
نـەباتی قەنـدی لێـوی تـۆی دەوێ بێـچارە بـێ زمانـە
بـەناز سـاتێ وەرە دەسـتێ بنـێ سـەر قـەڵبی مـەجرووحم
خەناوی بێ بە سووری پەنجەکانت ڕەنگی مەرجانە

ئەنجا لە کۆتاییدا هەموو ئەدگارەکانی جوانی بە یارەکەی دەبەخشێتو دەڵێ:

مەلاحەت خەتمە سەر تۆ گەرچی وەك نێوت لە چاو دووری
لە بۆ شەوقی دوو کوڵمی پڕ فسوونت تازە دیوانە

لە پارچە غەزەلی (مەگەر لێم عاجزی) دەردی دڵ لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەکاو لە شێوەی دیالۆگدا لێی دەپرسێ:

لـەمن بـۆ چ زیـزی عـەمرم؟ چـاوەکانم مـاهی تابـانم
تـەوێڵت بۆچـی گـرژە یـا چ قـەوماوە چـیە تـاوانم
لـە پێـشا پێـشی تـابووری مـوژەت هـەردوو بـرۆت کـەچ بـوو
دەڵـێ بـۆ تیپـی عاشـق زوڵفـەقارە تیغـی بـۆڕڕانم
کەمەنـدی زولفـی خـاوت چـونکە بازووبەنـدی بازوومـە
چ حاجەت واعیزی سەر زڵ بە ئەفسوون بەستی دەستانم

ئەنجا لە کۆتایی پارچەکەدا شاعیر بەم شێوەیە وەڵامەکانی دەسگیر دەبێتەوە:

بەڵێ شەوقی کە کوردە چاو بەخوێنە قەت هەدانادا
بە خوێنی چاوەکانم سوور بووە چاکی گریبانم

لە پارچە لیریکەکانی شەوقیدا، بەشێوەیەکی قووڵ تەعبیر لەو هەستو سۆزانە کراونەتەوە کە دیاردەی جوانیو خۆشەویستی لە دەروونی شاعیردا وروژاندویەتی، لێرەدا (گرنگ خودی هەستو سۆزەکان نییە بەهەردوو دیوی سلبیو ئیجابی، بەڵکو ئەو کاردانەوە پڕ لە کاریگەرییەی ناخی شاعیرە کە لە دەرەوەیدا وەردەگیرێ).[12]

٢. کوردایەتی

شەوقی بە یەکێك لە پێشەنگەکانی شیعری سیاسیو نیشتمانیی ناوچەی موکریان دەناسرێتو لەم بارەوە لە لێکۆڵینەوەکەی هێرشدا لە گۆڤاری (گزینگ) سەبارەت بەو مەسەلەیە هاتووە، (ئەوەی راستی بێ لە کوردستانی موکریاندا سەرەتای شێعری نیشتمانیو سیاسی لەپێناو ئامانجو بوژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی، هاوکات لەگەڵ داگیرسانی شەڕی جیهانیی یەکەمدا بەهۆی دوکتۆر مستەفا شەوقی دەستی پێکردووە).[13] شاعیر لە هۆنراوەیەکی دا بە نێوی (فەریاد) کە بە (مناسەبەتی قەتلو عامی رووسان لە سابلاغێ) نووسراوە، دیارە مەبەستی رووداوەکانی ساڵی ١٩١٥یە،[14]شاعیر لەدوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ئەو رووداوەداو لە شاری موسل هۆنراوەکەی هۆنیوەتەوە کە تیایدا دەڵێت:

وەرە تا شەرحی ئەحواڵی دڵی خۆمت لە بۆ بێژم
وەرە تا من بە فرمێسکم بشۆم بۆت پەردەیی تاری
عەلیم الله لە پاش تەشریفو چوونی تۆ لە سابلاغێ
وەتەن وێرانو ماڵ سووتاو و کیژێ بێ لاوو خوێن باری
دەنێو مێرگوڵەکاندا سوێسنی زەردو هەڵاڵەی سوور
لە باغو باخچەکاندا بولبولی شەیداوو پاساری
بەزوڵمو جەوری دوژمن بوو بەهاریان زەردە پاییزێك
لەبێ روحمیو دڵ سەختی بەباریان بار لە لێو باری
لە ئاغایانو ئەشرافو مەلایان کەس نەما ئەورۆ
لەسەر ئەنقازی ماڵیان خۆ دەخوێنێ کوند بەبێ عاری

گ/ ژین، ژ/٢: ١٢، ١٣

---

(12)موسوعة نظرية الادب – الشعر الغنائي: ٦.

(13) رەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانیو سیاسی لە موکریان: ٦٤.

(14) تاریخ مهاباد: ٧٨.

لە هۆنراوەی (هاواری دایکێ) شاعیر بەشێوەیەکی دراماتیکی وێنەی نەوجەوانێکی کوردی خەواڵو نیشان دەداو دەیەوێ دەمارەکانی هەستی نیشتمانپەروەری بێنێتە جۆش‌و خرۆش‌و لەپێناوی ئازادی‌و سەربەخۆییدا بکەوێتە کارو تەقەلادان.

بەهار هات‌و نەشئەی بای وەعدەیە عومرم تەماشاکە
لەبەر ماڵی وەسیعی مولکی بابت دەنگی سەمتووری
سەدای هات‌و نەهات دەنگی زەنگۆڵ قۆری کاروانە
کە یارت کۆچی کردو دەستە داوێن هێشتە مەهجووری
چلۆن سەبرێ دەکەی گەر یاری تۆ بدزن لە ماڵی تۆ
لەنێو بێگانەکان تەشهیر بکەن نێو بەندو بەر مووری
وەکو باپیرە گەورەت حیفزی نامووست لەسەر شەرتە
کە دایکت پیرو خوشکت مردو ماڵت چوو لە خاپووری

دیارە هۆکاری ئەم دیلی‌و پەرێشانییەی حاڵ‌و باری کوردان لەلای شاعیر هەر (دەردە کوردە)ە کوشندەکەی (جەهل‌و غەفلەت)ە کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا باوە، بۆیە لەو روانگەیەوە شاعیر داوای داماڵینی ئەو زنجیرە دەکات کە باسك‌و بازووی نەوجەوانانی کوردی پێ بەستراوە:

بەڵێ زنجیری دەستت جەهل‌و غەفڵەت بوو رەقیبی تۆ
بە ئەفسوون بەستی قۆڵت چونکە زانی مەست‌و مەسحووری
ئەوێستا تا لە بێخەی رۆهەڵاتی تاو هەڵات رابە
بە ئازایی نەجات دە دەستی بەستراوت کە مەغدووری
سەلاحی کاری تۆ سەعیەو عەمەل بابی نیگەهبانت
بە رووناکی چرای عەزمت برۆ بۆ شاری شاپووری
دەژینێ حەقی خۆت سابیت بکە بۆ یارو ئەغیاران
بە دەسترە بسترە فرمێسکی شەوقی‌و چاوی بێ تووری

گ/ ژین، ژ/ ١: ١٤، ١٥

لە تێکستی هۆنراوەی (حەسبوحاڵ دەگەڵ وەتەن)دا، کە لە دیمەنێکی مەزاری شەهیدی کوردەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ، شاعیر دەڵێ:

خـــەملیوە لەســـــەر قـــەبری جـــەوانان گـــوڵو لاڵـــە
یــــا ســــووریی خوێنـــە کـــە بڵێـــی رەنگـــەکی ئاڵـــە
پـــێش تابـــشی خورشـــیدی فەلـــەك وەقتـــی بـــەهاران
وەك چـــاو لـــــە فرمێـــسکی منـــە قـــەترەیی ژاڵـــە
ئـــەی بـــادی ســـەبا هەســـتە گوزەرکـــە بـــە وەتەنـــدا
پەخـــشان بکـــە ســـەر ئـــەرزی وەتـــەن بـــۆنی گوڵاڵـــە
بابێـــتو بـــە تەئـــسیری فـــسوونی نەفەســـی تـــۆ
وەك غونـــچە بپـــشکوێ دەمـــی ئـــەو کـــوردە کـــە لاڵـــە
بابێـــتو ســـبەینان ئەلـــەمو دەردی شـــەوی هـــەجر
بێـــژێ، کـــە لـــەوەی پـــاش خـــەوی مـــە، مـــەحزی وەباڵـــە
قـــەهری فەلـــەكو جـــەوری رەقیـــبو ســـتەمی دۆســـت
سەرناســـیەیی پـــڕ شـــکەنی کـــرد بـــە قەباڵـــە
چـــارت نییـــە ئەوڕۆکـــە ئـــەتۆ دەســـتە شـــکاوی
بـــەد مەســـتیی مـــەی بـــوو کـــە شـــکا جامو پیاڵـــە
شـــەوقی وەرە لـــەو غوربەتـــە مائیـــل بـــە وەتـــەن بـــە
بـــێ خـــاکی وەتـــەن عیززەتـــی تـــۆ مـــەحزی خەیاڵـــە
بـــەم کـــاکۆڵی رەش رەنگـــە کـــە بـــۆزی فیراقـــە
بـاڕام بـێ لـە بـۆت فـەزڵو هونـەر چـونکە حەڵاڵە

گ/کوردستان، ژ/ ٥: ٥٦

ئەم تێکستە لەباری مەبەستی نیشتمانیو سیاسییەوە (یەکێکە لە پڕ ناوەرۆکترین هۆنراوەکانی شاعیرو شەوقی دەمی کوردی لاڵی بە خونچەیەکی نەکراوە چوواندوە کە تەنیا بای سەبا "کە پەیامی شاعیر خۆیەتی" دەتوانێ بیپشکوێنێو وەك گوڵاڵە کە بیرخەرەوەی خوێنی هەزاران لاوی کوردە، زمانی حاڵیان بێتە ئاخاوتنو وەخۆکەوتن، داوای ئازادیو سەربەخۆیی بکەن).[15]

شەوقی لە شەوقی زیندووبوونەوەی کۆمەڵەی (هێڤی)دا، دوا بەدوای کۆتایی هاتنی جەنگ، هۆنراوەیەکی بەنێوی (جەوانان) هۆنیوەتەوە کە لە سەرەتایەوە دەڵێ:

---

(15)رەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانیو سیاسی: ٦٥

هەڵــــستاون جـــەوانانی وەتـــەن دیــــسان بـــەبێ بــــاکی
لــــە حەســـرەت دەردی کۆنـــە مـــوڵکی بابیـــان هاتنــە چـاڵاکی
دەدڵ عـــەزمو لەســــەر شـــۆڕی جـــوانی هـــاتوو دەخـــوازن
کــە بـرژێنن لەســـەر خـــاکی وەتـــەن خوێنییـــان بەســـەر پـاکی
بـلاّ تێـر ئــاو ببــێ بــەو خوێنــە سـووره گـوڵ لــە مێرگـوڵان
بــە شـوعلەی نـووری ئومێـدیان وەتــەن بابێتــە ڕوونـاکی

ئەنجا لە کۆتاییدا ڕۆڵی (هێ وی) لە یەکخستنی ڕیزی ئازادیخوازانی کورد دەخاتەڕوو، کە چۆن ناوو ناوەڕۆك بوونەتە یەكو مایەی ئومێدی لاوەکانی گەلی کورد، کە شاعیر خۆیشی یەکێکە لە ڕیزی ئەوان:

لـــەنێو جوانـــان لـــە پێـــشدا شـــەوقی بێـــچارە وێـــستاوە
بــە نــووری حــوببی مەوتــەن دڵفــرووزەو هاتــە ڕوونــاکی
لەڕێگای دەوری (هـی وی) یـەعنی ئومێـد دەسـت بـە دەسـت دەگـرن
بە عیلمو مەعریفەت تێر ئاو بکەن جا خاکەکەی پاکی

گ/کوردستان، ژ/ ٩

بەرلەوەی باسی ئەم لایەنە لە شیعری شەوقی بەکۆتا بێنین ئەو سەرنجەی هێرش دێنینەوە کە دەڵێ (شەوقی یەکێکە لە ئاڵا هەڵگرانی قۆناغی ڕۆشنگەری، کە زوڵمو زۆری داگیرکـەرانو دوژمنـانی کـورد لـەلایێكو چـەند دەسـتەییو پاشـکەوتوویىو نەخوێنـدەواری کۆمەڵگـەی لـە لایێکـی دیکـەوە کاریـان تێکـردووەو هەسـتیان هارووژاندووە، بۆیـە بنـەمای بیرو بۆچوونی نەتـەوەخوازی لە تـەواوی شێعرەکانیدا هەست پێدەکرێ، ئەو لەباری شێعرەوە نەك تەنیا ئارمانج خوازە بەڵکو بە کردەوەش پیاوی کارو تێکۆشان بووە).(16)

---

(16) سەرچاوەی پێشوو: ٦٦.

ئه‌نجام

له‌ كۆتایی ئه‌م لێكۆڵینه‌وه‌یه‌دا گه‌یشتووینه‌ته‌ كۆمه‌ڵێك ئـه‌نجام و ده‌تـوانین له‌چه‌ند خاڵێكدا ده‌ستنیـشان و چـڕیان بكه‌ینـه‌وه‌و بیـان خه‌ینـه‌ روو، كـه‌ مـۆرك و تایبه‌تمه‌نـدی به‌رهـه‌می شیعری ئـه‌م قۆناغـه‌ی نیـوه‌ی یه‌كـه‌می سـه‌ده‌ی بیـسته‌م لـه‌ تاقیكردنه‌وه‌ی ئه‌ده‌بی ناوچه‌ی موكریان پێك ده‌هێنێ ئه‌ویش به‌م جۆره‌یه‌:

١. نه‌وه‌ی یه‌كه‌می گه‌وره‌ شاعیرانی ناوچـه‌ی موكریـان لـه‌ وێنـه‌ی (وه‌فـایی، حـه‌ریق، ئه‌ده‌ب) له‌سه‌ر بنه‌ماو بناغـه‌ی قوتابخانـه‌ی شیعری كرمـانجی خـواروو، ئـه‌زموونێكی شیعری به‌بڕشت و ده‌وڵه‌مه‌نـدیان لـه‌و ناوچـه‌یه‌دا داهێنـاوه‌ و بـه‌رپا كـردووه‌، ئـه‌نجا پایـه‌كانی ئـه‌م ئه‌زموونـه‌یان بـه‌ جـۆرێ داڕشـتووه‌ كـه‌ دوای ئـه‌وانیش بـه‌رده‌وامی هه‌بووه‌و چه‌ند نه‌وه‌ی دیكه‌ی له‌شاعیران پێگه‌یاندووه‌.

٢. نیوه‌ی یه‌كه‌می سه‌ده‌ی بیسته‌م له‌ ناوچه‌ی موكریان ڕێنیسانسێكی رووناكبیری و ئه‌ده‌بی له‌ئارادا‌هه‌بووه‌ كه‌ سێ شاعیری ناوداری ناوچه‌كه‌ وه‌كو (مـه‌لا مـارفی كۆكـه‌یی – سـه‌یفی قـازی – مـسته‌فا شـه‌وقی)ڕێبه‌رایـه‌تییان كـردووه‌، ئه‌مانـه‌ هه‌رسـێ كۆڵه‌گه‌كه‌ی ئه‌م جولانه‌وه‌ شیعرییه‌ پێك ده‌هێنن له‌و ماوه‌یه‌دا.

٣. سـه‌باره‌ت بـه‌ هونـه‌ره‌كانی روخـسارو نـاوه‌ڕۆك له‌به‌رهـه‌می شـیعری شـاعیرانی نـاوبراو كۆمـه‌ڵێك گـۆڕان و داهێنـانی تـازه‌ بـه‌دی ده‌كـرێ كـه‌ بوونه‌تـه‌ هـه‌وێنی ره‌نگڕشتنی بزووتنه‌وه‌یه‌كی نوێ له‌ ره‌وتی به‌رده‌وامی شیعری كلاسیكی كوردی لـه‌و ناوچه‌یه‌دا.

٤. ئه‌م بزووتنه‌وه‌ تازه‌یه‌ی شیعری ناوچه‌ی موكریان له‌و ماوه‌یه‌ له‌باری هونه‌ره‌كانی روخساره‌وه‌ له‌زمان و شێواز و وینه‌ و بنیات و ئـاوازی شـیعرییه‌وه‌ بـه‌دیار ده‌كـه‌وێت، وه‌كو چۆن لـه‌باری ناوه‌ڕۆكیشه‌وه‌له‌پاڵ مه‌بـه‌سته‌ ته‌قلیدییـه‌كانی شیعری كلاسیكی، مه‌به‌ستی شیعریی تازه‌ش هاتۆته‌ نـاوه‌وه‌، له‌وانـه‌ تێكـه‌ڵاوكردنی گیـانی كوردایـه‌تی و خۆشه‌ویستی نیشتیمان و میلله‌ت په‌روه‌ری له‌ته‌ك شیعری ستایشی ئـاینی و شـیعری عاشـقانه‌ و وه‌سـفی سروشـتدا، وه‌ك به‌تایبـه‌ت لـه‌ناوه‌ڕۆكی شـیعری سـه‌یفی قـازی و شـه‌وقیدا ده‌دره‌وشـێته‌وه‌.هـه‌روه‌ها بابـه‌تی شـیعری تۆمـاركردنی مێـژووی كاره‌سـات وپه‌رێشانی و داخی ده‌روون و شیعری سه‌رزه‌نشت و بابه‌تی ره‌خنه‌ی كۆمه‌ڵایـه‌تی كه‌ له‌به‌رهه‌می مه‌لا مارفدا ره‌نگی داوه‌ته‌وه‌.

٥. شیعری ئەو دەورەیە لە چوارچێوەو سنوورو دەستوورەكانی شیعری كلاسیكی كوردی تێپەڕیوە و مۆركی لیریكی شیعری تازەبابەتی بەخۆیەوە گرتووە لەڕووی روخسارو تەكنیكی شیعرییەوە، هەروەها لەباری ناوەڕۆكیشەوە پەلی بۆ لیریكی سیاسی و نیشتیمانی و رەخنەی كۆمەلایەتی هاویشتووە.

٦. خاسیەتەكانی ئەدەبی رۆمانتیكی، ریالیزمی فۆتۆگرافی و رەخنەگرانە لەبەرهەمی شیعری ئەم دەورەیە و بەتایبەت لای شاعیرانی ماوەی باسەكەی ئێمە لەناوچەی موكریان، بەروونی بەدی دەكرێن لەڕووی زمان و شێواز و وێنە و وەسفەوە، هەموو ئەمانەش بە ئەدگارێكی كوردانە و خۆماڵی تەعبیریان لێ كراوەتەوە.

٧. تایبەتمەندییەكی دیكەی بەرهەمی ئەدەبی ئەو دەورەیە بریتییە، لە خۆ نزیك خستنەوە لە زمان و دەربڕینی ئاسانی خۆماڵی، زەوق و سەلیقەی كوردانە، لەپاڵ پاراستنی مۆركی رەوانبێژی و بیناسازی هەڵبەستی كلاسیكی، بەنموونە لەبەرهەمی سەیفی قازیدا كۆمەڵێك بەرهەمی هۆنراوەی كێشی برگەییمان بەرچاو دەكەوێت، لەپاڵ پاراستنی یەكێتی سەرواو كێشی عەرووزی لەبەرهەمەكانی دیكەی دا. لەلای مستەفا شەوقی گیانی زیندووی كوردەواری و كوردایەتی لەچوارچێوەی تەكنیك و بیناسازی كۆندا دەربڕاوە و بەڕوونی و ئاشكرایی هەستی پێ دەكرێت.

٨. ئەم ئەزموونە ئەدەبییەی ناوچەی موكریان كە شاعیرانی ماوەی باسەكەمان بڕەویان پێداوەو بەردەوامییان پێ بەخشیوە، بۆتە بناوان و سەرچاوەو رێگە خۆشكەرێك بۆ پێگەیاندنی نەوەیەكی تازە لەشاعیرانی ناوچەی موكریان لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا لە وێنەی (هەژار و هێمن و هێدی و خاڵەمین و سەید كامیل و حەقیقی و نوری ....) كە تاقیكردنەوەكەیان بە پۆپە گەیاندووەو سامانێكی گەورەیان خستۆتە سەر مێژوو گەنجینەی شیعرو ئەدەبیاتی كوردی.

ABSTRACT

The Poetic Works of Mukriyan in the First Half of the Twentieth Century (1920 – 1940)

This thesis is concerned with a description and analysis of poetic output of three contemporaneous poets of Mukriyan area, namely, Mala Marif of Kokayi (1874 – 1954). Saif of Qazi (1876 – 1944) and Mustafa Shawqi (1896 – 1950). The study is restricted to the period between the two World Wars, which constitutes the acme of the three poet's perfection, on the one hand and one of the most important eras in the history of Kurdish literature, and poetry in particular, on the other.

The nature of the study necessitated that it be divided into five chapters, preceded by an introduction, and closed off by the conclusions that the study reached, apart from a list of references, documents and photographs that support the study.

The first chapter is a preamble to the basics of the study. It presents a brief account of the historical, social and cultural conditions of the whole area, with emphasis on the emergence and the originality of the classical school of poetry, pioneered by the classical poets like, Wafayi (1844 – 1920), Hariq (1856 – 1909) and Adab (1859 – 1916), stressing that the original prolific literacy store created by the minds of those pioneers formed an appropriate rich background that triggered off a remarkable everlasting literary experiment later in this area.

The second chapter presents a brief account of the literary and life style of the peots under the study with a short reference of the published sources which deal with these aspects.

The third chapter is devoted to the study of formal characteristics of their poetic product, pointing out their style and poetic language, the rhetorical and descriptive images of each.

The fourth chapter explores other the formal features like structural patterns, the rhythmic and the metric patterns and rhyming schemes. To each of these artistic devices a separate section in the third and fourth chapter is devoted, where citations from their poetry occurs, where necessary.

The last chapter explores the varied literary content and themes of the poetic output of the three poets, elaborating on the traditional or classical poetic themes and pointing out, meanwhile the modern themes that coincided with, and accompanied, the modern literary trends and approaches, including the Romantic trend in the Kurdish Literature of the first and second decades of the twentieth century.

Finally, come the most important conclusions that the investigation arrives at, with a list of Kurdish, Arabic and Persian consulted sources, and a special file of relevant documents and photographs in the appendix.

سەرچاوەكان

١. كتێب

أ. بە زمانی كوردی:

١. ئەدەبو رەخنە، عەزیز گەردی، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٧٤.

٢. ئەدەبیاتی نوێی كوردی، د. عیزەدین مستەفا رەسول، مگبعە التعلم العالی، اربیل، ١٩٨٩.

٣. ئەدەبی نامەنووسی كوردی، كەمال رەئوف محەمەد، جزمی ١-٣، دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٤. بارودۆخی سیاسی كوردستان، موجتەبا برزوویی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: نازناز محەممەد عەبدولقادرو ئەوانی تر، دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر، ٢٠٠٥.

٥. بەشێك لە بەرهەمەكانی دكتۆر مستەفا شەوقی قازی زادە، گردوكۆی: ئەحمەد شەریفی، چاپ لەیزێر، مهاباد، ١٣٨٤.

٦. بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری كوردی دا، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٧. بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی كوردی دا، د. دلشاد عەلی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ١٩٩٨.

٨. بووژانەوەی رۆشنبیریو نەتەوەیی كورد، جەلیلی جەلیل، لە عەرەبییەوە وەرگێڕانی: سدیق ساڵح، چاپخانەی هەواڵ، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٩. بیرەوەرییەكانی وەفایی، گردوكۆی: قازی محەمەد خزر، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمەباقی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.

١٠. پاشەڕۆك، هێمن، چاپەمەنی سەیدیان، مهاباد، ١٣٦٢.

١١. تاریكو روون، هێمن، لە بڵاوكراوەكانی بنكەی پێشەوا، بەغدا، ١٩٧٤.

١٢. تحفەء مظفریة، پێشەكیو ساخكردنەوەی: هێمن موكریانی، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٥.

١٣. تۆفیق فیكرەتو شاعیرە نوێخوازەكانی كورد، ئەحمەد تاقانە، دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.

١٤. جووتە وشەی لێكدراو لە زمانی كوردیدا، د. كەوسەر گەلاڵی، دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٥. چێشتی مجێور، هەژار، چاپی یەكەم، پاریس، ١٩٩٧.

١٦. حاجی قادری كۆیی، مەسعود محەممەد، ب١، لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٢.

١٧. خەبات لە ڕێی كوردستانا، ن.أ. خالفین، وەرگێرانی لە روسییەوە: جەلال تەقی— چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی، ١٩٧١.

١٨. دیداری شیعری كلاسیكی كوردی، حمە سعید حمە كریم، چاپخانەی (دار الحریە)، بەغدا، ١٩٨٦.

١٩. دیوانو شەرحی حاڵی شێخ ئەحمەدی كۆر، عەزیز موحەممەد پور، چاپخانەی پەیام، تاران، ١٣٧٨.

٢٠. دیوانی ئەدەب، کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی: محەمەد حەمە باقی، دەزگای چاپو بڵاوکردنـەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
٢١. دیوانی سیف القضات، گردەوە کۆیی، قازی ئەحمەد، چاپخانە سبز، ١٣٦١.
٢٢. دیوانی ملا معروف کۆکەیی، سیدیان، مهاباد، ١٣٤٦.
٢٣. دیـوانی نـالیو فەرهـەنگی نـالی، لێکۆڵینـەوەو سـاغ کردنـەوە: د. مـارف خەزنـەدار، دار الحريـه للطباعة، بەغداد، ١٩٧٧.
٢٤. دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی: محەمەد عەلی قەرەداغی، لـە چـاپکراوەکانی کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغدا، ١٩٧٨.
٢٥. رابەری رۆژنامەگەری ی کوردی، جمال خزنەدار، چاپخانەی (الجمهوريه)، بەغدا، ١٩٧٣.
٢٦. رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، عەزیز گەردی، چاپخانەی دێکان، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٢٧. رەخنەی ئەدەبی کـوردیو مەسـەلەکانی نوێکردنـەوەی شـیعر، د. پـەرێز سابیر، دەزگـای چـاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
٢٨. رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، عەزیز گەردی، ب١، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا، ١٩٧٢.
٢٩. راپەرینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، د. جەلیلی جەلیل، وەرگێڕانی لە رووسییەوە: د. کاوس قـەفتان، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا، ١٩٨٧.
٣٠. رۆژنامەگەریی کوردی لە عێراقدا، فاروق عەلی عومەر، و: تـاریق کـارێزی - عەبـدوڵلا زەنگەنـە، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١ .
٣١. رۆژی کورد، بڵاوکردنەوەی: جەمال خەزنەدار، چاپخانەی (المؤسسة العراقية)، بەغدا، ١٩٨١.
٣٢. زانایانی کورد، محەمەد ساڵح ئیبراهیمی، ناشر – چاپەمەنی سەقز (محەمەدی)، تاران، ١٣٧٩.
٣٣. زانستی ئاوەڵواتا، د. کامل حسن البصير، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨١.
٣٤. زمانەوانی، محمد معروف فتاح، (دار الحكمة للطباعة والنشر)، هەولێر، ١٩٩٠.
٣٥. زمانناسیو هەندێ بابەتی زمانناسی کـوردی، سەلام نـاوخۆش بـەکر، چاپخانەی ژیـن، هـەولێر، ٢٠٠٤.
٣٦. ژیانو بەسەرهاتی عەبدولرەحمانی زەبیحی، عەلی کەریمی، چاپخانەی کاربین، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٣٧. ژین – گۆڤارا کوردی – ترکی، م. ئەمین بۆز ئەرسەلان، جلد ١ – ٥، وەشانا دەنگ، سوید، ١٩٨٥.
٣٨. سەروا، د. عەزیز گەردی، دەزگای ئاراس بۆ چاپو بڵاوکردنەوە، هەولێر، ١٩٩٩.
٣٩. سەوداو سنوور، د. احسان فؤاد، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٤٠. سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب١، جمال بابان، دار الحريه للطباعة، بەغداد، ١٩٩٣.
٤١. سوارەو پەخشانی کوردی، محەمەد بەهرەوەر، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٤٢. سۆسـیۆلۆژیای شـیعری کـوردی، ئـازاد عەبدولواحیـد کـەریم، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.
٤٣. شرفنامە، هەژار کردویە بە کوردی، چاپخانەی نعمان، نەجەف، ١٩٧٢.
٤٤. شعرو ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حلمی، مگبعە التعليم العالی، هەولێر، ١٩٨٨.

٤٥. شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، سەلیم رەشید ساڵح، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٤٦. عەبدوڵڵا بەگی میسباح – دیوان، د. مارف خەزنەدار، چاپخانەی ئیرشاد، بەغدا، ١٩٧٠.

٤٧. عەرووزی کوردی، نووری فارس حەمەخان، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٤٨. فەرمانڕەوایی موکریان، محەمەد جەمیل رۆژبەیانی، دار الحریە للطباعة، بەغدا، ١٩٩٢.

٤٩. کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

٥٠. کوردستانی موکریان، حسین حزنی، مطبعەی زاری کرمانجی، رواندز، ١٩٣٨.

٥١ . کوردو عەجەم، صالح محمدامین، چاپخانە؟، چ١، شوێنی چاپ ؟، ١٩٩٢.

٥٢. کوردو کوردستان، نیکیتین، وەرگێڕ: خالیدی حسامی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٧.

٥٣. کوردو کوردستان، محمدامین زکی، انتشارات سیدیان مهاباد، چاپخانەی دار السلام، بەغدا، ١٩٣١.

٥٤. کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامید گەوهەری، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٥٥. کۆ وانەکانی کێش ناسی، م. محمد بەکر، قۆناغی بەکالۆریوس، هەولێر، ١٩٩٣.

٥٦. کێشەی کورد، لازاریف، بەشی ١-٢، د.کاوس قەفتان لە رووسییەوە کردویە بە کوردی، مطبعة الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٩.

٥٧. کێش‌و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، د. محەمەد بەکر، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٥٨. کێش‌و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، عبدالرزاق بیمار، چاپخانەی (دار الحریە)، بەغدا، ١٩٩٢.

٥٩. کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، عەزیز گەردی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.

٦٠. گۆڤاری نیشتمان، جەمال نەبەز، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، ١٩٨٥.

٦١. مهابادو کورتە مێژوویەك، عومەر باڵەکی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٦٢. میدیا، دیاکۆنوف، برهان قانع لە فارسییەوە کردویەتی بە کوردی، دار الحریة للطباعة، بەغدا، ١٩٧٨.

٦٣. مێژووی ئەدەبی کوردی، علاوالدین سجادی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧١.

٦٤. مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، ب١-٧، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١ – ٢٠٠٦.

٦٥. مێژووی کورد لەسەدەی نۆزدەو بیست دا، کریس کۆ چێرا، وەرگێڕاوی – محەمەد ریانی، چاپخانەی (صدف)، تاران، ١٣٦٩.

٦٦. مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، صالح قەفتان، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا، ١٩٦٩.

٦٧. ناسيوناليزمی كوردی (١٨٨٠ – ١٩٣٩)، هيوا عەزيز سەعيد، بلاوكراوەكانی مەكتەبی بيرو هۆشياری، سليمانی، ٢٠٠٣.
٦٨. نالی‌و زمانی ئەدەبيی يەكگرتووی كوردی، كەريم شارەزا، چاپخانەی (الاديب)، بەغدا، ١٩٨٤.
٦٩. هەواری خالی – سەرجەمی نووسينی هێمن، بەسەرپەرشتی: بەدران ئەحمەد – عوسمان دەشتی، دەزگای چاپو بلاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.
٧٠. هونەری شيعر، ئەرەستۆ، وەرگێرانی: عەزيز گەردی، چاپخانەی گەنج، سليمانی، ٢٠٠٤.
٧١. هێمن – لە بارەی ناوەرۆكی سياسی‌و كۆمەلايەتی شيعرەكانی، عوسمان دەشتی، چاپخانەو ئۆفيستی تيشك، سليمانی، ٢٠٠٣.
٧٢. وێنەی شيعری لە رێبازی رۆمانسی كوردی دا، عەبدولقادر محەمەد ئەمين، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سليمانی، ٢٠٠٢.

ب. بە زمانی عەرەبی:

٧٣. الاكراد – ملاحظات وانطباعات، مينورسكي، ترجمة: الدكتور معروف خزنەدار، مطبعة النجوم، بغداد ١٩٦٨.
٧٤. البيتوشي، محمد الخال، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٥٨.
٧٥. الثابت والمتحول (صدمة الحداثة)، ادونيس، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد، ١٩٨٦.
٧٦. الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن، الدكتور عبدالستار طاهر شريف، شركة المعرفة للنشر والتوزيع، بغداد، ١٩٨٩.
٧٧. اللغة والفكر، الدكتور نوري جعفر، مكتبة النوحي، الرباط، ١٩٧١.
٧٨. النقد الادبي الحديث، الدكتور محمد غنيمي هلال، دار العودة، بيروت، ١٩٨٧.
٧٩. بنية الايقاع في الخطاب الشعري، د. يوسف اسماعيل، مطابع وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠٤.
٨٠. بنية اللغة الشعرية، جان كوهن، ترجمة: محمد الولي ومجهد العمري، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء، ١٩٨٦.
٨١. تاريخ الادب العربي – العصر الجاهلي، دكتور شوقي ضيف، دار المعارف بمصر، القاهرة، ١٩٦٠.
٨٢. تحليل النص الادبي بين النظرية والتطبيق، محمد عبدالغني المصري ومجد محمد الباكير البرازي، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢.
٨٣. دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، الدكتور كمال مظهر احمد، مطبعة اركان، بغداد، ١٩٨٥.
٨٤. شعر عمر بن الفارض – دراسة اسلوبية، رمضان صادق، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٩٨.
٨٥. فنون الشعر الفارسي، دكتورة اسعاد عبدالهادي قنديل، مكتب الشريف وسعيد رأفت للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٧٥.
٨٦. قافلة من شهداء كردستان ايران، كريم حسامي، ترجمة: نزار محمود، بغداد، ١٩٧٣.
٨٧. قضايا الشعر المعاصر، نازك الملائكة، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٦٢.
٨٨. مقالة في اللغة الشعرية، محمد الاسعد، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٠.

٨٩. موسوعة نظرية الادب— الشعر الغنائي، سكفوزينكوف، ترجمة: الدكتور جميل نصيف التكريتي، مطبعة وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، ١٩٨٦.

جـ. بەزمانی فارسی:

٩٠. ادوار شعر فارسی، دکتر محمد رضا شفیعی کدکنی، توس، تهران، ١٣٣٥.
٩١. ایرانی که من شناختەأم، ب ـ نیکیتین،ترجم علی محمد فرەوشی، ناشر: کانون معرفت، تهران، ١٣٢٩.
٩٢. تاریخچه خانواده قاضی در ولایت موکری، خلیل فتاح قاضی، تبریز، ١٣٧٨.
٩٣. تاریخچه روزنامه های تبریز أز صدر مشروطیت، عبدالحسین ناهیدی آذر، موسسه انتشارات تلاش، تبریز، سال چاپ: ؟.
٩٤. تاریخ فرهنگ وادب مکریان، ابراهیم افخمی، ٢ جلد، انتشارات محمدی، سقز، ١٣٧٣.
٩٥. تاریخ وجغرافیای کردستان (سیر الاکراد)، عبدالقادر ابن رستم بابانی، چاپخانەی ارژنگ، ١٣٦٦.
٩٦. تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، انتشارات رهرو مهاباد، چاپ میلاد، ١٣٧٧.
٩٧. جغرافیای طبیعی کردستان مکریان، سعید حجری، انتشارات ناقوس، سنندج، ١٣٧٩.
٩٨. خاطرات دکتر هاشم شیرازی، به کوشش هاشم سلیمی، انتشارات توکلی، تهران، ١٣٨٠.
٩٩. دربارەء ادبیات ونقد ادبی، دکتر خسرو فرشید ورد، جلد دوم، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٧٨.
١٠٠. زبانشناسی ونقد ادبی، راجر فالر — رومن یاکوبسن، ترجمه: مریم خوزان — حسین پاینده، چاپ مهدی، تهران، ١٣٨١.
١٠١. زندگینامەی عارف ربانی — شمس الدین برهانی، ابو بکر خواچه سپهرالدین، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیه، ١٣٦٨.
١٠٢. زیباشناسی سخن پارسی — بدیع، میر جلال الدین کزازی، کتاب ماد، تهران، ١٣٨١.
١٠٣. سالهای اضطراب — خاطرات خلیل فتاح قاضي، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیه، ١٣٧٠.
١٠٤. سبك شناسی شعر، دکتر سیروس شمیسا، نشر میترا، تهران، ١٣٨٣.
١٠٥. شاعران کرد پارسی گوی، سید عبدالحمید حیرت سجادی، نشر احسان، تهران، ١٣٧٥.
١٠٦. شعرنو، محمد حقوقی، ٢ جلد، نشر یوشیج، تهران، ١٣٧٧.
١٠٧. صور خیال در شعر فارسی، دکتر محمد رضا شفیعی کدکنی، موسسة انتشارات آگاه، تهران، ١٣٨٠.
١٠٨. کردها و یك بررسی تاریخی وسیاسی، حسن ارفع، ترجمه ازمتن انگلیسی، لندن، چاپ دانشکده اکسفورد، نیویورك، ١٩٦٦.
١٠٩. کلیات سبك شناسی، دکتر سیروس شمیسا، نشر میترا، تهران، ١٣٨٤.
١١٠. گلزار شاعران کردستان، سید عبدالحمید حیرت سجادی، چاپخانەی رامین، تهران، ١٣٦٤.

٢. گۆڤــــــار

أ. بە زمانی کوردی

١١١.نۆرژینالی ژمارە (٣)ی (هتاوکرد)، عەبدوڵڵا زەنگەنە، گـ رۆژنامەنووس، ژ- ٩ ،٢٠٠٦ .

١١٢. بەرگری لە هەڵبەست، کامل ژیر، گ – رۆشنبیری نوێ، ژ-١٢٦، هاوینی ١٩٩٠.

١١٣. پێشرەوانی شیعری نوێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان، جوان بۆکانی، مانگنامەی (پەیام)، ژ-١٠، لەندەن، ١٩٩٨.

١١٤. تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی، د.محەمەد نوری عارف، گ-کۆلیجی ئەدەبیات، زانستگای بەغدا، ژ-٨، ١٩٧٤.

١١٥. چاوگی "بوون"و "هەبوون" لە زمانی کوردیدا، نوری عەلی ئەمین، گ- رۆشنبیری نوێ، ژ – ١٠٩، ئاداری ١٩٨٦.

١١٦. دانشتنێك لەگەڵ گۆران، عبدالرزاق بیمار، گـ بەیان، ژ-٢، شوباتی ١٩٧٠.

١١٧. دوو رۆژنامەی (کوردستان) لە ئەستەمبوول، د. مارف خەزنەدار، گ- رۆژی کوردستان، ژ- (٤٣-٤٤)، زستانی ١٩٧٧.

١١٨. رەوتی سەرهەڵدانی شیعری نیشتمانی و سیاسی لە موکریان، س.ج. هێرش، گـ گزینگ، ژ.(١٣ – ١٥)، پاییزی ١٩٩٦.

١١٩. زاراوەکانی زمانی کوردیو زمانی ئەدەبیو نووسینیان، کمال فؤاد، گـ زانیاری، ژ-٤، بەغدا، سەرماوەزی ١٩٧١.

١٢٠. شاعیرانی کوردو ئەدەبیاتی فارسی، ئەمین موتابچی، گ- کۆلیجی ئەدەبیات، ژ-١٦، ١٩٧٣.

١٢١. شیعری کوردی، سیاسەت – کۆمەڵایەتی – کوردایەتی، د.مارف خەزنەدار، گ – رۆشنبیری کوردستانی، ژ- ١، ت٢، ١٩٩٩.

١٢٢. شێخ بابا – شێخی شەهید، سەید سمایلی بەرزنجی، گ – مهاباد، ژ – ٩، سەرماوەرزی ١٣٨٠.

١٢٣. لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە، عەلی رێبوار، گ/ سروە، ژ/ ٨٦، خەرمانان، ١٣٦٥.

١٢٤. مەلا مارفی کۆکەیی، کەمال کۆکەیی، گ/ سروە، ژ/ ٢٥، گەلاوێژ، ١٣٦٧.

١٢٥. هەتاوی کوردو سەردەمی راپەرین، محمود زامدار، گ – کاروان، ژ- ٥٣، مارت ١٩٨٧.

١٢٦. هەڵوەستەیەك لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی رۆژهەڵاتی کوردستان، سامان حوسەینی، گ – بیری نوێ، ژ – ١٨، ١٩٩٧.

ب. بە زمانی عەرەبی:

١٢٧. نالی، مؤسس الادب الکردي الحدیث في کردستان الجنوبیة، الدکتور معروف خەزنەدار، مجلة شمس کردستان، العدد (٥ -٦)، ایلول – تشرین الثاني ١٩٧١.

جـ. بە زمانی فارسی:

١٢٨. کوکەنی شاعر از یادها محو شده، مهرداد رامیدی نیا، نشریه رصید، شماره (٦٤٦ – ٦٥٦)، (آذرماه – دی ماه)، ١٣٨٠.

٣. نـــامەی ئەكاديـــمی

١٢٩. ديلان‌و تاقيكردنەوەی شيعری، نامـەی دكتۆرا، دلـشاد عـەلی محەمـەد، كۆليجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدين، ١٩٩٦.

١٣٠. نوێكردنـەوەی شيعری كوردی لـە سالّی ١٩٣٢ تـا كۆتـايی ١٩٤٩ لـە كوردسـتانی عێراقـدا، نامـەی ماستەر، حوسێن غازی كاك ئەمين، كۆليجی پەروەردەی ئيبن روشد، بەغدا، ٢٠٠٥.

١٣١. هـاودەنگ لـە زمـانی كورديـدا، نامـەی ماسـتەر، فتـاح مامـە علـی، كـۆليجی ئـاداب، زانكـۆی سەلاحەدين، ١٩٨٩.

٤. فەرهـــەنگ

١٣٢. فرهنگ اصطلاحات ادبي، سيماداد، انتشارات مرواريد، چاپ دوم، ١٣٨٣.

١٣٣. فرهنگ عميد، دو جلد، حسن عميد، مؤسسه انتشارات امير كبير، چاپ سوم، ١٣٦٠.

١٣٤. فرهنگ فارسي، ٦ جلد، دكتر محمد معين، مؤسسة انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٦٠.

١٣٥. المنجد في اللغـة والاعـلام، المطبعـة الكاثوليكيـة، الطبعـة السابعة والعـشرون، دار المشرق، بيروت، ١٩٨٦.

١٣٦. هەنبانە بۆرينە، هەژار، چ١، سروش، تهران، ١٣٦٩.

٥. نـــامەی تايبـــەتی

١٣٧. دكتۆر مستەفا "شەوقی" قازی زادە، سەيد نجم الدينی ئەنيسی، مهاباد، لە ٢٠٠٥/١٢/٥.

١٣٨. لە بابەت مێژووی لە دايك بوون‌و كۆچ كردنـی مـەلا مـارف دا، عەبـدوڵلا سـەمەدی، مهابـاد، لـە ٢٠٠٦/٤/٩.

٦. ديـــدارو چاوپێكـــەوتن

١٣٩. مستەفای كۆكەيی، مهاباد، لە ٢٠٠٥/٩/٢٧.

١٤٠. سيد عبداللەی سەمەدی، مهاباد لە ٢٠٠٥/٩/٢٨.

١٤١. ڕەحمانی ميسباح/ مهاباد لە ٢٠٠٥/٩/٢٨.

١٤٢. كاك ئەحمەدی قازی، مهاباد لە ٢٠٠٥/٩/٢٩.

١٤٣. يونسی ڕەزايی، بۆكان لە ٢٠٠٥/٩/٣٠.

٧. ئينتـــەرنێت

١٤٤. برا بيری چرايێكی بكەن تاريكە شەو دادێ، عەبدوڵلا سەمەدی، www.dengekan.com

١٤٥. ناودارانی موكريان، عەبدوڵلا سەمەدی، www.dengekan.com



قوتابخانەی شیعری کرمانجی خواروو



شەجەرەی بنەماڵەی سەیفی قازی و مستەفا شەوقی (*)

* بە کورتەی زانیارییەکانی ناو کتێبی (تاریخچە خانوادە قاضی در ولایت موکری) ڕێکخراوە.

له بڵاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجی

بەرهەمی نووسین

١-فەرهەنگی ڕێزمانی كوردی، د. كەمال میراودەلی.

٢- فەرهەنگی زەویزانی، جەمال عەبدول.

٣-حركات الخوارج فی غربی إقلیم الجبال وشهرزور والجزیرة الفراتیة:عطا عبدالرحمن محي الدین.

٤- سۆفیزم و كاریگەریی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی كورددا: ١٨٨٠- ١٩٢٥، د. جەعفەر عەلی

٥-قـضـــاء هەڵـەبجـه، دراسه فی الجغرافیه الإقلیمیه: عطا محمد علاءالدین.

٦-ڕۆڵی هۆكـــاره سیاســـییەكان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا: جاسم محەمەد محەمەد

٧-پەیوەندییە سیاسییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا، ١٩٩١-١٩٩٨: هێرش عەبدوڵڵا حەمەكەریم.

٨-ڕۆژنامەگەریی خوێندكارانی كورد لە ئەورووپاو ئەمریكا، ١٩٤٩-١٩٩١ ، ئەوزاد عەلی ئەحمەد.

٩-هوشیاری كۆمەلایەتی، فواد تاهیر سادق

١٠-شاری سلێمانی ١٩٣٢-١٩٤٥ ، د. ئاكۆ عەبدولكەریم شوانی.

١١-إقلیم كوردستان العراق في دائرة السیاسات النفطیة العالمیة، د. محمد رؤوف سعید مهندس زمناكو سعید

١٢-بەعەرەبكردن لە هەرێمە كوردنشینەكاندا ٦٣- ٨٤٧ ز، رحیم ئەحمەد ئەمین

١٣-تعریب قضاء خانقین من منظور جیوسیاسي، صلاح الدین انور قیتولي

١٤-كۆیە، كامەران طاهر سەعید

١٥-بوون لە شیعری مەحویدا، د.محمد ئەمین عەبدوڵڵا

١٦-شێواز لە شیعری كلاسیكیی كوردیدا، حەمە نوری عمر كاكی

١٧- ئەرمەنۆساید، مامەند رۆژە

١٨-كولتوور و ناسۆنالیزم، د. ڕەفیق سابیر

١٩- بنیاتی كارنامەیی لە دەقی نوێی كوردیدا، د. عبدالقادر حمە امین محمد

٢٠-ڕستەی باسەند لە زمانی كوردیدا، كاروان عومەر قادر

٢١- جیۆگرافیای باشووری كوردستان، د. عەبدوڵڵا غەفوور

٢٢-دابەشبوونی دانیشتوانی شاری هەولێر، فاتیمە قادر مستەف

٢٣- ئیدیۆم چەشن و پێكهاتنی لە زانی كوردیدا، شیلان عومەر حسەین

٢٤-شیعری ناوچەی موكریان ، د. عوسمان دەشتی

25/Report on the Sulaimani District of Kurdistan، E.B. Soane.

بەرهەمی وەرگێڕان

١-كۆمەڵكوژییەكەی دەرسیم، حوسێن یڵدرم، لە سوێدییەوە: كاوە ئەمین.

٢-جەنگی عێراق، كاپلان و كریستڵ، لە ئینگلیزییەوە: عەبدولكەریم عوزێری.

٣-یاسا دەستوورییەكانی توركیا و كورد لە سەردەمی نوێدا، م. ئە. حەسرەتیان، لە روسییەوە: د. دلێر ئەحمەد

٤-سلێمانی ناوچەیەك لە كوردستان، ئی.بی. سۆن، لە ئینگلیزیەوە: مینە.

٥- شەرەفخانی بەدلیسی- سەردەم، ژیان، ئەمریی، ئیڤگێنیا ڤاسیلییڤا، لە روسیەوە: د.ئارام عەلی

- ❖ گۆڤاری كوردۆلۆجی، ژمارە یەكی ساڵی ٢٠٠٨
- ❖ گۆڤاری كوردۆلۆجی، ژمارە دووی ساڵی ٢٠٠٩